# گەمەی شەیتان

خوێندنەوەیەکی گەمە سیاسییەکان
لە رۆژهەڵاتی نێویندا

# Gemey Şeytan

Xwêndneweyekî geme syasîyekan
le rojhelatî nêwînda

# گەمەی شەیتان

خوێندنەوەیەکی گەمە سیاسییەکان
لە ڕۆژهەڵاتی نێویندا

ستیڤان شەمزینی

٢٠١٨

ناوی کتێب: گەمەی شەیتان، خوێندنەوەیەکی گەمە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێویندا
بابەت: وتار و شرۆڤە
نووسینی: ستیڤان شەمزینی
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠٠ دینار
ساڵی چاپ: ٢٠١٨
شوێنی چاپ: سلێمانی - هەرێمی کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (   ) ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە

## پێشەکی

مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پانۆرامایەکی پڕ هەڵبەز و دابەزی خوێناویی و ناجێگیری رەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابوورییە. زۆرینەی ئاریشە گەورەکانی دنیا یان لەسەر زەمینی رۆژهەڵاتی نێوین روودەدەن یاخۆ بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی پێوەی هەیە. لە هەزاران ساڵ بەر لە ئێستاوە و لە ساتەوەختی باڵابوونی ئیمپراتۆریا مەزنەکانی ئەم ناوچەیە، ململانێ و جەنگی خوێناویی و کابووس و گریان بۆ ساتێکیش بەرۆکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەرنەداوە، بە ئێستاشەوە هەزاران جار ئەو مێژووە تاریک و تۆقێنەرە خۆی چەند بارە دەکاتەوە. ئەگەر جەنگە بێویژدانەکانی دیرۆک هەر لە سۆمەرییەکانەوە تاکوو کەنعانی و فارسە ئەخمینییەکان، هەر لە ئەکەدییەکانەوە تا رۆمە بێزەنتینییەکان، لە سوپای ئیسلامیی سەدەی حەوتەمەی زایینییەوە بیگرە تا عوسمانییەکان، هەموو یەک خاڵی ناوکۆییان هەیە کە بریتییە لە رامکردنی بێهێز و زەبوونەکان لەلایەن دەسەڵاتدار و بەهێزەکانەوە، ئەمە چ لەسەر ئاستی تاکەکەس یان لەسەر ئاستی گەل و میللەت بە ئەندازەیەکی یەکسان پەیڕەوکراوە.

ئەگەر لە دیرۆکدا هەر خودی رۆژهەڵاتییەکان خۆیان بەشێک بووبن لە خودی ئاریشەکە، بە تێپەڕینی کات رۆژئاواییەکان دەستێکی پڕ گێچەڵ دەخەنە ناو زامە قووڵەکانی ئەم جوگرافیا گڕ

گرتـووەوە، ئەگەر لەشکرکێشی ئەسکەندەری مەکدۆنی یەکەمین خەونی رۆژئاواییەکان بووبێ بۆ دەستگرتن بەسەر خاکی رۆژهەڵات و خستنە ژێر کۆنترۆڵی گەلەکانی، ئەوا لە قۆناغی ئیمپریالیزمدا ئەم خەونە جەستەی رۆژهەڵاتی نێوین بە برینی هەرگیز سارێژ نەبوو هەپروون هەپروون دەکات، تاکوو دەگاتە رۆژگاری ئەمڕۆمان وەک دەبینین مەیدانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کراوەتە کەلاوە و گۆڕەپانێک بۆ یەکلاکردنەوەی شەڕی جەمسە بەهێزەکانی جیهان و باجەکەشی دەبێت گەلانی نیشتەجێی سەر ئەم جوگرافیایە بە قورسی بیدەن، هاوکات هەرچی خێر و بێر و سامانی سروشتیی و هێزی ئابووری ئەم ناوچەیە هەیە لەلایەن رۆژئاواییەکانەوە بە فۆرمی جیا جیا و بە پاساوی جۆراوجۆر دەدزرێت، هەرچی ناویشی دامەزراوەی دەوڵەتە لەم سەرزەمینەی پێی دەوترێت رۆژهەڵاتی نێوین تەنیا ناونیشانێکە بۆ کۆمەڵە فەرمانبەرێکی دەرسدادراو و تەمبێکراوی رۆژئاواییەکان بەمەبەستی کارئاسانیی بۆ تەراتێنی خۆیان.

کێشەی رۆژهـەڵاتـی نێوین لەسەر هـەردوو ئاستی نـاوەکـی و دەرەکی، تەواوکاری ئەو پرۆسەیەن کە ئەمڕۆ ئەم بارودۆخە پڕ لە قەیران و تەنگوچەڵەمەیەیان دروستکردووە، لەوەتی مێژوو بە بیری دێت بە هۆکارە زاتیی و دەرەکییەکان رۆژهەڵاتییەکان لە ژیانێکی قورس و پڕ زەحمەتی شەڕ و جەنگە یەک لە دوای یەکەکان سەرقاڵ کراون، هیچ پشوویەک بەدی ناکرێت مرۆڤ بتوانێت وەک ماوەیەکی هێمن بیبینێتەوە لەم سەرزەمینە کە تیایدا ئەم ناوچەیە ئۆقرەی گرتبێت و ئاریشە ئاڵۆزکاوەکانی خاوتر بووبنەوە، لەم سۆنگەوە گرێکوێرەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرێکوێرەیەکە هـەزاران ساڵە توند و توندتر دەکرێتەوە، هیچ کەسێکیش نە لە ناوخۆی ئەم جیهانە شێواوەدا نە لە دەرەوەیدا هەوڵی کردنەوەی ئەو گرێیە نادات، بەڵکو هەرکەس دێت بە نۆرەی خۆی گرێکوێرەی زیاتر دروست دەکات، ئەمەش ئەو راستییە

تۆقێنەرەیە بەجۆرێک وەها رەشبینمان دەکات بگەینە ئەو بڕوایەی رەچەڵەکی مرۆڤ لەم شوێنە نەفرەتلێکراوە وەک دەیناسووڕەکان لە بن هەڕەشەی تیاچوون و ئینقرازدایە.

ئەم کتێبە لە نۆ بەشدا هەوڵێکی خاکەڕاییە بۆ خوێندنەوەی شەقڵی کێشە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەگەرچی زیاتر لەسەر مێژووی نزیک قسەمان کردووە، بەڵام دواجار ئەمڕۆش بۆ سبەینێ دەبێتە مێژوو. ئەوەی لێرەدا ئێمە بەچڕیی لە بارەوەی دواوین زیاتر پرسی کورد و عێراق بووە، کە ئەوەش یەکێکە لە دۆزە هەرە ئاڵۆز و کارەساتبارەکانی رۆژهەڵاتی نێوین. بەو پێیەی داستانی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا داستانێکی زۆر تراژیدییە و دۆزێکە سەدان ساڵە بێ چارەسەر ماوەتەوە، بە هۆکاری ئەوەی بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی هیچ دەوڵەتێکی هەرێمایەتی و جیهانی لەگەڵ چارەسەری ئەو کێشەیەدا یەکانگیر نەبووەتەوە، بەدەر لەمەش لە ناوخۆدا کورد وەک گەلێکی دابەشکراو، نەیتوانیوە یەکگرتنێکی نەتەوەیی لەنێو خۆیدا دروست بکات تاکوو بە قورساییەکی زیاترەوە بچێتە نەبەردیی و شەڕی مافە نیشتمانییەکانی خۆیەوە. هەوڵەکەی ئێمە کۆششێکە بۆ خوێندنەوەی ئەو بارودۆخە سیاسییەی رۆژهەڵاتی نێوین بە گشتیی و کورد بە تایبەتی. پێش ئەوەشی خوێنەر دەست بکات بەخوێندنەوەی بەشەکانی ئەم کتێبە، پێویستە هێما بۆ ئەوەش بکەم زمانی نووسین و شرۆڤە لەم کتێبەدا زمانێکی رۆژنامەوانیی رووتـە، ئەو زمانەش ئاسانکاریی زۆرتر دەکات بۆ خوێنەر بەمەبەستی تێگەیشتن.

ستیڤان شەمزینی

سوێد - ستۆکهۆڵم

# Gemey Şeytan

## Xwêndneweyekî geme syasîyekan le rojhelatî nêwînda

## بەشی یەکەم
## کورد لە عێراقی دوای سەدام حسێن دا

کورد لە عێراقی دوای سەدام حسێندا «٢٠٠٣» بەشێوەیەکی گشتیی ئەجیندایەکی ناڕوون و هەڵەی هەبوو، بەوەی بووە کۆڵەکەی سەرەکی دروستکردنەوەی عێراقێکی داڕووخاو و هەڵوەشاوە، دەبوو کورد ئاسۆی دوور نزیک بکاتەوە و کەڵکی لەو دەرفەتە وەربگرتبا لە پێناوی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان. لە سەرەتای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە گووتارێکی یەکگرتووی کوردیی هاتە ئارا روو لە عێراق و پشت لە خەونی سەربەخۆیی کوردستان، هێزە سیاسییەکانی کوردستان گرەویان لەسەر هاتنە ئارای عێراقێکی فرەیی و دیموکراسیی و زامنکاری مافی هەموو پێکهاتەکان دەکردەوە، ئەگەرچی ئەم ئارەزووە خەونی شاعیرانە بوو، بەڵام سەرکردایەتی سیاسیی کورد لەو قۆناغە پڕ ئاڵوگۆڕانکارییە هەموو قورسایی کاری خۆی خستە سەر بیناکردنەوەی عێراقێکی داتەپیو کە دەرگیری شەڕێکی تائیفی و ئەهلی قورس ببووەوە، لەم نێوەندەدا پێکهاتەی سوونە تەسفیە و کەنارگیرکران و سێگۆشەی سوونەنشین بووە مەیدانی یەکلاکردنەوەی شەڕێکی لە مێژینەی مەزهەبیی و پرۆسەی

تۆڵەسەندنەوەیەکی کوێرانە و هۆڤانە، بەو هۆیەوە پارێزگاکانی سێگۆشەی سوونە بوونە پارچەیەک ئاگر و پشکۆ کە تا هەنووکەش گڕی ئەو ئاگرە خامۆش نەبووەتەوە.

بە تەسفیەکردنی سوونە و بە هاوکاریی کۆماری ئیسلامی ئێران، حکوومەتێکی شیعیی لە عێراق دروستبوو، هیچ ڕێگەیەک بۆ کورد نەمایەوە، یان رادەستبوون بە ئەجێندای ئێران یان کشانەوە لە پرۆسەی سیاسیی لە عێراق، بەڵام کورد لە کشانەوە و پەکخستنی پرۆسەی سیاسییدا زۆر سست و لاواز بوو، هەنگاوەکانی زۆر درەنگوەخت بوو، بەو پێیەی دەسەڵاتێکی سەقامگیری شیعە مەزهەب لە بەغداد دروست ببوو، پەرش و بڵاویی هێزە کوردستانییەکان و نەبوونی گووتارێکی یەکگرتوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قۆناغەکە، هێندەی تر کۆمەکی باڵادەستی حکوومەتی بەغدای کرد بۆ توندکردنەوەی هەڵوێستەکانی لە هەمبەر کورد و قارسی دەستکەوتەکانی لە چوارچێوەی عێراقدا، لەو نێوەندەدا مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق ویستی لە ڕێگەی سەرکردایەتی ئۆپەراسیۆنی دیجلەوە پەلاماری سەربازیی کوردستان بدات، بەڵام هەڵتۆقینی داعش ئەو ئەرکەی پەکخست، دواتر بڕینی بەشە بودجەی کوردستان و گووشارە جۆراوجۆرەکانی سەر کورد بەردەوام بوو، هاوزەمان ماڵی کورد دابەشبوو بەسەر دوو ئاڕاستەی سەرەکیدا کە ئەوەش هێندەی تر پێگە و سەنگی کوردیان لاواز کرد.

لە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم لە ٢٥ی سێپتامبەری ٢٠١٧ گووشارەکانی عێراق بەهاوکاریی ئێران، کەوتنە بواری پراکتیکییەوە، ئەوەش بە داگیرکردنی کەرکوک و دووز و شنگال و ناوچە دابڕێندراوەکان کۆتایی هات کە بە گوێرەی وتەی شارەزایانی جیۆگرافی ئەو شوێنانە نیوەی خاکی باشووری کوردستان پێکدەهێنن. لە ئێستادا ئاسۆ تاریکە و پرۆسەی سیاسیی بە تونێلێکی تاریکدا گوزەر دەکات و کەس ناتوانێت پێشبینی ئایندە بکات، تەنیا ئەوەندە

نەبێت کورد لە عێراقی دوای سەدام و لە ماوەی ١٥ساڵدا هێشتا لە شوێنی خۆی مراوەحە دەکات. ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە پێنج شیکاریی سیاسییە بۆ شرۆڤەکردنی پێگەی کورد لە عێراق و مەترسیی و هەڕەشەکانی ئاییندە. کە تێکڕا لە ئانوساتی خۆیان و دە ساڵێک بەر لە ئێستا بڵاوکراونەتەوە.

**چاپتەری یەکەم**

**کوردستان لە ژێر گوشاردایە**

**گرێبەستە نەوتییەکان .. وەرەقەیەکی تری فشاری سەر کورد**

بە گوێرەی ماددەی ١٤١ دەستووری هەمیشەیی عێراق مافدراوە بە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان سەربەخۆ و بێ گەڕانەوە بۆ را و بڕیاری حکوومەتی فیدراڵی عێراق گرێبەستی نەوتیی یان هەر سامانێکی تری سروشتی واژۆ بکات لەگەڵ کۆمپانیا نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا، پێش ئەم بەندە دەستوورییە و روخانی رژێمی عێراقیش لە میانەی پرۆسەی ئازادکردنی لە ساڵی ٢٠٠٣، حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەند بۆندێکی مۆر کردووە لەگەڵ ژمارەیەک کۆمپانیای بیانی بە مەبەستی دەرهێنانی نەوت لە کوردستان، بەڵام لە ژێر رووناکی و رەوایی ئەو بڕگە دەستوورییەدا بە ئەندازەیەکی بەرفراوان گرێبەستی نەوتیی لەگەڵ چەند کۆمپانیای لۆکاڵی و دەرەکی واژۆ کران بۆ دەرهێنانی نەوت.

بە گوێرەی لێدوانی (د.ئاشتی هەورامی) وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکوومەتی کوردستان (زۆر کۆمپانیا هەن پەرۆشن کار لە کێڵگەکانی نەوتی کوردستاندا بکەن، ئێمەش زۆر خۆشحاڵین بەوەی لەگەڵ ئەم کۆمپانیایانە گەیشتووینەتە رێککەوتنێک). هەر بەپێی وتەی وەزیری سامانە سروشتییەکان ١٥٪ داهاتی ئەو سەرچاوە نەوتیانە بۆ کۆمپانیاکانە ئەوەی دەمێنێتەوە (٨٥٪) دەگەڕێتەوە سەر

داهاتی عێراق و ئەمەش داهاتێکی باشە بۆ سەر داهاتی گشتیی عێراق. (د.ئاشتی هەورامی) ئاشکرای دەکات بێجگە لەو بیرە نەوتییانەی هەنووکە کاریان تێدا دەکرێت و نەوتیان لێدەرهێنرێت، زیاتر لە ٢٤ کێڵگەی تر هەن لە ژێری چاودێریی حکوومەتدان. بەشێوەیەکی گشتیی بیست کۆمپانیای نەوتی بیانیی هەر یەک لە وڵاتەکانی (روسیا – کۆریای باشوور – نەمسا – بەریتانیا – هیندستان – نەرویژ – تورکیا – سویسرا – کەنەدا – فەڕەنسا – وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) کۆنتراکتیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێم واژۆ کردووە و سەرقاڵی دەرهێنانی نەوتن لە چەند ناوچەیەکی جیاجیای کوردستان، بێگومان چەند کۆمپانیایەکی تریش ئامادەییان دەربڕیوە کۆنتاک لەگەڵ حکوومەتی هەرێم ببەستن لەو بوارەدا.

لە واقیعدا وا پێویست بوو پەرلەمانی کوردستان لایەنی یەکەمی بڕیاردەر بوایە لە پرۆسەی دەرهێنانی نەوتی کوردستان، کەچی بەپێچەوانەوە بەشێک لەپەرلەمانتاران بێئاگایی خۆیان نیشان دەدەن لە چۆنێتی گرێدانی کۆنتراکت لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە. (شیروان حەیدەری) سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان رایدەگەیەنێت: لە بەستنی گرێبەندەکاندا حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەگەڕاوەتەوە بۆ رای پەرلەمان و بێئاگایی خۆی نیشان دا لە وردەکاریی و چۆنێتی گرێدانی ئەو بۆندانە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان. لە هەمان کاتدا ئەندامانی لیژنەی پیشەسازیی و وزە و کانزاکان لە پەرلەمانی کوردستان تەئکید دەکەنەوە ئاگاداری ئەو گرێبەستانە نین حکوومەتی هەرێمی ئیمزای کردوون لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوت. لەم بارەوە (بەرزان عەبدوڵڵا) ئەندامی لیژنەی پیشەسازیی و وزە و کانزاکان ئەو دەنگۆیە پشت راستدەکاتەوە کە لیژنەکەیان ئاگای لەو کۆنتراکتانە نییە حکوومەتی هەرێم مۆری کردوون لە بواری نەوتدا، لەوەختێکدا

دەبوو ئەم لیژنەیە و خودی پەرلەمان بەم کارە هەستانایە. جیا لەوەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرباری گووشارەکانی دەوڵەت لە بەغدادەوە، هەنووکە بەردەوامە لەسەر مۆرکردنی گرێبەستەکانی لە بواری نەوتدا چوونکە وەک پسپۆران باسی دەکەن سەدان کێڵگەی نەوتی لە کوردستاندا هەن کە تا ئێستا کاریان تێدا نەکراوە و خراونەتە کارنامەوە بۆ ئەوەی لە ئایندەدا کاری گەڕان و بەرهەمهێنانی تێدا بە ئەنجام بگەیەنرێت.

بە پێی راپۆرتی (ئەژین عەبدولخالق) کە لە رۆژنامەی (رۆژنامە) بڵاوبووەتەوە: پسپۆرێکی ئەڵمانی کە لە بواری نەوتدا ئێستا لە کێڵگەکانی نەوتی تەقتەق کاردەکات لە بارەی ئایندەی گەشی هەرێمی کوردستان لە بواری دەرهێنانی نەوتدا دەڵێت (لە هەر کوێیەک بیر لێدەدەین، نەوت دێتە دەرێ). هەر بەگوێرەی هەمان راپۆرت: بەپێی ئەو روپێوە جیۆلۆجییەی کۆمپانیای (DNO) نەرویژیی لە ناوچەی زاخۆ کردوویەتی، پێدەچێت کێڵگەی تاوکی بە تەنیا نزیکەی (١٠٠) ملیۆن بەرمیل نەوتی یەدەگی خاوی تێدابێت، بۆیە کۆمپانیاکە پلانی هەیە بۆ ئەوەی لە هاوینی ئەمساڵدا (٢٠٠٨) رێژەی بەرهەمهێنانی نەوت بگەیەنێتە (٥٠ ٠٠٠) پەنجا هەزار بەرمیلی نەوتی خاو لە رۆژێکدا، لە کاتێکدا بەرزترین راددەی لە ساڵی رابردوودا لە ٠٠٠ ٢٥ بەرمیل تێنەپەڕیوە لە رۆژێکدا. دیارە ئەم بەرزبوونەوە و هەڵکشانە لەرێژەی دەرهێنانی نەوتی خاو لە کێڵگەکانی کوردستان کاریگەریی بەرچاوی دەبێت لەسەر ئابووری کوردستان، بێگومان هەر لەبەر ئەم فاکتۆرەشە وەهای کردووە لە ناوخۆی عێراق و جیهانی عەرەبی و تورکیا دەنگێکی ناڕەزایەتی زۆر بەرز بێتەوە بە دژی دەرهێنانی نەوت لەلایەن کوردەکانەوە، چوونکە روون و ئاشکرایە کوردستان دەتوانێت لە رێی ئابووری نەوتەوە لەسەر پێی خۆی رابوەستێت و پێش مەرجێکیشە بۆ هەنگاونان بەنیەتی دروستکردنی دەوڵەتی

کوردستان، چون دامەزراندنی دەوڵەت بەبێ ئابووری و بازرگانییەکی بەهێز لە خۆکوژیی بەولاوە هیچ مانایەکی تر هەڵناگرێت، بۆیەکا ئەم پرسە زۆرترین کاردانەوەی لە دژ هەبووە هەر لە ناوخۆی عێراقەوە تا دەگات بە تورکیا و ئێران و هەندێ دەوڵەتی ناوچەیی و جیهانیی.

**ئاستەنگەکانی بەردەم دەرهێنانی نەوتی کوردستان**

رۆژی ٢٠٠٧/١١/٢٦ (حسێن شەهرستانی) وەزیــری نەوتی عێراق بە فەرمی رایگەیاند مۆرکردنی هەموو گرێبەستە نەوتییەکانی حکوومـەتی هـەرێمی کوردسـتـان یاسـایی نین و بێ ئـاگـاداریی حکوومەتی ناوەندی واژۆ کراون، بۆیەکا حکوومەتەکەی کار دەکات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو گرێبەستانەی کوردەکان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا واژۆیان کردووە لەبواری دەرهێنانی نەوتدا. ئەم هەڵوێستەی شەهرستانی لە دوای کۆسپ خستنە بـەردەم ماددەی ١٤٠ دووەمین هەوڵی ئاشکرای لایەنی عەرەبییە بۆ تەگەرە خستنە بـەردەم هەندێ برگەی دەستووریی کە بەرژەوەندیی گەلی کورد مسۆگەر دەکات. ئەمەش ناڕەزایەتییەکی گەورەی لە ئاستی سیاسیی کوردستاندا لێکەوتەوە. (نێچیرڤان بـارزانـی) بـە توندیی وەڵامـی لێدوانەکانی شەهرستانی دایـەوە، بە دوایـدا سەرۆکی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان وێڕای رەخنەگرتن لەو هەڵوێستەی وەزیـری نەوتی عێراق، وتی (شەهرستانی دەستەڵاتی ئـەوەی نییە گرێبەستەکانی ئێمە هەڵوەشێنێتەوە). کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم لە دژی لێدوانەکانی شەهرستانی رایدەگەیەنن ئەوان بە پشت بەستن بە ناوەڕۆکی دەستووری عێراق گرێبەستە نەوتییەکانیان مۆر کردووە. ئەمەش لە بۆچوونی (جەمال عەبدوڵڵا) وتەبێژی فەرمیی حکوومەتی هەرێمدا جەختی لێکراوەتەوە کە دەڵێت (ئەو کێشەیە شەهرستانی دروسـتـیکـردووە، ئێمە بە پێی یاسای نـەوت و غـازی کوردستان ئەو گرێبەستانەمان واژۆ کـردووە، ئەو یاسایەش کە لە پەرلەمانی

کوردستان دەرچووە بڕیاری بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی لەسەر دەرچووە، شەهرستانی وا دەزانێت ئەو گرێبەستانە یاسایی نین، ئەو با لە دادگای باڵای فیدراڵی شکات بکات، ئەوسا چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکەین، تا ئێستا شکاتی نەکردووە، چوونکە دڵنیا نییە لەوەی کە ئەو داوایە دەباتەوە).

بە پێچەوانەوە حکوومەتی هەرێم نەک ئەوەی بەویستی شەهرستانی گرێبەندە نەوتییەکانی نەوەستاندووە بەڵکو هەر بەردەوامە لەسەر کۆنتاکی نوێ لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان بۆئەوەی دەست بکەن بەدەرهێنانی نەوت لە کێڵگەکاندا. هەروەک (جەمال عەبدوڵڵا) ئاشکرای دەکات دوای ئەم ئاڵۆزییانەش حکوومەتی هەرێم بە مەبەستی دامەزراندنی پاڵاوگەیەکی نوێ لە ناحیەی تەقتەقی سەر بە قەزای کۆیە گرێبەستێکی هاوبەشی لەگەڵ هەردوو کۆمپانیای (ئینێلک ئینێرچی تورکی و ئاراکسی کەنەدی) واژۆ کردووە!!. بەشێوەیەکی گشتیی بە درێژایی ئەم مانگ و نیوە جیا لە مشتومڕەکانی سەرکردەکانی کورد و عێراق لەمەڕ ماددەی ١٤٠ و هێزی پێشمەرگە و بودجەی هەرێم بەردەوامیشە لە گفتوگۆیەکی گەرم و پڕ لەئاڵۆزیی لەبارەی گرێبەستە نەوتییەکان تا بتوانرێت لە میانەی کۆبوونەوە دوو قۆڵییەکاندا ئەو قەیرانە چارەسەر بکرێت، بەڵام تا رادەیەکی زۆر لایەنی عەرەبی مکوڕە لەسەر هەڵوێستەکانی و دەیەوێت جوگرافیای دەستکەوتەکانی کورد بەرتەسک بکاتەوە بەتایبەتی کورد لەماوەی ئەم چوارساڵ و نیوەی سەرقاڵیی ئەوان بە جەنگی تیرۆر و ململانێی تائیفی و مەزهەبییەوە توانیبووی زۆر مەرج بەسەر لایەنی عەرەبیدا بسەپێنێت، بەڵام ئێستا دەیانەوێت قەرەبووی ئەو قۆناغە بکەنەوە بە پاشەکشەپێکردن بە مافەکانی گەلی کورد، ئەم گووشار و پلانە بەردەوامانەی دەستەڵاتدارانی عێراق (نێچیرڤان بارزانی) گەیاندە ئەو رادەیە لە بێزاریی، زۆر بەراشکاویی و سەرسوڕمانەوە بە رۆژنامەی

(دەیلی تەلەگراف)ی بەریتانیی بڵێت: (ئایا ئێمە هاوبەشین لە حکوومەت یان نا؟ چوونکە هەست ناکەم وا بین).

هەندێک لە چاودێران و سیاسەتمەدارانی کورد لە دەرەوەی بازنەی دەستەڵات هۆکاری ئەم تەنگژە و قەیرانە دەگێڕننەوە بۆ کەمتەرخەمیی سەرکردایەتی کورد کە کاتی خۆی ئەم مەسەلانەی چارەسەر نەکردووە. محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان، وێڕای ئەوەی رایدەگەیەنێت (هیچ عەرەبێک بە عەمەلی دۆستی کورد نییە). رەخنە لە مامەڵەی کورد دەگرێت کاتی خۆی کێشەکەیان نەبڕاندووەتەوە، دەڵێت (دەرهێنانی نەوت مافی خۆمانە، بەڵام نەوتێک دەردەکەین ١٧٪ بۆ ئێمەیە، ئەو نەوتەی لە کوردستان و بەسرە دەڕوات کورد هەر لە ١٧٪ی هەیە، دەبوو کاتی خۆی ئەمەمان جێبەجێ بکردایە، دەبوو ئەوە بکرایە ئەو ناوچانەی نەوتەکەی لێ دەردەکرێت دەبێت ٥٪ بۆ ئەو ناوچەیە سەرف بکرێت وەکو لە هەموو جیهاندا وایە).

زۆر بە کورتی عەرەبەکان ئەم کارتەیان وەک فشارێکی تر لە دژی کورد راکێشاوە و بە پێی هەندێک هەواڵیش کاریگەریی زۆریان داناوە لەسەر ئاستی دەرەوە. بۆ نموونە لەرۆژی ٢٠٠٨/١/١٠ (عاسم جیهاد) ی وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق بە ئاژانسی (دەنگەکانی عێراق)ی راگەیاند: وەزارەتەکەیان مامەڵە لەگەڵ هیچ کام لەو کۆمپانیایانە ناکات گرێبەستیان بۆ دەرهێنانی نەوت لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ کردووە. لەلایەکی ترەوە وا باس دەکرێت کۆریای باشوور بەهۆی هەوڵی دیپلۆماسیی و ترسی بچڕانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا گرێبەندی تری نەوتی لەگەڵ هەرێمی کوردستان واژۆ ناکات. یان بەپێی هەواڵی هەندێک سەرچاوەی ئاگادار (عومەر فەتاح) جێگری سەرۆک وەزیرانی کوردستان و (ئاشتی هەورامی) وەزیری نەوت لەو سەردانەی بۆ ئەمەریکا کردبوویان بێ ئومێدبوون لە هەڵوێستی

ئەمەریکاییەکان چوونکە بۆچوونێکی وەک بۆچوونی (شەهرستانی) یان هەبووە لە بارەی دەرکردن و سوود وەرگرتنی کورد لە نەوتی ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی حکوومەتی هەرێم.

بێجگە لەمانە بە پێی هەواڵی رۆژنامەی (میریار) جۆن نیگرۆپۆنتی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بە بەرپرسانی کوردی راگەیاندووە بۆ واژۆکردنی هەر گرێبەستێکی نەوتی وا پێویستە بگەڕێنەوە بۆ رەزامەندیی و رای وەزارەتی نەوتی عێراقی. ئەم رایە جارێکی تر لەلایەن خودی (جۆرج بوش)ی سەرۆکی ئەمەریکاوە داکۆکی لێکراوە و تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە، چوونکە بە گوێرەی هەواڵی رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست): جۆرج بوش بە سەرجەم کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوتی ئەمەریکیی راگەیاندووە هیچ بۆندێکی نەوتیی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان واژۆ نەکەن، بەبێ ئەوەی رەزامەندییان لە وەزارەتی نەوتی عێراقەوە وەرگرتبێت. بە شێوەیەکی گشتیی بە بەرینی ئەم ماوەیە گووشار لەسەر لایەنی کوردیی بوو بۆ راگرتن و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە نەوتییەکان، هەرچەند لە ناوەڕاستی مانگی رابردوو وەفدی کوردیی بە سەرۆکایەتی (نێچیرڤان بارزانی) بۆ چارەسەری ئەم کێشانە چوونە بەغداد، بەڵام کێشەکان بە هەڵواسراویی و وەکو خۆیان ماونەتەوە، بەڵام هێشتا دەرفەت ماوە بۆ گفتوگۆی زۆرتر لەو بارەوە کە لە رۆژانی داهاتوودا پێدەچێت لێک نزیکبوونەوەی باشتر بێتە ئاراوە.

### دایەلۆگ و نزیکبوونەوە

حسێن شەهرستانی لە رۆژی ٢٠٠٨/١/٨ بە کەناڵەکانی میدیای راگەیاند: لە ماوەیەکی نزیکدا بۆ خۆی دێتە کوردستان و سەردانی پەرلەمانی کوردستان دەکات تا بە دایەلۆگ چارەسەری ئەو کێشەیە بکات کە لەسەر پرسی دەرهێنانی نەوت لەنێوان هەردوو

لایەنی عێراقی و کوردیدا سەریهەڵداوە، لە هەمان وەختدا رەخنەی لە کەناڵەکانی راگەیاندن گرت کە لێدوانەکانی ئەویان وەک خۆی نەگەیاندووە و مەسەلەکەیان زیاد لەپێویست فوو تێکردووە و گەورە کردووە، لەلایەکی تریشەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە وەزارەتی نەوتی عێراق کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە رۆژنامەی (رۆژنامە)ی راگەیاندووە: دانوستان بەردەوام بە نهێنی هەیە لە نێوان حکوومەتی بەغداد و حکوومەتی هەرێمدا لەسەر ئاستی سەرۆک وەزیران بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی گرێبەستە نەوتییەکان.

لە واقیعدا هەست بەوە دەکرێت هەندێک لێک نزیکبوونەوە هەیە لەسەر مستەوای باڵای هەردوولا بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆزە، بەڵام ئەوی بە نهێنی و شاراوەیی مابێتەوە ئەوەیە نازاندرێت ئاسۆی چارەسەر روونە یان نا؟ یان ئایا کام لا مل دەدات بە خواستی لاکەی تر؟ ئەوەی لە سەرەتاوە ئاشکرایە لایەنی کوردیی نەرمی نانوێنێ چوونکە پشت ئەستوورە بە برگەیەکی دەستووریی کە بەپێی ئەو برگەیە دەستەڵاتەکەی رێگە پێدراوە بۆ دەرهێنانی نەوتی ناوچەکانی خۆی. وا بڕیاریشە بۆ نزیک خستنەوەی بۆچوونەکان و دایەلۆگ و گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ چارەسەری قەیرانەکە بە گوێرەی لێدوانی وتەبێژی فەرمی حکوومەتی هەرێم شاندێکی باڵای کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی لەم مانگەدا دیسان سەردانی بەغداد بکەن و لە نزیکەوە چاویان بکەوێت بە سەرۆک وەزیران و وەزیری نەوتی عێراق و هەندێ کاربەدەستی تری باڵای کابینەکەی (نوری مالیکی).

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق روونکردنەوەی زیاتر دەداتە کەناڵەکانی راگەیاندن و دەڵێت (هەردوولا بڕیاریانداوە وەزارەتی نەوتی عێراق و وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم لیژنەیەک دروست بکەن و بریتی بێت لە خەبیر

و لێژانەکان و ئەوانەی پەیوەندییان بە مەسەلەی نەوتەوە هەیە و سەیری هەموو ئەو گرێبەستانە بکەن و دیارییان بکەن و کەموکوڕیی و بۆچوونەکانیانی لەسەر بنووسن، بۆ ئەوەی بۆ ئەو لیژنەیە راپۆرتێک بنووسێت و پێشکەش بەسەرۆک وەزیرانی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت و کۆماری عێراقی بکات). بە شێوەیەکی گشتیی هەردوولا ئامادەییان دەربڕیوە بۆ گفتوگۆ و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئەو قەیران و تەنگژەیە بە ڕێگەی دایەلۆگ و لێکتێگەیشتن، هەروەک وتمان هێشتا دیارنییە ناوەڕۆکی دانیشتنەکان چی لەخۆ دەگرن، هەروەک ئاشکرا نییە ئایا دەتوانن بە گفتوگۆ بگەنە ئەنجامێکی وەها هەردوولا پێی رازی بن یان نا؟.

## ئەنجامگیریی

لێدوانەکانی سەرەتای حسێن شەهرستانی و هەوڵدان بۆ گووشار خستنە سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە مەبەستی راگرتنی گرێبەندە نەوتییەکان، بارۆمەترێکە نیشانیدا حکوومەتی عێراقی بەردەوامە لە قووتکردنەوەی لەمپەر لە بەردەم کوردەکانی باشووردا، ئەگەر دوێنێ هەموو ئاستەنگەکان لەبەردەم ماددەی ١٤٠ بووبن، ئەمڕۆ دوای تەواوبوونی وادەی یاسایی و دەستووریی ماددەی ١٤٠، لە ڕێگەی کێشە دروستکردن بۆ ژمارەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دواخستنی بودجەی دیاریکراوی هەرێمی کوردستان و بە نایاسایی لە قەڵەمدانی گرێبەندە نەوتییەکان دەستکەوت و پێشکەوتنەکانی کورد لەعێراقدا بچووک دەکەنەوە و ناچاری دەکەن بە کەمتر سازش بکات. ئومێدێکی کەم ماوە بەم زنجیرە گفتوگۆیەی وا بڕیارە لەم مانگەدا ئەنجام بدرێن، ئەگەرنا کورد هیچ ڕێگەیەکی تری نییە بێجگە لە پەنابردن بۆ شکاتکردن لە دادگای فیدراڵیی، خۆ ئەگەر ئەو شکاتکردنەش ئاکامێکی ئەوتۆی نەبوو لە بەرژەوەندیی کورد، ڕەنگبێ هیچ کارتێکی تر نەبێت کورد رایبکێشێت، مەگەر بڕیاری

کشانەوە لە حکوومەتەکەی دکتۆر مالیکی بدات کە وا پێویست بوو لە دەمێکەوە ئەم بڕیارەی بدایە.

## چاپتەری دووەم
## کورد لەنێوان درێژەدان بە بەشداریی و کشانەوە لە حکوومەتی نوری مالیکی

لەگەڵ هاتنی ساڵی نوێ (٢٠٠٨) مانگی هەنگوینی کورد لەگەڵ حکوومەتی عێراقی و لایەنەکانی عەرەبیی نێو گۆڕەپانی رامیاریی ئەو وڵاتە بەرەو کۆتایی هاتن پەلی هاویشت، بەواتایەکی تر لەنیوەی دووەمی ساڵی رابردوو بەو لاوە، ناکۆکی قووڵ و قەیرانی گەورە لە نێوان کورد وەک بەشێکی بەهێز لە حکوومەت لەلایەک و حکوومەتی نوری مالیکی لەلاکەی تر سەریهەڵدا و رۆژ لە دوای رۆژ لە بری چارەسەربوون گەورەتر دەبن!!. هەنووکە جگە لەوەی نوری مالیکی هەوڵی پەڕاوێزخستنی ویستەکانی کورد دەدات، دەنگۆی ئەوەش بڵاوە سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەو یادداشتنامەیەی پەڕاوێز خستووە لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ چاکسازییکردن لە کابینەی دکتۆر نوری مالیکی رادەستی دەوڵەتی کردووە. جیا لەمەش نوری مالیکی لەمانگی رابردوو لە شاری لەندەن بە رۆژنامەی (الشرق الاوسط) راگەیاند (عێراق وڵاتێکی عەرەبییە و نابێت لە دەوروبەرە عەرەبییەکەی داببڕێت). ئەم لێدوانە راستەوخۆ دژی کورد و ئەجێندای سەرکردایەتییەکەیەتی لەم بەشەی کوردستان و لە هەمان کاتدا هەڕەشەیەکە لەسەر سیستمی فیدراڵیزم لە عێراقدا، چوونکە لە وڵاتێکی ناسنامە عەرەبیدا هەموو بانگەشەیەک بۆ یەکسانی و مافی ئەوانیتری ناعەرەب جگە لە درۆ چیتر نییە.

بە بڕوای (ئەندرێ هوریۆ) فیدراڵیزم لە هاوبەشێتی چەند دەوڵەتێک پێکدێت و پەیوەندییەکی یاسایی نێوخۆیی پێکیانەوە دەبەستێتەوە.

بەڵام لە کاتێکدا بڕیار بێت لە وڵاتێکدا بژیت ناو و ناسنامەی عەرەبی و سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکیی بە دەستی عەرەبەوە بێت هەر بانگەوازێک بۆ هاوبەشێتی لە وەهم بەولاوە هیچی تر نییە، تەنانەت بە سەرنجدان لەم ماوەیەی تێدەپەڕێت دەبینین وەک جاران لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە باسی فیدراڵیزم و یەکێتی ئارەزوومەندانە ناکرێت لە عێراقدا، چوونکە کورد دیسان لەسەر هەمان پێوەری برا بچووکی ژێر فەرمانی برا گەورەی عەرەب لە عێراقدا هاوبەش و بەشدار کراوە لە حکوومەت و ئۆرگانەکانی تردا. (ئەو مسۆدەیەی «د.مۆفەق ئەلروبەیعی» لە ژێر ناوی پڕۆژەی ئاسایشی نەتەوەیی عێراق لە دووتوێی ٥٧ لاپەڕەدا بڵاویکردووەتەوە زۆرتر لە پڕۆژەی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبیی دەچێت، بەو پێیەی بەهیچ کلۆجێک ئاماژە بە چەمکی فیدراڵیزمی نەکراوە و کورد و کوردستانی تێدا پەراوێز خراوە، بەڵگە و پاڵپشتێکی ترە بۆ راستیی ئەم روانگەیەی ئێمە). بەدەر لە پێچانەوە و داخستنی فایلی فیدراڵیزم، لایەنی کوردیی هێندە لاواز بووە عەرەبە عێراقییەکان گەمە بە ویستەکانی دەکەن، هەر لەبەر ئەمەشە حکوومەتی عێراقی لە چەندین ئاستی جیاوازدا دەتوانێت بە ئاسانیی کێشە بۆ کورد و هەرێمی کوردستان دروست بکات. بەشێوەیەکی گشتیی گرنگترین ئەو لایەنانەی مایەی ناکۆکی سەرەکی لایەنی کوردیی و حکوومەتی عێراقە خۆی لەم چوار کێشە زۆر گرنگەدا دەبینێتەوە کە بریتین لە:

یەکەم: کۆسپ دروستکردن لە بەردەم جێبەجێکردنی بڕگەکانی ماددەی ١٤٠ دەستووری هەمیشەیی عێراق. وێڕای جێبەجێ نەبوونی ئەم ماددەیە لە وادەی دەستنیشانکراویدا، لە سەرێکی ترەوە چوونی ئەو دۆزە بۆ نێو مەنگەنە و سیاسەت و بەرنامەی پڕ رۆتین و بیرۆکراتییەتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنە بۆ شەش مانگی دیکە، دەربڕی دۆڕاندنی ئەو

دۆزەیە، چوونکە هەموو ئاماژە و ڕێکەوتنە سیاسیی و نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان لە غیابی کارایی سیاسەتی کوردیدا زەنگی دروستکردنی ویلایەتێکی سەربەخۆ لە عێراق لێدەدەن (برۆکسلی عێراق) لەسەر خاکی کەرکوک. سەرەڕای ئەمانەش حکوومەتی نوری مالیکی و ستافە شۆڤێنییەکەی کۆسپ دروست دەکەن بە تایبەت لە ڕێی سستی خستنە نێو کاری لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠. تا ئەوەی (د.رائید فەهمی) سەرۆکی لیژنەکانی جێبەجێکردنی ماددەکە هاواری لێ بەرزبووەوە و لە نێوەڕاستی مانگی رابردوو رایگەیاند: تا ئێستا نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی حکوومەتی عێراقی فیدراڵ وەڵامی راسپاردەکانی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ی نەداوەتەوە کە بریتین لە ریفراندۆم و ئاماری پارێزگای کەرکوک و ناوچەکانی دەوروبەری. دیارە وەک پێشوو نوری مالیکی و کاستەکەی لە پۆستە باڵاکانی حکوومەتی عێراقیدا دەخوازن لەو ڕێگەیەوە دۆخێک بهێننە پێشەوە نەک لە ماوەی شەش مانگی تردا بگرە لە ماوەی شەش ساڵی تریشدا ماددەکە هیچی لێ نەچێتە پێشەوە بە گوێرەی ناوەڕۆکی دەستووری هەمیشەیی عێراق.

دووەم: کێشە دروستکردن بۆ دەرماڵەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. دروستکردنی ئەم کێشەیە بۆ دەرماڵەی پێشمەرگە جگە لە نیشاندانی کینەی خۆڕسک و قینی پەنگخواردووی هەندێک لە کاربەدەستانی حکوومەتی نوری مالیکی بەرانبەر بەو گاردە رزگاریخوازە کوردستانییە، جۆرێکیشە لە قارسکردنی بودجەی هەرێم و داشکاندنی ڕێژەی پارەی کورد لە عێراق و دروستکردنی کەموکوڕییەک لە بودجەی کوردستاندا تا شەلەلێکی گەورەتر و درزێکی بەرینتر لە ئابووری داتەپیوی کوردستاندا دروست ببێت، ئەمە گەمەیەکی بەردەوامە عەرەبە دەستەڵاتدارەکانی عێراق بە مەبەستی تەنازولپێکردنی زیاتری کورد لە ماف و ئازادییەکانی پەیڕەوی دەکەن.

سێیەم: دژایەتیکردنی گرێبەستە نەوتییەکانی حکوومەتی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان. ئەم کێشەیە دەچێتە نێو پەڕوباڵکردنی کورد لە رووی ئابوورییەوە. رەنگبێ تورکیا رۆڵی کاریگەری لەم پرسەدا هەبێت، چوونکە بە ساڵان تورکیا نەخشی لەسەر سیاسەتی نێوخۆی عێراق هەبووە، لەم بوارەدا تورکیا مەبەستییەتی فشار بخاتە سەر لایەنەکانی عەرەبی تا دەرهێنانی نەوت لەکوردستان رابگرن، چوونکە تورکیا وا بیر دەکاتەوە دەرهێنانی نەوت لەلایەن کوردەکانەوە هاوواتای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییە وەک دراوسێی وڵاتەکەی. ئەمە بێ لە بیرکردنی تۆقینی ئێران لە بەهێزبوونی کورد لە عێراقدا.

چـوارەم: هەوڵدان بۆ داشکاندنی رێـژەی دیاریکراوی بودجەی کوردستان لە بڕی ١٧٪ بۆ ١٣٪ کەمتریش. هەرچی لێبڕینە لە بودجەی پێشووی کوردستان تاکتیکێکی هەمەلایەنەی عەرەبە عێراقییەکانە بۆ سەرقاڵکردنی کورد بە هەندێ مەسەلەی لاوەکی و لا بەلاوە تا یەکێکی لەوە گرنگتری لێ زەوت بکەن. بە بڕوای (د.محەمەد ئەحمەد) سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (بەرپرسانی بەغداد دەیانەوێت لە رێگەی شەڕی ئابوورییەوە کورد سەرقاڵ بکەن و ئەولەویەتی کارەکان تێکبدەن، وەک چۆن لەو رێگەیەوە کاتی جێبەجێکردنی ماددەی «١٤٠»یان تێپەڕاند و لە وادەی خۆیدا جێبەجێ نەکرا). ئەم هەوڵە ئەگەرچی سەری نەگرت و دواجار بودجەی ئەمساڵیش هەروەک ساڵانی پێشوو (١٧٪) بوو، بەڵام ئەم سەخڵەتی و بێنە و بەردەیە لەسەر کورد هەر بـەردەوام دەبێت و دەشێ لە ساڵەکانی داهاتوودا سەختتر و گرانتر خۆ بنوێنن و وەک ئێستا ئاسان و هەرزان لێی دەرنەچین، چون بەبەراورد بە ساڵانی پێشووتر عەرەبەکان زیاتر کورد گەمارۆ دەدەن و لە مافەکانی قارس دەکەن.

وێنەی رووتی بارودۆخە سیاسییەکە ئەوەیە: دۆست و هاوبەشەکانی

کورد لە حکوومەت و چوارچێوەی هاوپەیمانێتییە چەند قۆڵییەکاندا، نەیارە سەرسەختەکانی جێبەجێ و هاتنەدی ویستەکانی کوردن لەم وڵاتەدا، ئەو ئیمەیجەی بە درێژایی ئەم چەند مانگە لەدۆستە نێزیکەکانی کورد دەیبینین، ئەو وتەیەی (ساڵەح موتڵەگ)ی سەرۆکی بەرەی دایەلۆگی نیشتمانی عێراقیمان بیر دەخاتەوە، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی بۆچی هەمیشە دژایەتی داخوازییەکانی کوردەکان دەکات؟ بە کەناڵی (العربیە)ی راگەیاند (من دژی خواستەکانی ئەوان نیم «واتا کورد» ئەگەر ماقووڵ بن و هەڵوێستەکانیشم ئاشکران، هەقوایە ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ئەو کەسانە بکرێت لە سەرەوە لەگەڵیانن و لە ژێرەوەش تەنێ دژایەتییان دەکەن). دروست ئەم لێدوانەی موتڵەگ هاوواتای ئەو دۆخەیە ئەمڕۆ کوردی لە چوارچێوەی عێراقدا پێدا تێدەپەڕێت. جێگەی واق وڕمانە هەروا بە خێرایی و جادوویی و چاوەڕواننەکراوانە دۆستەکانی دوێنێمان لە (عێراقی هیوا و ئاشتیدا) خەونەکانی ئەمڕۆمان دەکوژن!! هاوپەیمانەکانی دوێنێمان نەیارە سەرسەختەکانی ئەمڕۆن، بەڵێنەکانی دوێنێ پێماندرابوو ئەمڕۆ پێچەوانەکەی بەسەرماندا فەرز دەکرێت!! کەوابوو راستە بێژین کورد لەم ساتەوەختەدا لە بارێکی خنکێنەر و لە بەردەم قەیرانێکی سەختدایە، کورد تۆزقاڵێک ماف و دەستکەوتی ماوە برای عەرەبی چاوڕەشمان دەخوازێت لێی بقرتێنێت و بە زیاد و زۆری دەزانێت، کەچی کورد وەک ئەوەی بە ماددەی هۆشبەر سڕکرابێت هەر خەریکی چڕینی سروود و مارشی (موطنی موطنی)یە!!.

### هەڵوێستی فەرمیی کورد لەمەڕ حکوومەتی مالیکی

بێجگە لەوەی کاربەدەستانی باڵای رامیاریی کورد حکوومەتی نوری مالیکی بە فاشیل و کەمتوانا و گەندەڵ تۆمەتبار دەکەن، (لەم دوا دواییەدا گۆڤاری گوڵان فایلی گەندەڵییەکانی کابینەکەی نوری

مالیکی هەڵدەداتەوە!) هاوکات رایدەگەیەنن ئەدای ئەو حکوومەتە لە هەموو روویەکەوە پێچەوانەوەی ناوەڕۆکی دەستووری هەمیشەیی پەسەندکراو و دەنگ بۆدراوی عێراقی فیدراڵ و پێکهاتنە سیاسییەکانی کوردە لەگەڵ لایەنەکانی عەرەبی عێراقی. کاردانەوەی کورد سەرەتا لە ناڕەزایەتی دەربڕین و رادەستکردنی یادداشتنامەوە دەستی پێکردووە تا ئەوەی باس لە گۆڕینی کابینەی نوری مالیکی دەکرێت و ناو بەناویش دەنگۆی هەوڵی کشانەوە لە حکوومەت دەبیسترێت.

(دیڤید ئیگناتۆس) لە رۆژی ٩-١-٢٠٠٨ لە ستوونێکی رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)دا نووسیویەتی: لە بەغداد گروپێکی نوێ کار بۆ لابردنی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقی دەکات، ئەگەرچی واشنتۆن ئامۆژگاریی داوە بەوەی حکوومەت نەگۆڕێت. لەمبارەوە بەرپرسێکی پایەبەرزی ئەمەریکی لە بەغداد پێیوایە ئەمە دوا ساتەکانی (شکاندن و دارمـان)ی حکوومەتی مالیکییە. فشار و پاڵەپەستۆ نوێیەکانیش دژ بە نوری مالیکی لە سەرکردە کوردەکانەوەیە. هەندێک لە چاودێرانی سیاسیی تێبینی دەکەن شێوازی فشار خستنە سەر مالیکی لەلایەن کوردەکانەوە لە ڕێی گرێدانی چەند هاوپەیمانییەکی تـازەوە خـۆی دەنوێنێت، بە تایبەت ئـەو رێکەوتنەی دوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان لەگەڵ حزبی ئیسلامی عێراقی سووننە مەزهەب لە ماوەی رابردوودا هاتە گرێدان و راگەیاندن، جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ بەهێزکردنی پێگەی کورد، بە بڕوای توێژەرانی سیاسیی ئەم رێکەوتنە سێ قۆڵییە فۆرمێکیشە بۆ لاواز و تەنگەتاوکردنی حکوومەتی نوری مالیکی، یان بە واتایەکی تر پیشاندانی قورساییەکی نوێی کوردە لە عێراقدا.

لای خۆیەوە (د.مەحمود عوسمان) ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان بە دووری دەزانێت ئەم هاوپەیمانێتییە بۆ لاوازکردنی پێگەی حکوومەتی نوری مالیکی بێت و

به راشکاوانه دەڵێت (ئەمە بۆ لاوازکردن نییە، چوونکە حزبی ئیسلامی یەکێکە لە حزبە سەرەکییەکانی سووننە و ڕێکەوتنی لەگەڵ دوو حزبە سەرەکییەی کوردستان نزیکی دەخاتەوە لە حکوومەتەکەی مالیکی و نزیک دەبێتەوە لە لیستی شیعەکان و نزیکیش دەبێتەوە لە ڕێکەوتنە چوار قۆڵییەکە و وا دەکات وەزیرەکان زیاتر نزیک بنەوە و بێنەوە ناو حکوومەت، بۆیە ئەم مەسەلانە لاوازکردنی حکوومەتی نوری مالیکی نییە). واقیع و پێشهاتە بە دەستوبردەکانی گۆڕەپانی سیاسیی و ئاڵوگۆڕە خێراکانی نێوخۆی عێراق پێچەوانەی ئەو دەربڕینەی (د.مەحمود عوسمان) دەسەلمێنن، چوونکە ئاشکرایە لایەنی کورد دوای ناهومێدبوون لە بەشێکی زۆر لە شیعە کاربەدەست و حاکمەکان رووی لە هاوپەیمانێتی سوونەکان و حزبی ئیسلامی کردووە. ئەم ڕێکەوتنە سێ قۆڵییە دەربڕی خراپیی رەوشی کوردە و هیچ نەبێت لەگەڵ بەشێک لە شیعەکان هاوسۆزیی و هاوپەیمانێتییەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە کە دواجار ڕەنگبێ ئەو ڕێکەوتنە چوار قۆڵییەی کورد تێیدا یەکێکە وەک خۆی نەمێنێتەوە و بەرەو لەبەریەک هەڵوەشان بڕوات، هەرچەندە ئەم پێشبینییە تەنێ دیتنێکە نەک واقیع، بەڵام بە پشت بەستن بەو رووداو و گۆڕانکارییانەی روو دەدەن نابێت بە ئەگەرێکی دوور سەیری بکەین.

### کورد چی دەکات و دەبێت چی بکات؟

د.بەرهەم ساڵح لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەی (الشرق الاوسط) نیەتەکانی کورد دەردەخات و رایدەگەیەنێت (لایەنی کوردیی نایەوێ حکوومەتی نوری مالیکی بگۆڕێت یان لێی بکشێتەوە، کورد دەیەوێ گۆڕانکاریی و چاکسازیی لە کابینەکەیدا بکات). زۆرێک لە سەرچاوە ئاگادارەکان هێما بۆ ئەو راستییە دەکەن کورد لە خودی مالیکی و حکوومەتەکەی ناهومێد بووە و لە بەردەم دووڕیانێکدایە:

بۆ پاشەکشە یان درێژەدان بە بەشداریی. چون لە ماوەیەکی کورتدا بۆی دەرکەوتووە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ رووینەداوە، حکوومەتی مالیکی لە حکوومەتەکانی پێشووی عەلاوی و جەعفەری جیا بکاتەوە. (تەنێ دەموچاوەکان گۆڕاون)، هەر بەم هۆیەوە و بە سەیرکردنی مێژووچەی کابینەی نوری مالیکی دەرکەوتووە عەرەبی عێراقی دەیەوێ سووک و باریک بەڕەکە لە ژێر پای کورد رابکێشێت و رەنج بە «با»ی بکات.

بەشێک لە رامیارانی کورد لەو باوەڕەدان کشانەوە لە حکوومەتی نوری مالیکی نەک چارەسەری کێشەکان ناکات بەڵکو دەبێتە فاکتۆری سەرهەڵدانی فەوزا و کێشەی چارەسەرنەکراو و گەورەتر و قووڵتر کە بەتەواوی شیرازەی عێراق تێکدەدات و زیانەکانی زۆرتر دەبن لە سوودەکانی. (د.فوئاد مەعسوم) سەرۆکی لیستی کوردیی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق پێیوایە (هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتی ئێستا و کارکردن بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی نوێ لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکدا نییە و دوور نییە وڵات تووشی قەیرانێکی سیاسیی گەورەتر بکات.. کورد لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتەکەی مالیکیدا نییە لەبەرئەوەی لەم قۆناغەدا لە بەردەم جێبەجێکردنی چەندین ئیستحقاقی دەستوورییداین لەوانە وەک جێبەجێکردنی ماددەی سەد و چل). لەلایەکی ترەوە (قادر عەزیز)ی سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بۆچوونێکی هاوشێوەی بیروڕاکەی (د.فوئاد مەعسوم)ی هەیە و دەربارەی بەکارهێنانی کارتی بایکۆت و کشانەوە لە حکوومەتی عێراق لەلایەن کوردەوە رایدەگەیەنێت (هەتا بکرێت پەنا بۆ کارتی لەو جۆرە نەبەین باشە، چوونکە نە بارودۆخی عێراق، نە هاوکێشەکان، نە وەزعی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە لەبار نییە ئەو هەڵوێستە بەرامبەر بەغداد وەربگیرێت).

لایەنگرانی ئەم دیتنە جیا لەپاساو هێنانەوەی نالەباریی بارودۆخی

سیاسیی و ڕێگرییکردن لـه نـانـەوەی قەیرانی سـەخت و قووڵتر ڕایدەگەیەنن پێشتر ئەم ڕێگە و ئەگەرە لەلایەن چەندین گروپ و پارتی دیکەوە تاقیکراوەتەوە و هیچ لە باروودۆخ نەگۆڕاوە جگە لە چوونە پەراوێزی ویستی ئەو لایەنانەی بەهەر هۆیەک بووە بایکۆتی حکوومەتیان کـردووە، بۆیەکا پاش ماوەیەک ناچاربوون هەوڵی گـەڕانـەوە بۆ نێو حکوومەت و ڕێگەی بەشداریی لە عەمەلییەی سیاسیی عێراق بگرنەوە بەر، بەڵام ئەوەی خاوەنانی ئەم ڕوانگەیە پەییان پێنەبردووە: سەیرکردنی سەنگ و قەبارەی ڕاستەقینەی ئەو لایەن و پێکهاتانەیە لە حکوومەت پاشەکەشەیان کردووە یان دەیکەن، لەبەرئەوە غەدرێکی گەورەیە کـردەی بایکۆتی کـورد بە بایکۆتی حزبی فەزیلە یان ڕەوتی سەدر بەراوورد بکرێت، چوونکە یەکەمیان نوێنەرایەتی نەتەوەیەک دەکات و دووەمیان دەمڕاستی بەشێکی کەمی پەیڕەوکارانی ئاینزایەکە، کورد نەتەوەیەکە و پشت ئەستوورە بەهێزی لەبن نەهاتووی گەلێک نەک وەک ئەوەی لینین وەسپی دەکات (شمشێری مقەبا)ی بەدەستەوە بێت. لە بەرامبەر دیتنی لایەنگرانی مانەوەی کورد لە چوارچێوەی حکوومەتی مالیکی دژە بۆچوونێک هەیە پێیوایە، کورد دەرگیری کێشەی گەورە بووەتەوە لەلایەن حکوومەتی ناوبراوەوە کە خەریکە دەسمایەی دەستی دەدۆڕێنێت و زۆر بەربەستی گەورە لەبەردەم کوردن، پێویستی ئەوە دەهێننە پێشەوە لایەنی کوردیی لەم دوا دواییەدا هەڵوێست وەربگرێت و ڕاستەوخۆ بڕیاری کشانەوە لەو حکوومەتە بدات.

(د.مەحمود عوسمان) بە ڕۆژنامەی (الزمان)ی وتووە (ئەگەر ئەو وتوێژانەی نوری مالیکی لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی دا لەو بارەیەوە ئەنجامی دەدات شکست بهێنن، دوور نییە هاوپەیمانی کوردستان بکشێتەوە لە حکوومەتەکەی مالیکی و بەوەش ئەو حکوومەتە ڕێژەی دەستووریی خۆی لە دەست دەدات). لە بەردەوامیی ئەم کێشانە و

دەنگدانەوەی لە میدیا جیهانییەکاندا، رۆژنامەی (لۆس ئەنجلۆس تایمز) لە سەرەتای ئەم مانگەدا دەربارەی هەڵویستی لایەنی کورد بڵاوی کردووەتەوە: (لەم چەند هەفتەیەی رابردوودا لەلایەن هاوپەیمانیی کوردستان و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی و هەندێک هێزی ترەوە هەڕەشە لە مالیکی کراوە کە متمانەی لێبسەنرێتەوە و لە بەرامبەریشدا باسی »عادل عەبدولمەهدی »یان کردووە حکوومەتێکی نوێ پێکبهێنێ). بڕیاری دروست وایە ئەگەر پرسی گرێبەستە نەوتییەکانی حکوومەتی هەرێم چارەسەری بۆ نەدۆزرایەوە و ماددەی سەدوچل لەم گێژاوەدا راگیرا و گەمە بە دۆزی دەرماڵەی هێزی پێشمەرگە کرا (لێ رێژەی ١٧٪ بودجەی کوردستان پەسەند کراوە) کورد لە حکوومەتی نوری مالیکی بکشێتەوە و بۆ یەکەمجار عسیانێکی مەدەنی ئەنجام بدات و بە دیوێکی تریشدا قورسایی و کارایی خۆی وەک هێزێکی خاوەن توانا بسەلمێنێت. ئەمڕۆ کورد ئەو یاخیبوونە نیشان نەدا، سبەینێ بە تۆبزیی دەیخەنە دەرەوەی گەمەی سیاسیی لە عێراقی داهاتوودا.

## چاپتەری سێهەم

## ئایا دۆزی کورد هاتۆتەوە سەرەتای ڕێگا؟

### دەربارەی گرژییەکانی ئەم دواییەی نێوان کورد و عەرەبی عێراقی

لە ماوەی ئەم چەند مانگەی دواییدا رەوشی سیاسیی عێراق بەرەو قۆناغێکی نوێ هەنگاوی ناوە، لەنێو هەگبەی ئەم قۆناغە نوێیەدا کۆمەڵێک هاوکێشەی سیاسیی نوێش هەن، یەکێک لەوانە گوشاری لایەنەکانی عەرەبی عێراق و کابینەکەی (نوری مالیکی)یە بۆ سەر کورد و ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری کوردستان، ئەم گوشارە هەمەلایەن و فرە ئاڕاستەیە بە ئەندازەیەکە دەخوازێت هەموو دەستکەوتەکانی کورد وردوخاش بکات و بارودۆخی سیاسیی بە فۆرمێک دابڕێژێتەوە کورد بباتەوە سەرەتای ڕێگا، واتە دیسان پاشەکشە بە هەموو پێشکەوتنانە

بكات له بارودۆخی کورددا روویانداوه!. هەندێک لەلایەنە عەرەبییەکانی عێراق جەخت لەوە دەکەنەوە ئەوەی کوردی گەیاندە ترۆپکی دەسەڵات لە عێراقی دوای سەدام حسێندا پەیوەندیی هەیە بە ناجێگیریی ئاسایش و رەوشی نالەباری ئەو کاتی عێراقەوە نەک هۆکارێکی تر، بۆیە ئێستا وەختێک دەوڵەتی عێراق بەهێز دەبێتەوە و لە هەمووی گرنگتریش خەریکە بەسەر گروپە چەکدار و تیرۆرستییەکاندا زاڵ دەبێت، دەبێت هاوکێشەکە بە جۆرێکی دیکە هاوسەنگ بکرێتەوە، بۆ ئەم کارەش لایەنە شۆڤێنییەکانی ناو عێراق بە هاوکاریی دەوڵەتانی هەرێمیی و چاوپۆشیی ئەمەریکییەکان دەیانەوێ کورد بخەنە ئەودیوی گەمەکە و هاوکێشەیەکی نوێ بهێننە ئاراوە کورد لاوازترین ئەدا و رۆڵی هەبێت لەنێویدا. ئەم چەند مانگە نوری مالیکی، باڵاترین ئۆرگان و دەسەڵاتی سیاسیی عێراقی بۆ ئەو مەبەسەتە تەرخان کردووە، تا لایەنی کوردیی لاواز و پەراوێز بخات، ئەمەش لە رێگەی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی بەردەوام دەیانخاتە بەردەم ویستەکانی کورد تاکوو دەگات بە ئەنجامدانی چەندین رێککەوتنی ژێر بە ژێر لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەیی لە دژی دۆزی هەڵکشاوی کورد.

## ماددەی ٢٤ سەرەتای دەرکەوتنی کودەتایەکی سیاسیی دژی کورد

لەرۆژی بیست و دووی تەمووزی رابردوو، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە سەرۆکایەتی (مەحمود مەشهەدانی) سەرۆکی ئەنجوومەنەکە، دوای بایکۆتکردنی فراکسیۆنی کوردیی، بڕیاری ٢٤ی پەسەند کرد، ئەم بڕیارە وێڕای ئەوەی ناوەڕۆکەکەی دژی خواستە سیاسییەکانی کوردە لە عێراقدا، لە هەمان کاتدا بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک جێگرەوە و ئەڵتەرناتیڤی ماددەی١٤٠ دەستووری عێراقی خۆی دەرخست، سەیرتر لە هەموو ئەوانە لەماوەیەکی ئێجگار کەمدا و بە شێوەیەکی جادوویی

هاوپەیمانە ستراتیژیک و سیاسییەکانی لایەنی کوردیی، چوونە ریزی نەیارانی سیاسیی مافەکانی کورد و بوونە داینەمۆی دەرچوواندن و سەرپێکەوتنی ئەو بڕیارە کە سەد دەر سەد بۆ دژایەتیکردنی کورد و دابڕینی شاری کەرکوک لە کوردستان فۆرمۆڵە و پێشنیار کراوە. بەشێک لە چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە هاتنی ئەردۆگان بۆ عێراق و کۆبوونەوەی لەگەڵ نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقدا بووە هۆی ئەوەی لە ماوەیەکی کەمی دوای سەردانەکەی ئەردۆگان، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو بڕیار و هەڵوێستە وەربگرێت، هەروەک پرۆفیسۆر (یوست هیلتەرمان) دەڵێت «گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان هێڵی سوورە بۆ تورکیا. لەبەرئەوە تورکیا بەرهەڵستیی دەکات ئەگەر بەشێوەیەکی راستەوخۆش نەبێت ئەوا لە رێی دۆستەکانییەوە لە عێراقدا ئەو هەڵوێستەی پیادە دەکات».

بۆیە زۆربەی لێکدانەوەکان بۆ ئەوە دەچن رۆڵی تورکیا لە گەلاڵەکردنی ماددەی ٢٤دا گرنگترین و کاریگەرترین رۆڵە، بەبێ ئەوەی هاشا لەوە بکرێت هەستی شۆڤێنێتی بەشێکی زۆر لە سەرکردە و کاربەدەستەکانی عەرەبی عێراقی هەمان رۆڵیان گێڕاوە. بەڵام هەر لەپابەند بەم کێشەوە، هەندێک لەچاودێران لە شرۆڤەکردنی ئەو واقیعەی هاتۆتە پێشەوە، وایدەبینن سەرقاڵیی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بە هەندێک کێشە وبابەتی ترەوە لە چەشنی قانوونی نەوت و سەرچاوە سروشتییەکان و کێشەی ئاڵا بوونە فاکتۆری لە بیرکردنی دۆزێکی هەرە گرنگی وەک جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەستووری عێراقی پەیوەست بە ناوچەکانی کێشە لەسەربوو، بەڵام رای پێچەوانە و بەرامبەر پێیوایە هەر لە سەرەتاوە نیاز و نیەتی لایەنەکانی عەرەبی عێراقی دیاربووە دەربارەی ناوەڕۆکی ئەو ماددەیە، بۆیە پێویست بوو لایەنی کوردیی چاوەڕوانی دەستی عەرەبی نەکردبا و دەبوو لە رێگەی هەنگاوی عەمەلی و بە پاڵپشتیی جەماوەری گەل بڕیارێکی یەکلایەنەی

دەربارەی چارەنووسی کەرکوک بدابایە، چون عەرەبەکانی عێراق لە ڕێگەی یاریکردن بە کات و خۆدزینەوە لە پراکتیزەی ماددەی ١٤٠ هەڵوێستیان هەمیشە ڕوون و ئاشکرا بووە.

جگە لـەوانـەش بێدەنگیی و تەماشاکردنی خـودی ئەمەریکا و خۆدزینەوەیان لە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و بەجێهێشتنی بۆ ڕای خودی عێراقییەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان جێگەی گومان و تێڕامانە و ڕەنگە ئەوە بسەلمێنێت پلان و کودەتایەکی هەمەلایەنەی سیاسیی هەیە لە دژی کورد کە زیاد لە لایەنێک و دەوڵەتێک ڕۆڵی تێدا دەگێڕن هەر لە تورکیا و دەوڵەتە عەرەبییە سووننەکانەوە تا دەگات بە ئەمەریکا و ئێران. ئەوەتا ڕۆژنامەی (ئەلزەمان)ی عێراقی پوختەی ڕاپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە لە ڕێگەی زانیاریی هەندێک سەرچاوەی ئەمنیی ناو عێراقەوە: کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگەی لایەنە شیعەکانی ناو عێراقەوە لە خۆ ئامادەکردندایە بۆ قۆناغی دوای دەسەڵاتدارێتی تاڵەبانی و کارکردن بۆ لاوازکردنی پێگەی کورد لە عێراقدا تا ئەوانیش بە دەردی پێشووی سووننەکان بچن. بۆیە لە کورتترین دەربڕیندا ماددەی بیست و چوار و کودەتاکەی تەمووزی ڕابردوو جیا لەوەی هەڵوێستی شۆڤێنیانەی عەرەبی عێراقی دووپاتکردەوە، لە هەمان کاتدا پێی نیشانداین پیلانێکی نهێنیی ناوچەیی هەیە لە دژی کورد و ئەو پێشکەوتنانەی لە مافەکانی کورددا لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕوویانداوە.

## تەنگژەی خانەقین و سەرقاڵکردنی کورد بە کێشەی لاوەکییەوە

هەر چەند ڕۆژێکی کەم دوای کودەتاکەی بیست و دووی تەمووزی ڕابردوو، سوپای نوێی عێراق بەشێوەیەکی بەعس ئاسا هەڵیانکوتایە سەر ناوچەکانی قەرەتەپە و خانەقین، ئەم لەشکرکێشییەی سوپای عێراق دیسان تەنگژەیەکی نوێی دروستکردووە لە نێوان کورد و

حکوومەتی بەغداددا، بە تایبەت لە شارۆچکەی خانەقین ئەم تەنگژەیە چۆتە سەر لێواری تەقینەوە و رەنگبێ ئەم کێشە و بارگرژییە زۆر لەوە زیاتر بخایەنێت و درێژە بکێشێت وەک ئەوەی لە سەرەتاوە بیری لێدەکرایەوە، چوونکە بە بڕوای زۆربەی سیاسەتمەدار و چاودێران ئەم تەنگژەیەش دەستێکی دەرەکیی دەیجوولێنێت. د.مەحمود عوسمان، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڕوای وایە «ئێران دەستێکی باڵای هەیە لە کێشەی ئەم دواییەی خانەقیندا». بۆ ئەو مەبەستە شیعەی باڵادەستی عێراق بە بیانووی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسیی و سەربازیی کورد تەنیا چوارچێوەی هێڵی شین «هێڵی دژە فڕینی پێشوو» دەگرێتەوە، دەیەوێت دەست بەسەر هەموو ئەو ناوچانە کوردییانەدا بگرێت کە سەبارەت بە ژیانی ئابووری و سیاسیی داهاتووی کوردستان بایەخدارن و دەکرێت پشتییان پێببەسترێت.

هەرچی لایەنی کوردییە هەڵوێستێکی وا روونی نییە ئەوە بسەلمێنێت ملنادات بەو داخوازییانەی نوری مالیکی و سوپای نوێی عێراق، چوونکە ئەوەی دەبیسترێت و لە زاری چەند سەرچاوەیەکی عێراقییەوە ئاشکرا کراوە ئەوەیە: لایەنی کوردیی رەزامەندیی خۆی نیشانداوە بۆ پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە خانەقین، هەرچەندە بەشێکی بەرچاو لە سەرکردە سەربازیی و ئیداریی و سیاسییەکانی کوردستان ئەوە رەتدەکەنەوە بڕیاری پاشەکشەی هێزی پێشمەرگەیان دابێت و سەرۆکی هەرێمیش ئەوەی راگەیاند: ئەگەر کورد بە هێڵی شین رازی بووایە ئەوە سەدام حسێن زۆر مەمنوونی کورد دەبوو، ئیدی چۆن تازە کورد بەوە قایل دەبێت؟. بەڵام لە باری واقعییەوە هێشتا تەنگژەکە درێژەی هەیە و لایەنی کوردییش بەردەوام گۆڕان بەسەر گووتار و هەڵوێستیدا دێت و نەگەیشتۆتە رایەکی کۆنکرێت و جێگیر. بەڵام لە بەرامبەردا شیعەکان وەک بزوێنەری حکوومەتی نوێی عێراقی سوورن

لەسەر ئەوەی دەبێت هێزی پێشمەرگە خانەقین چۆڵ بکات!.

ئەم بۆچوونە لە لێدوانی زۆربەی بەرپرسانی سیاسیی و سەربازیی عەرەبیی عێراقیدا جەختی لێکراوەتەوە، بۆ نموونە (جەلالەدین ئەلسەغیر) ئەندامی لیستی ئیئتلافی یەکگرتووی شیعە لە پەرلەمانی عێراق، بۆ ئاژانسی هەواڵی نیوزماتیک رایدەگەیەنێت «هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە بنەڕەتدا نەچوونەتە ناو خانەقینەوە تاکوو لێی پاشەکشە بکەن، ئەستەمە هێزە حکومییەکانی عێراق مامەڵە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا بکەن، چوونکە لە بنەڕەتدا بوونی ئەو هێزانە سروشتیی نییە و خانەقین بەشێک نییە لە سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق». بەڵام من وەک خۆم لەو باوەڕەدام دروستکردنی تەنگژەی خانەقین و گەورەکردنی ئەم دۆزە جیا لەوەی بچووککردنەوە و بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنی کوردییە، لە هەمان کاتدا سەرقاڵکردنی کوردە بە کێشەکەیەوە بۆ لە بیربردنەوەی کێشەیەکی گەورەتر و گرنگتر کەئەویش پرسی ماددەی ١٤٠ و ماددە جێگرەوەکەیەتی «٢٤». بەهەر شێوەیەکیش بێت تەنگژەی خانەقین چیتر نییە جگە لە هەوڵێکی تر بۆ بردنەوەی دۆزی کورد بۆ سەرەتای رێگا.

### حکوومەتی عێراق بەرەو کام ئاقار دەڕوات؟

هەموو چاوەڕێی ئەوە بووین لە دوای کەوتنی بتەکەی سەدام حسێن لە ساحەی فیردەوسی بەغداد و رووخانی بەعسەوە ئیدی دیموکراسیی رووبکاتە عێراق، هەموو عێراقییەکان خوازیاربوون کۆتایی بە عەهدی دیکتاتۆریی و دەوڵەتی ناوەندیی و تاکڕەویی بێت، کەچی هەر لەگەڵ جێگیربوونی باری ئاسایش لە عێراقی دوای سەدام و سەرپێکەوتنی حکوومەتی بەغدا خەریکە دەسەڵاتدارانی نوێی ئەم وڵاتە رێی هەمان خەرەندی بەعس دەگرنەوە بەر و بە هەمان جۆر

سەرقاڵی وێنەکێشانی عێراقێکی نوێی مەرکەزیی و تاک سەرکردە و تاک بڕیارن، ئەم هەنگاوەش لە زەوتکردنی مافەکانی کوردەوە ڕێچکەی بەستووە. هەر ئەم هۆکارەشە کوردەکان لە سیاسەتی چەک کڕینی حکوومەتی عێراقی دەترسێنێ و وا دەکات کورد داوا بکات ئەو چەک کڕین و بەهێزکردنەی سوپا لە ئاستێکی دیاریکراو و سنووردراردا بێت. ئەوەتا لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٨ (عەدنان موفتی) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند «داوا لە ئەمەریکا و وڵاتە زلهێزەکانی دنیا دەکەین بە تایبەت ئەمەریکا کە ئێستا خەریکی مۆرکردنی ڕێککەوتنێکە لەگەڵ عێراق، بەمەبەستی فرۆشتنی چەکی جەنگیی بە عێراق، بە مەرج بیفرۆشن پێی بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی هەڕەشە و عێراق نەتوانێت هەڕەشە لە کورد بکات بەهۆی ئەو فڕۆکە جەنگییانەوە».

ئەم لێدوانەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردیی دەرخەری ڕاستییەکەی تاڵە سەبارەت بە عێراق و ئەوە دەسەلمێنێت تا دێت ئەو وڵاتە دەرگاکانی دیموکراسیی لەسەر خۆی دادەخات و لە دەسەڵاتێکی تۆتالیتاریی مەزهەبی نزیک دەکەوێتەوە. هەروەک (دانیاڵ پایپس)ی ڕۆژنامەنووس تێبینی کردبوو بەوەی دەڵێ «من گەشبین نیم بەوەی عێراق بەرەو دیموکراسییەت هەنگاوی هەڵگرتبێت، بە تەواویی پێشبینی ئەوە دەکەم عێراق بەرەو تاکڕەویی بگەڕێتەوە». بەڵام ئایا لەعێراقێکی تاکڕەو و دیکتاتۆریی کە بە ڕۆژی ڕووناک کودەتا دژی مافی کورد بەرپا دەکات دۆزی کورد رووی لەکوێیە و دەگاتە کوێ؟ بە داخەوە دەبێت ئەو ڕاستییە تاڵە بدرکێنین بەو هەنگاوانەی ئێستا حکوومەتی بەغدا دەینێت، دۆزی کورد پاشەکشە دەکاتەوە بۆ سەرەتای ڕێگا.

# چاپتەری چوارەم
## مالیکی دەیەوێت مێژوو دووبارە بکاتەوە
## دەربارەی هەوڵەکانی مالیکی بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی عێراقێکی ناوەندیی

لە ماوەی ئەم یەک دوو ساڵەی دواییدا لە نزیکەوە ئاشنابووین بە چەند هەوڵێکی «نوری مالیکی» سەرۆک وەزیرانی عێراق، کە بۆنی ئەوەیان لێدەهات، دەیەوێت جارێکی تر عێراق بەرێتەوە بۆ دۆخی دەسەڵاتێکی ناوەندیی تاکلایەن و تاک بڕیار. کورد زۆرترین زیانی ئەم سیاسەتانەی «مالیکی» بەرکەوتووە و هەموو هەنگاوێکی حکوومەتی عێراقی رووەو ناوەندێتی، هەنگاوێکیش پاشەکشەی کردووە بە دەستکەوتەکانی کورد لە باشووری وڵاتەکەیدا. لە ماوەی سەرۆکایەتی «مالیکی»دا ئەم یارییە سیاسییە چەندین جار دووبارە بۆتەوە، هەر لە کۆسپ و تەگەرە دروستکردن بۆ ماددەی سەدوچل تا دەگاتە هەوڵی لێبڕین لە بەشە داهاتی کوردستان لە بوودجەی عێراق. هەر لە لەمپەردانان بۆ گرێبەستە پێترۆڵییەکانی هەرێم تاکوو دەگات بە ئابڵوقەدان و هەوڵی داگیرکردنەوەی چەند ناوچەیەکی تازە ئازادکراوی کوردستان «شاری خانەقین و قەرەتەپە بە نموونە». هەر لە دروستکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیسنادەوە کە تازەترینیانە تاکوو دەگات بە هەوڵدان بۆ دەستکارییکردن و هەموارکردنەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق بە تایبەت بۆ لێقرتاندن لە دەستکەوت و پێشڕەوییەکانی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا.

بێگومان لە سەرەتای پرۆسەی رووخاندنی رژێمی بەعسەوە، لەبەر فاکتۆری بەهێزیی کورد و پەرش و بڵاویی هێزە عەرەبییەکان

و گیرۆدەبوونی هێزەکانی هاوپەیمانان و حکوومەتی عێراق بە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و مانۆڕی خۆتەقاندنەوە، کورد توانی بەشێکی گرنگ و بەرچاو لە خواستە سیاسییەکانی لە ڕێگەی دەستوورەوە شەرعییەت پێبدات، توانی هەندێ دەستکەوت و پێشڕەویی سیاسیی بکات کە لە مێژووی کوردی ئەم پارچە داگیرکراوەدا رووداوێکی ناوازە و کەموێنە بووە و یەکەمین جاریش بووە کورد بتوانێت ئەو هەموو بەندە دەستوورییە بۆ زامنکردنی قەوارەکەی دەستەبەر بکات. بە داخەوە هێزە کوردییەکان لە قۆناغێکدا وەستان و نەیانتوانی زیاتر دۆزی کورد بەرنە پێشەوە، بەهۆی ئەوەی قورسایی خۆیان خستەسەر پێکهێنانەوەی پێکهاتە ناکۆکەکانی عەرەبیی عێراقی و بنیاتنانەوەی عێراق، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە هەموو بەهێزکردنەوەیەکی ناوەند لەسەر حیسابی لاوازکردنی هەرێم دەبێت.

کورد دەیتوانی لە ساتەوەختی خۆیدا و لەکاتی لاوازیی دەوڵەتی عێراق و لەرزۆکیی هێزە عەرەبییەکانی گۆڕەپانی سیاسەت لە عێراق «بە تایبەت شیعەکان»، مەرج و گرەنتی زیاتر دابنێت بۆ پاراستنی ئەزموونی باشوور، چوونکە لە مێژووی عێراقدا بە ئەزموون ئەوە سەلماوە حکوومەتەکانی عێراق لە ژێر باری ناچاریی و فشاردا دانیان بە هەندێک نیمچە مافی کورددا ناوە و هیچی تر!، بۆیە دەبوو سیاسەتمەدارانی کورد پێش هەر شتێک ئەو راستییە رەها و مێژووییەیان لەبەرچاو بگرتبایە. بەهەرحاڵ ئەوەی ئەمڕۆ لە شانۆی رامیاریی عێراقدا بەرجەستە دەکرێت، هەوڵی جیددی هەندێک لایەنی عەرەبیی و خودی سەرۆک وەزیرانە بۆ گێڕانەوەی سیستمی سیاسیی عێراق رووەو سیستمێکی تۆتالیتار و تاکڕەهەند، هەروەها بۆ بچووککردنەوەی دەستکەوتەکانی کورد لە ڕێگەی پێداچوونەوە و چاوپێداخشاندنەوە بە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا. لەم نێوەندەدا نوری مالیکی بە وزە و قورساییەکی سیاسیی و تەنانەت سەربازیی

زۆرە دەیەوێت ئەو خەونانە بکاتە واقیع، ئەو ڕێگەی لەیەک جودای گرتووەتە بەر بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستە شۆڤێنیی و مەزهەبگەراییە.

## عێراق ڕووەو سیستمێکی ناوەندیی و داخراو

نوری مالیکی ڤوکۆسی کردۆتە سەر بنیاتنانەوەی عێراقێکی ناوەندیی. مێژوو سەلماندی ئاکام و سەرئەنجامی زۆربەی دەوڵەتە ناوەندییەکان لە کۆمەڵگە فرە نەتەوە و کولتوورەکاندا جگە لە ستەمکاریی هیچی تر نەبووە، لە واقیعی عێراقیشدا گەلانی ئەم وڵاتە بە خوێن و ئەزموون تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەم سیستمە هەیە، کە نەک هەر ناتوانێت کۆمەڵگەیەکی ڕەفاه و سەقامگیر بەرهەم بهێنێت، بەپێچەوانەوە مێژوویەکی خوێناویی و پڕ کارەساتی مرۆیی خولقاندووە. «مالیکی» بەچاو نووقاندن و خۆلادان لە ئەزموون و چارەنووسی تراژیدیی ڕژێمی تاکڕەهەند و ناوەندیی لە عێراقدا، دیسان هەمان خولیای سەدام لە کەللەی داوە و دەیەوێت ئەو دەوڵەتە ناوەندییە زیندوو بکاتەوە. هەڵبەتە مالیکی نوێنەرایەتیی زۆرینەیەکی شیعە مەزهەب دەکات، بەدەر لە ئارەزووە کەسییەکانی خۆی، ئەکتەرێکە ئەدای جیهانبینییەکی مەزهەبگەرایی دەکات و خواستی بە ئێرانکردنی عێراقی کردۆتە ڕۆژەڤی سیاسیی، یان بە واتایەکی تر نوێنەرایەتی ئەو مەیلە دەکات دەیەوێ عێراق لە دەستی ئەمەریکا بسەنێتەوە و رادەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بکات.

بە بڕوای «دیڤید فلیپیس»ی توێژەری رامیاریی لە زانستگای کۆلۆمبیا «کێشەی عێراق هەمیشە زۆریی ئەو دەسەڵاتانە بووە بەغداد هەیبووە، تەنیا ڕێگەش بۆ مانەوەی عێراق بە یەکپارچەیی لە ڕێگەی کەمبوونەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی بەغدادەوەیە، جا هەر بۆیە نابێت مالیکی هەمان ئەو هەڵەیەی پێشوو دووبارە بکاتەوە». لە باری واقیعیشەوە کێشەی عێراق تاکو ئێستا بەش بەشکردنی دەسەڵاتەکان

نەبووە بەسەر ناوەند و هەرێمەکاندا، هێندەی زادەی ئەو دەسەڵاتە زۆر و زەبەندانە بووە حکوومەتی ناوەندیی هەیبووە، کەوابوو ئەوەی لە عێراقدا کێشەی قووڵ و برینی سارێژنەکراوی بە دوای خۆیدا هێناوە، تەسککردنەوەی پانتایی دەسەڵاتەکان بووە، نەک ئەوەی ئەمڕۆ بەشێک لە هێزە عێراقییەکان لە نەبوونی دەسەڵاتێکی بەهێزی ناوەندییدا دەیبیننەوە. لایەنی کوردیی هەمیشە ترسی هەبووە و هەیە لە بەهێزبوونەوەی ناوەند چوونکە دڵنیایە ئەم بەهێزکردنەوەی ناوەند لە یەکێک لە ڕەهەندەکانیدا بریتییە لە لاوازکردنی هەرێمەکان، یان با بڵێین لەسەر حیسابی لاوازکردنی هەرێمی کوردستانە.

هەروەک «ئێدوارد گیبسن» ڕوونیدەکاتەوە «نیگەرانییەکە لە بوونی حکوومەتێکی مەرکەزیی بەهێزدا نییە، لەبەرئەوەی زۆرجار لە فیدرالیزمیشدا حکوومەتێکی مەرکەزیی بەهێز هەیە، بەڵام نیگەرانییەکە لەوەدایە کە حکوومەتی مەرکەزیی هەوڵی پێشێلکردنی بنەماکانی فیدراڵیزم و سەرکوتکردنی ئۆتۆنۆمی هەرێمەکان بدات». دروست نیگەرانیی کورد لەو سۆنگەیەوە دەستپێدەکات «گیبسن» بۆی چووە، چوونکە زۆربەی کاربەدەستانی عێراقی و لایەنگرانی عێراقێکی ناوەندیی لەم بارودۆخە دیفاکتۆیەی کورد ڕازی نین و هەندێکیان پێیانوایە کورد بووەتە هۆکاری لاوازکردنی دەسەڵاتی بەغداد، هەر ئەم تێگەیشتنەشە وەها لە سەرکردە کوردەکان دەکات بە توندی بەرپەرچی عێراقێکی ناوەندیی بدەنەوە و بە مەترسیی لەسەر کورد لەقەڵەمی بدەن. «د.بەرهەم ساڵح»ی سیاسەتمەداری پرۆعێراقی کورد، نیگەرانییەکانی کورد بەم شێوەیە دەردەبڕێت «یەکێتی عێراق بە توندوتیژیی و خۆسەپاندن و کۆکردنەوەی دەسەڵاتەکان بە دەستی یەک ناوەند و یەک دەستە یاخۆ یەک هێز نابێت، سەدام حسێن بەرجەستەی هەرە گەورەی ئەو دۆخەیە». ئەم ڕایەی «ساڵح» تا ڕاددەیەک پوختەکراوی بیروڕای گشتیی و فەرمیی کوردیشە لەمەڕ

هەوڵەكانی مالیكی لە پێناو بەهێزكردنەوەی ناوەند. «د.سەعدی بەرزنجی» ئەندامی كوردی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایەكی نزیكی لە بۆچوونەكەی «ساڵح»ی هەیە و پێیوایە «دەسەڵاتی رژێمی بەعس و سەدام لە ناوەند بەهێز بوو، بەڵام ئایا حكوومەتەكەی بەهێز بوو؟ بێگومان نەخێر. چوونكە هێزی دەوڵەت لە خزمەتكردتی خەڵك و پاراستنی مافەكانی هاووڵاتیاندایە».

پرسیاری سەرەكی و جەوهەریی هەرە گرنگ لێرەدا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە: ئایا كورد بە چ رێگە و میكانیزمێك رووبەڕووی ئەو سیاسەتە نوێیەی نوری مالیكی و كاربەدەستانی عێراقی دەبێتەوە؟. هەتا ئێستا دیار نییە كورد چۆن هەڵوێست وەردەگرێت، تەنیا ئەوە دیارە سەركردە كوردەكان نارەزایەتی خۆیانیان لەمەڕ ئەو سیاسەتەی مالیكی نیشانداوە، بۆ پووچەڵكردنەوە و شكست پێهێنانی هێشتا هیچ رووناكییەك لە ئاسۆدا نابینین. بە تایبەت لەو دۆخەدا كە هەندێك لە كارناسان و شارەزایان لەو بڕوایەدان سیاسەتی نوێی «باراك ئۆباما» دەبێتە یارمەتیدەری بیرۆكەی بەهێزكردنەوەی عێراقێكی ناوەندیی. لەو رووەوە رۆژنامەی «ستارس ئاند سترایپ» لە راپۆرتێكدا بە وردیی تیشك دەخاتە سەر ئەوەی «جێبەجێكردنی پلان و بەرنامەكەی ئۆباما لە عێراق رێگا بۆ دروستبوونەوەی دیكتاتۆرییەتێك خۆشدەكات هاو وێنەی دیكتاتۆرییەتی سەدام حسێن دەبێت كە بۆ ماوەی سی ساڵێك پیادەی كرد». بە كورتی هەڵمەتێكی بەهێز بە پشتیوانیی هێزەكانی دەرەوە و بارودۆخی نوێی جیهان و ناوچەكە و عێراق، بۆ بەهێزكردنەوەی عێراقێكی ناوەندیی لە ئارادایە، پریشكی یەكەمی ئاگری ئەم عێراقە ناوەندییە، كورد دەسووتێنێت! كورد چۆن خۆی ئامادە كردووە و ئامادە دەكات؟ جارێ هیچ دیار نییە!.

## پێداچوونەوە بە دەستووری هەمیشەییدا

مالیکی و کاستەکەی ئەوە رادەگەیەنن کاتی ئەوە هاتۆتە پێشەوە، گۆڕانکاریی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا ئەنجام بدرێت، گۆڕانکارییەک بتوانێت زۆر ناوەڕۆک و بەند و ماددەی لە یەک جیا بگۆڕێت و بەپێی هاوسەنگیی و دۆخی نوێی سیاسیی وڵاتەکە بنووسرێنەوە. «نوری مالیکی» سەرۆک وەزیرانی عێراق لە لێدوانیکدا رایگەیاند «دەستوور لە کەشوهەوایەکی ئازار و ترسدا نووسراوەتەوە و روانینی تێدایە بۆ ئاینده، ئەمەش زۆر ئاساییە. لەبەرئەوە پێویستیمان بە پێداچوونەوەی دەستوور هەیە». ئەم لێدوانەی سەرۆکوەزیران لێکدانەوەی جیا جیا هەڵدەگرێت، یەکێک لەو شرۆڤانە ئەوە ئاشکرا دەکات، ئەوان «هێزە عێراقییەکان» لە ژێر بارێکی ناهەمواری ئەمنیی و لەسایەی نائارامیی ئەوکاتی عێراقەوە رازیبوون دەستوور بەو فۆرمە بنووسرێتەوە و گەڵاڵە بکرێت، ئەگینا هیچ کات ئامادەنەبوون دەستوورێکی لەو رەنگە، بۆ عێراق و سیستمی بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە قبوڵ بکەن. نووسەر و توێژەری سیاسیی کورد «فەرید ئەسەسەرد» لە لێکدانەوە و شرۆڤەی ئەو لێدوانەی «مالیکی»دا دەگاتە بڕوای ئەوەی «مالیکی» مەبەستی راستەقینەی لە پێداچوونەوە بە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا کەمکرنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان و پتەوکردنی ناوەندە لە رێگەی ماددەیەک یان چەند ماددەیەکی دەستوورییەوە.

«ئەسەسەرد» لەو رووەوە دەنووسێت «قسەکانی مالیکی شتێکی وایان لێهەڵدەکرێنرێت ئەوەی لە عێراقدا هەیە فیدرالیزم نییە، گوایە لە سۆنگەی ئەمەوە رەوشەکە پێویست بەوە دەکات بە دەستووردا بچینەوە و دەسەڵاتی هەرێمەکان کەم بکەینەوە و دەسەڵاتی ناوەند زیاد بکەین!». ئەم هەوڵە نوێیەی سەرۆک وەزیران ئەڵقەیەکی ترە لەو زنجیرە هەوڵەی دەیدات بە مەبەستی کەمکردنەوەی سەلاحیات و سنووری دەستووریی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، بۆ

سەرخستنی ئەجینداکەی بیری لە دەستبردن بۆ هەموارکردن یان چاوپێداخشاندنەوەی دەستوور کردۆتەوە، چوونکە ئەوکات دەتوانێت بە فۆرمێکی قانوونی و دەستووریی دەسەڵاتی هەرێمەکان کەم بکاتەوە، بەو پێیەی جیا لە هەرێمی کوردستان پێشبینی ئەوە دەکرێت هەرێمی تر لە عێراقدا دروستبن، ئێستا هەوڵێکی کارا و جیدی لە ئارادایە بۆ پێکهێنان و بە فەرمی ناسینی هەرێمی بەسرە، کە ئەم هەوڵەی بەسراییەکان لەلایەن کوردەوە پشتیوانی دەکرێت.

مالیکی ترسی ئەوەی لێنیشتووە پەیدابوون و هاتنەئارای چەند هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی عێراقدا دەبێتە سەرەتای دابەشبوونی وڵاتەکە، بۆیە دەیەوێت لغاوێکی دەستووریی بخاتە دەست و قاچی هەر هەرێمێک لە چوارچێوەی عێراقدا هەبێت یان دەشێ لە ئایندەدا ببێت. لایەنی کوردیی دیسان بە توندیی رەخنەی لەم هەڵوێست و هەنگاو و دەستپێشخەرییەی سەرۆک وەزیران گرتووە، لە زاری سەرۆکی بەرزترین ناوەندی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستانەوە رەخنە و ناڕەزایەتی هەیە لەمەڕ ئەو کردەیە. لەو بارەوە «مەسعود بارزانی» سەرۆکی هەرێمی کوردستان راشکاوانە بە کەناڵی «الحرە»ی راگەیاند «بەڕێز مالیکی نابێت پێیوابێت ئەوەی بە دەستمان هێناوە سەپێندراون، چوونکە ئەوەی ئێمە مومارەسەی دەکەین لە رێگەی شەرعییەوەن. بۆیە دەڵێم هەر پاشگەزبوونەوەیەک لە دەستوور بە واتای گەڕاندنەوەی دیکتاتۆرییەتە».

لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی هەرێم روونی نەکردەوە ئەگەر لایەنی عەرەبیی سوور بوو لەسەر خواستی پێداچوونەوە بە دەستووردا، هەڵوێستی کورد چۆن و چی دەبێت، ئەو تەنیا رەخنەی لەو هەڵوێستە گرت و بیروڕای کوردی درکاند. بەڵام «فریاد رەواندزی» ئەندامی کوردی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بەرچەکرداری کورد روون دەکاتەوە و دەڵێت «کورد ئەو ڤیتۆیە بەکاردەهێنێت لە دەستووردا

چەسپاوە، ئەویش ئەوەیە، ئەگەر دوو لەسەر سێی، سێ پارێزگا ئەو هەموارکردنەیان رەتکردەوە، ئەوە بڕیارەکە پووچەڵ دەبێتەوە». ئەوەی گرنگە لێرەدا پەنجەی بۆ راکێشین ئەوەیە، دیسان عەرەبە عێراقییەکان هەمان ئەزموونی پێشان دووبارە دەکەنەوە و تەنانەت لەو دەستوورەش پەشیمان دەبنەوە خۆیان لایەنێکی سەرەکیی و کارا بوون لە نووسینەوەیدا و عێراقییەکان بە زۆرینەی دەنگ پەسەندیان کردووە، ئەوەتا مالیکی سەرەتای هەوڵێک دەخاتە گەڕ بۆ زەوتکردنی هەندێک لە مافەکانی کورد، ئەگەر سەرکەوتنیش بەدەستنەهێنێت، هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت عەرەبەکان لە هەر هەلێکدا و لەگەڵ گۆڕانی تای تەرازوی هێزدا، چاو دەخشێننەوە بە هەموو ئەو بڕیارانەی پێشوویاندا، هەر لە دەستوورەوە تاکوو دەگات بە پێدانی ناسنامەیەکی فەرمیی بە قەوارەی دیفاکتۆی ئەمڕۆی باشووری کوردستان.

## ئەنجوومەنەکانی ئیسناد

چەند مانگێکە سەرۆکی حکوومەتی عێراق، لە پەیوەندییکردندایە بە هەندێ سەرۆک خێڵ و شێخی هۆزەکان و هەندێ کۆنە جاش و دەمسپی کوردەوە، بە مەبەستی دروستکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد وەک هێزێکی تری یارمەتیدەری حکوومەت بۆ سەقامگیرکردنی زیاتری بارودۆخی ئاسایش. بەڵام لایەنی کوردیی پێیوایە ئیسناد جۆرێکی ترە لە جاشایەتی و لەسەر زاری سەرۆکی هەرێمەوە جەخت لەوە کرایەوە ئەوانەی دەچنە ریزی ئیسنادەوە خیانەتکارن و وەک جاش مامەڵەیان لە تەکدا دەکرێت. زۆریش لە شارەزایان و چاودێران وایدەبینن ئیسناد بۆ ئەو مەبەستە دروست نەکراوە نوری مالیکی و کاستەکەی لە رێی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە ئاشکرای دەکەن و رایدەگەیەنن، بەڵکو زیاتر راکێشانی ئەو ئەنجوومەنانەیە بە لای لایەنێکی سیاسییدا نەک بە لای حکوومەتدا. کورد بە هەموو شێوەیەک دژایەتی ئیسناد دەکات و

حکوومەتی هەرێمیش بە توندی مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکات پەیوەستبوون و دەبن بەو ئەنجوومەنانەوە.

«د.کەمال کەرکوکی» جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە لێدوانێکیدا بە توندیی هێرش دەکاتە سەر ئیسناد و دەڵێت «فەوجی ئیسناد هەروەک ئەو فەوجە جاشانەیە لە کاتی خۆیدا لە کارەساتی ئەنفالدا دەستیان بە خوێنی نەتەوەکەمان سوور بوو». لای خۆشییەوە سەرۆکی هەرێم، وێڕای رەخنەگرتن و ئاشکراکردنی دژایەتی کورد لە بەرامبەر ئیسناد، جەخت لەوە دەکاتەوە ئیسناد هیچ خزمەتێک بە بارودۆخی سیاسیی عێراق ناکات و زیاتر بە فیڕۆدانی پارە و سامانی عێراق و ئیستغلالکردنی دەسەڵاتە بۆ هەڵبژاردن، هەروەک سەرۆکی هەرێم وتی «لە کەرکوک و موسڵ بۆ نانەوەی پەشێویی و فیتنە دروستکراون». لێ ئەوەی هەندێک لە کۆنە بەعسی و کۆنە مستەشارەکانی کورد پەیوەندییان بەو ئەنجوومانەوە کردووە، بەڵام بەشێوەی گشتیی هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکان جەماوەری کورد ئاگادار دەکەنەوە لەوەی هەڵوێستی فەرمیی حکوومەتی هەرێم لەمەڕ ئیسناد، ئەوەیە ئەو ئەنجوومەنانە وەک فەوجی خەفیفەی پێشان چاولێدەکات و لە هیچ کەسیش نابوورێت بەو ئەنجوومانەوە پەیوەندیی بگرێت.

ئەوەی ئاشکرایە مالیکی مەبەستی لە پێکهێنانی ئەم فەوجانە جیا لە پشتگیریکرن و پاڵپشتیی خۆی و پارتەکەی، بۆ تێکدانی رەوشی شاری کەرکوک و موسڵە، هەروەها ئەمەش دەبێتە فاکتۆرێکی یارمەتیدەر بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان. بێجگە لە کوردیش هەندێک لەلایەن عێراقییەکانی تر ناڕازین بە دروستکردنی ئیسناد و پێیانوایە مالیکی لەسەر حیسابی دەوڵەت خزمەت بە خۆی و تەوژمە سیاسیی و مەزهەبییەکەی دەکات. لەو رووەوە «رافز ئەلعانی» لە بەرەی تەوافق رایگەیاند «بڕیاردان لە دروستکردنی ئیسناد کارێکی

ناڕاستە و تەنیا مەبەست لێی سەرنجڕاکێشان و پەلکێشکردنی عەشائیرەکانە بە لای لایەنێکی دیاریکراودا و هیچ پەیوەندییەکی بە باری ئاسایشەوە نییە، تەنیا لایەنێکی سیاسیی بڕیار لەو ئەنجوومەنانە دەدات نەک حکوومەت». پوختەی قسە ئەوەیە ئیسناد پیلانگێڕییەکی تری مالیکی و کاستەکەیەتی لەناو حکوومەتی ئێستادا هەم بۆ هێنانەدی هەندێک مەهامی سیاسیی تایبەت بە خۆیان و هەم بۆ کەمکردنەوە لە هێزی هەرێمی کوردستان و نانەوەی پشێویی لە کەرکوک، کە ئەمڕۆ بۆ کورد ئەو شارە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە و دەستبەرداربوون لێی کارێکی ئاسان نییە.

## ئەنجامگیریی

لە پار ساڵەوە حکوومەتی نوری مالیکی چەندان کێشەی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پێگەی کورد دروستکردووە، کە «د.مەحمود عوسمان» ئەوانەی رابردوو بەپێنج کێشە ناو دەبات و ئیسنادیش بە شەشەمین کێشەی قووڵ هەژمار دەکات. بۆیە کورد دەبێت خۆی ئامادە بکات بۆ زیادبوون و زۆرتربوونی کێشەکان نەک چارەسەربوونی ئەوانەی ئێستا!!. ئەی کەواتە پێویستە کورد چی بکات لەم هەلومەرجە نوێیەدا؟. «د.مەحمود عوسمان» دەڵێت «ئەگەر کێشەکانمان چارەسەر نەکران ئەوسا پێویستە کورد بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی بدات، چوونکە ناتوانین بەم شێوەیە لە حکوومەت هاوبەش و بەردەوام بین». بەڵام پرسیارێکی بەجێ قووت دەبێتەوە: ئایا دوای ئەم تەنگژانە و تەواوبوونی کارەکانی ئەو پێنج لیژنەیەی بۆ چارەسەری کێشەکان دانراون و لە کۆتایی ئەرکەکەیاندان، کورد ناچار دەبێت هەڵوێستە «یەکلاکەرەوە» وەربگرێت یان دیسان لەم یاری مار و پەیژەیە بەردەوام دەبێت؟. وەک خۆم ئەوەندەی دۆخەکەم خوێندبێتەوە و سەرنجی ئەزموونی کارکردنی سیاسیی کوردم دابێت

به تایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا، باوەڕم بەوە نییە بڕیارێکی حاسم بدات کە هیچ نەبێت لایەنە عێراقییەکان بهێنێتە پیرمام یان دوکان تا ئەمجارە ئـەوان بێنە کوردستان و هەوڵبدەن کوردەکـان رازی بکەن. هەموو بە هیوای ئەو هەڵوێستەین. پێش ئەوەی کات درەنگ بێت پێویستە کورد ماڵی خۆی رێکبخات بە گووتارێکی یەکگرتووی روونەوە بڕیاری کۆنکرێتی خۆی بدا، لانیکەم کورد دەتوانێت کەشی سیاسیی لە عێراق تێکبدات، لەمپەر دروست بکات لەبەردەم ویستی شیعەکانی عێراق کە دەیانەوێ کوردستان قووت بدەن و بیکەنەوە بە پارچەیەک لە عێراق وەک چۆن عێراقیان کردووە بە بەشێک لە ئێران.

## چاپتەری پێنجەم

### کاریگەرییە رامیاریی و ئابوورییەکانی هەناردەی نەوتی کوردستان

رۆژی یەکی حوزەیرانی ٢٠٠٩ لە رێورەسمێکی فەرمیدا و بە ئامادەبوونی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جەلال تالەبانی سەرۆک کۆماری عێراق بۆ یەکەمجار لە مێژووی باشووری کوردستاندا بەشێوەیەکی فەرمی پرۆسەی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان لە ژێر چاودێریی و سەرپەرشتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان راگەیەندرا و هەردوو سەرۆکی ئامادەبووش بە بەرچاوی زوومی کامێرای رۆژنامەنووسانی ناوخۆیی و دەرەکییەوە یەکەمین قفڵی ئەو هەناردەیەیان کردەوە. بەپێی زانیارییەکانیش ئەم پرۆسەیە لە کێڵگە نەوتییەکانی «تاوکی» ناوچەی زاخۆ و تەقتەق دەستپێیکردەوە و ناردنە دەرەوەکـەش لە رێی هێڵەکانی «نابوکۆ»ی تورکیی و بە سـەرپەرشتیی کۆمپانیای DNO» نەرویژیی و ئەداکس پترۆڵیۆم و ژەنـەراڵ ئینێرجی» ئەنجامدەدرێ و لە هەنگاوی سەرەتادا رۆژانە ١٠٠ هـەزار بەرمیل نەوت هەنارده دەکرێ و وا بڕیاریشە لە کۆتا مانگەکانی ئەمساڵدا ئەو بڕە بۆ ٢٠٠–٢٥٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا

بەرز ببێتەوە، هەروەک پێشبینی دەکرێت لە ماوەی سێ چوار ساڵی داهاتوودا ڕێژەکە بۆ دوو ملیۆن بەرمیل زیاتر ببێت.

ئەم ڕووداوە ناوازەیە جیا لەوەی بووە جێی سەرنجی چاودێران و ناوەندە سیاسیی و میدیاییەکانی دەرەوەی هەرێم، لە هەمان کاتدا بۆ پاشەڕۆژی ئابووری و رامیاریی باشووری کوردستان بایەخێکی بەرچاوی هەیە کە لەوانەیە ئەم پرۆسەیە کوردستان لە وێستگەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی دابنێت، بەڵام پرسیاری جیددی لێرەیە: ئایا ئەم داهاتەی نەوت کە لە کوردستانەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت بۆ پتەوکردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان تەرخان دەکرێت یان تەخشان و پەخشان دەکرێت و گەندەڵی لووشی دەدات؟ ئایا ئەم سەروەتە زۆر و زەبەندەی بە هۆی فرۆشی نەوتی کوردستانەوە دەست حکوومەتی کوردستان دەکەوێت دەکرێت بە پرۆژەی ستراتیژیی و دانانی بناغەیەک بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی ڕەفاه و بینای خۆشگوزەرانیی یاخۆ پێچەوانەکەی؟. چوون هەتا ئێستا کێشەی عێراق کەمیی داهات یان پێڕانەگەیشتن نەبووە هێندەی ناشارەزایی و لێنەزانین بووە کە چۆن سوود لەو سامانە پڕ فەڕ و داهاتە وەربگیرێت. «مارتین ڤان برۆنسن»ی کوردناس و نووسەری کتێبی «ئاغا و شێخ و دەوڵەت» هەمان بۆچوونی هەیە و دەڵێت «عێراق پڕە لە سەرچاوەی نەوتیی و وزەی ژێر زەوی، بەڵام نەزانینی بەڕێوەبردنی ئەو سەرچاوانە لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی زانستیی و مودێرن، سەربەخۆیی لە تاکی عێراق سەندۆتەوە، هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لەو سیستمە تووشی هەمان کێشە هاتووە».

خێر و بێرێکی زۆر کە لەوانەیە چەند دەیەیەک بگرێتەوە ڕوو دەکاتە ئەم بەشەی کوردستان، بەڵام بە بڕوای من گرنگ خودی خێر و بێر و پارەی نەوت نییە، گرنگ سوود وەرگرتنە لەو داهاتەی بەهۆی نەوتەوە دەڕژێتە کوردستانەوە، چوونکە ڕاستییەک هەیە نابێت نادیدەی

بگرین کە وڵاتانی جیهان بە تایبەت ئەمەریکا لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤی پەترۆڵدان، ڕەنگبێ دوو و سێ دەیەی تر نەوت بایەخی خۆی لەدەستبدات بەو هۆیەی کڕیارانی نەوت لە خۆرئاوا بەدیلێکی هەرزانتر و کاریگەرتریان دۆزیـوەتـەوە، بۆیەکا هـەر لە ئێستاوە هەندێک لە وڵاتانی وەک شانشینەکانی کەنداوی عەرەبیی دەرک بەم ڕاستییە دەکەن و دەیانەوێت خۆیان لە ژێر کاریگەریی ڕۆشنبیریی و ئابووری نەوت بهێننە دەرەوە، چوون ڕۆشنبیریی نەوت ڕۆشنبیریی بەرهەمهێنانی نەوەیەکی بەکاربەری ڕووتە، ئەو دەوڵەتانە خوازیارن لەم قۆناغە داهاتی نەوت بکەنە فاکتەری پێشخستنی وڵاتەکانیان وەک مەڵبەندی بازرگانیی و تەنانەت پیشەسازیش. بۆ حکوومەتی هەرێم و هەر دەسەڵاتێکی تر کە جڵەوی حکومی لە بندەست بێت، دەبێت دووربینیی هەبێت، ئەو فاکتە هەمان کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر کوردستان و دەبێت قۆناغی فرۆشتنی نەوت زیرەکانە بقۆزرێتەوە، بۆ ئەو چاخەی چیدی پەترۆڵ سوود و بایەخێکی نەماوە کە وەک ماددەیەکی گرنگ لە بازاڕەکانی جیهاندا داوایەکی زۆری لەسەر بێت.

### نەوت لە مێژووی کوردستاندا

مـێژووی پەیدابوونی نـەوت لـە کوردستاندا لـە هــەزاران ساڵ تێپەڕیوە، نازانرێت ئاخۆ بۆ یەکەمجار کەنگێ بووە ئەم وزە پڕ بایەخە لە زەوی کوردستان هەڵقووڵاوە؟ بەڵام لە دوو سەدەی ڕابردووەوە ئەوە زانراوە نەوت لە خاکی باشووری کوردستاندا هەبووە، هەندێک لە سەرچاوە مێژووییەکان تیشک دەخەنە سەر ئەوەی عوسمانییەکان لە سەدەی حەڤدە بەولاوە سوودیان لە سامانی نەوت وەرگرتووە بەشێوەیەکی سنووردار کە تەنیا بۆ بەکارهێنانی یەکەکانی ئەرتەش بەکارهێنراوە و بـەس. کەرکوک گرنگترین جێگە یـان جوگرافیای کوردستانە خاوەنی زۆرترین ژمارەی چاڵە نەوت و زۆرترین یەدەگی

نەوتیی بێت لە تێکڕای کوردستان و عێراقیشدا. عوسمانییەکان ئەگەرچی چەندین سەدە کەرکوک وەک بەشێک لە ویلایەتی موسڵ لە بندەستیاندا بووە، کەچی نەیانتوانیوە سوود لە سامانی سروشتی شارەکە ببینن بە تایبەت سەروەتی نەوت، تەنانەت هەر پەیان بە بوونی نەوت لەو سەرزەمینە نەبردووە.

لە ساڵی «١٨٨٣ز» لەسەر داوای سوڵتان عەبدولحەمید نێردەیەکی سەربازیی ئەڵمانیی بە سەرۆکایەتی «ڤۆن گۆڵتر» بۆ ڕێکخستنی کاروبارە سەربازییەکان هاتە سنووری دەوڵەتی عوسمانی، لەگەڵ ئەوەدا ئەم نێردەیە راپۆرتی دەربارەی دەوڵەتی عوسمانیی ناردەوە وڵاتەکەی، بەڵام لەو بارودۆخەدا ئیمپراتۆرییەتی تورکیی «عوسمانی» نەیدەزانی پەترۆڵێکی زۆر لە خاکەکەیدا بوونی هەیە و لەهەمان کاتیشدا هیچ تێڕامانێکی نەبوو بۆی. درەنگتر عوسمانییەکان لە ڕێگای شارەزایانەوە بەبوونی نەوتی کەرکوکیان زانی، «گوڵبانگیان» لەو کاتەدا راوێژکاری دارایی سوڵتانی عوسمانی بوو، یەکەم کەسیش بوو خەبەری بە سوڵتان دا، کە ئەو مەڵبەندە «کەرکوک» نەوتێکی زۆری تێدایە، هەر ئەم گوڵبانکیانە دواتر ٥٪ نەوتی کەرکوک و ویلایەتی موسڵی بەرکەوت، هەر لەبەرئەوەش بوو پێیاندەوت جەنابی سەدی پێنج» (١). عوسمانییەکان بە درێژایی چەند سەدە داگیرکاریی نەیانتوانی یان شانسی ئەوەیان نەبوو سوود لە نەوت و سامانی سرووشتیی ویلایەتی موسڵ یان با بڵێین کوردستان وەربگرن، بەڵام دواتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم و لە سەروەختی داگیرکاریی ئینگلیزییدا لە ژێر چاودێریی حکوومەتی بەریتانیی لە عێراق، گرنگیی زۆرتر درا بەو سامانە و هەر لەو ساتەوەختانەدا چەندین پاڵاوگەی نەوت هێنرانە عێراقەوە کە کاریان پاڵاوتنی نەوت بوو بە مەبەستی رەوانەکردنی بۆ دەرەوەی وڵات.

کەرکوک و نەوتی ئەو شارە لەم نێوەندەدا رۆڵێکی سەرەکییان

دەبینی و تەنانەت زۆرینەی بەرهەمی هەناردەی نەوتی عێراق هەر لەسەرەتاوە تا هەنووکەش هەر نەوتی کەرکوک بووە. کردنەوەی بۆرییە نەوتییەکانی کەرکوک لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست گەشەی زیاتری بە پیشەسازیی نەوت دا، لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٤ەوە نەوت نێردرایە دەرەوە، لە ساڵی ١٩٣٥ بۆری نەوتی کەرکوک– حەیفا کرایەوە. ساڵی ١٩٣٥ نزیکەی چوار ملیۆن بەرمیل نەوت نێردرایە دەرەوە، لەو ساڵەدا عێراق هەشتەم وڵات بوو لە بەرهەمهێنانی نەوتدا. ساڵ بەساڵ هێزی ناردەی نەوت لە کەرکوک دەچووە سەر، بەمەش ژمارەی بۆرییەکان زیادیکرد، لە ساڵی ١٩٣٤ هێڵی ١٢ ئینجی بۆ تەرابلس و حەیفا دروستکرا، لە١٩٤٩ هێڵێکی دیکەی ١٦ ئینجی بۆ تەرابلس و لە١٩٥٢ هێڵێکی ٣٠ ئینجی بۆ بانیاس دروستکرا، ئەوەی حەیفا لـە١٩٤٨ەوە راوەستاوە، کەرکوک ماوەی زیاتر لەنیو سەدە، گیرفانی سەرجەم خەڵکی عێراق بوو، داهاتی عێراق لە رێگەی بۆرییە نەوتییەکانی کەرکوکەوە دابین دەکرا. چاڵگە نەوتییەکانی کەرکوک لە نێوان ساڵەکانی ١٩٢٧-١٩٧٤ پتر لە ٧٠,٢٪ نەوتی هەموو عێراقی بەرهەمهێناوە. (٢).

وەنەبێ نەوت تەنیا لە کەرکوک بوونی هەبێت، بەڵکو لەچەندین ناوچەی جیاجیای باشووری کوردستان هەر لە زاخۆوە تا خانەقین دەیان کێڵگەی نەوتیی بوونیان هەیە، کە تێکڕا هەموو ئەو سەرچاوە نەوتییانە زۆر لەوە زیاتر داهات دەچننەوە کۆمەڵگەیەکی پێنج شەش ملیۆنی وەک کوردستان پێویستی پێیەتی، بۆیە ئەگەر کورد دەوڵەتی هەبێ یان مافی پێبدرێت سوود لە سەرچاوە سرووستییەکانی خۆی وەربگرێت ئەوە نەک خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان دێتەدی و لەسەرێکی دیکەوە دەبێتە بەردی بناغەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دەوڵەمەند و گەشەسەندوو لە هەموو لایەنێکەوە. ئێستا لە زاخۆ و لە تەقتەق نەوت دەردەهێنرێت و رەوانەی دەرەوە دەکرێت، قەرەتەپە

و جەلەولا، هەندێک ناوچەی پارێزگای دهۆک و سلێمانی ناوچەی نەوتاویین، لە هەولێر ناوچەی کەندێناوە یەکێکە لەو جوگرافیا بە پیتانەی چەندین چاڵە نەوتی گەورە و بە داهاتی تێدایە. لە سەرەتای پێکهێنانی عێراقدا لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، ناوچەی کەندێناوە وەک زۆر ناوچەی دیکەی عێراق نەوتی لێدۆزرایەوە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٠ تاکو ١٩٦٠، چوار بیری لێهەڵکەنرا و سەرەکانیان قەپاتکرا.. لە کێڵگە نەوتییەکەی خورمەڵە کە سەر بە ناوچەی کەندێناوەیە، لە ساڵی ١٩٦٣ هەتا ٢٠٠٣ ژمارەی بیرە هەڵکەنراوەکان گەیشتە ٥٤ بیر و بە ئاگاداریی و سەرپەرشتیی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە کەرکوک، لە ساڵی ٢٠٠٧ بە دواوە دوو تاوەری بیر هەڵکەندن هێنراوەتە کێڵگەی نەوتی خورمەڵە و هەتا ئێستا چوار بیری دیکەیان هەڵکەندووە، (٣).

بەم دواییانەش کێڵگەیەکی تری نەوت لە گوندی «شاکەل»ی نزیکی شارۆچکەی کەلار دۆزرایـەوە کە پسپۆڕان و کۆمپانیا بیانییەکان وەهای مەزندە زۆرتر لە٢٥٠ ملیۆن بەرمیل نەوتی تێدابێت، هەر لەگەڵ دۆزینەوەی ئەم بیرە نەوتەشدا حکوومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئوسترالی بۆندێکی مۆر کرد بەمەبەستی دەرهێنان و هەناردنی بۆ دەرەوەی هەرێم و بۆ ئەو مەبەستەش تەنیا بڕی ٢٠٪ لە پشک و داهاتی ئەو کێڵگە نەوتییە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت. نەوتی کوردستان ئەگەرچی شادەماری ئابووری عێراق بووە و بەبێ سەرچاوەی سرووشتی کوردستان بێگومان هیچکات عێراق نەدەبووە ئەو هێزە گەورەیەی لەسەر ئاستی جیهان حسابی بۆ بکرێت یان بتوانێت ئاوها گەشە بکات بە تایبەت لە رووی ئابووری و پیشەسازیی چەکوچۆڵەوە بە تایبەت لە ماوەی فەرمانڕەوایی بەعس ١٩٦٨-٢٠٠٣، بەڵام ئەو سەروەتەی لە خاکی کوردستانەوە دەهات هیچی بۆ کورد خۆی نەبوو، بەڵکو لە زۆرینەی ماوە مێژووییەکاندا لە دژی خەباتی رەوای کورد بەکارهێنراوە.

له ساڵی ١٩٣١ تا ١٩٤٩ بایی ١٣٦ ملیۆن دۆلار نەوت فرۆشراوە، باسی ملیۆن دۆلاری پێش پەنجاکان دەکەم کە چ قودرەی ئیسرائیل هەبووە ١٣٦ ملیۆنی پێش پەنجاکان نەبووە!، لە ١٩٣١ تا ١٩٤٩ ئەو ١٣٦ ملیۆنە هەر هەمووی لە کوردستان دەرهاتووە تا ئەو کاتە لە دەرەوەی کوردستان عێراق شوێنێکی دیکەی نەبووە نەوتی لێ بێت تا ساڵی ١٩٥٠، لە١٩٥٠ تا ١٩٥٧ هەموو عێراق داهاتە نەوتییەکەی لەو ماوەیەدا ٩٩٥ ملیۆن دۆلار بووە ٨٠٠ ملیۆنی داهاتی کوردستان بووە کە زیاتر لە ٨٠٪ دەکات. لە ١٩٥٨ تاوەکو ١٩٦٢، (١٢٦٦) ملیۆن دۆلار داهاتی نەوتی عیراق بووە لەوە ٩٦٤ ملیۆن زیاتری داهاتی نەوتی کوردستان بووە، لە١٩٦٣ تا ١٩٧٦ هەموو داهاتی عێراق ١٧٨٨ بووە،٧٠٪ بەرەو ژوورتری داهاتی نەوتی کوردستان بووە، لە ١٩٧٨ تا ١٩٩٠، (١٥٣) ملیار دۆلار داهاتی نەوتی عێراق بووە و زیاتر ١١٩ ملیاری داهاتی نەوتی کوردستان بووە ئەمە هەمووی داهاتی ئێمە بووە لە کوردستان دەرچووە.(٤). ئەمە ئەگەر کوردستان دەوڵەت بووایە، دەیتوانی لەرووی ئابوورییەوە شان بدات لە دەوڵەتە شانشینەکانی کەنداوی عەرەب لە چەشنی ئیمارات و قەتەر.

بێگومان لە ساڵانی دواتریشدا لانیکەم زۆرینەی ئەو بڕ نەوتەی لە بەرهەمی نەوتی عێراقیی فرۆشراوە لە کوردستان بە تایبەت لە چاڵە نەوتییەکانی کەرکوک دەرهاتووە، بەشێوەیەکی گشتیی زۆرتر ٧٠٪ بەرهەمی هەتا ئێستا فرۆشراوی نەوتی عێراق لەناوچە کوردییەکانەوە دەرهێنراوە و رەوانەی دەرەوە کراوە. لە دوای پرۆسەی رووخانی سەدام و بەعسیش کە جارێکی تر نەوت رەوانەی دەرەوەی وڵات کرایەوە دیسان پشکی زۆرینە هەر لە حسابی نەوتی کورد دەرچووە. بەپێی ئامارێکی فەرمیی رێژەی فرۆشتنی نەوت لە دوای ٢٠٠٣ بەمشێوەیە بووە (ساڵی ٢٠٠٣ یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار بەرمیل، ساڵی ٢٠٠٤ یەک ملیۆن و نۆسەد و نەوەد و پێنج هەزار بەرمیل،

ساڵی ٢٠٠٥ یەک ملیۆن و هەشت سەد و پەنجا هەزار بەرمیل، ساڵی ٢٠٠٦ یەک میلۆن و نۆسەد و پەنجا و پێنج هەزار بەرمیل، ساڵی ٢٠٠٧ دوو ملیۆن و سی و شەش هەزار بەرمیل، ساڵی ٢٠٠٨ دوو ملیۆن و سێسەد و هەشتا و شەش هەزار بەرمیل).

هەرچەندە لەم قۆناغە نوێیەشدا دیسان نەوتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا هەناردە دەکرێت و داهاتەکەی دەچێتەوە سەر داهاتی گشتیی عێراق، هەروەک لەسەر زاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێم «نێچیرڤان بارزانی»یەوە گوزارشتی لێکرا «شانازیی بەوەوە دەکەین بەشداریی بکەین لە زیادکردنی بەرهەمی نەوت و داهاتی عێراق»، بەڵام لانیکەم لە هەنووکەدا داهاتی نەوت لە دژی کورد بەکارناهێنرێت چوونکە قۆناغی سووتماککردن و کاولکاریی کوردستان کۆتایی پێهاتووە «هەرچەند لە داهاتووشدا ئەگەرێکی دوور نییە»، بگرە هەر زیادبوونێک لە بودجەی عێراقدا زیادبوونە لە بودجەی کوردستانیشدا چوونکە بەپێی دەستوور هەرێم دانپیانراوە و مافی خۆیەتی بە قەد ژمارەی دانیشتوانی «کەئێستا ١٧٪یە» لە داهاتی عێراق بەرێت بۆ خۆی، لە مەودای دووریشدا هەر کاتێک کورد هەلی ئەوەی بۆ رێکەوت ببێتە دەوڵەت ئەوە نەوت شادەماری ژیان و ئابووری ئەو دەوڵەتە نوێیە دەبێت.

### ناکۆکیی حکوومەتی بەغداد و هەرێم لەسەر دەرهێنانی نەوت

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سێ چوار ساڵی رابردوو بە هاوبەشیی لەگەڵ ژمارەیەک کۆمپانیای بیانیی بە تایبەت کۆمپانیا نەرویژیی و کەنەدییەکان دەستیکردووە بە دەرهێنان و هەناردەی سامانی نەوت لەو ناوچانەی دەکەونە ژێر قەڵەمڕەوی حکوومەتەکەوە و لە رۆژی ٩-٩-٢٠٠٦ حکوومەتی هەرێم پڕۆژەی یاسای نەوت و گازی راگەیاند و لە مانگی ئۆگۆستی ٢٠٠٧ پەرلەمانی کوردستان

پڕۆژە یاساکەی پەسەند کرد. بەپێی دەستووری حکوومەتی عێراقیش ماف دراوە بە حکوومەتی هەرێم بە دەرهێنان و هەناردەی نەوت لە سەرجەم ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا، بە تایبەت بڕگەی یەکەمی ماددەی سەد و دە لە دەستووری هەمیشەیی عێراق جەخت لەوە دەکاتەوە «حکوومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوە دەبات بە مەرجێک داهاتەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەریی و بە گوێرەی دابەشبوونی دانیشتوان لە سەرجەم پارچەکانی وڵاتدا دابەش بکرێت، لەگەڵ دیاریکردنی پشک بۆ ماوەیەک بۆ ئەو هەرێمە زیانلێکەوتوانەی رژێمی پێشوو بێبەشی کردبوون و ئەوانەش کە پاشتر زیانیان لێکەوت بە جۆرێک گەشەسەندنێکی هاوتەریب بۆ ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات و ئەمەش بە یاسا رێکدەخرێت».

لە هەندێک بەندی تری هەمان دەستووریشدا هەمان ماف بۆ هەرێمەکان بە رەوا بینراوە، بەڵام ئەو سیاسەتەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جیاواز لەوەی بووە جێگەی ناڕەزایی وڵاتانی ناوچەیی وەک تورکیا، لەسەر ئاستی ناوخۆ و لە رێگەی وەزارەتی نەوت وخودی «حسێن شەهرستانی» وەزیرەوە بە توندی دژایەتی ئەو هەنگاوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکرا، ئەمەش ببووە میحوەر و تەوەرێکی دیکەی ناکۆکیی نێوان کوردستان و عێراق کە ساردییەکی زۆری خستبووە ناو پەیوەندیی سیاسیی هەردوو لاوە. ئەم دژایەتییەش لە ژێر ناوی پێشێلکردنی دەستوور و هەنگاوی جیابوونەوەی کوردەکان پاساوی بۆ دەهێنرایەوە، کە کوردەکان دەیانەوێ لە رێگەی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوتەوە بەردی بناغەی دەوڵەتێکی کوردیی دابنێن.

هەتا ئێستاش کە نەوت بەشێوەیەکی فەرمیی لە کوردستانەوە رەوانـەی دەرەوە دەکرێت هـەمان مەترسیی هەیە و سـەرکردە

کوردەکانیش خوازیارن هەموو لایەنێک دڵنیا بکەنەوە لەوەی نایانەوێت بە هەناردەی نەوت حکوومەتی کوردیی لەسەر جوگرافیای باشوور دروستبکەن، ئەوەتا «جەلال تاڵەبانی» سەرۆک کۆمارە کوردەکەی عێراق لە کەرنەڤاڵی کردنەوەی قفڵی هەناردەی نەوتدا، رایگەیاند ئەم هەنگاوە بۆ دژایەتی هیچ کەس و حکوومەتێک نییە و گوتی «ئەو هەنگاوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەمڕۆ ناویەتی، هەموو ئەو بیر و بۆچوونانە رەت دەکاتەوە کە دەڵێن هەرێمی کوردستان دەیەوێت نەوتی هەرێم بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربێنێت و دواتریش خۆی لە عێراق جیا بکاتەوە». لە باری واقیعییەوە بەم هەنگاوە فەرمییەی حکوومەتی هەرێم کوردستان کۆتایش دێت بەو گرژیی و ئاڵۆزییەی لەسەر پرسی دەرهێنان و هەناردەی نەوت لەنێوان هەردوولا دروستببوو. بەهەمەحاڵ ئەگەر پێشووتر پرسی ناردنە دەرەوەی نەوت بووبێتە کێشە لەنێوان ناوەند و هەرێمدا، ئێستا بارەکە بەو ئاقارە گەیشتووە هەردوولا بەهەماهەنگیی کاربکەن لەناردنەوەی دەرەوەی نەوتدا.ئەمەش هەنگاوێکی دەستوورییە، بەڵام بێ ئەوەی کورد خەونی هەمیشەیی مانەوە بێت لە عێراقدا وەک ئەوەی سەرکردەکانی کورد باسی لێوە دەکەن.

**هەناردەی نەوت.. کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی کورد و تورک**

دەوڵەتی تورکیا دوای ئێران پتر لە هەموو دەوڵەتانی تر چاودێریی رەوشی سیاسیی باشووری کوردستان دەکات، تەنانەت تورکیا یەکێک بووە لە لەمپەرە هەرە گەورەکانی بەردەم بەدیهاتنی دەوڵەتێکی کوردیی لە باشوور، بە بڕوای هەندێک کارناسی رامیاریی و زۆرێک لە سیاسەتمەداران تورکیا لە زۆرترین دەرفەتەکاندا رێگری بەردەم خەونی کوردەکان بووە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا. «ئان ویلیامس»ی رۆژنامەنووسی بەریتانیی دەربارەی ناحەزیی تورکیا و

ڕۆڵی لە کۆسپ خستنە بەردەم دەوڵەتی کوردیی، پێیوایە «ئەگەر تورکیا نەبووایە، ئەمەریکا زۆر حەزی دەکرد دەوڵەتێکی هاوڕێ و هاوپەیمانی وەکو کوردەکانی هەبووایە لە باکووری عێراق». لەگەڵ ناردنە دەرەوەی نەوتیش لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە، دەوڵەتی تورکیا هەراشانەتر لە جاران هاتە سەرخەت و ئەو هەنگاوەی وەک سەرەتای شەقاونان بۆ دەوڵەتی کوردیی لێکدەدایەوە، ئەو دەوڵەتە کوردییەی تورکیا هەشتا ساڵە هەموو ژیانی خۆی لەسەری داناوە تاوەکوو نەیەتە سەر ئەتڵەسی جیهان، ئەمجارەیان بە پێچەوانەی هەموو کەڕەتەکانی ترەوە تورکیا لە هەنگاوی ناردنە دەرەوەی فەرمیی نەوت لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە دەنگی ناڕەزایی لێ بەرز نەبووەوە، ئەگەرچی ڕۆژنامە و ناوەندە میدیاییەکانی تورکیا گرنگییەکی بەرچاویان دا بە هەواڵەکە، بەڵام لەسەر ئاستی سیاسیی و ڕاگەیاندنیش بە دەرفەتێک بۆ لێک نزیکبوونەوەی زیاتری هەردوولا لێکدرایەوە، ئەمەش یەکێکە لەو سیاسەتە حەکیمانەیەی تورکیا کە بێگومان کاریگەریی ئیجابی بۆ ژیانی سیاسیی و ئابووری هەردوو گەل و وڵات دەبێت چ لەماوەیەکی نزیکدا و چ لە دوور ماوەدا.

ڕۆژی ٢-٦-٢٠٠٩ واتە یەک ڕۆژ دوای مەراسیمی کردنەوەی قفڵی هەناردەی نەوتی کوردستان ڕۆژنامە تورکییەکان ئەم دۆزەیان وەک پرسێکی هەستیار و پڕ بایەخ و بە مانشێتی گەورە بڵاوکردەوە، بۆ نموونە ڕۆژنامەی «سەباح» لە ژمارەی ئەو ڕۆژەیدا بە وردیی تیشکی خستۆتە سەر دۆسیەکە و ڕوونیشی کردۆتەوە ئەم ڕووداوە سەلمێنەری ئەوەیە تورکیا بۆ کوردستان دەتوانێت پەناگەیەک بێت. ڕۆژنامەنووسی ناوداری تورکیاش «چەنگیز چاندار» لە یەکێک لە وتارە نوێیەکانیدا نووسیویەتی «بۆ ناردنی نەوت و گازی سروشتی بۆ بازاڕەکانی جیهان، باشترین شوێن تورکیایە». ئەم پێشکەوتنانە هەتا بۆ شیکاری سیاسیی ستراتیژیی و دیاریکردنی باسی ڕۆژانە

سوودی هەیە و دەبێت لە بەرچاوی بگرین». هەرو لەو نێوەندەدا «بی بی سی تورک» نووسیبووی «لە مێژووی عێراقدا یەکەمجارە خەڵکی کوردستان لە هەرێمەکە سەرچاوەی نەوتیی بڕیار دەدات، ئیتر نەوت دەگاتە ئەو راددەیـەی جێگیریی و خۆشگوزەرانیی بە دوای خۆیدا بهێنێت و ئەمڕۆ ئەو رووداوە بۆ عێراق سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیە» (٥).

تەواوی میدیاکانی تریش بە بایەخەوە سەیری ئەم پرسەیان کردووە و شیکاریی ئـەوە دەکـەن ئەم ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان لەرێگەی بۆرییەکانی تورکیاوە دەبێتە سەرەتایەکی نوێ لە پەیوەندیی دۆستانەی نێوان هەردوولا، لەلای خۆیانەوە کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێم و باڵای کوردستان هەموو لایەکیان دڵنیا کردۆتەوە هێنانە دەرەوە و هەناردەی نەوت لە چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستوورییدا دەبێت و ئاکامی زیانباری بۆ هیچ حکوومەت و گەل و دەوڵەتێک لێناکەوێتەوە بەڵکو بەپێچەوانەوە کوردەکان خوازیارن بەم بۆنەوە پەڕەیەکی سپی و نوێ هەڵبدەنەوە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ خودی حکوومەتی عێراقیی و دەوڵەتانی تری ناوچەیی و جیهانیی. لەگەڵ ئەوەی کوردە نیەت پاکیی خۆی نیشانداوە و تورکیاش خۆشحاڵە بەوەی نەوتی کوردستان لە بۆرییە نەوتییەکانی وڵاتەکەیەوە هەناردە بکرێت، بـەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا تورکیا چاوپۆشیی لە هەبوونی گەریلاکانی پەکەکە لە باشوور و دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان دەنوقێنێت بە خاتری سـوودی ئابووری؟ ئایا پەکەکە نابێتە کێشە لەسەر رێگای ئەو پەیوەندییە تازەیەی نێوان هەردوولا؟. هێشتا وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر هەستەوەر و بایەخدارە دیار نییە، ئەوەی دیارە پێشوازیی و خۆشحاڵیی تورکیایە لە هەناردەی نەوتی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە لە رێی وڵاتەکەیەوە، پێشهات و سیناریۆ چاوەڕوانکراوەکانی داهاتوو بەرسڤی ئەو پرسینە

دەدەنە و ئاخۆ نەوت چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر رەوشی سیاسیی و پەیوەندیی سیاسیی باشووری کوردستان و دەوڵەتی تورکیا؟.

## کاریگەریی هەناردەی نەوت لەسەر ئاستی کوردستان

سەرۆکی پارلەمانی کوردستان «عەدنان موفتی» لە رێورەسمی کردنەوەی یەکەمین قفڵی هەناردەی نەوتی کوردستان رایگەیاند «ئەمڕۆش کە بەرهەمی نەوتیی کوردستان بەشێوەیەکی رەسمیی دەخرێتە بۆرییەکانی نێودەوڵەتی نەوتی عێراق بۆ ناردنە دەرەوە و فرۆشتنی، هەنگاوێکی گرنگە و داهاتی عێراق زیاد دەکات و بێگومان لە بەرژەوەندیی گەلانی عێراقدایە». لە باری واقیعییەوە نەوتی کوردستان لەمەوپاش ساڵانە زۆرتر لە بڕی ٢٠ ملیار دۆلار دەخاتە سەر بودجەی عێراق کە ئەمەش نیوەی ئەو بودجەیەیە عێراق لە ساڵێکدا لە رێی بازرگانیی نەوتەوە پاشەکەوتی دەکات. ئەگەر ئەم بڕە زیادەیە هەر هیچ پشکی کورد تێدا نەبێت، ئەوە لانیکەم لەو بڕە نزیکەی سێ «٣» ملیار دۆلار بەر کوردستان دەکەوێت ئەویش لە رێگەی پرنسیپی ١٧٪ بۆ کوردستان لە بودجە و داهاتی گشتیی عێراق. کەوابوو گومان هەڵناگرێت زیادکردنی ئەو چەند ملیاردە بۆ سەر بودجەی باشووری کوردستان لە دوا شیکردنەوەدا دەبێتە فاکتەری سەرەکیی بوژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوەی زیاتری وڵاتەکە. ئەگەرچی لە هەرێم هیچ کەس هاشا لەبوونی گەندەڵیی و بەفیڕۆدان ناکات، ئەگەرچی هەموو پڕۆژەکانی لە بوارە جیاجیاکانی خزمەتگوزاریی ئەنجام دەدرێن بە پێی سیستمێکی روون و رێکوپێک و پاکژانە کۆتاییان پێناهێنرێت، ئەگەرچی لە کوردستان ژمارەیەکی زۆر کارمەندی بن دیوار و بێکار و بێ ئەزموون بوونیان هەیە و بەشێکی بەرچاوی داهاتی کوردستان لەبری لە بواری بەرهەمهێناندا وەگەڕبخرێت دەدرێت بەمووچەی ژمارەیەک خەڵکی بەکاربەر و بێ بەرهەم، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نکۆڵیی

ناکرێت رەوشی ئابووری و داهاتی تاکەکەس لە شارەکانی کوردستان زۆر باشترە بە بەراوورد بە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، لەهەمان کاتدا رێژەی هەژاریی لەناوچە کوردنشینەکاندا لە چاو رێژەی هەژاریی لە ناوچە عەرەبنشینەکانی عێراق هەرگیز قابیلی بەراوورد نییە.

راپۆرتێکی ئابووری وەزارەتی پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای دەکات تێکڕای ناوەندی داهاتی تاک لەهەرێمی کوردستان بەرزترە بە بەراوورد بە بەغداد و شارەکانی عێراق، لەهەرێم داتای ناوەندی تاک ١٩٠,٩٠٠ دینارە لە مانگێکدا، بەڵام ئەم رێژەیە لە بەغداد ١٢٥,٩٠٠ و لە سەرجەمی عێراق ١٢٥,١٠٠ دینارە. (٦). سەرباری ئەو جیاوازییە لە رێژەی داهاتی تاکەکەسدا، هێشتا بەو مانایە نییە لە کوردستان خەڵک نییە لە ژێر هێڵی هەژارییەوە ژیان بگوزەرێنن، بەڵام قسەکە لەسەر ئەوەیە ئەم پرۆسەی ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان و ئەو جووڵانەیەوە لە ئابووری تێکڕای عێراقدا کەم تا زۆر کارتێکردنی هەیە بۆ سەر گەشەکردنی ژیانی ئابووری و تەنانەت بازرگانیی و سیاسیش لە هەرێمی کوردستاندا، لێ دەستی گەندەڵیی و بەفیڕۆدان زۆر لەوە درێژترە بتوانرێت ئەم برە داهاتەی لێ بپارێزرێت، بەڵام دواجار بە رێژە و ئەندازەی جیاواز سوودی لێدەبینرێت لە زیاتر پێشخستنی رەوشی ئابووری و خستنەگەڕی لە بواری خزمەتگوزارییدا، کە ئێمە خوازیارین لە بواری بازرگانیی و وەبەرهێناندا سوودی پتری لێ ببینرێت، چوونکە نابێت بەیەکجار ئەو داهاتە بڵاوبکرێتەوە و کەس نەزانێت بۆ کوێ دەڕوات، بەڵکو پێویستە کارێک بکرێت ئەو داهاتە زۆرتر بێت و سەرمایەگوزاریی پێوە بکرێت لە رێگەی هاندان و خستنەگەڕی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و راکێشانی کۆمپانیا و ناوەندە بازرگانی و وەبەرهێنە دەرەکییەکانەوە تا لە کوردستان سەرمایەگوزاریی بکەن و دۆخێکی نوێتر و ئابوورییەکی

بەهێزی گەشەکردوو لە بەستێنی کۆمەڵی کوردستان بخولقێنن.

پێشکەوتنی زۆرتری ئابووری کوردستان بۆ خۆی پێشکەوتنی سیاسیش دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەگەر کوردستان هەر ئێستا دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت و ئابوورییەکی فاشیل و لەرزۆکی هەبێت بە هیچ جۆرێک نە خواستی خەڵکە و نە حکوومەتێکی لەو چەشن و بابەتە دەتوانێت بەرگەی کێبڕکێ و ململانێی سیاسیی و رووبەڕووبوونەوەی نەیارەکانی بگرێت، راستتر وایە بڵێین دەوڵەتێکی ئابووری تەپیو و هەژار هەر نەبێت باشترە، لەم رووەوە هەناردەی نەوت لە یەکێک لە رەهەندەکانیدا دۆخی سیاسیی بەرەو پێشەوە دەبات و دەسکەوتی زۆرتری بۆ بەدیهێنێت. ئەم فاکتەش وەنەبێت تەنیا تێبینی من بێت وەک تاکەکەس، بەڵکو زۆرێک لە پسپۆران و شارەزایان و کوردناسان کۆکن لەسەر ئەم بۆچوونە، بۆ وێنە «فارووق باڵکچ» سەرۆکی دەستەی رۆژنامەنووسی دیاربەکر لە تورکیا هەمان روانگەی هەیە و دەڵێت «نەوت هێزێکی سیاسیی بە دوای خۆیدا دەهێنێت و یەکەم جارە بە ناوی کوردەکانەوە دەردەچێت و من ئەوە وەک خاڵێکی سەرەتا دەبینم، سەرکەوتنی سیاسیی ئەگەر سەرکەوتنی ئابووری لەگەڵیدا تاجی لەسەر نەنرێت ئەوا گۆڕانکارییەکی راست و جێ متمانە نابێت و ئازاری زۆری لێدەکەوێتەوە».

## کاریگەریی هەناردەی نەوت لەسەر ئاستی عێراق

لە ساڵی ١٩٥٨ بەملاوە، عێراق بەهەموو شێوەیەک سەقامگیریی لە دەستداوە و بەردەوام حکوومەتەکانی عێراق، سەرقاڵی جەنگ و شەڕی ناوخۆیی و دەرەکیی بوون، لەگەڵ هاتنە سەرکاری بەعسییەکان لە تەمووزی ١٩٦٨، زۆر لە جاران کاریگەرتر و هەراشانەتر جەنگ بوو بە چارەنووسی عێراقییەکان، بەو هۆیەوە پشکی زۆری بودجەی عێراق بۆ جەنگ و بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان بەفیڕۆ دەبرا،

جەنگ نەک تەنیا بودجە و داهاتی زۆر و زەبەندی عێراقی هەڵلووشی، بەڵکو وڵاتەکەی کردە یەکێک لە قەرزارترین دەوڵەتەکانی جیهان، ئەمەش لە دوا ئاکامدا بووە فاکتەری داتەپینی ژێرخانی ئابووری و هەڵاوسان و هەژاربوونی عێراق، دواتریش گەمارۆی ئابووری سەر عێراق کە سیانزە ساڵی خایاند «١٩٩٠-٢٠٠٣» یەکێک تر بوو لەو هۆکارانەی هێندەی تر عێراقی رووەو هەژاریی و نەدارییەکی خنکێنەر برد .

بەهەمەحاڵ کۆمەڵێک فاکتەر بە گشتیی و بەیەکەوە کاریان لە دۆخی ئابووری و داهاتی تاکەکەسی عێراقیی کرد تا ئەو مەرزەی ئێستا هەژاریی دیاردەیەکی ترسناکە لە عێراقدا و بە گوێرەی راپۆرتی رێکخراوە جیهانییەکان عێراق یەکێکە لەو دەوڵەتانەی بە ئەندازەیەکی ترسناک هەژاریی تێدا هەیە. تەنانەت بە گوێرەی تازەترین داتای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رێژەی هەژاریی لە عێراق لە هەریەک لە وڵاتەکانی وەک یەمەن و نێجیریا و سودان زیاترە، بەوەی رێژەی هەژاریی هەنووکە لە عێراقدا لانیکەم ٣٩٪ کەچی ئەم رێژەیە لەو سێ وڵاتە نەگەیشتۆتە ٣٥٪، لە کاتێکدا هیچکام لەو وڵاتانە نەوت و سەرەواتی سروشتیی و هاوکاریی دەوڵەتانی جیهانیان نییە کە عێراق هەموو ئەمانەی هەبووە و هەیە، هەروا بەپێی راپۆرتی «ئەوروپان زیوس» دەربارەی راددەی هەژاریی لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٩دا، رێژەی هەژاریی لە عێراقدا روو لەبەرزبوونەوە بووە و وا پێشبینی دەکرێت ئەم رێژەیە رووەو بەرزبوونەوەی زیاتر بڕوات، بۆیە پێویستە پڕۆژەی دابەشکردنی خواردەمەنی لە وڵاتی عێراقدا بەشێوەیەکی بنەڕەتیی گۆڕانکاریی بەسەردا بێت.

هەندێک رێکخراو و دامودەزگای عێراقی و بیانیی و نێودەوڵەتیی فاکتەری هەژاریی لە عێراقی لە دوای سەدامدا دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی سیاسەتێکی حەکیمانەی ئابووری و جەنگی تیرۆریستان و هەبوونی

گەندەڵییەکی بێ ئەندازە و سەرسوڕهێنەر لە وەزارەت و دامودەزگاکانی میرییدا، بە گوێرەی لێکدانەوەی ڕێکخراوگەلێکی پابەند بە پرسی هەژاریی، بودجەی چەند ساڵی دوای پرۆسەی ڕووخانی بەعس و هەڵکشانی داهاتی عێراق بەهۆی فرۆشتنی نەوتەوە هێندە بەرز بۆتەوە بەدەر لە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، ئەو داهاتە بەشی ئەوەی دەکرد هەر تاکێکی عێراقی چەند سەد دۆلارێک وەربگرێت لە مانگێکدا، ئیدی ئەمە کە نەکراوە هۆیەکی ئاشکرایە چییە!. یەکێکی تریش لە فاکتەرەکان جۆرێکە لە تاڵانکردنی نەوت لە ڕێی هەرزانفرۆشییەوە بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەو بۆرییە نایاساییانەی لە باشوورەوە بەرەو ئێران نەوتی عێراقی پێدا دەبرێت.

بۆ وێنە «ستیڤان کلیمونز» سەرۆکی دامەزراوەی ئەمەریکیی نوێ پێیوایە «خراپترین هەڵوێست ئەوەیە کە کۆمپانیا ئەمەریکیی و بیانییەکان نەوتی عێراق بە هەرزانترین نرخ ببەن و هاووڵاتیانیش لە هەژارییەکی کوشندەدا بژین». لەگەڵ بوونی ئەم فاکتانەدا ناتوانین بیشارینەوە ئەدای ناشی و نالێپرسراوانەی حکوومەتی عێراقی بەشێکی زۆری کێشەکەی پێکهێناوە، چوون ئەگەر هەر باسی داهاتی نەوت بکەین لە حەوت مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ لە ٤٣ ملیار تێپەڕیوە، ئایا حکوومەتێک کە ژمارەی هاووڵاتیانی نەگەیشتبێتە ٣٠ ملیۆن و ئەو بودجە هائیل و خەیاڵییەی هەبێت، دەبێت لە غەیری گەندەڵیی چ پاساوێکی تر هەبێت بۆ ئەو گوزەرانە خراپەی تاکی عێراقیی تێدایە؟. «ئەگەر ئەو ٤٣ ملیار دۆلارە، ڕێژەی ٧٥٪ بدرێتە حکوومەت، ئەوا بڕی شەش ملیار دۆلار دەبێتە بەشی هاووڵاتیان!، بە پێی دابەشکردنی ئالاسکا بە گریمانەی ئەوەی دانیشتوانی عێراق ئێستا بە٣٠ ملیۆن کەس مەزندە دەکرێت و ئەو سی ملیۆنە ٦ ملیاری بەسەردا دابەشبکەیت، ئەوا هەر تاکێکی عێراقی مانگانە بڕی ٢٠٠ دۆلاری ئەمەریکیی بەردەکەوێت» (٧).

## گەمەی شەیتان

ئـەوەی تا چەند ئـەو بیست ملیار دۆلارەی لە داهاتی فرۆشی نەوتی کوردستانەوە دەچێتە سـەر بودجەی عێراق دەبێتە فاکتەری بەرزبوونەوەی داهاتی تاکەکەس و چاکبوونەوەی ئاستی بژێویی هاووڵاتیانی عێراق، پەیوەستە بە سیاسەتی حکوومەتی داهاتووی عێراقـەوە، چوونکە بینیمان سیاسـەتی کابینەی مالیکی لەهەموو روویەکەوە شکستخواردوو بووە بە تایبەت لە بەرزکردنەوەی دەخلی هاووڵاتیان، بۆیە باوەڕ ناکرێت بەم چەند مانگە کەمەی ماوێتی لە دەسەڵاتدا بتوانێت کارێک لە دۆخی ئابووری عێراقدا بکات موعجیزە بخوڵقێنێت، لەبەرئەمە حکوومەتی داهاتووی عێراق کە لە سەرەتای ساڵی نوێوە دەستبەکار دەبێت ئەرکی چاککردنی بـاری دارایـی و بژێویی خەڵکی دەکەوێتە سەرشان، ئەگەر گریمانەی ئەوە دابنێین دیـسـان مالیکی دەبـێـتـەوە سـەرۆک وەزیـرانـی وڵات چاوەڕاونـیـی هیچ ئاڵوگۆڕێکی شـایـانـی بـاس نـاکـەیـن، چـوون ئـەویش هەموو قورسایی کـاری سیاسیی خـۆی بەستۆتەوە بە لاوازکـردنـی کورد و بەهێزکردنەوەی سوپا و دامەزراندنەوەی دەوڵەتێکی سەنتراڵ و تۆتالیتاریی، ئەم کارەش نەک باشەیەکی بۆ هاووڵاتیان نییە بەڵکو بە شێوەیەک لە شێوەکان لەسەر حیساب و پارووە نانی هـەژاران و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ دەخرێتە بواری پراکتیزەوە. زۆر بە کورتیی نەوتی کوردستان لانیکەم نیوەی بودجەی ئێستای عێراقە و بۆ ساڵانی داهاتوو داهاتی عێراق بەرزتر دەکاتەوە، بەڵام بۆئەوەی ئەم بەرزبوونەوەیە لە داهاتدا ببێتە بەرزبوونەوە لە رەوشی ئابووری و داهاتی تاکەکەسدا پێویستمان بەسیاسەتێکی ئابووری رۆشن و پتەو هەیە، وەک چۆن رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی و بە فیڕۆدان دەبێت لە ئەولەویەتی کاری دەوڵەتی ناوەندا بن.

## کۆتایی نەوت و سەرەتای ناهەمواریيەکی ئابووری

وڵاتانی رۆژئـاوا، ئەوانەی بەشێوەیەکی بەرچاو پێویستیان بە وزە و سووتەمەنی هەیە بە گشتیی و نـەوت بە تایبەتی، بە دوای ئەڵتەرناتیڤی نەوتدا دەگەڕێن تاوەکو ئەو هەموو برە زۆرەی داهاتی خۆیان لە کڕینی نەوتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی و عەرەبیی بەفیرۆ نەدەن. دوای ئەو قەیرانە گەورەیەی بەم دواییانە رووی لە وڵاتانی رۆژئاوایی و سەرمایەداریی کردووە رەنگە هەنگاوەکانی دۆزینەوەی جێگرەوە بۆ نەوت خێراتر بن، بەو هیوایەی ئەم هەنگاوە کۆمەکی جیدی بکات بە ئابووری و ژێرخانی هەرکام لەو دەوڵەتانە. هەندێک لە وڵاتانی کەنداو، ئەوانەی بەشی زۆری بودجەیان پابەندی فرۆشتنی نەوتە، کەوتوونەتە خۆیان تاوەکوو ئەو داهاتەی زۆرەی لە رێی فرۆشی نەوتەوە وەچنگیان دەکەوێت بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنان و گەشەپێدانی پیشەسازیی و کەرتی تایبەت بەکاریبهێنن تا لەو ساتەوەختەی نەوت بەهای خۆی لە دەستدەدات ئابووری نیشتمانییان رووی لە شکست و قەیران نەبێت. لە عێراق هەتاکو ئێستاش هیچ هەنگاوێک بەو ئاقارەدا نەنراوە بەڵکو نەوت بووەتە هۆکاری تەمبەڵکردنی تاکی عێراقی و گۆڕینی ئەو تاکە لە بەرهەمهێنەوە بۆ بەکاربەر و مشەخۆر کە هیچ کۆمەکێک ناکات بە پێشخستنی رەوشـی ئـابووری و گەشەپێدانی زیاتری کۆمەڵگە.

«د.ئامینە عادل عەبدولمەهدی» پسپۆڕێکی ناسراوی عێراقییە و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە ئابووریدا لە زانکۆی سۆربۆن، بە رەشبینییەوە دەڕوانێتە رەوشی ئابووری و پاشەڕۆژی بەرهەمهێنان و گەشەسەندنی ئابووری عێراق و دەڵێت «ئەگەر نرخی نەوت بەردەوام بێت لە دابەزین و جێگیر نەبوون، ئەوە پێویستە ئابووری عێراق پشت بە نەوت نەبەستێت و دەبێت بیر لە گۆڕان بکرێتەوە لە کەرتی گشتییدا کە تا ئێستا هیچ شتێکی وا نەکراوە». ئەمڕۆ بێت یان سبەی نەوت کۆتایی

دێت، کۆتایی بەو مانایە نا ئیدی سەرچاوە نەوتییەکان وشک دەکەن بەڵکو بەو مانایەی چیدی نەوت پێویستییەکی پلە یەکی پیشەسازیی نییە، بەڵکو زۆرێک لە بەکاربەرانی نەوت یان ئەڵتەرناتیڤەکەی دەدۆزنەوە و کەمتر پێویستیان پێی دەبێت، یان هەر دەگەنە قۆناغی میتا یان پۆست پیشەسازیی و تەکنۆلۆژیا، تەنانەت ئەمەریکا دەیەوێت چی کارگە و فابریکە و دامەزراوەی پیشەسازیی و تەکنۆلۆژیی خۆی هەیە بنێرێتە دەرەوەی وڵاتەکەی و بیگوازێتەوە بۆ وڵاتانی نامی، چون ئەم ڕێگەیە یەکێکە لە ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەو قەیرانە یەک لە دوای یەکانەی بەردەوام ڕووی لە سیستمی سەرمایەداریی هاوچەرخە، ئەمەریکا ئەمڕۆ گەیشتۆتە قۆناغی بازرگانیی و فرۆشتنی عەقڵی زانستیی، بەو مانایەی زانایان و توێژەرانی ئەمەریکیی بیرۆکە و ڕوانگەی نوێ بەرهەم دەهێنن و دەیفرۆشنەوە بە کۆمەڵگە و دەوڵەتانی تر تا لە بواری پراکتیکدا تاقیبکەنەوە.

خولاسەی وتە لەوەدا چڕ دەکەینەوە: بێگومان و بێگومان نەوت کۆتایی دێت و قۆناغی نەوت درەنگ بێت یان زوو ئاوا دەبێت، بەڵام ئەگەر وڵاتانی فرۆشیاری پەترۆڵ خۆیان بۆ ئەو قۆناغە نوێیە ئامادە نەکەن و دۆخی ئابووری خۆیان نەگۆڕن و گرنگیی نەدەن بە کەرتی تایبەتی و گەشەپێدانی پیشەسازیی و کەرتی گەشتیاریی ئەوە بێگومان نەهامەتییەکی گەورە و خنکێنەر چاوەڕوانیان دەکات، نەهامەتی و قەیرانێک ڕەنگبێ سەرلەبەری ئەو کۆمەڵگەیانە لەبەریەک هەڵبوەشێنێتەوە. عێراق تا ئێستا هیچ ئامادەکاریی و شەقاوێکی بۆ قۆناغی پۆست نەوت نەکردووە و نەناوە، بۆیە ئەگەر وەزعەکە هەروا بڕواتە پێشەوە ئەو هەژارییەی ئەمڕۆ لەم وڵاتەدا هەیە چەند قات دەبێتەوە و چارەنووسی کۆمەڵگەکەش دەخاتە گێژاوێکی نادیار و تاریکەوە.

## وتەی کۆتایی

شارەزای ناسراو «تیمۆسی ویلیامز» پێیوایە: سەرەڕای ئەوەی هێشتا چارەنووسی کەرکوک نادیارە و کێشەکە نەکەوتووە بەلایەکدا، بەڵام هەر لە ئێستاوە کۆمپانیاکانی نەوت لە پێشبڕکێدان بۆ مۆرکردنی گرێبەستی نەوتیی. یوست هیلتەرمان، شارەزا لە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، دەڵێت «بە ئەنجامدانی ئەم گرێبەستە نەوتییانە، نوری مالیکی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، بەشێوەیەکی توند و بەهێز ئەو راستییە بۆ کوردەکان دووپات دەکاتەوە تەنیا حکوومەتی عێراق سەروەریی هەیە بەسەر ئەو ناوچە نەوتییانەدا کە کێشەیان لەسەرە و لە دەستووردا یەکلا نەکراونەتەوە». ئەگەرچی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمیی و لە ژێر سەرپەرشتیی حکوومەتی مەرکەزیی رێی پێدراوە نەوتی هەر سێ شاری «دهۆک – هەولێر – سلێمانی» رەوانەی دەرەوەی وڵات بکات، بەڵام هێشتا چارەنووسی گەورەترین شاری نەوتیی کوردستان و عێراق و تەنانەت ناوچەکە نادیارە و پێناچێت بەم زووانەش بگەڕێتەوە بۆ سەر جوگرافیای رەسەنی خۆی، ئەگەر لەلایەکەوە کورد نەوت دەربهێنێت و بینێرێتە دەرەوە، ئەوا لەلاکەی ترەوە بەپیتترین کێڵگە نەوتییەکانی لە شاری کەرکوکی لێ زەوت بکرێت، بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە دەدات هەر کاتێک حکوومەتی عەرەبیی عێراق پەنجەرەیەک بە رووی کورددا بکاتەوە، گومانی تێدا نییە لە هەمان کاتدا دەیان دەرگای گەورە گەورەی لەسەر داخستووە، ئەم راستییەش بەسە بۆئەوەی حوکم بدەین لەسەر حکوومەتی عێراق کە نایەوێت بەهیچ شێوەیەک کورد بەشێوەی راستەوخۆ ببێتە خاوەنی نەوت و لە ژێر سایەی خۆیدا مامەڵەی پێوە بکات و بۆند لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکانی پەترۆڵ ببەستێت. (٨).

## پەڕاویزەکانی چاپتەری پێنجەم:

١-گۆران ئیبراهیم ساڵەح «کەرکوک لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا» بەهاری ٢٠٠٧، مەکتەبی بیر و هۆشیاریی ی.ن.ک، لاپەڕە ١٧٦. «کالۆست سریکس گوڵبانگیان» ئەندازیارێکی زنجی بە رەچەڵەک ئەرمەنی بوو، بە «تالیرانی نەوت» ناوزەد کرابوو.

٢-عەلی مەحموود محەمەد «کەرکوک شاری قەڵا و ئاگر و خوێن»، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦، کەرکوک، لا ١٥٢.

٣- رۆژنامەی «هاوڵاتی»، ژمارە «٤٣٢»، رۆژی ١٨-٦-٢٠٠٨.

٤- کۆڕی بەڕێز «د.ئازاد نەقشبەندی»، لە ژێر ناوی «دەستوور و سەرچاوە سروشتییەکان»، ٢٨-٩-٢٠٠٥.

٥-رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە «٤٨٨٩»، رۆژی ٥-٦-٢٠٠٩.

٦- رۆژنامەی (ئاسۆ)، ژمارە «٩٧٠»، رۆژی سێشەممە، ١٢-٥-٢٠٠٩.

٧- رۆژنامەی «هاوڵاتی»، ژمارە «٤٥٩»، رۆژی ٢١-٩-٢٠٠٨.

٨- چەند سەرچاوەیەکی ئینتەرنێت بەهەر دوو زمانی کوردیی و عەرەبی.

### تێبینییەکانی بەشی یەکەم:

١-چاپتەری یەکەم وتارێکی شیکارییە و پێش دە ساڵ، لە ژمارە (٣٦٩)ی رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە رۆژی ٢٠٠٨/١/١٥ بڵاوبووەتەوە.

٢-چاپتەری دووەم وتارێکی شیکارییە و پێش دە ساڵ، لە ژمارە (٤٨)ی گۆڤاری (نێوەند) لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوبووەتەوە.

٣-چاپتەری سێهەم وتارێکی شیکارییە و پێش دە ساڵ، لە ژمارە (٥٠٦)ی رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە رۆژی ١٥ /٩ /٢٠٠٨ بڵاوبووەتەوە.

٤-چاپتەری چوارەم وتارێکی شیکارییە و پێش دە ساڵ بە دوو بەش لە ژمارەکانی (٥٤٤-٥٤٥)ی رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە رۆژانی ٢٥-٢٠٠٨/١١/٢٧ بڵاوبووەتەوە.

٥-چاپتەری پێنجەم وتارێکی شیکارییە، پێش نۆ ساڵ بە پێنج بەش لە ژمارەکانی «٦٥١-٦٥٥»ی رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە مانگی یولی ٢٠٠٩ بڵاوبۆتەوە.

## بەشی دووەم
## لە(٥٨)وە بۆ (١٤٠)
## چارەنووسی کەرکوک لە بەرداشی جەنگی ژمارەکاندا

لەگەڵ ناوهێنانی کەرکوک بەدەر لەوەی وێنای شارێکی وێران و فەرامۆشکراو دێتە پێش چاومان، راستەوخۆ بیرمان دەچێتە سەر ئەو کێشە و قەیرانانەی لەنێوان کورد و عەرەبە عێراقییەکاندا بە درێژایی چەندین دەیە دروستبووە لەسەر مسۆگەرکردن و خاوەندارێتی ئەو شارە، نەوت یەکێک یان هەموو ئەو هۆکارەیە هەموولایەک بە وڵاتانی هەرێمی و جیهانیشەوە چاو ببڕنە کەرکوک و شەڕی لەسەر بکەن، چون ئەو سامانە سروشتییە بەسە بۆ ژیاندنی کۆمەڵێکی سەد ملیۆنی بەوپەڕی تێریی و رەفاهەوە. بەهەڵەدا نەچووین ئەگەر بێژین زیاتر لە ٩٠ ساڵە کورد بە قەبارەی خەبات بۆ رزگاریی و مافی چارەنووس لە هەوڵی سەندنەوەی کەرکوکدا بووە. کەرکوک لە بزافی شێخ مەحمودەوە تاکوو رۆژی ئەمڕۆمان لە لیستی داواکاریی و خەباتی کورداندا لە بەشی سەرەوەدا بووە، گرنگی ئابووری ئەو شارە پاڵنەرێک بووە حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق دەستبەرداری نەبن و جەنگی درێژخایەن لەگەڵ خاوەنە راستەقینەکەی (کورد) بەرپا بکەن، پاشان لە رێی بە عەرەبکردن و راگواستنی کورد لە شارەکەدا ناسنامەی رەسەن و دیۆگرافیاکەی بشێوێنن، بەڵام کورد هەموو

کات داکۆکیی جیددی لێکردووە تا ئەو ئەندازەیەی شۆڕشێکی وەک ئەیلوولی بۆ بە قوربان کراوە.

دوای ٩-٤-٢٠٠٣ پرسی کەرکوک لە ئەجیندای کوردی باشووردا پانتاییەکی زۆری داگیر کرد و لە راستیشدا یەکێک لەو دۆزانە بووە زۆرترین دانوستان و گفتوگۆی لەبارەوە کراوە و دەکرێت، قانوونی ٥٨ ئیدارەی کاتی و ماددەی ١٤٠ دەستووری هەمیشەیی عێراق بەشێکن لەو پلانانەی لەو چوارچێوەیەدا و بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی کەرکوک داڕێژراون. هەنووکە کاتی یاسایی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ تەواو بووە و رەوشی کەرکوک وەک خۆی ماوەتەوە، لێ کورد بەنیازی ماوەی ئیزافییە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە، بەداخەوە ئەزموونی چوار ساڵ و نیوی مامەڵەی عەرەبی باڵادەستی دوای سەدام حسێن سەلماندوویەتی نیەت باش نییە، هەروەک (محەمەدی حاجی مەحمود) وتی: تەنها یەک مانگە تەقینەوە کەم بووەتەوە عەرەب هەڕەشە دەکات کە نابێت نەوت دەربێنین و دەبێت ماددەی ١٤٠ دوا بخەین.

پرسیاری هەنووکەیی ئەوەیە: ئایا کورد و رێبەرییەکەی هەر دوای کڵاوی بابردووی بەڵێنی وەهمیی سەرکردە عەرەبەکانی عێراق دەکەون؟ یان ئومێدێک ماوە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠؟؟ لە کاتێکدا ماددەی ١٤٠ پەکخراوە ئایا کورد کارتی هەیە بەکاریبێنێت وەک پەکخستنی بەندێکی دەستووریی کە بەرژەوەندیی عەرەبی عێراقی پێوە بەسترابێتەوە؟ یان کورد ئەم دۆزە دەباتە ناوەندەکانی دنیا لە چەشنی نەتەوە یەکگرتووەکان یان بە بەڵگەی مێژوویی و بڕیاری سیاسیی دەست بەسەر کەرکوکدا دەگرێت؟. لە هەموو بارەکاندا تاریکییەکی زۆر هەیە و هیچ تروسکاییەک نییە تا هەڵوێست و هەنگاوەکانی داهاتووی کوردمان پێ نیشان بدات لە وەختێکدا نیازی عەرەبەکان بە روونی دیارە چییە.

## مێژووی کەرکوک

ئەو کاتەی مرۆڤی سەرەتایی فێری چاندن و کشتوکاڵ بوو ناچاربوو دەست لە ژیانی ڕەوەندیی هەڵبگرێت و بیر لە نیشتەجێبوون بکاتەوە، سەرچاوە مێژووییەکان باس لە چەند گوندێکی دیرۆکیی دەکەن وەک کۆنترین گوندە کشتوکاڵییەکانی دنیا، لەو لیستەدا ناوی گوندی (چەرمۆ)ی کەرکوک هاتووە و وەک یەکێک لە سێ کۆنترین گوندی جیهان ناوی تۆمار کراوە. بە بڕوای (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) کەرکوک یەکێک لە هەرە کۆنترین شارەکانی دنیایە و بەدەربڕینی ئەو (لە قۆچە هەولێریێ زۆر کۆنترە). بەرسڤی ئەو پرسیارە مێژووییەی کێ بوو لەسەرەتاوە شاری کەرکوکی بنیاتنا؟. گێرمە و کێشە و رای جیاوازی لەسەرە، بەڵام هیچکامیان ناتوانن هاشا لەوە بکەن لە سەرەتاوە کورد یان ئەو گەلانەی کوردیان پێکهێناوە نیشتەجێی کەرکوک بوون و ئاوەدانیان کردووەتەوە (لە مێژوودا سەلمێنراوە شاری کەرکوک لەلایەن لۆلۆییەکان یان خۆرییەکانەوە بنیات نراوە، ئەم دوو گەلەش رۆڵی سەرەکیان هەبووە لە پێکهێنانی گەلی کورددا). مەلا جەمیل رۆژبەیانی، بڕوای وایە: کەرکوک یەکێک بووە لە پایتەختەکانی (گوتو- گوتیوم)ی هاوسێی (لولو- لولوبین) کە تەنیا ڕووباری سیروان ئەم نەتەوەی لەیەک دابڕیوە هەردووکیان چڵی (کاسای)ن کە لقی گەورەی سوبارتۆیە. رۆژبەیانی لە درێژەی بۆچوونەکەیدا نوسیوویەتی: لە سەردەمی (نارامسین)ی ئاکادیدا (٢٤٠٠ پ.ز) بە وڵاتی کوردستانیان دەوت (سوبارتو) ئەو حەلە (ئەرەبخە) کە لەم دواییەدا بوو بە ئەرافا- عەرەفە (واتە کەرکوک) بەشێک بووە لە سوبارتۆ.

مێژوونووسان هێمای بۆ دەکەن لە هەزاران ساڵ بەر لە نهۆوە کەرکوک بەناوی (ئارابخا)وە ناسراوە و هەر ئەم ناوەشە بە تێپەڕینی کات گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووەتە کەرکوک (گۆتییەکان کە لە سێ هەزارەی پێش زاییندا لە پێدەشتەکانی شارەزووردا دەژیان گەیشتنە

کەرکوک و دەوروبەری و کەرکوکیان کردە مەڵبەند و جێگای ژیانی خۆیان، لەو سەردەمەدا شارەکە بە ناوێکی نوێوە ناسرا کە ئەویش ئارابخا بوو، گۆتییەکانیش رۆڵیان هەبووە لە پێکهاتنی نەتەوەی کورددا). بەڵگە نەویستە شارەکە لەلایەن ئەو پێکهاتە و توخمانەوە بنیات نراوە کە رۆڵیان هەبووە لە خستنەوەی نەتەوە و رەچەڵەکی کورددا یان هیچ نەبووبێ لە دێرینەوە وەک زۆرینەی شارەکە بوونیان هەبووە و تێیدا ژیاون. هەموو ژێدەرە مێژووییەکان (تەنیا ئەوانە نەبێت بە چەواشەکراویی نوسراون) دڵنیامان دەکەنەوە لەوەی هەبوونی کورد لە کەرکوکدا پێش هەر نەتەوە و نەژاد و گەلێکی ترە بگرە لە زۆربەی قۆناغەکاندا کەرکوک پایتەختی کوردەکان بووە.

تەنانەت عەرەب و تورکمانەکانی لایەنگری فاکتی مێژوویی نکۆڵییان لەو راستییە دیرۆکییە نەکردووە، تا ئەوەی کتێبی (جوگرافیای سیاسیی) کە دەستەیەک لە مامۆستایانی زانستگاکانی میسر لە ساڵی ١٩٦١ دایانناوە دانیان بەو راستییەدا ناوە و نوسوویانە: کوردەکان دەستەیەکن لە باکوورەوە هاتوون، خاوەنی دەوڵەتێکی کۆن بوون کە پایتەختەکەی ئارابخایە. لە ژێر رۆشنایی بەڵگە مێژووییەکاندا بۆمان روون دەبێتەوە هەموو ئەو نەتەوە و پێکهاتانەی ئەمڕۆ لە کەرکوک جێگیرن بە هەزاران ساڵ دوای کورد هاتوونەتە شارەکەوە، عەرەبەکان بوونیان لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی غەزەواتی ئیسلامی لە سەدەی حەوتەمی زاینیی و ئەو بەغدادەی نهۆ وەک پایتەختێکی عەرەبیی دەردەکەوێ ئەوێ رۆژێ گوندی (باغی داد)ی کوردان بوو!!، ئەگەر عەرەبەکان بوونیان لە عێراقدا بۆ چواردە سەدە بگەڕێتەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە هاتنیان بۆ کەرکوک لە سێ سەدە تێناپەڕێت، لەوانەشە کۆچی عەرەب بەشێوەی شوانکارە و تاک تاک بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە بگەڕێتەوە لە کاتێکدا کورد لەو مێژووەدا بە هەزاران ساڵ بووە لەو شارەدا ژیاوە.

لە سەردەمەکانی دوای غەزەوات و فتوحاتی ئیسلامی و هەتا کاتی رووخانی دەوڵەتی (قەرەقۆیونلۆ)ش بەپێی (اخبار الدول)ی یوسف قارەمانی کەرکوک مەڵبەندی کورەی ویلایەتی شارەزوور بوو، لەم حەلەدا لقێکی دەوڵەتی ئەردەڵان فەرمانڕەوای شارەزوور بوو. هاتنی تورکمانیش بۆ ناو کەرکوک بە بەراوورد بە مێژووی کورد لەو شارەدا دوێنێیە، تەنانەت کۆچی تورکمان بۆ نێو عێراق کەوتووەتە دوای هەزاران ساڵی بوونی کورد لە کەرکوکدا. مێژوونووسی تورکمانی (شاکر سابیر ئەلزابت) پێیوایە هاتنی تورکمان بۆ ناو عێراق بۆ ساڵی (٥٤ک – ٦٧٤ز) دەگەڕێتەوە کە لەشکرێکی چوار هەزار کەسی بوون و بۆ سەرکەوتنی خەلیفە نێردرابوون. کەوابوو زۆر درەنگتر روویان لە کەرکوک کردووە و تیایدا جێگیربوون. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریش لەگەڵ کۆچی بەردەوامی تورکمان و عەرەب بۆ ناو کەرکوک (پێش تەعریب و راگواستنی کورد) هێشتا کورد رێژەی زۆرینەی دانیشتوانی شارەکەی پێکهێناوە. بۆ وێنە (قاموس الاعلام) نوسیویەتی: سەرژمێریی شاری کەرکوک سی هەزار (٣٠٠٠٠) کەسە لەم ژمارەیە سێ بەشی ٢٢٥٠٠ کەسی کوردە و ئەویتری تورکمانە، عەرەب و جولەکە (٧٦٠) و کلدان (٤٦٠) کەسن.

لەگەڵ گەشەی زیاتری شارەکە و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان، دیسان کورد هەر زۆرینەی پێکهاتەی شارەکە بووە لەم رووەوە سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٧ باشترین بەڵگەی مێژووییە کە دەریدەخات رێژەی کورد لە شارەکەدا (١٨٧٥٩٣) کەسە لە بەرامبەردا عەرەب (١٠٩٦٢٠) کەس و تورکمان (٨٣٣٧١) کەسن، بەڵام دوای شاڵاوەکانی بە عەرەبکردن ئەم رێژەیە لە زیانی کورد و تورکمان و لە بەرژەوەندیی عەرەب گۆڕانی بەخۆیەوە بینی و عەرەب بوونە زۆرینەی دانیشتوان، لەگەڵ ئەمەشدا فاکتی مێژوویی ئەوە دەسەلمێنێت کەرکوک بەشێکە لە کوردستان، ئەگەرچی وجودی هەندێک هۆزی عەرەبی وەک (العبید)

که پێش تەعریب لە کەرکوک بوون لەگەڵ تورکمان و کەمینەیەکی کلدۆئاشوری وەک هاووڵاتی ڕەسەنی شارەکە مایەی نکۆڵی لێکردن نییە، بەڵام ناسنامەی شارەکە کوردییە و دەکەوێتە نێو جوگرافیای وڵاتێکی دابەشکراوەوە بە ناوی کوردستان.

## دۆزینەوەی نەوت دۆزینەوەی نەهامەتی

کوردی داماو و دیلکراوی کەرکوک هەرگیز پەی بە نهێنی ئەو گڕە سوورەی سەرسنگی شارەکەی نەدەبرد، ناچار پەنایان بۆ داتاشینی ئەفسانە بردبوو، پێش ئەوەی باباگوڕگوڕ وەک کانییەکی بێ بنی نەوت ناوبانگ دەربکات لای ڕەشۆکی کوردی ئەوێ ڕۆژێ وەک مەزاری پیاوچاکێک سەیری کراوە و گڕەکەشیان بە نووری پیرۆزی خوداوەند زانیوە، دەماودەم دەگێڕنەوە دایکان بە مەبەستی منداڵبوون چوونەتە سەر ئەم مەزارە نەوتاوییە و لە تیشکی گڕی ئاگری سوور پاڕاونەتەوە و وەک بەیتە شیعرێک وتوویانە: بابا گوڕگوڕ مناڵێ.. وەک تیشکی ئاگری ئاڵێ. دۆزینەوەی نەوت لە شارەکەدا زۆر کۆنترە وەک لەوەی باس دەکرێت ئینگلیزەکان یەکەم کەس بووبن نەوتیان لە کەرکوک دۆزیبێتەوە، (عەلی مەحمود محەمەد) لە کتێبی (کەرکوک شاری قەڵا و ئاگر و خوێن)دا هێمای کردووە بۆوەی لە سەدەی حەڤدەیەمەوە (١٦٣٩) عوسمانییەکان بەشێوەی سەرەتایی نەوتیان لە کەرکوک دەردەهێنا، بەڵام ئەو نەوتە هەر بۆ بەکاربەری ناوخۆیی بوو لە ماڵان و گەرماوەکانی شاردا. دواتر لە ئازاری ١٩٢٥ کۆمپانیای نەوتی تورکی بە فەرمی قۆرخی دەرهێنانی نەوتی کەرکوکی کرد. ئیدی ئەم دەرهێنانی نەوتە لەسەر دەستی کۆلۆنیاڵیزمی بەریتانی پەرەیسەند و شارەکە بووە سەرچاوەیەکی نایابی نەوت و گازەکانی تر، پاشان لە هەڵمەتەکانی گەڕان بە دوای نەوتدا ژمارەیەکی تر کێڵگەی ئەو شلەیە دۆزرانەوە. ڕەنگبێ دۆزینەوەی نەوت و پێویستی هێزی کار یەکێکی

تر لەو هۆکارانە بووبێت تاکوو عەرەبەکانی ناوەڕاست و باشوور روو لە کەرکوک بکەن.

بە پێچەوانەی پێشبینی دانیشتوانی شارەکەوە نەوت نەک نەبووە مایەی خۆشگوزەرانی و رەفاه بۆیان بەڵکو بووە هۆی دژواریی و نەگبەتییەکی گەورە، نەوتی کەرکوک راکێشانی ئەڵقەی نارنجۆکێک بوو بە هەر چوار لای خۆیدا تەقییەوە و پریشکەکانی بۆ زۆر دوور رۆیشتن. دەکرێت بێژین دۆزینەوەی نەوت لە کەرکوک دۆزینەوەی نەهامەتی بوو، سەرەتای کێشەیەک بوو نێزیک لە سەدەیەکە بێ چارەسەر ماوەتەوە، چاوچنۆکی رژێمەکانی عێراق و تموحیان لە نەوتی کەرکوکدا هێنانییە سەر رێی کوشندەترین بیرۆکەی جەهەنمیی هەر لە تەعریب و شێواندنی دیۆگرافییەوە تاکوو راگواستن و دەرکردنی کورد و سڕینەوەی ئاسەواری کوردیی شارەکە، دیارە پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە بەبێ توندوتیژیی و زیانی مرۆیی نەبووە، هەر ئەم هەقیقەتە تاڵەیە ناچارمان دەکات بڵێین: نەوت بە درێژایی تەمەنی دۆزینەوەی لە زیان بەولاوە چی قازانجێکی تری نەبووە بۆ گەلانی عێراق بە تایبەت بۆ کورد، لەوانەشە نەوت بۆ پاشەڕۆژیش هەمان رۆڵی نەرێنی بەرجەستە بکات هەرچەندە لە ئێستاوە بڕیارێکی وەها رەنگە لۆژیکی و واقیعبینانە نەبێت.

## بە عەرەبکردن و راگواستن

لێ دوای دۆزینەوەی نەوت لە کەرکوکدا ژمارەیەکی بێشوومار عەرەب بە هۆی خزمەتەوە لە کۆمپانیای نەوتی باکوور روویان لە شارەکە کرد، بەڵام هاتنی سیاسیی لە چوارچێوەی پرۆسەی تەعریب و گۆڕینی دیۆگرافیدا زۆر تازەیە و لەگەڵ هاتنە سەرکاری دەستەی یەکەمی شۆڤێنیستە عەرەبەکان لە ساڵی ١٩٦٣ دەست پێدەکات، لەو رێکەوتە بە دواوە تەعریب چوارچێوەیەکی سیاسیی بەخۆوە گرت و

بووە بەشێک لە ئەجێندای سیاسیی دەوڵەتی عێراق. لەگەڵ هاتنەوە سەرکاری بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨ دیسان بە عەرەبکردن و راگواستنی کورد بە تایبەت لە شاری کەرکوک خەست و خۆڵتر لە جاران دەستی پێکردەوە. رۆژنامەوانی فەرەنسی (کریس کۆچێرا) دەنووسێت: بەعس پاشان کە لە ساڵی ١٩٦٨دا هاتەوە سەر حوکم جارێکی دی بایدایەوە سەر هەمان سیاسەتی عەرەباندن، هەر لە سەرەتاوە سوپا دانیشتوانی کوردی لە ناوچە ستراتیژییەکان واتە لە ناوچە سنوورییە و نەوتاوییەکاندا وەدەرنا، گوندەکانی کوردی بۆردومان کرد و بە بۆلدزەر تەختی کردن، بەمجۆرە تەنێ لە ناوچەی کەرکوک نزیکەی ٤٠ هەزار کورد لە ماڵ و گوندەکانی خۆیان وەدەرنران.

ئەمە قۆناغی سەرەتایی بوو قۆناغە چڕ و پڕەکان لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە دەستیان پێکرد تاکوو کاتی روخانی بەعس لە بەهاری ٢٠٠٣. پرۆسەی تەعریب هەر بەوە نەوەستا میتۆدی خوێندن و زمانی فەرمانگەکان بکاتە عەرەبی بەڵکو ئەم کردەیە تابلۆی سەر پێشانگاکان و ناوی قوتابخانەکانیشی گرتەوە و دواتر لە بەڕێوەبەرێتی رەگەزنامە و باری کەسێتی ناوی کوردییە بەرەو قەدەغەکردن و سڕینەوە چوو. دوای هەرەسی ١٩٧٥ ناوی قوتابخانەکان کە لە دوای رێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠وە کرابوون بە کوردیی جارێکی دی کرانەوە بە عەرەبی، بۆ نموونە کاوە کرا بە (معاز بن جبل)، کوردستان بووە (عبدالملک بن مروان)، قوتابخانەی زێوەر گۆڕا بۆ (الاندلس)، ئازاد کرا بە (میسلون) و کتێبخانەی ئاسۆ کرا بە (الطلیعە) و دارا کرا بە (العروبە). هاوشانی پرۆسەی تەعریب، راگواستنیش لە کڵپەسەندندا بوو، لە ساڵی ١٩٨١ بڕیاری ژمارە ١٣٩١ مەجلیسی سەرکردایەتی شۆڕش لە توێی ١٦ خاڵدا دەرچوو کە باس لە دروستکردنی ٢٠ هەزار خانوو لە ناوەڕاست و باشوور و راگواستنی چەندین کارمەند و کارگەری کورد لە کەرکوکەوە دەکات بۆ باشووری

عێراق، بەڵام بەهۆی سەرقاڵیی رژێم بە جەنگی ئێرانەوە تەگەرە کەوتە بەردەم جێبەجێکردنی تەواوی بڕیارەکە.

بە عەرەبکردن و راگواستن رەنگدانەوەیەکی زۆری لەسەر شێواندنی دۆخی کەرکوک داناوە کە لە حاڵی حازردا کۆسپی گەورەی لەبەردەم جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ هێناوەتە ئارا، بێگومان ئەگەر هۆکارەکانی تەعریب و تەهجیر لە ئارادا نەبوونایە نەهۆ کەرکوک بە ئۆتۆماتیکی لەسەر کوردستان بوو (هەروەک سلێمانی و هەولێر) یان سەندنەوەی ئاسانتر دەبوو. (جەلال تاڵەبانی) لە یەکێک لە وتارەکانیدا لەمەڕ سیاسەتی عەرەباندن دەنووسێت: شار و پارێزگای کەرکوک رووبەڕووی سیاسەتی پاکتاوی نەژادیی بووەوە، ئەویش بەپێی پیلانێکی نەگریس کە سەدام حسێن بۆ وەدیهێنانی چەندین مەبەست پەیڕەوی کرد:

١- دەرکردنی کورد و تورکمان و ئاشووری لە زێدی باب و باپیرانیان.

٢-نیشتەجێکردنی عەرەب وەک (مستەوتین) نیشتەجێکراو نەک وەک هاووڵاتی کەرکوک و دەوروبەری ئەویش بە رێگەی ئارەزووپێکردن و هەڕەشەوە.

٣-نیشتەجێکردنی عەرەبی شیعە لە شارەکەدا بە مەبەستی بەرپاکردنی فیتنە لەنێوان کورد و برا عەرەبە شیعەکانیان و تێکدانی ئەو هاوپەیمانێتییە ستراتیژییەی نێوانیان.

سەدام حسێن و دەوڵەتەکەی سەرکەوتوو بوون لە شێواندنی دیمۆگرافیای کەرکوک و ئاڵۆزیی دروستکردن بۆ گێڕانەوەی رەوشی شارەکە بۆ دۆخی پێشانی، لێ دوای روخانی رژێمی بەعس تەعریب و راگواستنی کوردی کەرکوک راوەستا، بەڵام کارکردن بۆ گێڕانەوەی عەرەبی هاوردە و گەڕاندنەوەی دۆخی شارەکە بۆ باری راستەقینەی خۆی هیچ هەنگاوێکی نەناوە. راستە تەعریب راوەستاوە، بەڵام

شوێنەوارەکانی هەر کاریگەرە، عەرەبی باڵادەستی دوای بەعسیش خۆیان لادەدەن لە کارێکی لەو بابەتە، هەندێجار بەو بڕوایە دەگەین ئەمانیش لەبەر لاوازیـی و گرفتارییانە بەدەست تیـرۆرەوە ئەگینا بەردەوامی بە رامیاریی عەرەباندن و راگواستن دەدەن. راستە بەعس وەک ئەنزیمە و دەسەڵات رووخا، بەڵام پەروەردە و فەرهەنگی بەعس هێشتا رۆحێکی زیندووە، لە نموونەی پرسی کەرکوکدا تێدەگەین، ئـەوەی رووخـا لە ٢٠٠٣ تەنیا بتەکەی سـەدام بوو، ئەگەرنا هێشتا کولتووری سەدامیزم کولتووری باڵادەستی سیاسیی و کۆمەڵایەتییە لای عەرەبە عێراقییەکان.

### بزافی نیشتیمانی کورد و کەرکوک (بزافی بارزانی وەک نموونە)

لـێ شێخ مـەحـمـودی حەفید مەلیکی کـوردسـتـان قـەڵـەمـڕەوی حکوومەتەکەی بەرتەسک و سنووردار بوو (لە باشترین حاڵەتدا لە سلێمانی و دەوروبەرەکەی تێنەدەپەڕی)، بەڵام هەرگیز نەیدەویست دەست لە کەرکوک وەک بەشێک لە کوردستان هەڵبگرێت، ئارەزووی دەکـرد کەرکوک بخاتە سـەر قەڵەمڕەوی حکوومەتەکەی. مەلیکی کوردستان لە مانگی دیسامبەری ١٩٢٢ دوو کەرکوکیزادەی وەک یـاریدەدەری خۆی دامەزراند تاکوو بەوە بیسەلمێنێت کەرکوک بە بەشێک لە حکوومەتەکەی دەزانێت، لە کۆتایی هەمان ساڵیشدا «رۆژی کوردستان» هەواڵی سەردانی سەرۆک عەشیرەتەکانی کەرکوکی بۆ سلێمانی بڵاوکردەوە!!. نوێنەرانی تری بزافی نەتەوەیی کوردستان لە پێش هەر هەموویانەوە (مستەفا بـارزانـی) بـەردەوام داکۆکیان لـە کوردستانییەتی کـەرکـوک کـردووە و فایلی کەرکوکیان وەک میحوەریترین فایل بردووەتە سەر مێزی دانوستان. مستەفا بارزانی بە دیاریکراویی لە ماوەی چواردە ساڵی شۆڕشی ئەیلوولدا بە شێلگیریی داکۆکیی لە کەرکوک وەک (دڵی کوردستان) کرد و زۆربـەی هـەرە

زۆری ئاگربڕ و مفەوەزاتەکانیش بەهۆی سووربوونی بارزانی لەسەر کوردستانییەتی کەرکوک ساردیی تێدەکەوت و رووی لە شکست دەکرد. ئێمە لە زۆرینەی سەرچاوە مێژووییەکان و خوێندنەوەی بیوگرافیی کەسایەتییە سیاسییەکاندا پێداگریی بارزانی لەسەر کەرکوک وەک فاکتێکی دیرۆکیی دەدۆزینەوە.

(لە راستیدا رێبەرانی بەعس ئامادەبوون هەرێمێک بۆ کوردان دیاری بکەن وەک چۆن ئینگلیزەکان لە ساڵەکانی ١٩١٩ و ١٩٢٤ ئەمەیان لەگەڵ شێخ مەحموددا کردبوو، ئەوانیش لارییان لەوە نەبوو شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆکیان بدەنێ، گیروگرفتی کارەکە کەرکوک بوو. لە هەوەڵی ئازاری ١٩٧٠دا چ کارێک سەری نەگرتبوو، بە گوتەی د.مەحمود عوسمان رێبەرانی بەعس لە هەوڵی ئەوەدا بوون ناوچە کوردنشینەکانی کەرکوک و هەموو ناوچە نەوتییەکانی دی لە کوردستان دابڕن). بەعس ماوەی چوار ساڵی ئاگربڕ و گفتوگۆ ١٩٧٠- ١٩٧٤یاری بە کات دەکرد لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک و دەستی دەستی بە داوای سەرکردایەتی ئەوکاتی کورد دەکرد لەمەڕ کەرکوک، لە بەرامبەردا ژنەراڵ بارزانی مکوڕبوونی خۆی و شۆڕشی نیشان دەدا دەربارەی کەرکوک و هەندێ ناوچەی تر کە لە رۆژەڤی بەعسدا بوون بۆ تەعریب!، چون نابێت لە بیری بکەین بەعس لە پرۆسەی تەعریبدا تەنێ رەوشی کەرکوکی تێکنەداوە بەڵکو کاری لەسەر زۆر ناوچەی تری کوردنشین کردووە هەر لە دەورووبەری هەولێرەوە تا دیالە و موسڵ و تکریت. تەنانەت یەکێک لەو پاڵنەرانەی بووە هۆی هەڵگیرساندنەوەی شەڕ لەنێوان هەردوو لایەنی کوردیی- عێراقی لە ساڵی ١٩٧٤دا، مکوڕبوونی بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بوو لەمەڕ کەرکوک. بەو پێیەی بەعس هیچ کات ئامادە نەبوو، دان بنێت بە کوردستانیبوونی کەرکوک و ناوچە نەوتاوییەکانی تردا، فاکتۆرەکەش زیاتر ئابووری بوو،

چوونکە بەعس چاوی لە سەرکردایەتیکردنی ئومەی عەرەبی ئەمەش بێ ئابوورییەکی بەهێز مومکین نەبوو.

(کریس کۆچێرا) دەنووسێت: ڕۆژی ٩-٣-١٩٧٤ (غانم عەبدولجەلیل) ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی عێراق و بەرپرسی کاروباری کوردستان دێتە لای (ئیدریس بارزانی) و دەڵێت: لە ١١-٣ بە دواوە پانزە ڕۆژتان هەیە تا پێشنیارەکانتان لەمەڕ دیاریکردنی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی بخەنە روو، دەربارەی کەرکوک دەبێ یەکێک لەم دوو پێشنیارە هەڵبژێرن: یان ناوچەی کەرکوک لەلایەن دامودەزگایەکی هاوبەشەوە بەڕێوە ببرێت و لە سایەی حوکم و سەرپەرشتیی دەوڵەتی مەرکەزیدا بێت یان پارێزگای کەرکوک دابەشبکرێت و دوو قەزای بخرێتە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی و ئەوی دیکەشی بۆ دەوڵەتی ناوەندیی بێت!!. (ئیدریس بارزانی) باسی سەرژمێریی دەکات، (غانم) دەڵێت: هەرگیز دەگەڵ ئەنگۆدا سەرژمێریی ئەنجام نادرێت!، کاتێک (ئیدریس بارزانی) بیری دەخاتەوە سەرژمێریی بە یاسا بڕیاری لەسەر دراوە، (غانم) دەڵێ: بەڵام لەگەڵ ئێوەدا نا! (ئیدریس بارزانی) بڕیار نادات بۆ ئەو مەبەستە دەگەڕێتەوە بۆ لای (مستەفا بارزانی) بە پێچەوانەی پێشنیارەکەی (غانم)ەوە بارزانی دەڵێت: کەرکوک بۆ ئێمە و دوو قەزا بۆ دەوڵەتی ناوەندیی. دوای یەک ڕۆژ (غانم) کاتژمێر ١٠ شەوی ١٠-٣ بە تەلەفۆن بە (دارا تۆفیق) دەڵێت: داواکارییەکانتان بە ورد و درشتەوە ڕەفز کراون، ئیدی ڕۆژی ١١-٣ (دارا تۆفیق) بە ئۆتۆمبیل لە بەغدادەوە دەگەڕێتەوە، بەمجۆرە پەیوەندیی نێوان کورد و عێراق دەپچڕێ و شەڕ هەڵدەگیرسێتەوە. ماوەی ساڵێک شەڕ بەردەوام بوو، کە دەتوانین بە شەڕی کەرکوک ناوزەدی بکەین، سەرەنجام شۆڕشی کورد بە ڕێکەوتنی سەدام و حەمەرەزا شا لە پەراوێزی کۆنگرەی ئۆپیک لەسەر دەستی (هەواری بۆمەدیەن)ی سەرۆکی ئەوسای جەزائیر و پشتێکردنی ئەمەریکا و کسینگەر تووشی هەرەس هات و بووە قوربانی کەرکوک.

### ون بوون لەنێوان هەردوو ژمارەی (٥٨) و (١٤٠)دا

لەگەڵ داڕوخانی بەعس (٢٠٠٣) سەرکردەکانی کورد روویان لە بەغداد کرد وەک پایتەختی چارەسەر، کەچی لەولاوە کەرکوک لە نێو پشێویی و فەوزایەکی گەورەدا گیری خواردبوو، زۆربەی چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە دەبوایە سەرکردایەتی کورد روویان لە کەرکوک بکردبایە وەک بەڵگەی سەلماندنی کوردستانییەتی شارەکە و شاری گفتوگۆ، بە پێچەوانەوە سەرکردەکانی کورد چارەنووسی شارەکەیان بەستەوە بە ماددەی (٥٨)ی قانوونی ئیدارەی کاتیی و پاشان لەحیمیان کرد بە ماددەی ١٤٠ دەستووری هەمیشەیی عێراقەوە، بەڵام وەک هەمیشە سەرکردەکانی عەرەب گەمەی ناشەریفانە دەکەن و لە هەوڵی کات کوشتندان، بە درێژایی تەمەنی سێ کابینەی (عەلاوی– جەعفەری– مالکی) هیچ هەنگاوێک لە دوو ماددەی قانوونی و دەستووریی نەچووەتە پێشەوە، خەریکە کەرکوک لە نێوان هەردوو ژمارەی (٥٨) و (١٤٠)دا ون دەبێت، چون عەرەبی عێراق بە شیعە و سوونەوە، بە توندئاژۆ و میانڕەوەوە کۆکن لە دەستی دەستی کردن بە چارەنووسی کەرکوک، هەرچەند لەلایەک رایدەگەیەنن پابەندی دەستووری عێراق و قانوونن، لەلاکەی ترەوە بە کردار کۆسپ و تەگەرە دەخەنە بەردەم جیبەجێکردنی برگەکانی دەستوور بە تایبەتی ئەوانەی لەبەرژەوەندیی کوردن، بۆ وێنە (ماددەی ١٤٠)!!. کوردیش خۆی هیچ گووشارێکی نییە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوورییە، کە بڕوام وایە لە سترۆکتۆرەوە بردنی کەرکوک بۆ نێو گێژاوی دەستووری عێراقی هەڵە هەرە کوشندەکەی کورد بوو.

ئەیاد جەمالەددین، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی (العراقية) رایدەگەیەنێ: سەبارەت بە کێشەی کەرکوک ئێمە باوەڕمان بە چەسپاندنی دەستووری عێراق هەیە کە دەستوورێکە پەسەند کراوە، بەڵام جارێ کۆمەڵێک را و بۆچوونی جیاواز و

کێشە هەیە بەبێ چارەسەر ماونەتەوە. دەربارەی ئەوەی کات تێپەڕیوە (جەمالەددین) وتی (کات بەسەر هەمووماندا تێپەڕ دەبێت و ناوەستێت!!). (جەمالەددین)ی بەحیساب میانڕەو و دۆست و مەعشووقی سەرکردایەتی سیاسیی کورد، وەک ئەوەی لە مزگەوتێکدا دانیشتبێت و وەعز بدات بە مورید و فەقێکانی دەپەیڤێت و هیچ هەڵوێستێکی روون و مەلموس راناگەیەنێ، ئەمەش لۆژیکی کۆی سەرکردە عەرەبەکانی عێراقە لەمەڕ پرسی کەرکوک و کورد. بۆیەکا هەموو رۆژێک لە رێگەی دەوڵەتی ناوەندیی عێراقەوە کۆسپ و تەگەرە دروست دەکرێت لە راستای جێبەجێکردنی ماددەی١٤٠. (قادر عەزیز) نوێنەری سەرۆکی هەرێم لە لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ پێش ساڵێک رایگەیاند (لە بەغدادەوە بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی دواخستنی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەن تاکوو ئێستا کاتێکی زۆر رۆیشتووە و هیچ نەکراوە، ئێستا ماوەیەکی کەممان لە بەردەستدا ماوە بۆیە دەبێ چیتر کات بەفیڕۆ نەدەین). بە هەمان شێوە (نەرمین عوسمان) سەرۆکی لیژنەی دارایی ماددەی ١٤٠ و وەزیری ژینگەی عێراق ساڵی رابردوو یەکێک لەو کێشانە دەخاتە روو کە رێگرە لە راستای ئاساییکردنەوەی رەوشی کەرکوک و دەڵێت: دەستەی کێشەی موڵکداریی کە ماوەی سێ ساڵە ١٠ دە هەزار کێشەی لەبەردەستە و کاری لەسەر دەکات تا ئێستا ٨٠٠ کێشەی جێبەجێ کردووە بۆیە ئەگەر چاوەڕێی ئەم دەستەیە بین بە ١٠ ساڵی دیکەش ئەم مەسەلەیە تەواو نابێت.

هاوزەمان پارێزگاری کەرکوک رایگەیاندبوو ئەم دەستەیە کارەکانیان سستی زۆری تێدایە و ناتوانێت بە گوێرەی پێویست بێت و لەو رووەوە نیگەرانیی خۆی نیشاندا بێ ئەوەی مەسیجەکەی بگاتە گوێی سەرکردایەتی کورد، بە تایبەت (نەرمین عوسمان) لە هەمبەر ئەم پرسانە داوای بڕیارێکی سیاسیی کردبوو. یەکێک لەو کێشە و گرفتانەی تر لەو ماوانەدا بۆ ماددەی ١٤٠ دروستکرا لابردنی

سەرۆکی لیژنەکانی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بوو کە بۆ ماوەی پێنج مانگ لیژنەکە بەبێ سەرۆک مایەوە!!، ئەمەش کاری کردە سەر چۆنێتی بەڕێوەچوونی هەنگاوەکان و قۆناغەکانی ئەو ماددەیە. لە مانگی تەمموزی ٢٠٠٧ سەرچاوەیەکی نزیک و ئاگادار لە لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بە گۆواری (بزاو)ی ڕاگەیاند (زیاتر لە دوو مانگە هاشم شبلی سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەستی لە کار کێشاوەتەوە و هۆکاری دەست لە کارکێشانەوەکەشی بۆ ئەو تۆمەتانەی نوری مالیکی دەگەڕێتەوە گوایە شبلی بەرتیلی لە کورد وەرگرتووە و بۆ بەرژەوەندیی کورد کاری کردووە). سەرچاوەکە ئاماژە دەکات بەوەی (قادر عەزیز) پێشنیاری دانانی سەرۆکێکی نوێی کردووە بۆ ئەو ماددە دەستوورییە، بەڵام مالیکی ئاستەنگ دروست دەکات. ئەوەی لەم نێوەندەدا تراژیدیای خولقاندووە دەستبەردار نەبوونی سەرکردایەتی کوردە لە بەغداد، کارەساتەکە چەند بەرابەر گەورە و قەبەتر دەبێتەوە کاتێک دەبینین بەرژەوەندیی ئابووری و پشکداریی لە بودجەی عێراقدا سەرکردایەتی کوردی بردۆتە خەوێکی قووڵەوە لە بارەی دواڕۆژی سیاسیی کەرکوک.

وەلێ (محەمەدی مەلا قادر) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی رایدەگەیەنێ (نیەت بەرامبەر ماددەی ١٤٠ خراپە، نیەتی مالیکی خراپ نییە، بەڵام نیەتی چوار دەوری مالیکی هەتا ئەندامانی لیستی ئیئتلاف خراپە و دژن)!!. کەچی ڕووداوەکان پێچەوانەی ئەو دەربڕینەی نیشانداین لەبەرئەوەی مالیکی بە کۆسپ دروستکردن و سستی و کەمتەرخەمیی دژایەتی خۆی بۆ ماددەکە ئیسپات کرد. بەدەر لەوە هەندێک لە نەیارە نوێیەکانی ماددەی ١٤٠ هەوڵدەدەن گۆڕان لە دەستوورەکەدا دروست بکەن، وەک (ئازاد جندیانی) ئاماژەی بۆ کردووە (ناحەزانی ماددەی ١٤٠ بە ڕوونی لەوە حاڵین کە ناکرێ دەستوور پشتگوێ بخرێت، بۆیە زۆربەی جار گومان دەخەنە سەر دەستوور بە بیانووی ئەوەی گوایە

لەهەلومەرجێکی ناجێگیردا نوسراوە و پەسەندکراوە بۆیە دەکرێت لە هەندێکی پاشگەز ببینەوە). کورد وتەنی ئەم «با»یە لەو کونەوە بێت ئەمڕۆش نەبێت سبەی شتێکی زۆر خراپ هەر دەقەومێت، قەومانەکەش لەنێوان دوو ئەگەردایە یان لۆجیکی هێز زاڵ دەکرێت بەسەر هێزی لۆجیکدا کە یاسا و دەستوورە، یان ئەو دەستوورە لە قۆناغەکانی دادێ بە زۆرینەیەکی عەرەبیی و شیعیی لە پەرلەمانی عێراقدا دێتە گۆڕین، لانیکەم عەرەبەکان هەوڵدەدەن لۆبی بکەن بۆ گۆڕینی ئەو بەندانەی دەستوور کە لە بەرژەوەندیی کورددان.

جیا لەوەش کە حکوومەتی عێراق کلکی ئێرانە و حکوومەتێکی سەربەخۆ نییە، تورکیا لە ڕێگەی بەکارهێنانی کارتی تورکمانەوە ڕۆڵی هەیە لە تەگەرە خستنە بەردەم ماددەی ١٤٠، لە ناوخۆی کەرکوکیش جگە لە کورد کۆی گشتیی پێکهاتەکانی ئەو شارە دژی ئەو ماددەیەن. د.مەحمود عوسمان ئەم رایە پشتڕاست دەکاتەوە و دەبێژێت: لەناو شاری کەرکوک کۆمەڵە بەعسییەک و ئەو تورکمانانەی لەگەڵ تورکیادان تا ڕاددەیـەک دەور دەبینن و داوا دەکـەن هەر ریفراندۆم نەکرێت، بێگومان ئاستەنگێکی زۆر هەیە لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە. بەشێوەیەکی گشتیی چارەنووسی کەرکوک لە گێژاوی ماددەی ١٤٠ و کۆسپ و تەگەرەکانی حکوومەتی عێراق و حکوومەتەکانی ناوچەیی ون بووە و کوردیش لەو نێوەندەدا نەک یاریزانێکی چەلەنگ و لێهاتوو نییە بەڵکو تەماشاکارێکی باشیش نییە.

## ئەدای سەرکردایەتی سیاسیی کورد

هەڵوێستی سـەرکـردایـەتـی سیاسیی کـورد لـەمـەڕ کـەرکوک هەڵوێستێکی جێگیر نییە و زێدەتر وابەستەی جۆری پەیوەندیی کوردە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیی، بەڵام ئەدای کورد لە کەرکوک خراپترین شێوە مامەڵە بـووە. محەمەد فـەرەج ئەندامی پەرلەمان و ئەندامی

مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی پێیوایە (ئەگەر سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بە تەسەڕوفاتێکی عادیلانە و حەکیمانە مامەڵەیان بکردبایە هەر ئەو کاتە ماددەی ٥٨ جێبەجێ دەکرا). هەردوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان لە کەرکوک زیاد لە هەر کارێکی تر بە حزبایەتی تەسکەوە خەریکن، غەمی حزب پێش غەمی نەتەوە و چارەنووسی کەرکوک کەوتووە، ئەم حاڵەتە یارمەتی چاکی هەندێ تورکمانی شۆڤێنی و عەرەبی هاوردە و گروپی تیرۆریستی داوە جێگە پێ لە کەرکوک قایم بکەن و زیان بگەیەنن بە رەوتی پێشڤەچوونی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقی. عوسمان بانیمارانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی سەوز، دەربارەی ماددەی ١٤٠ و دواکەوتنی ریفراندۆمی کەرکوک دەڵێت (بە پلەی یەکەم بۆ سەرکردایەتی سیاسیی کورد و دووەم ململانێی یەکێتی و پارتی لە ناو کەرکوک دەگەڕێتەوە، ئەوان شەرمیان شکاوە بەرامبەر بە دوژمنەکانمان لە کەرکوک). ململانێی توندی حزبی و دەستەگەریی لە هەر شارێکی تری کوردستان بێت زۆر ئاساییە، بەڵام لە کەرکوک بێ سنوور سامناکە، ئەگەر ئێستا دەرئەنجامەکانی بریتی بێت لە دواخستنی ماددەی سەد و چلی دەستووری عێراق، هیچ دوور نییە لە ئایندەیەکی نزیکدا ببێتە هۆکاری لە دەستچوون یان کارەساتی گەورەتر لە کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکانی تری کوردستان.

سەرقاڵییەکانی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بە بەغدادەوە دیسان زیانێکی زۆری داوە لە دۆزی کەرکوک، چون وا پێویست بوو سەرکردەکانی کورد بارەگا سەرەکییەکان و مێزی گفتوگۆیان لە شاری کەرکوک بوایە، ئەم پرسە نەک کورد بگرە لایەنەکانی تری ناکوردیش دەرکی دەکەن و دەیبینن. بە بڕوای بەرپرسی مەڵبەندی کەرکوکی حزبی ئیسلامی عێراق، کورد کەمتەرخەمە لە پارێزگای کەرکوکدا و لەو بارەوە رایدەگەیەنێ (هەموو حزبەکان بە حزبە کوردییەکانیشەوە

هەر خەریکی بەغدادن، ئەگەر ئەو حزبە کوردییانە سەیری ئایندەی کەرکوکیان بکردایە و ئەو هەڵانەیان نەکردبا ئێستا رۆڵێکی تریان دەبوو). لەوانەیە لاوازیی پێگەی کورد لەوەدا بووبێت نەیتوانیوە گووشارێک بە قەبارە و چەشنی گووشار بۆ گۆڕینی جەعفەری یان وەرگرتنی رێژەی زیاتری داهات لە بودجەی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دروست بکات، نووکە نازانرێت نەگرتنەبەری ئەو رێگە و جۆرە گووشارە نائاگایی لە پشتەوەیە یان کەمتەرخەمیی؟!، بەڵام دیمەنی زاڵ و رەوتی رووداوەکان زیاتر لەو رایە نێزیکمان دەکەنەوە کەمتەرخەمیی لە پشتەوە بێت. هەر کەمتەرخەمییەکیش لە پرسە گرنگ و هەستیار و چارەنووسسازە نیشتمانییەکاندا بە هەڵە دانانرێت، بەڵکو فۆرمێکە لە خیانەتی نیشتمانیی.

(قادر عەزیز) لە سەروتاری ژمارە (٧٣٧)ی رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)دا دەنووسێت (دیارە جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا هەر لە سەرەتاوە شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، چوونکە نە حکوومەتی بەغدا لە جێبەجێکردنی ماددەکە جیددی بوو، نە لایەنی کوردیش لەبەرامبەردا توانی بەغداد ناچار بە جێبەجێکردنی ماددەکە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بکات). باوەڕ دەکەم گرنگترین کەمتەرخەمی سەرکردایەتی کورد شەرمنی و سازش بووە پاشان سستی لە هاندانی ئاوارە کوردەکان بۆ گەڕانەوە بۆ کەرکوک و هەوڵنەدان بۆ ناچارکردنی عەرەبی هاوردە تا بچنەوە جێگاکانی پێشوویان، چوونکە کارێکی لەو بابەتە بە دوو رێگە مەیسەر دەبێت، یەکەمیان بڕیار و ئیرادە، ئەویتریان قەرەبوو و هاوکاریی و دەستگیرۆیکردنی دارایی و لۆجیستی. (قادر عەزیز) چواردە مانگ بەر لەم چرکەساتە رایگەیاند: ئەگەر ئەمڕۆ پارە هەبێت بەیانی دەتوانین عەرەبە هاوردەکان بگەڕێنینەوە شوێنی خۆیان. (مەلا بەختیار)یش ئەندامی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی (ی.ن.ک) بڕی پارەکە بۆ

ئەو کارە دەستنیشان دەکات و دەڵێت (کەرکوک بە ١٠٠ ملیۆن دۆلار ئاسایی دەبێتەوە، ئیتر لەسەر چی وەستاوین؟). پرسیارەکە ئەوەیە شارێکی بایەخدار و مێژوویی و پڕ داهاتی وەک کەرکوک نرخی سەد ملیۆن دۆلاری نییە لای سەرکردایەتی کورد؟ یان سەرکردایەتی کورد کۆمەڵێک بازرگانی بەپەلەن و چاویان لە قازانجی خێرا و بێ دەستمایەیە وەک ئەوەی لە بەشی کوردستان لە بودجەی عێراق وەچنگیان دەکەوێت؟. ئەمە ئەو پرسیارەیە خەریکە دەبێتە پرسیارێکی ماقووڵ و جیددی.

بەداخەوە داراییەکی زۆر لە کڕینەوەی لایەنگرانی یەکتر لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە بەفیڕۆ دەبرێت و کەرکوک سەنتێکی تێدا خەرج ناکرێت، لە شارەکانی تری کوردستانیش زیاتر لەو بڕەی (مەلا بەختیار) دەستنیشانی کردووە لە گەندەڵیدا ون دەبێ یان دەدرێت بە دیوەخان و تەکیە و هەندێک مشەخۆری راهاتوو لەسەر تەوەزەلی و لەحاست کەرکوکیش دەستەکانیان نوقاندووە و چاوەڕێی داگیرکەران خۆیان دەکەن پێشکەشیانی بکاتەوە!. چەندان جار نوێنەرانی عەرەبە هاوردەکان لە رێی میدیاکان و سەردانەکانی کوردستاندا رایانگەیاند: ئامادەی گەڕانەوەن بە مەرجی قەرەبووکردنەوەیان، چوونکە بەبێ قەرەبووکردنەوە هیچ هۆکارێکی ماقوڵ لە ئارادا نییە بۆ جێهێشتنی جێگە و رێگەیان لە کەرکوک یان بۆ بە زۆر ناردنەوەیان بۆ ناوەڕاست و باشوور.

(حوزەیر حەسەن ئەلحەمەدانی) رێکخەری گشتیی لە لیژنەی لێکگەیشتن و چارەسەری نیشتمانی، پاش دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەند ئەندام پەرلەمانێکی کوردستان بە (ئەی. ئێف. پی) راگەیاند (ژمارەی ئەو خێزانانەی ئارەزوویان لە جێهێشتنی کەرکوک هەیە دەگاتە ١٢٥٠٠ خێزان واتە ٨٠ هەزار کەس، بەڵام هەڵوێستمان هەیە لە بارەی بڕیاری حکوومەتەکەی نوری مالیکی). مەبەست لە بڕیارەکەی

حکوومەتی مالیکی دابەزاندنی ڕێژەی پارەی قەرەبووە لە٢٠ ملیۆن دینارەوە بۆ ١٠ ملیۆن دینار. سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان نەک هەر نەیتوانی لەسەر بودجەی هەرێم هاوکاریی و قەرەبووی عەرەبی هاوردە بکاتەوە یان ئەو بڕەی مالیکی کەمی کردووەتەوە پڕی بکاتەوە، نەشیتوانی گوشار بخاتە سەر کابینەکەی مالیکی تا بەرنامەی قەرەبووی عەرەبی هاوردە و کوردی دەرکراو وەک خۆی لێبکاتەوە لە قازانجی ڕێچکەی یاسایی و ئاسایی جێبەجێکردنی ماددە دەستوورییەکە، ئەم غەمساردییە بە تەنیا لەسەر عەرەبی هاوردە کاریگەریی نەبووە بەڵکو ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر کۆی کوردە ئاوارەکانی کەرکوک هەبووە کە هەنووکە لە شارەکانی تری کوردستان دەژین و نەگەڕاونەتەوە بۆ زێدەکەیان تا بێ ئومێدبن لە گەڕانەوەیان بۆ کەرکوک و لەو بارەوە کەمتەرخەمیی بنوێنن. لە باری واقیعیشەوە کوردی کەرکوک چۆن دەتوانێت بێ تەمویلی دارایی و هاوکاریی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەتوانن بگەڕێنەوە سەر کەلاوە؟.

(د.رائید فەهمی) سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بە نیگەرانییەوە ڕایگەیاند (نزیکەی ٢٠ هەزار فۆرممان بەسەر عەرەبە هاوردەکاندا دابەشکردووە و ١٠ هەزار فۆرممان بەدەست گەیشتووەتەوە، ژمارەی ئەو خێزانانەی تاکوو ئێستا شارەکەیان جێهێشتووە گەیشتووەتە ٢ هەزار خێزان، هەروەها ٧٥ هەزار فۆرمیشمان بەسەر کۆچپێکراواندا دابەشکردووە و ٤٥ هەزار فۆرممان بەدەست گەیشتووەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەندێک لە خێزانە کوردە دەرکراوەکانیش نایانەوێت بۆ شارەکە بگەڕێنەوە!!). مەسەلەکە ئەوە نییە کوردە دەرکراوەکان نایانەوێ بۆ شارەکەیان بگەڕێنەوە، فاکتۆرە ڕاستەقینەکە ئەوەیە کوردی کەرکوکی چۆن بگەڕێتەوە بۆ شارەکەی کە لەوێدا هەر ئاوارە بێت و هەر بە پیتاکی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان بژی و لەنێو خانووی قوڕ و چینکۆ و تەنەکەدا ژین

بباتە سەر؟!! کوردی دەرکراو هیچ پاڵپشتێکی ماددیی و مەعنەویی نییە لە شارەکەیدا، کەوابوو دروستە بوترێت کەمتەرخەمی و پشتێکردنی سەرکردایەتی کورد ئەو بڕیارەی پێداوە. سەرباری هەموو ئەمانە سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە بەرامبەر سستی و دەستخەڕۆکردن و دەستی دەستی پێکردنی عەرەبی عێراقدا هیچ کاردانەوەیەکی شایانی باسیان نەبووە تا کاربەدەستانی بەغداد ناچاربن بۆ دانوستان بێنە هەولێر، بە پێچەوانەوە سەرکردەکانی کورد بە هۆ و بێ هۆ لە کۆشکەکانی گرین زۆن بە داماویی ئامادەبوون.

محەمەدی حاجی مەحمود، سکرتێری حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان وتی: لەکۆبوونەوەیەکدا باس لەوە کرا کورد قبوڵ ناکات ماددەی ١٤٠ دوا بخرێت!!، منیش وتم باشە قبوڵ ناکات دەبێت کورد بۆ سێ چوار ئەگەر ئامادە بکات، یەکەم: ئایا خۆی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی بە زۆر پێشمەرگە ببات و دەست بەسەر شاری کەرکوکدا بگرێت؟. دووەم: کورد لە بەغداد پاشەکشە بکات بە سەرۆک کۆمار و پۆستەکانی ترەوە و بڵێت تا ئەو کێشانە چارەسەر نەکرێت ناگەڕێمەوە بەغداد. سێیەم: ئەوەیە بتوانێت خۆی رابگرێت بەرامبەر ئەو شەپۆلە دژایەتیکردنەی وڵاتانی ناوچەکە و عێراق و نێودەوڵەتی. دەربارەی ئەگەرە پێشنیارکراوەکەی (کاکە حەمە)، کورد لە سەرەتای پرۆسەی ئازادیدا پێشمەرگەی برد بۆ کەرکوک لە جیاتی جێگە قایمکردن کەوتنە تاڵانی و را و و رووت، دواتریش بە چاو سوورکردنەوەیەکی عەرەبی عێراقی و ئۆکەی مستەر بریمەر لە چاوتروکاندنێکدا شارەکەیان چۆڵکرد!. بۆ ئەگەری دووەم سەرکردەکانی کورد لە بری بایکۆتی بەغداد بایکۆتی کوردستانیان کردووە و هەندێکیان لە پۆستە عێراقییەکانیاندا لە یادیان چووە کوردن و بە دەنگی کورد لەو جێگایانەدان، تەنانەت لەو بڕوایەدام تورکمانێک بە دەنگی کورد ببە جێگەکەی جەلال تاڵەبانی لەو باشتر کار بۆ کورد

و دۆزی کەرکوک دەکات. بە کورتی مافی ئەوەمان هەیە لەپێش هەر کەسێکەوە سەرکردایەتی کوردستان بە کەمتەرخەم و تاوانبار بزانین لە راستای جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠. بە دیتنی خۆم پێویست بوو کورد ملکەچ نەکات بۆ ئەوەی چارەنووسی شارێکی کوردستانی وەکوو کەرکوک و خانەقین و ناوچە کوردستانییەکانی موسڵ و دەشتی نەینەوا بخاتە نێو گێروگازی ماددە مەتاتییەکانی دەستووری نوێی عێراقەوە، چوونکە ناکرێت بەشێک لە خاکی وڵاتەکەی خۆت بخەیتە قوماری دەستوورێکەوە کە هەر کاتێک باڵانسی هێز گۆڕا پێش هەر کارێک عەرەبەکان بەندەکانی ئەو دەستوورە لە دژی کورد پێشێل بکەن.

## ئەگەری دواخستنی ماددەی ١٤٠

نهۆ گەیشتووینەتە دوا ساتەکانی ساڵی ٢٠٠٧ بەبێ ئەوەی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت، هیچ بیانوویەکی دڵنیاکەر بوونی نییە لە دواخستنی ئەو ماددە دەستوورییە تەنیا مەعمەعەی عەرەبی عێراقی نەبێت، چوونکە عەرەبەکان بە هەر بەها و نرخێک بووە گەرەکیانە ئەو ماددەیە دوا بخرێت بەبێ ڕێزگرتن لە بۆچوونی زۆرینەی دانیشتوانی عێراق. (ستیڤ تاتایی) بڕوای وایە (دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ڕێز نەگرتنە لە داواکاریی ٪٨٠ دەنگدەرانی عێراقی کە دەنگیان بەم ماددەیە داوە). کات رووی لە تەواوبوونە و لایەنەکانی نێو عێراق (جگە لە کورد) هەموو هەر داوای دواخستنی ئەم ماددەیە دەکەن، پەرلەمانی عێراقی بە زۆرینەی دەنگ دژی جێبەجێکردنی ئەو ماددە قانوونیی و دەستوورییەن، بە گوتەی (د.فوئاد مەعسوم)ی سەرۆکی فراکسیۆنی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گفتوگۆی ئەوان وەک لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی ناو پەرلەمانی عێراقە، ژبەرئەوەی لەو لایەنانە دەڵێن (ناتوانرێت ماددەی ١٤٠ جێبەجێ

بکرێت لەو ماوەیەدا و پێویستە دوا بخرێت). پرسیارە عەقڵانییەکە لێرەدا ئەوەیە دوا بخرێت بۆ کەنگێ؟ بێگوومان هەوڵی عەرەبەکان مواتەڵەکردنە تا ئەو کاتەی بەغداد بەهێز دەبێتەوە، لەو کاتەشدا داوای جێبەجێکردنی ئەو بەندە دەستوورییە بە ئاگر و ئاسن وەڵام دەدرێتەوە.

ئەم هەڵوێستە لای پێکهاتە عەرەبییەکانی عێراق نەک تازە نییە بەڵکو تەمەنی هێندەی تەمەنی ماددەکەیە، چەندان جار و لە چەندان بۆنەشدا ئەندامانی پەرلەمان و چاودێرانی کورد لەمەڕ ئەو ماددەیە و هەڵوێستی عەرەبەکان هۆشدارییان داوە بە سەرکردایەتی کورد کە دەوڵەتی ناوەندیی کات دەکوژێت و هەنگاوەکان ئیفلیج و پەکدەخات. (نەرمین عوسمان) پێشتر رایگەیاند کاربەدەستانی عێراقی کۆسپ بۆ ماددەکە دروست دەکەن و دژایەتی هەنگاوە عەمەلییەکان دەکەن. لە دوایین لێدوانیشیدا رایگەیاند (بەشێک لە پێکهاتە سیاسییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق دژایەتی جێبەجێکردنی ماددەکە دەکەن و دەڵێن کاتی نییە). بێگومان ئەو وەختەی دەڵێن کاتی نییە هیچ زەمەنێکی تریان چ لە مەودای نزیک یان دوور دیاری نەکردووە وەک کاتی راستەقینەی جێبەجێبوونی ئەو ماددەیە. رژێمەکانی پێشان هەمیشە پاساوی نەشیاویی هەلومەرجی زاتی و بابەتیان دەهێنایە گۆڕێ دەرهەق بە مافەکانی کورد و چارەنووسی کەرکوک، وا دیسانەوە هەمان قەوانی کۆن لێدەدەنەوە چوونکە لای عەرەب هیچ کات ئان و ساتی مافی کورد نییە. ئەم هەڵوێستانەی عەرەبەکانی عێراق بە زەقی لەگەڵ هاتنی ساڵی ٢٠٠٧دا خەست و تۆختر بووەوە، تەنانەت دۆستەکانی کورد لە ئۆپۆزیسیۆنی پێشانی تازە حاکمان لە ماددەکە کەوتوونەتە تەقە و هەڵوێستی رەق و پێچەوانەیان وەرگرتووە، وادە و هاوپەیمانێتییەکانیان لەگەڵ کورد تەبەخوری کرد و بوو بە هەڵم.

(قاسم داود) ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ئایاری رابردوودا رایگەیاند: لیستەکانی تەوافق و عێراقیە داوای چاوپێداخشاندنەوە بە

ماددەی ١٤٠ی دەستوور دەکەن، چوونکە پێیانوایە ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە. لە بەرامبەردا (فریاد رەواندزی) ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان رایگەیاندووە: لیژنەی هەموارکردنی دەستوور سەبارەت بە کێشەی کەرکوک و ماددەی ١٤٠ دوو پێشنیاری خستووەتە بەردەم حکوومەتی هەرێمی کوردستان: یەکەمیان داوای کردووە ماوەی ئاساییکردنەوەی ناوچە دابڕاوەکان بە هەر سێ قۆناغەکەیەوە بۆ کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ دوا بخرێت لە بری کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧، سەبارەت بە پێشنیاری دووەم داوا کراوە پارێزگای کەرکوک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ. ئاشکرا نییە لەنێوان هەردوو ئەڵتەرناتیڤی لیژنەی هەموارکردنی دەستووردا کورد کامیانی سەرپشک کردووە، بێگوومانیش هەر کامیانی هەڵبژاردبێت خیانەتێکە لە دۆزی کەرکوک و هەوڵێکیشە بۆ نابووتکردنی دەستوور و سەروەریی یاسا.

سەرنجەکە لەوێدایە بە بەرینی هەموو ئەم ماوەیە سەرکردایەتی کورد گەشبینی خۆی نیشاندەدا گوایە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا ماددەکە جێبەجێدەکرێت چون هەموو شتێک رێچکەی خۆی وەرگرتووە، ئەم هەڵوێستە یان ساویلکەیی سیاسیی دەردەخات یان بەڵگەی سیاسەتێکی چەواشەکارانە و درۆزنانەیە. چون هاوزەمانی گەشبینی کورد لە ناوخۆی کەرکوک لایەنەکانی و بەرەی تورکمانی بە ئاشکرا رێگرییان دروست دەکرد لەبەردەم بەڕێوەچوونی کارەکانی ماددەکە و لە بەغداد و ئەنقەرە و تارانیش پلانی جەهەنمی دژی ١٤٠ رێچکەی دەبەست لە بەرامبەردا لایەنی کوردیی زیاتر سەرقاڵی شەڕە پەڕۆ و زەرد و سەوزکردنی شەقام و شوێنە گشتییەکانی کەرکوک بوون. رۆژی ٣٠-٧-٢٠٠٧ کە هاوکات بوو لەگەڵ رۆژی سەرژمێرییکردن لە شاری کەرکوک، رۆژنامەی (زەمان)ی تورکی لە زاری (ئەحمەد مورادلی) نوێنەری بەرەی تورکمانی لە شاری ئەنقەرەوە

بڵاوی کردەوە (قۆناغی ئاساییکردنەوە تەواو بوو، سەرژمێریی ئەنجام نادرێت، تورکمان و عەرەبەکان و بەشێک لە کوردەکانیش ڕێگە نادەن ریفراندۆم ئەنجام بدرێ). لێدوانەکە شایانی وردبوونەوەیە چوونکە لێرەدا هێمایەکی مەترسیدارتر دەرکەوتووە کە بەشێک لە کوردەکان لەگەڵ خواستی جێبەجێکردنی هەر سێ قۆناغەکانی ماددەی ١٤٠ نین!! ئەو بەشە لە کورد کێن و ئارگۆمێنتیان چییە؟ جارێ کەس خۆی ناکاتە خاوەنی ئەو ئاڕاستە دژە، دەشێ بە تێپەڕینی کات و لە دوور مەودادا ئەو بەشە بە ئارگۆمێنتێکی خیانەتکارانەوە روونتر دەربکەون!.

لە بەرامبەردا تەلەفزیۆنە کوردییەکان وێنا و لێدوانی هەندێک تورکمانی بێ نفوز و شێخی عەشیرەتە عەرەبییەکانیان بڵاو دەکردەوە کە هاوسۆزییان بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە دەردەبڕی بەبێ ئەوەی بە هەندی وەربگرن تاکوو چەند ئەم قسانە لە بواری کرداریدا رەنگ دەدەنەوە و دەتوانن مەجرای خۆیان وەربگرن لە بەرژەوەندیی ماددەی ١٤٠؟. (عەلی مەهدی) نوێنەری بەرەی تورکمانی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بە ئاشکرا رایگەیاند (ئێمە هەر لە سەرەتاوە بڕوامان بەو ماددەیە نەبووە و پێمانوابووە کەرکوک شاری هەمووانە نەک تەنیا هی کورد، بۆیە ئەوەی کە ئەوانیش داوای دەکەن خەونێکی بەتاڵە). لە باری واقیعیشەوە تورکمان و عەرەبەکان توانیان لە ئاستێکی فراواندا پێشڤەچوونی ماددەکە سست و لاواز بکەن و حکوومەتی عێراقیش لەو رووەوە درێغی نەکردووە لە هاوکاریی کردنیان، تەنانەت توانییان قەناعەت بە لایەنەکانی دەرەوە و رێکخراوە جیهانییەکان بکەن تا پرۆسەی راپرسی بۆ کاتێکی نادیار و دوور دوا بخرێت. لەو میانەیەدا لە مانگی نیسانی رابردوودا گروپی تەنگژە نێودەوڵەتییەکان کە بارەگەکەی لە (برۆکسل)ە راپۆرتێکی لە ژێر ناوی (عێراق و کورد: چارەسەرکردنی تەنگژەی کەرکوک) لە تویێ ٣٠ لاپەڕەدا بە زمانی ئینگلیزیی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوی کردووەتەوە، لە راسپاردە و

داواکارییەکانیدا داوا لە کورد دەکات ریفراندۆمی کەرکوک دوا بخات بۆ کاتێکی تر. (بە بێ دیاریکردنی ئەو کاتەی بۆی دوا دەخرێت).

جێگەی سەرسوڕمانە لەگەڵ ئەم هەموو مشارە بۆ بڕینەوەی قاچی بەندی ١٤٠ سەرکردایەتی کورد لە پایتەختی عێراقی عەرەبیدا لە بەردەم زوومی کامێرای تیڤییەکانەوە بە خەندەی سەرلێوەوە دەردەکەوتن، لە گەشبینیدا وێنایەکیان خوڵقاندبوو وەک ئەوەی کەرکوک لە جێبا بێت و موو لەسەر رێی ماددەی ١٤٠دا نەبێت، ئێستاش کە وادەکە تەواو بووە تازە بە تازە گوێمان لە دەنگی کزۆڵەی سەرکردایەتی کورد دەبێت گوایە لایەنگەلێکی زۆر هەن لە ناوەندی سیاسیی و بڕیاری عێراقیدا کار بە دژی ئەو ماددەیە دەکەن، دوای دەست دەرچوونی کورد لە بنی هەمانەکە، (د.کەمال کەرکوکی) جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەرچاو روونـی جەماوەر لە رۆژنامەی (خـەبات)دا دەنووسێت (هێشتا کەسانێ هەن رق و کینەیان لە دڵە، بەشەو و رۆژ کار بۆ دانانی کۆسپ و تەگەرە لە بەردەم جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دەکەن.. هەر بۆیە لەژێر ناوی دواخستن یان درێژکردنەوەی ماوەکە هەوڵی بـەردەوام دەدەن تەگەرە بخەنە پێش جێبەجێکردنی مـاددەی ١٤٠). وێڕای ئەوەی بیر و دیدگا و دەربڕینێکی کلاسیکی لەو پەرەگرافەدا هەست پێدەکەین بەتایبەت لەهێنانە پێشەوەی وشەی رق و کینە لە دڵ (چوونکە لە پراکتیکدا قاچ و بنەمای سیاسەت لەسەر چیمەنتۆی بەرژەوەندییە نـەک دوژمنایەتی کوێرانە کە هیچ بەرژەوەندییەک دەستەبەر نەکات) هێشتا شەرمنییەکی زۆر بە وتارەکەی (د.کەمال)ەوە دیارە بە تایبەت لە رووی سڵکردنەوە لە دەستنیشانکردنی دوژمنەکان ئەوانەی کۆسپ بۆ ماددەی ١٤٠ دروست دەکەن.

بە کورتی و کرمانجی کات تەواو بووە و جێبەجێکردنی ماددەکە دوا دەخرێت، هەرچەندە (د.رائید فەهمی) لە رۆژی ١-١٢ رایگەیاند (تا ئێستا هیچ بڕیارێک بۆ دواخستنی مـاددەی ١٤٠ نـەدراوە ئەگەر

داوایەکیش بکرێت بۆ درێژکردنەوەی ماوەی ماددەی ١٤٠ دەبێت لە رووی هونەریی و تەکنیکییەوە بێت نەک یاسایی و دەستووریی، واتە درێژکردنەوەیەکی تەکنیکی بێت). بەڵام ئەسڵی مەسەلەکە و راستییە رووتەکە ئەوەیە ماددەکە دوادەخرێت (چوونکە بەم دوو هەفتەیە توانای هیچ کارێک نەماوە). وەک دەردەکەوێت کوردیش بە دواخستن رازییە (چوونکە لەوە زیاتری لە دەست نایەت)!!، ئەوەتا (رزگار عەلی) سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک رایدەگەیەنێت (دواخستن لەبەر هۆکاری هونەریی ئەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام ئەگەر لەبەر مەسەلەی ئیداریی و سیاسیی بێت، ئەوە قابیلی قبوڵ نییە و خەتەرە). لە راستیدا هۆکاری دواخستنەکە شێتەکانیش هەستی پێدەکەن سیاسییە نەک هونەریی، کەچی سەرکردەکانی کورد دەیانەوێت پینەی بکەن، لێ دواخستن لەژێر پاساوی ئیشکالییەتی هونەریی و تەکنیکیشدا رەوایی پێنادرێت، ئەوا بە فاکتۆر و بەربەستی سیاسیی قبوڵکردنەکەی خیانەتێکە مێژوو ناتوانێت لە یادی بکات. لەگەڵ ئەوەش دەبینین سەرکردایەتی کورد سکەندالی دۆڕانەکانی خۆی لە عێراقی دوای سەدام حسێن بە گشتیی و ماددەی سەد و چل بە تایبەتی پاساو دەداتەوە، بەڵام ئەم شکستە لە مێژوودا وەک لاپەڕەیەک رەش تۆمار دەبێت و دەمێنێتەوە.

هەموو ئاماژەکان دەریدەخەن بە دیفاکتۆ کورد دەبێت بە دواخستنی ماددەکە رازی بێت، کات تەواو بووە و ناچارە دەستێکی تر لەم کۆنکەنە دۆڕاوە لەگەڵ عەرەبی عێراقیدا بکات، کورد وەک ئەو قەلەندەرەی لێهاتووە لە دەریادا گیری خواردووە و ناچاربووە دەست بۆ چڵە پووش رابکێشێت. (قادر عەزیز) بە (ئەلئەسوات ئەلعراق)ی راگەیاند (لەبەرئەوەی ئەو ماوەیەی ماوە بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ماددەی ١٤٠ زۆر کەمە، بۆیە پێدەچێت ماوەی جێبەجێکردنی لە نێوان سێ تا شەش مانگی دیکە درێژ بکرێتەوە.. بۆ کورد دواخستنی ئەو

ماددەیە بۆ ئەو ماوەیە ئاسان نییە چوونکە دەزانێت ئەوانەی لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەدا نین، دوای شەش مانگی دیکە هەڵوێستیان ناگۆڕێت، بەردەوام دەبن لەسەر رەتکردنەوەی، بەڵام کورد ناچارە بۆ هێشتنەوەی مەفعولی ماددەکە و شەرعییەتە دەستوورییەکەی بەو دواخستنە رازی بێت).

هەر لەبارەی دواخستنی ماددەی سەد و چلەوە رۆژنامەیەکی کوردیی (ئاسۆ) بڵاویکردەوە هەندێ زانیاریی لە سەرچاوەیەکی نزیک لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەستکەوتووە و وا بڕیارە بۆ ماوەی شەش مانگ ماوەی ماددەی ١٤٠ درێژ بکرێتەوە، هەر ئەو سەرچاوەیە بە رۆژنامەکەی راگەیاندووە (بڕیارە وادەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ ماوەی شەش مانگ درێژ بکرێتەوە و زۆربەی لایەنەکانی عێراق بە کوردیشەوە بەم پێشنیارە رازی بوون). بە گشتیی ئەو تەرحەی سەرکردەکانی کورد بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە پشتیوانی لێدەکەن هەموارکردنی ماددەکەیە لەبەرئەوەی هیچ رێگایەکی لە بەردەممدا نەماوە و کاتەکانیش زۆر بە خێرایی وەک خێرایی تیشک تێدەپەڕن. ئەو تەسعیداتانەشی لە رێی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە لە ئارادایە، تەنیا هەوڵێکە بۆ داپۆشینی فەشەلی سیاسەتی سەرکردایەتی کورد لە هەمبەر ماددەی سەد و چل و چارەنووسی کەرکوک و ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستان کە لە دەستووردا بە «ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان» پێناسە کراون.

(د.فوئاد مەعسوم) وتی: ئێستا کات لە بەردەستدا نەماوە و کارە ئەساسییەکان جێبەجێنەکراون، چۆن بتوانرێ سەرژمێریی بکرێت؟!، چۆن قەزا و ناحیەکان بگەڕێنەوە سەر کەرکوک؟. سەرۆکایەتی کۆمار لەو بارەوە ناگەنە بڕیار، ئەگەر حەکەمی نێودەوڵەتیش تەداخول بکات کاتی زۆری دەوێت چوونکە ئیشی نەتەوە یەکگرتووەکان رۆتیناتی زۆری تێدایە و زۆر دەخایەنێت، تاکە چارەسەرێک بۆ ئەو ماددەیە

بکرێت ڕێککەوتنە بۆ ئەوەی هەموار بکرێت، لەو ڕووەوە ئامادەکاریی کراوە و پێویستە سەرکردایەتی هەرە پێشەوەی عێراق ئیتفاقی لەسەر بکەن بۆ ئەوەی هەموار بکرێت. لەلای خۆیەوە (ئەحمەد ئەنوەر)ی ئەندامی لیژنەی هەمەوارکردنی دەستووری عێراقی پێیوایە ماوەی ماددەکە بەسەرچووە و بەدیلێکی باشیش بۆ ئەوەی میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە بگۆڕدرێت تەنیا هەموارکردنی ماددەی سەد و چلە لە چوارچێوەی ئەو ماددانەی تر کە بڕیارە لە دەستووری عێراقدا هەموار بکرێن. بەپێی ڕێککەوتن و بڕیاری پەرلەمانی عێراق تاکوو کۆتایی مانگی سێی (٢٠٠٨) بە دەستەوەیە بۆ هەمەوارکردنەوەی دەستوور بەم هۆیەوە بە ئۆتۆماتیکی ماوەی ماددەی ١٤٠ درێژ دەکرێتەوە بۆ کۆتایی ئەو مانگە.

وەک وتمان بە پێچەوانەی بڕیاری پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی ٣٠-٦-٢٠٠٧ کە تیایدا نێچیرڤان بارزانی ئامادە بوو (نابێت ماددەی ١٤٠ دەستکاریی بکرێت یان دوا بخرێت بەڵکو پێویستە لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت) ماددەکە دوا دەخرێت و بە هەمان شێوە بە پێچەوانەی لێدوانەکەی چەند مانگ لەمەوبەری (ئەڵماس فازڵ)ی سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک (ئەگەر تاوەکو ٣١-١٢-٢٠٠٧ هیچ بڕیارێکی گرنگ دەرنەچوو یان ماددەکە جێبەجێ نەبوو، ئەوە خۆمان بڕیاری کوردستانیبوونی کەرکوک دەدەین). سەرکردەکانی کورد نەک بڕیارێکی لەو جۆرە نادەن کە لە خەیاڵدانی ئەواندا زیاتر لە مغامەرەیەکی (جیمس بۆند)یانە دەچێت بەڵکو هەر لە ئێستاوە زەنگی دۆڕاندنی کەرکوک لێدەدەن، چون ئەوان کە نەیانتوانیبێ لە شەڕێکی دەستووریی سەربکەون ئیدی چۆن لە شەڕی گووشار و شەڕی گەرم و شەڕی بایکۆت و شەڕی دیپلۆماسی و شەڕ و ریسکی مان و نەماندا سەردەکەون؟؟ (نێچیرڤان بارزانی) بە ماڵپەڕی (URL)ی ڕاگەیاند (ئێمە دەمانتوانی لە ساڵی ٢٠٠٣ کاتێک سەدام ڕوخا بە چەندین ڕێگەی

جیاواز دەست بەسەر کەرکوکدا بگرین بەڵام ئێمە ڕێگەی یاسایی و ئاشتییانەمان هەڵبژارد بۆ ئەنجامدانی).

ئەم هەڵوێستە جگە لەوەی مایەی شانازیی نییە (وەک نێچیرڤان دەیکات) نیشاندەری ئەوەیە ئـەوان دەیانتوانی کەرکوک بەدەست بهێنن کەچی ڕایانکێشایە ناو مەعمەعەیەکی سیاسیی و دەستووریی!! لەوانەیە تا قیامەت ئەم مەتەڵە هەڵنەیەنین و سەرمان لەم سیحرە دەرنەچێت، لەوانە نییە جگە لە خیانەتی سەرانی کورد مانایەکی تر بۆ ئەم هەڵوێست و ڕەفتارە ساویلکانەیە نەبێت، ئەمە ئەگەر نەڵێین مانای فرۆشتنی کەرکوکی لە ناواخنی خۆیدا هەڵگرتووە. ئەگەر لەمانە هەمووی بگەڕێین، پرسیارێک هەیە بێوچان بە دوای وەڵامدا دەگەڕێت: کام فاکتۆر وای کرد ئەم ماددەیە دوا بخرێت؟ پێویستە لە بەرسڤدا بێژین لەئاستی ناوخۆدا ئاستەنگەکانی دەوڵەتی ناوەندیی و پلانگێڕیی عەرەبە شۆڤێنییەکانی ناو کەرکوک و لاوازیی گووتار و هەڵوێستی کـورد مایەی چاوپۆشیی لێکردنن نین، وەلـێ ڕەنگە گرنگترین و کاریگەرترینیان سستی کورد بووبێت. ئەوەش هەمان تێزە دێرینەکەمان دەخاتەوە یاد «ئەوەی کورد لە شەڕی چەکدارییدا بەدەستیدەهێنێ، لە شەڕی دیپلۆماتی و گفتوگۆ و سەر مێزی مفەوەزات دەیدۆڕێنێ». بەڵام تاکوو کەی کورد ناتوانێت لەو تێزە دەربچێت هیچ ئاماژەیەکی دڵخۆشکەر لەو نێوەندەدا دیار نییە.

(د.فوئاد مەعسوم) بەم دواییانە ئاشکرای دەکات کێشەی نێوان کـەربـەلا- ڕومـادی کاریگـەریی نەرێنی هـەبـووە لـەسـەر کێشـەی کەرکوک، چون بەپێی دەستوور دەبێت بەشێک لە ناوچەکانی ڕومادی سوونەنشین بخرێنە سەر کەربەلا. (فەرید ئەسەسەرد) لەو بارەوە نوسیوویەتی (پاش تێپەڕینی سێ ساڵ بەسەر دەرچوونی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا ئێستا لە سەروبەندی جێبەجێکردنی مـاددەی ١٤٠ هەست دەکـەین، ئێمە لە پێکەوە گرێدانی مەسەلەی

سنووری کوردستان و مەسەلەی سنووری ناوچە شیعەنشینەکان زۆر سەرکەوتوو نەبووین و خەریکە ململانێی شیعە و سوونەکان کاریگەریی خراپ لەسەر یەکلاکردنەوەی مەسەلەی سنووری کوردستان جێدێڵێت). من ئاماژەیەکی ترسناکتر و دوورتر دەبینم لەوەی شیعەکان هەوڵی کۆنترۆڵکردنی عێراق دەدەن، بەو شێوەیەی سەدام و بەعس لە دەیەی هەشتاکاندا کردبوویان، کورد و شیعەیان لە پرۆسەی سیاسیی کەنارگیر کردبوو، بەڵام ئەمڕۆ شیعەکان سەرەتا سوونەکان تێکدەشکێنن و دواتریش بە ئاسانیی کورد قووت دەدەن، بەو هۆیەی ماڵی کوردیی ماڵێکی لێکترازاوە و گووتارێکی هاوبەشی روونی نییە بۆ پرسە ستراتیجییە نەتەوەییەکان، تەنیا گووتارێکی هاوبەش هەیبێت بۆ دابەشکردنی داهاتی کوردستانە لە بەشە بودجەی عێراق.

### رۆڵی تورکیا لە پەکخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠

لە مانگی ئابی ٢٠٠٧ بە مەبەستی متمانەپێدان (رەجەب تەیب ئەردۆگان) سەرۆک شالیارانی تورکیا بەرنامەی کاری شەستەمین حکوومەتی ئەنکەرای خستە بەردەم پەرلەمانی وڵاتەکەی، لە بەشێکی بەرنامەی کاری حکوومەتەکەیدا (ئەردۆگان) باسی لە کێشەی کەرکوک کرد، وەک تیایدا هاتووە: پێویستە کێشەی کەرکوک بە شێوەیەک چارەسەر بکرێت هەموو نەتەوە و مەزهەبەکان مافەکانیانی تێدا ببیننەوە، ئەوەش هەوڵێکی سەرەکی دەبێت بۆ ئێمە. تورکیا دوای ئێران زیاد لەهەر دەوڵەتێکی تر بە تەنگی دەڕوانێتە پرسی کەرکوک و تووشی فۆبیا و دڵەڕاوکێ بوو سەبارەت بە چارەنووسەکەی، تاکە رێگەیەک لە بەردەمیدا مابێت هەڕەشەی لەشکرکێشی و بەکارهێنان و وروژاندنی تورکمان و هەوڵی ژێراوژێری هەواڵگریی و زیندووکردنەوەی جاشە کوردەکانە لە ژێر رێبەریی (ئەرشەد زێباری)،

تا دوور و نزیک قورسایی هەبێت لە ورد و درشتی ئەو پێشهاتانەی لە کەرکوکدا روودەدەن.

ئەجە تەمەلکوڕان، لە رۆژنامەی (میللیەت)ی تورکیدا نوسیوویەتی (کاتێک مرۆڤ تەماشا دەکات سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا بەهەموو شێوەیەک پەیوەستە بەپێشڤەچوونە سیاسییەکانی کورد بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، لەبەرئەمەش تانسیۆنی وڵاتەکە بەرز و نزم دەبێتەوە، بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین تورکیا لەناو کابووسی کورداندایە). جێگەی هەڵوەستەکردنە چەندان مانگ پێش هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵی تورکیا سەنتەری سیاسیی کورد هەڕەشەکانی تورکیای وەک بەشێک لە پێویستییەکانی ریکلامی هەڵبژاردن چاو لێدەکرد و ریالیستانە سەیری نەدەکرد وەک هەڕەشەیەکی جیددی و ئەگەرێکی بەهێز، گرنگترین گەوهەر لە بیرکرابوو کە هەر پێشکەوتنێکی کورد (لەهەر بەشێکی کوردستاندا بێت) بە پلەی یەکەم تورکیا لەنێو کابووسدا دەتلێنێتەوە. تورکیا نیگەرانییە خۆڕسکەکانی ناشارێتەوە و سڵ لە هیچ رێگەچارەیەک بۆ دژایەتیکردنی هەوڵەکانی کورد بە مەبەستی وەرگرتنەوەی کەرکوک ناکاتەوە (لە واقیعدا درێغیی نەکردووە)، هەندێک ناوەندی ئاگادار وایدەبینن دوو بەهێزترین تەقینەوەکانی ئەمساڵی شاری کەرکوک و شێخان تورکیای لە پشتەوە بووە چوونکە ناچێت بە عەقڵدا ئەو تەکنیک و چۆنێتییە کارایە لە توانای ئەو شانە جیهادییە تێرۆیستییانەدا بێت لە ناوچەکانی کەرکوک و دەوروبەری خۆیان مەڵاس داوە.

(مەسعود بارزانی) مانگی نیسانی رابردوو بە کەناڵی (العربیە)ی راگەیاند (شاری کەرکوک بەرامبەر دیاربەکرە. رێگە نادەین تورکیا دەست لە کاروباری کەرکوک وەربدات. ئەگەر تورکیا رێگە بە خۆی بدات دەست لە کاروباری کەرکوک وەربدا، ئێمەش دەست لە کاروباری دیاربەکر و شارەکانی دیکەی کوردنشین وەردەدەین!). ئەم لێدوانە

زێدەتر موزایەدەکردن و راکێشانی سۆزی تاکی کوردی باکوور بوو تاکو هەڵوێستێکی بە کردەوە، بارزانی نەک نەیتوانی دەست لە کاروباری ناوخۆی تورکیا وەربدات لە توانایدا نەبوو پێشگیریی لە دەستتێوەردانی تورکیا بکات لە ناوخۆی کوردستان بە کەرکوکیشەوە، بگرە بارزانی ناچاربوو لەژێر گوشاری تورکیادا فشار بخاتە سەر پەکەکە و پارتی چارەسەری تا دەگاتە قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوی هەواڵ و چالاکییەکانی پەکەکە لە میدیاکانی کوردستاندا. مافێکی رەوامانە بڵێین تورکیا رۆڵی هەبووە لە سستکردنی ماددەکە هەم لە رێی وروژاندنی کارتی تورکمانەوە هەم لە رێی دیپلۆماسییەوە چ لەگەڵ لایەنی عێراقی چ لەگەڵ لایەنی ئەمەریکی. لە مانگی ئابی رابردوو رۆژنامەی (ستار)ی تورکی لە زمانی (یەشار یاکیش) وەزیری پێشووتری دەرەوەی تورکیا بڵاویکردەوە ریفراندۆمی کەرکوک و بڕیاردان لەسەر ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان دوا دەخرێت، بە پێی هەواڵی رۆژنامەکە: نارەزایەتییەکانی تورکیا کاریگەریی باشی داناوە لەسەر ئەمەریکا و ئەو وڵاتە سەرقاڵی ئامادەکردنی فۆرمێکە بۆ راگەیاندنی دواخستنی دەنگدان لەسەر چارەنووسی کەرکوک.

لە هەموو لایەنێکەوە تورکیا لە هەوڵدایە تا هاوکێشەکە بەو جۆرە هاوسەنگ بکرێتەوە کەرکوک پارچەیەک بێت لە عێراق یان هەرێمێکی سەربەخۆ بێت و پەیوەندیی نەبێت بە باشووری کوردستانەوە. ئەم هەوڵدانەی تورکیا لە شوباتی ٢٠٠٧ لە رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست) زێدەتر روون کراوەتەوە (تورکیا بە دیدێکی زۆر گرنگ دەڕوانێتە چارەنووسی کەرکوک، لە ساڵی ١٩٢٦ ئێمە دەستمان لە ویلایەتی موسڵ هەڵگرت، بەوەی ویلایەتی موسڵ کە کەرکوک بەشێکییەتی پارچەیەک بێت لە عێراقێکی یەکگرتوو، هەربۆیە ئێستاش دەمانەوێت کەرکوک بەشێک بێت لە عێراق و سەر بە حکوومەتی عێراق بێت وەک ساڵی ١٩٢٦). تورکیا چالاکی و سنووری کارکردنی لە ئاستێکی بەرتەنگدا

قەتیس نەکردووە بەڵکو خوازیاری پاڵپشتیی و هاوپەیمانییەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتییە لە دژی خواستی کوردەکان بۆ بەدەستهێنانی کەرکوک، بەبڕوای (ئەحمەد گولەر)ی سەرۆکی کۆمەڵەی کوردیی (DER KURT) لە ئەنقەرە: تورکیا هەوڵدەدات هاوکاریی ئێران و سوریا بکات بۆ ئەوەی پرسی کەرکوک بە مۆڵەقی و هەڵواسراویی بمێنێتەوە. پێش ئەوەشی بەسەرماندا تێپەڕێت ئێران بەربەستی یەکەمە لە بەردەم ماددەی سەد و چل چوونکە شیعە فەرمانڕەواکانی ئەمڕۆی عێراق، چیتر نین جگە لە بەندەی گوێڕایەڵی کۆماری ئیسلامی ئێران و نۆکەری بە وەفای ئامۆژگارییە سیاسییەکانی ڕێبەری ئێران «خامنەئی».

ئەگەریش وەک چاودێرێکی بێلایەن سەیری پلانەکانی تورک شانبەشانی خۆدزینەوەی حکوومەتی عێراقی و بێدەنگی ئەمەریکا و سستی کورد بکەین، ئەوا حکوومەتی ئەنکەرا توانیوویەتی سەرکەوتوو بێت لە زۆرتر ئاڵۆزکاندنی گرێکوێرەی کەرکوک و تەگەرە خستنە بەردەم ماددەی ١٤٠، چوونکە ئەمڕۆ لە دوا ساتەکانی ساڵی ٢٠٠٧دا هەست دەکەین ڕەوشی کەرکوک وەک خۆیەتی، ئەگەر خراپتر نەبووبێت ڕووی لە چاکی نەکردووە و ئومێدەکانی کورد وەک بڵقی سەر ئاویان لێهات و ڕوویان لە پووکانەوە و کزبوون کردووە. لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ: ئامانجی تورکیا چییە لە دەستتێوەردان لە کەرکوک و تەگەرەدانان لە بەردەم جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.؟. (د.ماگی زانگەر) چاودێر و ڕۆژنامەنووسی جیهانی بەرسڤی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت: ئامانج لە دەستتێوەردانی کەرکوک بەتایبەت لەلایەن تورکیاوە بۆ نەوتی کەرکوکە، هەر لەبەرئەوەشە دژی گەڕانەوەی کەرکوکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەو ترسی هەیە کەرکوک ببێتە تاجی ئابووری کوردستان.

داهاتی نەوت و سامانە سرووشتییەکانی کەرکوک بە ئەندازەیەکە

ئەگەر لە دەستی دەستەڵاتێکی کوردیدا بێت دەبێتە بناغە بۆ تەبەنیکردنی کۆمەڵگەیەکی ئابووری پتەو. (شێخ مەتاع) بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی باکوور رایدەگەیەنێ وزەی بەرهەمهێنانی نەوت دەوروبەری ٥٨٠-٦٠٠ هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا (دیارە مەبەستی لە نەوتی خاوە). ئەگەر سەیری ئەم رێژەیە بکەین و بە دراو بیقەبڵێنین رێژەیەکی خەیاڵی و سەرسوڕهێنەرە سەبارەت بە ئابووری ئەمێستای کوردستان. تورکیا وا تەماشای نەوتی کەرکوک دەکات کۆڵەکە و بڕبڕە پشتی ئەو دەوڵەتە کوردییەیە لە خەیاڵ و رۆژەڤی کوردی باشووردا بوونی هەیە، چون بەبێ نەوتی کەرکوک دەوڵەتی کوردستان ئیمکانی سەرپێکەوتنی نییە. لەبەرئەوەی زۆر روونە ئەم رەوشە ناهەموارەی عێراق و بە ئێرانکردن و بە شیعەکردنی عێراق، سەبری ئەیووبی کوردان دەپچڕێنێت، دوور بێت یان نزیک هەر دەبێت بیر لە پڕۆژەی دەوڵەت و سەربەخۆیی بکاتەوە، ئەوێ رۆژێ کەرکوک و نەوت دوو دارشەقن دێنە بن هەنگڵی کوردەوە.

(د.محەمەد نورەدین) پسپۆری کاروباری تورکیا لە لوبنان پێیوایە (کوردستان بەبێ کەرکوک وەک موسڵمانان وایە بەبێ کەعبە، یاخۆ فەلەستینە بە بێ قودس، کەرکوک ناوچە و پانتاییەکی دەوڵەمەندی نەوتە، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگ و راستەوخۆیە بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردستان لە داهاتوودا پشت بە داهات و خۆشگوزەرانی ببەستێت، بۆیە تورکیا دژ بە گەڕانەوەی کەرکوکە بۆ سەر کوردستان). لە هەمان کاتدا ناوەندی باڵادەستی سیاسیی تورکیا دەوڵەتی کوردیی بەیەکێک لە مەترسییەکانی سەر خۆی چاو لێدەکات کە لەداهاتوودا سەرباری ئەوەی دەبێتە هاندەرێک بۆ جوڵاندنی کوردی باکوور بۆ داواکردنی مافەکانیان دەشبێتە هۆی شەقبوونی تورکیا وەک ئەوەی ئەمێستا هەیە. (محەمەد عەلی بیراند) لە رۆژنامەی (حوڕییەت)دا ئەم پرسە زیاتر روون دەکاتەوە: (سەربەخۆیی باکووری عێراق و دەستگرتنی کورد

بەسەر نەوتی کەرکوکدا ئەگەرێکی پەسەند نەکراوە بە لای تورکیاوە، وا باوەڕ دەکرێت دامەزراندنی ناوەندێکی راکێشەر لە باکووری عێراق لە داهاتووی درێژخایەندا دەبێتە هۆی دابەشبوونی تورکیا). تورکیا بەهەر نرخێک بووە لە هەموو قۆناغەکاندا هەوڵدەدات بۆ زیاتر دابڕینی کەرکوک لە کوردستان، بەڵام جارێ نازانین چۆن کورد خۆ بۆ ئەم نەبەردە ئامادە دەکات؟ (کارەساتە وەک جاران بە پێ پلانی بچێتە مەیدانی نەبەردەکانەوە) بەرسڤەکە با بمێنێت بۆ پێشهاتەکانی دادێ.

**رۆڵی ئەمەریکا – بەریتانیا لە پیلانگێڕیی دژی ماددەی ١٤٠**

(مستەفا ئایدن) سەرۆکی ئەنیستیتۆی (تیپاڤ) لە میانی راپۆرتێکدا کە لەسەر عێراق ئامادەی کردووە تیشکی خستۆتە سەر ئەوەی ئەمەریکییەکان رێگرن لەبەردەم ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی لە کەرکوک و پێیوایە ئەگەر ئەمەریکا ئارەزووی بوایە ئەو کارەی دەکرد. بێگومان ئەمەریکییەکان رۆڵێکی نەرێنیان هەبوو، وەختی خۆیشی (پۆڵ هارڤی) لە کەرکوک پشتیوانی عەرەبی هاوردە و تورکمانە پەڕگیرەکانی دەکرد لە دژی کورد و کەمتەرخەمی نەدەنواند لە رێگریی دروستکردن بۆ لایەنی کوردیی و کارەکانی ماددەی ٥٨ قانوونی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە. هەموو ئەو ماوەیەی (پۆڵ بریمەر) حاکمی مەدەنی عێراق بوو سیاسەتی ئەمەریکی لە دژی بەرژەوەندیی کورد بوو لە شاری کەرکوکدا، یەکێک لە خراپترین پێشنیارەکانیشی ئەجێندای فیدراڵی پارێزگاکان بوو کە جگە لە ورد و خاشکردنی ماف و دەستکەوتە نەتەوەییەکانی کوردی باشوور، کورد بۆ هەتا هەتایی کەرکوکی لە کیس دەچوو هەروەک چۆن عەرەب لە پێشوودا (ئەندەلووس)ی لە کیس چوو. جیاوازییەکە تەنێ ئەوە دەبوو، ئەندەلووس لە چوارچێوەی غەزەواتی ئیسلامیدا بە عەرەبکرابوو، بەڵام کەرکوک لەوەتی هەیە کوردیی و کوردستانی بووە، ئێسک و پروسکی سەدان پشتی کورد لەو شارەدا

بووەتەوە بە خۆڵی نیشتمانی دایک.

ژەنەراڵی خانەنشین (راڵف پیتەرز) رەخنە لە سیاسەتەکانی (بریمەر) دەگرێت و دەڵێت: کەرکوک بە درێژایی مێژوو شارێکی کوردیی بووە، بەڵام ئەگەر پۆڵ بریمەر هێندە نەفام نەبوایە ئەوا چوار ساڵ پێش ئێستا گەڕابووەوە سەر کوردستان. پاشان راسپاردەکانی (بیکەر- هاملتۆن) کە لەلایەن دەوڵەتی ئەمەریکاوە بەرکەنار کران ئاوێنەیەکی تر بوون بۆ نیشاندانی هەڵوێستی نێگەتیڤی بەشێکی بەرچاوی سیاسەتمەدارانی ئەمەریکی سەبارەت بە کورد و پرسی کەرکوک. (عەبدولخالیق زەنگەنە) ئەندامی کوردی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رایدەگەیەنێ: ناوەڕۆکی راپۆرتی بیکەر- هاملتۆن ئاماژەیەکی ترسناک بوو بۆ بۆچوونی ئەمەریکا سەبارەت بە پرسی کەرکوک چوونکە لە دوای راپەڕینەوە ئێمە لەگەڵ ئەمەریکا باسی کەرکوکمان کردووە، کەرکوک ئازاد کرا ئەوان تەسلیمی حکوومەتی مەرکەزییان کردەوە!!، لەوکاتەوە گومانم لەوە هەیە ئەمەریکا بیەوێت کەرکوک بخرێتەوە سەر کوردستان. لە باری واقیعیشەوە، ئەمەریکا بە دیقەتدان لە بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیا و دەوڵەتانی عەرەبیی و ناوچەکە مامەڵە لەگەڵ خواستی کورد دەکات دەربارەی کەرکوک. سیاسەتی ئەمەریکا ئەوەیە هاوسەنگیی بپارێزێت لە ناوچەکەدا، هەرچەندە ئەم سیاسەتە لە بەرئەنجامدا بۆ خودی ئەمەریکاش سیاسەتێکی هەڵەیە و دووربینی و حیکمەتێکی تێدا نییە و ئایندەش ئەم راستییە روونتر دەکاتەوە.

دواتر ئەمەریکا هێدی هێدی بۆ رازیکردنی دڵی عەرەبی سووننە و هێندێک لە وڵاتانی عەرەبی هاوپەیمان و تورکیا ناچاربوو لەسەر حیسابی کورد و لە رێی موزایەدەکردن بە کەرکوکەوە پارسەنگی بارودۆخەکە رابگرێت، کەوابوو بێ هۆ نییە (زاڵمای خەلیزاد) کە وەک دۆستی کورد دەردەکەوت لەسەر هەمان نۆتەی تورکیا دەنگی بەرز کردەوە و رایگەیاند پێویستە کەرکوک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، ئەو لە مانگی نیسانی

رابردوودا داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد پرۆسەی ریفراندۆم لە شاری کەرکوک ئەنجام نەدریَ و کەرکوک بکریَتە کەنتۆنیَکی سەربەخۆ لە چوارچیَوەی عیَراقدا «برۆکسلی عیَراق». لە پیَش چەند مانگیشەوە هەریەک لە حکوومەتەکانی بەریتانیا و ئەمەریکا لە هەولَدان تاکوو لە ریَی گووشار و قەناعەتەوە پارتی و یەکیَتی رازی بکەن بۆ ئەوەی مل بدەن بە ویستی دواخستنی ماددەی ١٤٠ لە کۆتایی سالَی ٢٠٠٧دا. ئەم راستییە لە زاری (مەحمود محەمەد)ی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی (پ.د.ک)وە ئاشکرا کراوە وەک دەلَیَت (ئەمەریکا و بەریتانیا لە کاتی سەردانیان بۆ لای سەرۆک و مەکتەبی سیاسیی ئیَمە و یەکیَتی باسی ئەوەیان کردووە و پیَشنیاری ئەوەیان کردووە ماددەی ١٤٠ دوابخریَت). پیَدەچیَت هەر لەسەر هەمان داوای ئەمەریکا و بەریتانیا لایەنی کوردیی ناچار بووبیَت بە دواخستنی ماددەی ١٤٠ رازی بیَت!!، چوونکە ئەمرۆ ئەمەریکا رۆلَی سەرەکی دەگیَریَت لە شانۆی سیاسیی عیَراقدا، وەلیَ بەریتانیا کەنارگیر و کۆمبارس دەردەکەویَت بەلاَم لەحاست پرسە ستراتیژییەکاندا ئەگەر هیَندەی ئەمەریکا رۆلَ نەگیَریَت بیَگومان دەور و نەخشی لەو کەمتر نییە. تەنانەت بەریتانیا هیَشتا سوورە لەسەر ئەو نەخشە دیَرینەکەی سایکس بیکۆ بۆ ناوچەکە و بەهەر بەهایەک بووە پاریَزگاریی لیَدەکات.

هەرچەندە (ئەلیسن کەمپ)ی قونسولَی گشتیی بەریتانیا لە کوردستان رایدەگەیەنیَت (دەمەویَ باسی ماددەی ١٤٠ بکەم، ئەم ماددەیە زۆر هەستیارە بۆ گەلی کورد، رای حکوومەتی بەریتانیا نەگۆراوە و وەک خۆی ماوەتەوە، حکوومەتی بەریتانیا بە تەواوەتی پالَپشتی جیَبەجیَکردنی ماددەی ١٤٠ دەکات). ئەفسووس واقیع پیَچەوانەکەی پیَ نیشان داوین و بەریتانیا هەروەک ئەمەریکا دەستی هەیە لە دواخستنی ماددەکەدا و ئەمانیش نایانەویَ کەرکوک بگەریَتەوە سەر کوردستان چوونکە بەردی بناغەی دەولَەتی کوردیی پیَوە بەندە، لە وەختیَکدا ئەمەریکا– بەریتانیا برگەکانی ماددەی ١٤٠ پەکدەخەن جیا لەوەی خەونی دەولَەتی کوردیی

زیندە بەچاڵ دەکەن، دڵی دەوڵەتانی دراوسێشی پێ رازی دەکەن کە هەندێکیان (وەک تورکیا و شاکانی کەنداو) دۆستی لە مێژینەی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکان. (د.جەبار قادر) ئەکادیمی کورد لەوبارەوە پێیوایە (ئەمەریکا و بەریتانیا لەگەڵ ئەوەدانین کەرکوک بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەو هۆیانەی لە بیستەکاندا بەریتانیای هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە دژی دەوڵەتی کوردیی بێ و کەرکوک وەک بەشێک لە باشووری کوردستان دانەنرێت هێشتا لە ئارادان، ئەوان ئەو راستییە باش دەزانن گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیی بەهێز دەکات). بەریتانیا لە ئەمەریکا مکوڕترە لە مانەوەی ئەو دیزاینەی لە بیستەکانەوە خۆی ئەندازیاری بووە لە رەنگرێژکردنی رۆژهەڵاتی نێوین, دواجاریش بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکانی دەوڵەتی ئینگلیز لە مانەوەی هەمان ئەو نەخشە و دیزاینەی پێشووە.

خولاسە ئەمەریکا و بەریتانیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان و راگرتنی باڵانسی ناوچەکە وەک هەمیشە قوربانی بە کورد و خاکی کوردستان دەدەن، لەوانەیە ئەمجارە وەک پێشوو تاوانەکەی نەخرێتە ملی (هێنری کیسنجەر)ێکی تر بەڵکو تاوانباری راستەقینە سەرکردەکانی کوردن!، چوونکە لە دروستکردنی فشار و هونەری سیاسەتدا کۆڵەوار و دەستەپاچەن و پتر سەرقاڵی هەندێ پرسی لاوەکین و لە پەڕاوێزی پێشهات و رووداوەکاندا سیاسەت دەکەن، ئەم لەونە لەسیاسەت هەر ئەو ئەنجامەی لێدەکەوێتەوە و ئەمڕۆ سەری کەرکوک و ماددەی ١٤٠ دەخوات و دوور نییە سبەینێ هەولێر و سلێمانی بەهۆی ئەم تەرزە سیاسەتەوە نەنێینە بانی!!.

## دوا وێستگە

دوای چوار ساڵ و هەشت مانگی رەبەق بەسەر داڕوخانی بەعس

و گفتوگۆ و دانوستان و شەڕی کورد لەسەر کەرکوک و هەڵهێنجانی ماددەی (٥٨) و (١٤٠) هێشتا کەرکوک لەرەوشێکی نالەبار و ئاڵۆزدا دەژی و ئومێدەکانی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان رۆژ بە رۆژ کاڵتر دەبنەوە و بەرە و نائومێدیی رێچکە دەبەستن. رێگاکانی دەستخستنەوەی کەرکوک قورسن، قورسترن لە جەنگە درێژخایەن و خوێناوییەکانی کورد لە دژی دەوڵەتی داگیرکەری عێراق، هەتا قورسترن لە جاڕدانی دەوڵەتی کوردستان!. لێ ئەم ساتەوەختە حەزینە و ئەو کاتژمێرەی لەپێش دەستمانە پێمان دەڵێت کات تەواو بوو، کات تێپەڕی، هێشتا دیار نییە دوای درێژکردنەوەی شەش مانگی تری پێشنیارکراو بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ئەگەر ماددەکە دەستی دەستی پێکرا، کورد کام رێگا دەگرێتەبەر؟. (د.فوئاد مەعسوم) رایدەگەیەنێ: ئەگەر بێتو ماددەی ١٤٠ بە تەواوەتی جێبەجێنەکرا ئەوا ناچارین رێگەی تر بگرینە بەر!. بەڵام دکتۆر مەعسوم بە جوانی خاڵ لەسەر پیتەکان دانانێت بۆئەوەی بزانین ئەو رێگایانەی تر چین و ئەگەری ئەوە هەیە ئومێدیکیان لێ پەیدا بێت؟. ئەگەر رێگەکە رێگەی جەنگ بێت ئەوە دەرگای دۆزەخ دەکاتەوە و شارەکە تێکڕا دەکاتە کابووس (ئەم رێگایە تاکە رێگایە بۆ وەرگرتنەوەی کەرکوک) ئەگەر رێگەی دیپلۆماسی و گفتوگۆیە، چی وایکردووە لە ماوەی چوار ساڵی رەبەقدا کورد لە یاری دیپلۆماسی شکست بخوات؟ ئایا دیسان یاری دیپلۆماسی نابێتە یاری مار و پەیژە؟. یان وەک وتە کلاسیکی و میللییەکە دەڵێت کورد ئەوەی بە خوێن و رۆندک و ئازار بەدەستی دەهێنێت و لە جەنگدا مسۆگەری دەکات هەمیشە لەسەر مێزی گفتوگۆ دۆڕاندوویەتی و لە کیسی چووە!! ئایا ئەم جارەش کورد هەمان یاری دەکات؟.

*ئەم وتارە شیکارییە پێش یانزە ساڵ و لە ژمارە (٤٦)ی گۆڤاری (نێوەند) لە مانگی دیسامبەری ساڵی ٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.

## بەشی سێهەم
## دەستێوەردانی هەرێمیی لە کاروباری عێراق و ڕەنگدانەوەی لەسەر کورد

لەو ساتەوەختەوەی دەوڵەتێک بە ناوی عێراق لەسەر ئەتڵەس جێگەیەکی گرتووە، وڵاتانی ناوچەیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەبووە لەسەر کۆی ئەو ڕووداوە سیاسییانەی لەم وڵاتەدا سەریانهەڵداوە، ئەم کاریگەرییە لە سادەترین هاندانەوە دەستیپێکردووە تا پشتیوانیکردنی بزووتنەوە چەکدارە یاخیبووەکان لە چەندین قۆناغی جیاجیادا. هەموو ئەو ڕووداوانەی لە عێراقدا قەوماون و ئاڕاستەی سیاسیی و دەوڵەتدارییان گۆڕیوە بێ پاڵپشتی دەرەکی و ناوچەیی نەبوون، هەر لە کۆدێتای چواردەی گەلاوێژی ساڵی (١٩٥٨)ەوە بیگرە تا هاتنە سەرکاری بەعسییەکان و کۆتایی هاتنیان لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٣دا. وردتر تەشخیسی حاڵەتەکە بکەین، بەدەر لە وڵاتانی زلهێزی ڕۆژئاوایی و جیهانی، دەوڵەتانی نزیک و دراوسێش لە چەشنی تورکیا و ئێران و سوریا بەردەوام کارتێکردنیان لەسەر دۆخی هەڵکشاو و داکشاوی ناوخۆی عێراق هەبووە و لە هەندێک ماوەشدا بە فۆرمی ڕاستەوخۆ دەستێوەردانیان کردووە لە کاروبارەکانیدا، بۆ وێنە ئێران لە ساڵانی ١٩٦١-١٩٩١ (جگە لە یەک دوو ساڵی دوای نسکۆی ساڵی

١٩٧٥) یارمەتی راستەوخۆی جووڵانەوەی چەکداریی کوردی داوە لە دژی رژێمی عێراق، سوریاش هەر بە هەمان شێوە تا ئەو ئەندازەیەی پارتێکی بەهێزی وەک (ی.ن.ک) لەو وڵاتەوە یەکەمین مانیفێستۆی دروستبوونی خۆی بڵاودەکاتەوە و هەر بە چەکی ئەو وڵاتە مەفرەزە سەرەتاییەکانی چەکدار دەکات بۆ جەنگێکی نەبڕاوەی پارتیزانیی. دەستێوەردانی هەرێمی لە ماوەی ٨٥ ساڵی تەمەنی دەوڵەتی عێراقدا رووخسارێکی سیاسیی نامۆ نییە، تەنێ هەر ئەوەیە بە پێی لاوازیی و بەهێزیی دەوڵەتی لەسەر کاری عێراق گۆڕان بەسەر رێژە و قەبارەی دەستێوەردان و کارتێکردنی وڵاتانی دراوسێدا هاتووە.

حکایەتەکانی پارت دروستکردن لە عێراقدا لەلایەن دەزگای ساواکی پێشوو و ئیتلاعاتی هەنووکە و میتی تورکی و هەواڵگریی سوریاوە حکایەتێکی دوور و درێژە و لە چیرۆکی هەزار و یەک شەوە دەچێت و هێندەش وتراوەتەوە زانیارییەکە گەیشتۆتە لای منداڵان یان نەوەی تازە پێگەشتووش. بەڵام دەستێوەردان لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە هەموو سنوورێکی عەقڵانی و هەموو لۆژیکێکی سیاسیی تێپەڕاندووە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی عێراق سیادەی خۆی لە دەستداوە و دەسەڵاتێکی داگیرکەری نامۆ بە فەرهەنگی عێراق سەرکردایەتی وڵاتی وەئەستۆوە گرت. ئەم دەرفەتە زیاتر دەرگای خستە سەر پشت بۆ دەزگاکانی هەواڵگریی وڵاتانی هەرێمیی تا رۆڵیان هەبێت لە عێراقدا و لە رێگەی باند و پارت و دەستە و تاقمی جۆربەجۆرەوە مەرامە سیاسییەکانیان لەڕێی ململانێکردن لە بەستێنی عێراقدا مسۆگەر بکەن. هەر لە سەرەتاوە و بە پلەی یەکەم ئێران و سوریا هەوڵی دەستێوەردانیاندا، تورکیا و سعودیەش بە پلەیەکی دواتر کەوتنە خۆ ئامادەکردن بۆ خۆ هەڵقورتاندنە کاروباری ناوخۆی عێراق و راگرتنی باڵانسی سیاسیی و هێز لە رێگەی ئەو هاوکێشانەی لە ناو عێراقدا دەبێت هاوسەنگ بکرێنەوە.

ڕەنگبێ دەستێوەردانی ئەو وڵاتانە و یارمەتیدانی یاخیبووە چەکدارەکان لەلایەن ئەو دەوڵەتانەوە فاکتۆری هەرە سەرەکی ئەو خوێنبەربوونە سامناکە بێت لە لاشەی عێراق و فاکتۆری بنەڕەتیش بێت لە زیاتر بەهێزبوون و هورژمهێنانی ئەو بزووتنەوە ڕەگەزپەرست و تیرۆریستەی لە ژێر ناوی مقاوەمەدا خۆی بەیان دەکات، ڕووەکەی تری ئەم پرسەش ئەوەیە شەقام و ئاڕاستەی سیاسیی عێراق دابەشبووە بەسەر ئەجیندای وڵاتانی دراوسێ و هەر لایەنێکی سیاسیی کاریکتەرێکە ئەدای بەرژەوەندیی و سیاسەتی دەوڵەتێکی ناوچەیی دەکات وەک لەوەی خۆی جووڵانەوەیەکی سیاسیی سەربەخۆ و خاوەن بڕیاری خۆی بێت. بە گشتیی لەوەتی عێراق هەیە هیچ کات هێندەی ئەمڕۆ جادەی عێراقی نەبووەتە مەیدانی تەراتێنی دەزگا هەواڵگرییە بیانییەکان و هێندەش دەستی دەرەکی ئاوەڵا نەبووە لە وێرانکردنی وڵاتەکەیدا، چوون بەدەر لەو قەیرانە مرۆییەی لە ڕێی کوشت و بڕەوە دروست بووە، کۆچ لە عێراقدا گەیشتۆتە ڕاددەی سیحر و کولتووری وڵات وێران کراوە و ژێرخانی ئابووری هەڵتەکێنراوە، کتێبخانەکان سووتێنران، زانکۆکان پەکیان کەوتووە، فەرمانگە دەوڵەتییەکان و مۆزەخانەکان تالان کراون، هەرچی شوێنەواری عێراق هەیە هەر لە سۆمەرییەکانەوە تا دەگاتە چاخە تازەکان هەموو دزراون، بەم هۆکارەش گەڕاندنەوەی عێراق بۆ دۆخی پێش جەنگ دەکاتە ئەرکێکی قورس، قورستر و سەرکێشانەتر لە دۆزینەوی ئەمەریکا لەلایەن دەریاوانی چەلەنگ (کریستۆڤەر کۆلۆمبۆس).

## ئێران

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ئێران هیچ کات بە تایبەتی لە دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بە دواوە بێ ڕۆڵ نەبووە لەسەر بارودۆخی سیاسیی و ئابووری لە عێراقدا. لەگەڵ هاتنە سەرکاری

کۆماری ئیسلامی ئێران و هەڵگیرسانی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق- ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨)، ئێران پەرۆشانەتر لە جاران بیری لە رۆڵی خۆی کردەوە لە عێراقدا بە تایبەتی کاتێک عێراق وەک نەیارێکی سەر سەخت بەرەو رووی دەوەستێتەوە، یارمەتیدانی بزووتنەوەی چەکداریی کورد بە درێژایی دەیەی هەشتا و نەوەدەکان و دروستکردن و بەهێزکردنی ئۆپۆزیسیۆنی شیعە مەزهەب لە خـواررووی عێراق دەچـنـە نـاو چـێوەی هـەمـان ئـەو ئەجیندایەی ئـێـران لـەمـەڕ عێراق هەیبوو. لە قۆناغەکانی دواتریشدا کاراتر لە قەبارەی دەستێوەردانی عێراقی لە کاروباری ناوخۆی ئێراندا، ئێران بەردەوام چەندان کارتی بەدەستەوە بووە بۆ دەستێوەردان لە عێراقدا یان هەر هیچ نەبێت بۆ کێشە خولْقاندن بۆ رژێمی بەعس و سەدام حسێن. لەگەڵ ئەوەی ئەو شانۆییەی لە ٢٠٠٣/٤/٩دا لە ناوجەرگەی بەغدادی پایتەختی عێراقدا نمایشکرا، مەرگی دوژمنێکی لە مێژینە و ترسناکی ئێران بوو، بەڵام ئێران جیا لەوەش ویستی رۆڵی هەبێت لەسەر لەنوێ دارشتنەوەی عێراق تا دەسەڵاتێک لەم وڵاتەدا بێتەسەر شانۆی سیاسیی لانیکەم دۆستی ئێران بێت و تـاران لە پەنایدا هەست بەدڵنیایی و ئارامیی بکات، لە هەمان کاتدا رۆڵی ئەمەریکا لە عێراق و دروستکردنەوەی دەوڵـەت و دامـەزراوە عێراقییەکاندا لاواز بکات. ئێران جگە لەوەی دۆستە دێرینەکانی (جەعفەری- مالیکی) یەک لە دوای سەرۆکایەتی عێراق بەدەستەوە دەگـرن، هێشتا بەشێوەی جیاواز بـەردەوامـە لە هاریکارییکردنی بزووتنەوە توندڕەوە شیعەکان بە تایبەتی باڵی سەدر بە سەرۆکایەتی موقتەدا سەدر، کە دەکرێت بڵێین ئەم بزووتنەوەیە نوێنەر و پارێزگاری شێلگیری بەرژەوەندییەکانی ئێرانە لە عێراقدا.

پێش چوار مانگ سەرچاوەیەکی ئاگادار کە نەیویستووە ناوی خۆی ئاشکرا بکات لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات چەندین کەسایەتی ئاینیی غەیرە عێراقی دەستیان هەیە لە پێکهێنان

و دروستکردنی چەندین گروپی ئاینیی توندڕەو لە باشووری عێراق و هاوکاریی داراییان دەکەن و چەک و تەقەمەنیان بۆ ڕەوانە دەکەن و بیری نەخوازراویان لەنێواندا بڵاو دەکەنەوە. سەرچاوەکە دەڵێت: گروپە ئاینییە توندڕەوە شیعە مەزهەبەکان لەلایەن کەسایەتییە ئاینییەکانی دەرەوەی عێراقەوە هاندەدرێن، بەمەبەستی نانەوەی پشێویی لەناو عێراقدا بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسیی هەرەس بهێنێت و شەڕی مەزهەبی و تائیفی لە نێوان پێکهاتە جیاجیاکانی عێراقدا بەرپابێت. چەندان بەڵگەی دروست لە بەردەستی (CIA) و هێزەکانی هاوپەیماناندان دەربارەی قەبارەی یارمەتیدانی یاخیبووە چەکدارەکانی ناو عێراق لەلایەن ئێرانەوە، تا ئەوەی لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا (٢٠٠٧) ڕۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)ی ئەمەریکی ڕاپۆرتێکی گرنگی بڵاوکردەوە لە ژێر تایتڵی (یارمەتییەکانی ئێران بۆ چالاکییە کوشندەکانی ناو عێراق)، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە: ئێران ئامێری تەقینەوەی TNT و ڕۆکێت و جۆرەها چەکی تر دەداتە عێراقییە یاخیبووەکان بۆ کوشتن و بریندارکردنی سەربازەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانەکانی لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور.

هەر لەو ڕاپۆرتەدا جەخت کراوەتەوە لەسەر ئەوەی: ڕۆکێتی (میساق ١)ی ئێرانی کە لەسەر شان دژ بە فڕۆکە دەتەقێنرێت، دوای هەوڵێکی سەرنەگرتوو بۆ خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەک لە فڕۆکەخانەی بەغداد لە ساڵی ٢٠٠٤دا دۆزرایەوە، هەروەها خستنی شەش هلیکۆپتەری ئەمەریکیی لە ماوەی سێ هەفتەی ڕابردوودا دەریدەخەن ئێران چەند ڕۆکێتی دژە ئاسمانی سەرشانی داوەتە یاخیبووە عێراقییەکان و لەم هێرشانەدا بەکارهاتوون. ئامانجی ئێران جیا لە خەونی فراوانخوازیی و سەپاندنی هەژموونی شیعەگەریی بەسەر عێراقدا، لێدانیشە لە پێگەی ئەمەریکا، چوونکە ئەمڕۆ ئێران لەبەردەم گەلەکۆمەکییەکی نێودەوڵەتیدایە بە ڕێبەریی ئەمەریکا

ئەویش بەهۆی سووربوون لەسەر سیاسەتی پیتاندنی یۆرانیۆم. ئەم دۆزەش وەهای لە ئەمەریکا کردووە بە پێی پلانێکی دوورماوە بیر لە گۆڕینی رژێم لە ئێران بکاتەوە هەروەک پێشتر لە عێراقدا دەستی بۆ برد. نووسەر و پسپۆڕ لە کاروباری خۆرهەلاتی ناوەڕاست (تەلاڵ عتریشی) دەنووسێت «سیاسەتی ئێرانی لە عێراق بەو مەبەستەیە نەیەلێت ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەست بە ئارامی و ئاسایش بکات». نووسەر درێژەی دەداتێ و دەنووسێت «ئێران هەوڵ دەدات حکوومەتێکی عێراقی سەر بە ئەمەریکا نەیەتە ئاراوە و پشتگیریی لە حکوومەتێکی عێراقی دەکات کە دژایەتی تاران نەکات». بگرە زیاتر لەوەش هەولّی دامەزراندنی دەوڵەتێک دەدات لە عێراق لە تارانەوە رێنوێنی بکرێت. وەک خۆیشم پێموایە هەموو ئاڕاستەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن تاران دەیەوێت، نەک ئەوەی واشنتۆن نەخشەی بۆ داڕشتووە!.

ئێران لە رێی بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە عێراقدا و هاوکات بە قورمیشکردنی چەند هێزێکی وەک سەدر و مالیکی و هەندێ لایەنی تری شیعەی توندئاژۆ، ئەو سەرچاوەیە وشک دەکات کە کانی ئومێدی ئەمەریکایە تا عێراق بکاتە بنکەیەکی سەربازیی بۆ لەشکرکێشییەکانی داهاتووی یان هەر هیچ نەبێ بۆ لەباربردنی خەونی ئەمەریکا لەمەڕ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عێراقی کە بەئیحای ئەو نەیاریی لەگەڵ ئێران بکات. لە رەهەندێکی تریشەوە، ئێران وەرەقەی ئەمنی عێراقی کردۆتە مەرجێک بەسەر ئەمەریکاوە بەو پێیەی دەتوانێت ئەرکی سەرشانی ئەمەریکا سووک بکات لە هێورکردنەوەی بارگرژیی و ناجێگیریی ئاسایشی عێراق، بۆیە هێرشکردنە سەر ئێران بە هەموو مانایەک زیاتر شێواندنی دۆخی عێراقە و بەنزینێکە لە هەموو لایەکەوە ئاگری جەنگی تیرۆری تیرۆریستە دەمامکدار و دیار و نادیارەکان جۆش دەدات. لەم رووەوە رۆژنامەی (رسالت)ی ئێرانی لە رۆژی ٢٠٠٧/٣/١٤ لەسەر وەختی کۆنگرەی ئەمنیی بەغدادا دەنووسێت «جۆرج بوش

چەند پەیامێکی لە ڕێی زاڵمای خەلیلزاد و دایڤید ساتەرفیڵدی گەورە ڕاوێژکاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە هەواڵە کرد، بەو مانایەی ئەمەریکا پێویستی بە ئێران هەیە، لە دەمە دەمی دەستپێکردنی کۆنگرەی بەغدادیشدا زاڵمای خەلیلزاد ئەوەی ئاشکرا کرد ئەمەریکا خوازیاری دەستپێکردنی دایەلۆگێکی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ ئێراندا». ئەمەش ئەو ئەڵماسە گرانبەهایە ئێران دەیخواست، لە بری پلانی ئەمەریکا بۆ دەستگرتن بەسەر ئێراندا، کار بەوە گەشتووە ئەمەریکاییەکان بیر لە هەماهەنگی لەگەڵ ئێران بکەنەوە هیچ نەبێت لە عێراقدا.

هەر لەو پێویستییەی ئەمەریکا و تەنگژەی سوپاکەیەوە بوو، ئێران زیاتر پێداگریی کرد و بە ڕوونی داوای کرد بیر لە کشانەوەی هێزە بیانییەکان بکرێتەوە و بەپێی جەدوەلێکی ئاشکرا شێوازی پاشەکشەیان دیاری بکرێت. ئەم ورە بەرزییە (عەباس ئەرکەشی) جێگری وەزیری دەرەوەی ئێرانی گەیاندە متمانەیەک لە ڕۆژی ٢٠٠٧/٣/١٠ لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە بەغداد و بە ئامادەبوونی باڵیۆزی ٦١ وڵاتی دراوسێ و ناوچەکە و جیهان، لە میانەی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا بڵێت: ئێستا پێویستمان بە داڕشتنی خشتەیەکی زەمەنییە بۆ کشانەوەی هێزە بیانییەکان، چوونکە مانەوەی هێزە بیانییەکان یارمەتیدەر نییە بۆ چەسپاندنی ئارامیی و ئاسایش لە عێراقدا!. لەگەڵ ئەوەشدا بە توندیی ئەوەشی ڕەت کردەوە ئێران دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەربدات لە ژێر هەر پاساوێکدا. ئیدی دەستێوەردانی ئێران لە عێراقدا بە ئەندازە و قەبارەیەکە کە وڵاتانی عەرەبی سوننە ترسیان لێنیشتووە، هەر بۆیە لە کاتی دیمانەیەکی هاوبەشی تەلەفزیۆنی جەزیرەدا لەگەڵ ئایەتوڵڵا عەلی ئەکبەر ڕەفسەنجانی و دکتۆر یوسف قەرەزاوی، سەرۆکی زانایانی ئاینی سوننە. (قەرەزاوی) ڕووی دەمی کردە ڕەفسەنجانی و وتی «مەرجەعەکانی شیعە لە ئێران کلیلی چارەسەری بارودۆخی عێراقیان

لە دەستە». ئێران بە سیاسەتێکی وردبینانە و نەرمەبڕانە توانی لە عێراقدا ببێتە دیفاکتۆ تا لە قۆڵێکی ترەوە ئەمەریکا ناچار بکات لەگەڵیدا بێتە سەرمێزی گفتوگۆ. عێراق ئەو یانسیبە بوو ئێران توانی بیباتەوە و دەستێکی تر ئامادە بکات بۆ یارییەکانی داهاتوو لەگەڵ ئەمەریکا و کۆی رۆژئاواییەکان، بەو پێیەی ئەوەی روودەدات پێماندەڵێت رۆژ بە رۆژ دەسەڵاتی ئێران لە عێراقدا زیاد دەکات.

## سوریا

لێ سوریا سەرسەختترین دوژمنی ستراتیژیی سەدام حسێن و هاوپەیمانی ستراتیژیکی ئێران بوو، وڵاتەکەشی لانەی بەرهەڵستکارانی کورد و عەرەبی ئەو رژێمە بوو بۆ ماوەیەکی ئێجگار دوور و درێژ، بەڵام روخانی رژێمی بەعس نەک خۆشحاڵی نەکرد، بەڵکو زەنگێکی مەترسی بۆ لێدا کە ئەویش لەسەر لێواری تیاچوونە و ئەمەریکا خستوویەتییە رۆژڤەوە بۆ ئاڵوگۆڕی سیستمی دەسەڵات تیایدا. دەوڵەتی عەرەبی سوریا بە باشی لە نیەتی ئەمەریکا گەیشت، لەوەی عێراق خاڵی سەرەتا و کۆتایی لەشکرکێشی و لێدانە سەربازییەکانی نابێت، بەڵکو لیستێکی دوور و درێژ لە دەوڵەت و رێکخراو لە پلاتفۆرمدا دانراون بۆ تەفروتوناکردنیان، لەوانەش دەوڵەتی سوریا. سوریاش دوو خاڵی لاوازی داوەتە دەستی نەیارەکانی، یەکەمیان بریتییە لە سەرکوتی سیاسیی و پەیڕەوکردنی حکومی دیکتاتۆریی و تۆتالیتاریی و گوشینی ماف و ئازادییەکانی جەماوەر و ستەمکاریی لە بەرامبەر کورد و سووننە و قۆرخکردنی دەسەڵاتی سیاسیی بەشێوەی بۆماوەیی. دووەمیان تێوەگلانی دەوڵەت و دەزگای هەواڵگریی سوریایە لە دۆزی تیرۆرکردنی رەفیق حەریری سەرۆکی پێشووی لوبنان، کە بەشێکی زۆری دیکۆمێنتەکان دەریدەخەن سوریا لەو کردەوەیدا بێ رۆڵ نەبووە، بەڵکو پلاندانەری سەرەکی بووە یان هاوکارێکی باشی

ئێران و حزبوڵا بووە لە پرۆسەی کوشتنی حەریریدا.

لە بەرامبەردا سوریا بە دەستوەردانە کاروباری عێراق و خولقاندنی کێشە و گرفت بۆ هێزەکانی ئەمەریکا دەیەوێت ئاگرە سوورە لە خۆی دوور بخاتەوە و ئەگەری دەستبردن بۆ گۆڕینی سیستم و دەسەڵاتی سیاسیی لە وڵاتەکەیدا بکاتە موستەحیل و کاری نەکردە. وێڕای ئازادکردنی سنوورەکانی لەگەڵ عێراق کە لەوێوە شانە تیرۆریستییەکان و خۆ تەقێنەرەوە ناعێراقییەکان دێنە ژوورەوە، بەڵگەی سەلمێنراو لە بەردەستدان نیشانی دەدەن هەواڵگریی سوریا بەشدارە لە مەشقپێکردنی دەیان تۆڕ و یەکەی تیرۆریستی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق بە تایبەتی لە دەوروبەری شارەکانی موسڵ و رومادی. هەر ئەو بەڵگانە هێما دەکەن بۆ هەبوونی چەندان حەشارگەی تیرۆریستان لە نێو خاکی سوریادا، لە هەموو ئەمانەش بترازێ ئەو دەوڵەتە لە رێی هەندێ دامودەزگای تایبەتەوە لە هەوڵی دروستکردنی چەندان حزبی کۆپی و کارتۆنیدایە تا لە کردەی سیاسیی عێراقدا رۆڵ بگێڕن بە ئاراستەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی. لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێت بڵێین سەرنجی سەرەکی هەواڵگریی سوریا لەسەر خۆتەقێنەرەوە و گروپە چەکدارە یاخیبووەکانە ئەویش لە رێی پەیداکردنی چەک و تەقەمەنی و شێوازەکانی مەشق و پەلاماردان و دەستیشانکردنی ئامانجە گرنگ و بایەخدارەکان بۆیان. بەمە بە پلەی یەکەم تەرکیزی ئەمەریکا لەسەر سووریا کەم دەکاتەوە، بە پلەی دووەمیش یارمەتی ئێران دەدات بۆ هێنانەدی ئەجیندای دەستبەراگرتنی عێراق و دەرپەڕاندنی هێزەکانی هاوپەیمانان.

نووسەری ئەمەریکی (کیت کرین) لە راپۆرتێکدا بە ناوی (پێنج هەنگاو بۆ کۆتایی هێنان بە یاخیبوون لە عێراق) ئاماژە دەکات بۆ (ئەو میلیشیا و گروپە یاخیبووانەی عێراقیان گۆڕی بۆ شانۆیەکی نائارام و پڕ ئاژاوە، ناتوانن هەروا بەردەوام بن لە چالاکییەکانیان بە بێ

دەستەبەرکردنی تەمویلێکی بەردەوام بۆ خۆیان، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر جۆرج بوش سەرۆکی ئەمەریکا کە دەیەوێت ستراتیژێکی نوێی پتەوتر لە عێراقدا پیادە بکات مەسەلەی سنووردانان بۆ هەڵقوولانی دارایـی بۆ ئـەو گروپانە بکاتە یەکێک لـە ئەولەویاتی پلانەکەی). دواتر نووسەر راپۆرتەکەی بەم پەرەگرافە قفڵ دەکات «ئەگەر بێتو ئامرازەکانی فیشەک و بۆمب شکستیان هێنا لە پرۆسەی لە ناوبردنی یاخیبووەکان و ئەندامانی میلیشیا چەکدارەکاندا، بـەڵام لانیکەم وەستاندن و وشککردنی دارایی و پارەکان لە گیرفانیاندا باشترین ئامرازە بۆ لەناوبردنیان». شتێکی شاراوەش نییە سوریا یەکێک لەو دەوڵەتانەیە سەرچاوەیەکی نایابی دارایی و لۆجیستی ئەو گروپانەیە، بەبێ هەبوونی ئەم دەوڵەتە لە تەنیشتی عێراقدا دەکرا تیرۆر و کاری تێکدەرانە لە نیواونیو زیاتر لەوەی ئێستا هەیە کەمتر بوایە. بێ لەوەش وڵاتانی دەوروبـەر لە رێی بازرگانیکردن و ئاڵوگۆڕی کاڵاوە لەگەڵ میلیشیا چەکدارەکان یارمەتییەکی باشی مانەوەیان دەدەن، بە تایبەت ئەو میلیشیایانەی نزیک بە دەسەڵاتی سیاسیی عێراقن و لە هەمان کاتدا بەشێکن لە پرۆسەی توندوتیژیی سیاسیی و مەزهەبیی.

کیت کرین دەنووسێت (بەدەر لە یارمەتی حکوومەت بۆ میلیشیاکان لە رێگەی کار و پۆستەکانەوە، سەرچاوەی دووەمی یارمەتیدانیان لە رێگەی ئاودیوکرن و فرۆشتنی سووتەمەنییەوە دەست دەکەوێت. کاتێک لە دەرەوەی عێراق دەیفرۆشن و ملیۆنان دۆلار بۆ میلیشیاکان دەستەبەر دەکـات). ئـەوەی لەم بازرگانییەدا لەگەڵ میلیشیاکان بە پلەی یەکەم دێت کۆماری ئیسلامی ئێرانە، پاشانیش سوریا و تورکیا. قەبارە و بارستایی دەستێوەردانەکە هەرچی چۆنێک بێت هێندەی ئەوە گرنگ نییە، ئەمڕۆ سوریا ژێدەرێکی ترسناکی خوڵقاندنی پشێویی و نائارامییەکانی ناو عێراقە و لە چەندان کەناڵ و دەروازەی جیاجیاوە داخڵی عێراق بووە و لەسەر ساحەی ئەو جەنگێکی دۆڕاوی ناپیرۆز کە

تەنێ هاووڵاتیان و عێراقییەکان تیایدا زیانبارن بەڕێوە دەبات. تا نهۆش لە میحوەری عێراقەوە گوشارێکی جیدی لەسەر سوریا نەبووە بۆ ئەوەی ناچار بکرێت سنوورەکانی توند و تۆڵ بکات و مقەست بدات لە داوی پەیوەندییەکانی بە گروپە نەخوازراوە چەکدارەکانی ناو عێراقەوە، بە پێچەوانەوە ئەمەریکا لە قۆلێکی ترەوە مەیدانی بەربەرەکانی لەگەڵ کردۆتەوە، ئەویش قۆڵی لوبنانە کە دوای ناچارکردنی سوپاکەی بە کشانەوە لەو وڵاتە، تاوانباریشی کردووە بە تیرۆرکردنی رەفیق حەریری و هاندانی گروپە یاخیبووەکانی ناو لوبنان و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئەو وڵاتە. راستە سوریا لەلای لوبنانەوە قۆڵی براوە و رەگوڕیشەی دەرهێنراوە، بەڵام قۆڵەکەی تری لە عێراقدایە و خەریکە رەگ دادەکوتێت.

## تورکیا

بە هۆی پشکداریی نەکردن لە پرۆسەی روخانی رژێمی بەعس و رێگریی دروستکردن لە بەردەم بەکارهێنانی ئاسمانی وڵاتەکەیان لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە لە جەنگی دژە عێراق، تورکیا کەنارگیر کراوە لە بڕیاردان لەمەڕ چارەنووسی عێراق و هیچ کاریگەرییەکی جیدی و بەرچاویشی نەبووە لە عەمەلیەی سیاسیی سەرلەنوێ دارشتنەوەی عێراقدا. تا وەختێک ئاوڕی دایەوە دوژمنە لە مێژینەکەی (کورد) لە چڵەپۆپەی دەسەڵاتدایە و ئەکتیڤانە لە گێرمە و کێشە و ململانێکانی عێراقی هەنووکەدا دەرکەوتووە. تورکیا چەندان جار هەوڵیدا لە رێی بەکارهێنانی کارتی (PKK)ەوە بەشێوەی راستەوخۆ لەشکرکێشی بکاتە سەر خاکی باشوور، ئەم کارتە تا ئەم چرکەساتەش بەدەستییەوەیەتی و دەیەوێت لەلایەن ئەمەریکاوە گڵۆپی سەوزی ئۆکەی بۆ هەڵبکرێت و مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە چۆن لە شەوێکدا (قوبرس)ی داگیرکرد کوردستانیش داگیر بکات!!. بەڵام تا

به ئەمڕۆ دەگات ئەمەریکا ئەو مافەی بە تورکیا نەداوە بۆ ئەنجامدانی کارێکی لەو بابەتە، چون ئەو لەشکرکێشییە لەلایەک هەڵکوتانە سەر ئەمەریکایە بە دەلیلی ئەوەی دەسەڵاتی داگیرکەرە و وڵات لە دەستی ئەودایە، لەلایەکی ترەوە تێکدانی ئەو برە ئاسایشەیە لە باشووری کوردستان هەیە کە وەک دورگەیەکی ئارامی لێهاتووە بۆ ئەرتەش و هێزەکانی هاوپەیمانان و جێبەجێکردنی هەندێ ئەجێندای خۆیان تیایدا.

پاشتر تورکیا لە رێی پاساوی ستەمکردن لە تورکمانەکان لە کەرکوک و بە بیانووی لەمپەردانان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردیی لە باکووری عێراقدا، چەندان هەوڵی سەرنەکەوتووی دا، بۆ قایلکردنی کۆشکی سپی تا لەشکرکێشی بکات، خۆشبەختانە هەموو هەوڵەکان ناکام مانەوە و هیچ هیوایەکیان بۆ تورکیا لێ سەوز نەبوو. تاکە میکانیزمێک بەدەستییەوە مابێتەوە هەندێ لایەنی وەک بەرەی تورکمانییە، ئەویش بە هاندانیان بۆ کۆسپ و تەگەرە دروستکردن لە بەردەم جێبەجێکردنی برگەکانی ماددەی سەد و چل، بە تایبەتیی لە قووڵایی شاری کەرکوکدا. نووسەری تورک (سەمیح ئیدیز) دەنووسێت (بەهۆی یەدەگە نەوتییە زۆر و زەوەندەکەیەوە کەرکوک هەمیشە خاڵی ململانێی نێودەوڵەتی بووە، هەروەک رابردوو دووبارە کەرکوک لە سایەی ترس و توندوتیژیدا دەژی). یەکێک لە نزیکترین ئەو وڵاتانەی چاوی لە نەوتی کەرکوک بڕیوە تورکیایە، هەر بۆیە لە رێی وروژاندنی هەستی تورکمان و شێواندنی زیاتری باری دیمۆگرافی کەرکوک و چەواشەکردنی رای گشتیی جیهانیی، باری گۆڕاوی شارەکە وەک خۆی دەهێڵێتەوە و رێگریی دروست دەکات بۆ گەڕانەوەی بۆ ناو جوگرافیا رەسەنەکەی کە کوردستانە، ئەمەش ئەو ستراتیژەیە تورکیا چەندان پلانی بۆی هەیە و دەیان کۆنگرەی لە وڵاتەکەیدا بۆ بەستووە و دەیەوێت زۆرترین عێراقی لە دەور کۆبکاتەوە. هەرچەند هەوڵەکانی تورکیا هێندەی ئێران کاریگەر نەبووە، بە حوکمی ئەوەی کارتی دەستی

تورکیا کە تورکمانە کەمینەیە لە عێراقدا، هەرچی کارتی ئێرانیشە کە شیعەیە زۆرینەی رەهان و لە نیوەی زیاتر دانیشتووانی وڵاتەکەی تێپەڕاندووە، بەڵام هێشتاش ناکرێت حیساب لەسەر دەستێوەردانەکانی تورکیا نەکرێت یان بەهەند وەرنەگیرێت.

رەهەندێکی تری دەستێوەردانی تورکیا، هاریکارییکردنە لەگەڵ هەندێ لە جاشە کوردەکانی باشوور و برێک لایەنی سووننە و شیعەی رەگەزپەرست بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش لە دژی دەوڵەتی نوێی عێراق و خواستی فیدراڵیزمی کوردەکان و ماددەی سەد و چل. هەر لە خۆڕا نییە دوای متبوون و چوونە قاوغەکەی خۆیەوە جارێکی تر جاشی مێژوویی (ئەرشەد زێباری) سەر دەردەهێنێتەوە!!، ئەمجارە وەک سەرۆکی پارتێکی بەکرێگیراو کە ئامانجی دژایەتیکردنی ماددەی سەد و چل و فیدراڵیزمە. دووبارە ئەمە بەڵگەیەکی ئاشکرا و شەفافە بۆ سەلماندنی دەستێوەردانی وڵاتانی هەرێمیی لە کاروباری عێراق و کوردستاندا بە دیاریکراویی لە پرسەکانی گرێدراو بە چارەنووسی شاری کەرکوکەوە. تورکیا بە هەموو جۆر و لە هەر رێگەیەکەوە دەستبدات بۆی دەستوەردەداتە کاروباری عێراقەوە، ئامانجی ئەو جیایە لە ئامانجی ئێران و سوریا چون لەبەردەم تەهدیدی گۆڕان و رووخاندا نییە، بە قەدەر ئەوەی خەونی لەباربردنی هەر نیمچە دەسەڵاتێکی کوردیی هەیە چوونکە هەر رێنیسانس و سەرهەڵدانەوەیەکی کورد لە باشوور بە سەرەتایەکی مەترسیدار دەزانێت لەسەر خۆی بەو پێیەی هانی کوردەکانی باکووریش دەدات لە دژی دەوڵەت، لە هەمان کاتدا پاڵپشتێکی ماددیی و مەعنەویی دەبێت بۆیان لە خەباتەکەیاندا بۆ رزگاریی کوردستان و دەرهێنانی لە ژێر چەپۆکی کەمالیزم و تۆرانیزم.

## وڵاتانی عەرەبی (سوونە)

لە بەرامبەر دەستێوەردانی سوریا و ئێران وەک دوو دەوڵەتی شیعە، دەوڵەتانی عەرەبی سوونە کاردانەوەیان هەبووە و هەوڵیانداوە رەنگدانەوەیان لەسەر دۆزی سیاسیی و واقیعی ئەمڕۆی عێراق هەبێت. لە ریزی پێشەوەی ئەم وڵاتانە هەریەک لە عەرەبستانی سعودی و میسر و ئوردون و قەتەر هەن. ئەم دەوڵەتانە ترسیان لێنیشتووە لەوەی یەک پارچەیی خاکی عێراق لەبەردەم هەڕەشە و ترازاندایە و ئەگەری پارچە پارچەبوونی لە هەر ئەگەرێکی تر بەهێزتر و نزیکترە، ئەوان لە رێی دەستگیرۆییکردن و یارمەتیدانی عەرەبی سوونەی لەسەر کار لابـراوەوە خـوازیـارن زامنی یەکپارچەیی خاکەکەی و ناسنامەی عەرەبێتی عێراق بکەن!. (بۆبی غوش) دەنووسێت: وڵاتە عەرەبییەکان ترسی ئەوەیان هەیە کۆماری ئیسلامی ئێران ببێتە سەرەکیترین دەسـەڵاتـداری ناوچەکە، سـەبـارەت بەمەش چەندین جار بەرپرسانی عەرەبستانی سعودیە و میسر و قەتەر و ئوردون رەخنەیان لە بەرپرسانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گرتووە لە بەرامبەر بێدەنگی و هەڵوێست وەرنەگرتن سەبارەت بە فراوانبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدا.

لە ساڵی ٢٠٠٤ شا عەبدوڵڵای پادشای ئوردون هۆشداریی توندی دا بە بەرپرسانی کۆشکی سپی لە مەترسی پەیدابوونی ئیمپراتۆریەتێکی شیعە کە ئێران و عێراق و سوریا و لوبنان بگرێتەوە. ئەمە یەکەمین لێدانی زەنگی مەترسیی دروستبوونی هیلالە شیعییەکە بوو لەلایەن سەرۆکێکی عەرەبی سوونەوە. حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسریش ساڵی ٢٠٠٦ رایگەیاند (شیعەکانی عێراق ئەوەندەی خۆشەویستیان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە، ئەوەندە خۆشەویستیان بۆ وڵاتی خۆیان نییە کە عێراقە). بەم جۆرە وڵاتانی عەرەبی سوونە لە ترسی دروستبوونی هەژموونێکی بەهێزی شیعیی و هاتنە کایەی ئەوەی

پێی دەوترێ (نیوە مانگی شیعیی) لە ناوچەکەدا بە هەموو هێز و توانایەکیانەوە پشتگیریی عەرەبە سوونەکانی عێراق دەکەن وەک ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی ئیمپراتۆریای شیعە و پارێزگار لە دیدی عروبە و شوناسی عەرەبێتی دەوڵەتی عێراق. تەنانەت سعودیە کە خەون بە سەرکردایەتیکردنی دنیای عەرەبیی و سیاسەتی جیهانی عەرەبەوە دەبینێت لە هەوڵی زیاتردایە و دەیەوێت لە ناوخۆی خودی ئێراندا مەدی سوونی بجولێنێت (وەک جولاندیشی)، بەڵام ترسی لە پەرچەکرداری ئێرانە لە هەژاندنی ناوخۆی سعودیە لەڕێی ئەو ژمارەگەلە زۆرەی شیعەی وڵاتەکەیەوە، ئەمەش سەرئێشەیەکی نەبڕاوە و ژانێکی ئەبەدیی بۆ عەرەبستانی سعودیە دەهێنێتە ئارا.

هەر بۆیە تا ئێستا عێراق مێزی دەست شکاندنەوە و قوماریان بووە و مەیدانی ناکۆکیی و کێشمەکێشەکانیان نەگواستۆتەوە بۆ ناوخۆی وڵاتەکانیان. هەر لەو میانەیەدا ئەم وڵاتانە بەردەوام سەرقاڵی سازدانی کۆنگرە و کۆنفرانسی جۆر بەجۆرن سەبارەت بە عێراق و چارەسەرکردنی دۆخی ناهەمواری ئاسایش، بەڵام لە واقیعدا ئامانجی هیچکامیان وەستاندنی نەزیفی خوێنی عێراق نییە، بەڵکو ئەو کۆنفرانسانە تەنێ دەرفەتێک بوونە بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی بەرژەوەندییەکانیان لە عێراقدا و ئامادەکردنی ڕێوشوێن بۆ پارێزگاریلێکردنی. هەروەک نووسەری عەرەب (غەسسان ئیمام) دەنووسێت (تراژیدیای عێراق هیچ چارەسەرێکی نییە لە ناوخۆی عێراق خۆیدا نەبێت، هەرچییەکی تر بکرێت دواخستنی چارەسەر و درێژەدانە بە ململانێکان و درۆ گۆڕینەوەیە لە ناوەوە و دەرەوەی کۆنگرەکاندا). گۆڕەپانی عێراق بووە بە مەیدانی دەستێوەردانی وڵاتانی ناوچەکە و جێگەی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە قووڵەکانی هەریەک لەو دەوڵەتە هەرێمییانە، ترسناکترین دیمەنیش ئەوەیە شەترەنجی عێراق شەترەنجێکە بۆ شەڕی مەزهەبیی و مێژوویی نێوان وڵاتانی شیعە و سوونە.

## هەڵوێستی ئەمەریکا

ئەندریۆ باسیڤیچ لە (The Nation)دا دەنووسێت: هەموو سیاسەتمەدارێکی ئەمەریکی بەردەوام ئەم پرسیارە لە خۆی دەکات (ئایا نەخشەی ئێمە لە عێراقدا چییە؟)! هۆکاری ئەم پرسیارەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شکستانەی لە نێو عێراقدا بەدی دەکرێن، لەو ساتەوەی عێراق ئازاد کراوە سەقامگیریی بەخۆوە نەدیوە، رۆژانە بەردەوام تەقینەوە روودەدات، هەر پلان و نەخشەیەک پەیڕەو دەکرێت دەرئەنجامێکی نێگەتیڤتری دەبێت. ئەمەریکا لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و قەڵاچۆکردنیان و جێگیرکردنی ئەمنییەت بە بنبەست گەیشتووە و هەموو پلانەکانی یەک لە دوای یەک شکستیان هێنا و نەیتوانی کەمترین سەرکەوتن مسۆگەر بکات، تەنانەت جەنگی عێراق و ئەو بارە نەخوازراوەی لە بەغداد و شارەکانی تردا بوونی هەیە، نارەزایەتییەکی توندی لە ئاستی جیهانیدا لە دژی ئەمەریکا دروستکردووە تا ئەو سنوورەی بزووتنەوەی ئەنتی ئەمەریکایی لە بەهێزترین وەرزی تەمەنیدایە. ئاژانسی هەواڵی (فرانس پرێس) لەو بوارەدا و لە بارەی نیگەرانییەکانی وڵاتانی دنیا لەمەڕ رۆڵی پۆلیسی جیهانیی ئەمەریکا راپۆرتێکی ئامادە کردووە، راپۆرتەکە هێما دەکات بۆ وتەی (کریستۆفەر وتینی)  بەڕێوەبەری توێژینەوەکان لە ئەنجوومەنی شیکاگۆ بۆ کاروباری نێودەوڵەتی، لەمەڕ راپرسییەک کە ١٨ وڵاتی گرتۆتەوە (ئارەزوویەکی ئاشکرا و روون هەیە سەبارەت بە هەڵوێستی زۆر نێگەتیڤ و بەرجەستە بوو بەرامبەر بە ئەمەریکا بە هۆی شێوازی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی). لە بارودۆخێکی لەو جۆرەدا ئەمەریکا کام رێگا دەگرێتە بەر؟ ئایا پلانی نوێی چییە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی عێرق؟ چۆن مامەڵە لەگەڵ دەستێوەردانی هەرێمیی دەکات؟ ئایا سیاسەتی توندوتیژ و زەبروزەنگ ئامێز دەگرێتە بەر یان گفتوگۆ و فۆرمی ئاشتیانە؟.

ئەوەی لە رەوشی عێراقدا بەدی دەکرێت پێچەوانەی روانینەکەی

کۆلۆنێل (سام گاردینێر)ی کۆنە ئەفسەری هێزی ئاسمانی ئەمەریکا نیشان دەدات، کە پێیوایە عێراق و تەنگژە قورسەکانی ڕێگر نین لەبەردەم هێرشکردنە سەر ئێران، سەرقاڵبوونی ئەمەریکا بە مانای وازهێنان لە ئێران نایەت. هەموو ئاماژە و سەرەداوەکان دەڵێن ئەمەریکا خوازیارە لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ئێران و سوریا گفتوگۆ بکات بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێکی چارەسەر بۆ دۆخی عێراق و ناجێگیریی ئارامیی و ئاسایش بە دیاریکراویی لە بەغدادی پایتەختدا. دانیاڵ سیرۆیەر لە ڕۆژنامەی لیبراسیۆنی فەڕەنسیدا دەنووسێت «وێڕای نکۆڵیکردنی کۆشکی سپی لەگرتنەبەری هیچ سیاسەتێکی نوێ بەرامبەر سوریا و ئێران، بەڵام لەڕاستیدا سیاسەتی پێشووی خۆی دەستکاریی کردووە و دانوستانێکی چەند قۆڵەی لەگەڵ ئەو دوو وڵاتەدا دەستپێکردووە، دەیەوێ چیدی ئێران و سوریا کۆسپ نەخەنە بەردەم کارەکەی لە عێراقدا..».

لەلایەکی تریشەوە (ئانی ڤیلادمێرتی) لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆستدا ئاماژە دەکات بە وتەی کۆندالیزا رایسی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە بارەی سازشکردن لەگەڵ ئێران و سوریا و لە زاری ئەوەوە دەنووسێت (ئیدارەی سەرۆک بوش خوازیارە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردەی ئێران و سوریا بکات سەبارەت بە سەقامگیرکردنی بارودۆخی ئاسایش لە عێراق). ڤیلادمێرتی جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە پسپۆڕانی ئەمەریکیی پێداگریی لە بارەی پێویستی دانوستان لەگەڵ ئەو دوو وڵاتەدا دەکەن لەمەڕ فایلی ئەمنیی لە عێراقدا. لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی ئەمەریکا ئامادەیە سازش لەگەڵ ئێران و سوریا بکات، بەڵام لە بەرامبەر چی و ئەو دوو دەوڵەتە بە چ مەرجێک هاوکاریی دەکەن؟ هەڵبەتە لای خۆیانەوە هەر لایەکیان مەرجیان هەیە، بەڵام ئاخۆ ئەو مەرجانە لەسەر حیسابی کێ بن؟ ئایا گۆزەکە لەسەری کام لایەن و کام پێکهاتەی عێراقیدا دەشکێت؟. کارەساتەکەش لێرەوە دەست پێدەکات، ئەمەریکا نەک هەر ناتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو دوو وڵاتە بکات،

بەڵکو ئامادەیە نەرمی بنوێنێت لەگەڵیان بۆ ئەوەی یارمەتی سەرکەوتنی بدەن لە تەنگژەی عێراقدا، ئەو تەنگژە قورسەی لە دوای ڤێتنامەوە نە بەخۆیەوە دیوە و نە لەوانەشە قەت جارێکی تر بەخۆیەوە ببینێت.

## دۆزی کورد

دەستێوەردانی هەرێمیی و کارتێکردنی وڵاتانی ناوچەکە لە دۆخی عێراق، زۆرترین رەنگدانەوەی هەبووە لە فۆرمۆڵەکردنی عێراق بە شێوەیەکی تر، جیاوازتر لەو شێوەیەی ئەمەریکا بە تاکلایەنە بڕیاری لەسەر دابوو. بەکارهێنانی کارتی ئاسایش لەلایەن سوریا و ئێرانەوە و دوورخستنەوەی تەوەری شەڕ لە دەوڵەتەکانیان نەک پاراستنی لە هەڕەشە و مەترسی داڕووخان بگرە ئەمەریکاشی ناچار بە دانوستان و گفتوگۆ کردووە لەگەڵیان. بێگومان لە حاڵەتێکی لەو شێوەیەدا ئەمەریکا لە هەندێ داواکاریی خۆی دێتە خوارەوە و بەدیفاکتۆ هەندێ سازش دەکات کە رەنگە لە دژی پێکهاتەیەک یان چەند پێکهاتەیەکی ناو عێراق بێت. لێ دەستێوەردانی هەرێمی نەیتوانی باری جێگیری ئاسایش لە کوردستان بشڵەقێنێت «چوونکە ئامانجی نەبوو» بەڵام لە رووی سیاسییەوە کورد یەکێک لەو پێکهاتانەیە باجی ئەو دەستێوەردانانە دەدات. رەنگە گرنگترین باج دواکەوتنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بێت، تەنانەت دەنگۆی ئەوە هەیە ئەمەریکییەکان داوایان لە (جەلال تاڵەبانی) سەرۆک کۆماری عێراق کردبێت بۆ دواخستنی ئەو ماددەیە بە تایبەت لە شاری کەرکوک، ئەمە دیسان بەڵگەیەکە لە مەڕ رۆڵی دەوڵەتانی هەرێمیی لەسەر بڕیارە نوێیەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانان. کورد کە بەهرەمەند نییە لە هاوکاریی هیچ دەوڵەتێکی دراوسێ و بنە و بارگەی لە هیچ کام لە وڵاتانی هەرێمیی نەخستووە، قوربانی سەرەکی ئەو دەستێوەردانانە بووە و دەبێت. لەلایەکی ترەوە پێداچوونەوە بە بڕگەکانی دەستووری عێراق و هەمواركردنی چەند بڕگەیەکی نوێ کە

مافەکانی کوردی پێدەگۆڕێت بۆ بێ مافیی، بەڵگەیەکی تر و ئاوێنەیەکە پێمان نیشان دەدات ئەگەر بە دەستێک ماف بدرێت بە کورد لە عێراقدا سەدان دەست ئامادە کراوە بۆ لێسەندنەوەی.

کورد زەرەرمەندترین پێکهاتەی عێراقە و دواجار سەنگەرەکەی بەسەردا دەڕوخێت، شیعەکان بە پاڵپشتی ئێران و بە هۆکاری زۆرینەی دانیشتوان حاکمی جاویدانی عێراقن، سوونەکان بە هاوکاریی وڵاتانی عەرەبی و هێزی خۆتەقێنەرەوەکان بوونەتە ئەمری واقیع و ئەمەریکییەکانیشیان ناچار بە دانوستان و سازش کردووە. لەو نێوەندەدا کورد بە تەنیا و بێ هیچ دۆست و پاڵپشتێک، بە دوای عەشقێکی وەهمی و تاکلایەنەی ئەمەریکادا را دەکات!!، ئەو ئەمەریکایەی لە راسپاردەکانی بیکەر- هاملتۆنەوە یەکەم زەنگی پشتێکردنی بۆ لێدا و ئەمڕۆش خەریکە بە بەرچاوی هەموو دونیاوە ئەوەی دوێنێ بە خوێن و رەنج بە دەستی هێناوە لە بەرداشی سازشەکانیدا دەیهاڕێت و لەناوی دەبات. کورد تاکە پێکهاتەیە بە قورسیی باجی ئەم دەستێوەردانانە دەدات لە ئایندەدا. هەر لێرەوە جێی خۆیەتی ئاماژە بکەم، بۆ ئەوەی جگە لە کورد کەمینەکان بە هۆی بارودۆخی ناجێگیریی عێراق و نەبوونی پشت و پەنای دەرەکییەوە لە توانەوەدان و خەریکە لە هەموولایەکەوە تیا دەچن.

بە پێی راپۆرتی رێکخراوی مافی کەمینە نێودەوڵەتییەکان لە ساڵی ٢٠٠٧دا، کەمینەکانی نێو عێراق بەرەو لە ناوچوون دەچن، وەک مەندائییەکان کە پێش ساڵی ٢٠٠٣، ژمارەیان (٣٠٠٠٠) کەس بووە، بەڵام ئێستا لە (١٣٠٠٠) کەس کەمترن، جولەکەکان پێش ساڵی (٢٠٠٣) سەدان کەس بوون، بەڵام ئێستا تەنها پێنج کەسیان لە عێراق ماونەتەوە، پەنابەرە فەلەستینییەکان ئەوانیش پێش ساڵی ٢٠٠٣ ژمارەیان (٣٥٠٠٠) کەس بوو، ئێستا لە (١٥٠٠٠) کەس کەمترن. بەشار ئەلسەبتی وتەبێژی ئەنجوومەنی کەمینەکانی عێراق دەڵێت «گەورەترین مەترسی مەندائییەکان ئەوەیە رووبەڕووی نەمان دەبنەوە». ئەمڕۆ لە

دوای کوشتنی دوعای کچە ئێزدییەوە پەلاماردانی ئێزدییەکانیشی وەک بەشێک لە نەتەوەی کوردی هاتۆتە سەر، بۆیە عێراقی نوێ، عێراقی زلهێز و خاوەن دەسەڵاتە لە بن نەهاتووەکانە، ئەوانەی دەسەڵاتەکانیان پشت ئەستوورە بەهێزی دەرەکی و ناوچەیی. کورد هیچ کەسی لە پشت نییە!، وا بزانم ئەوەندە تاوان و رەفتاری نەشیاومان ئەنجامداوە چیاکانیش پشتیان تێکردووین و چیتر دۆستمان نەماون.

## چارەسەر چییە؟

ئەرکی ئەم نووسینە نییە وەڵام بە پرسیاری چارەسەر چییە بداتەوە؟ بەڵام هیچکات دیواری ئەعزەمییەی چەقی شاری بەغداد کە شارەکەی دوولەت کردووە چارەسەر نییە، بەڵکو هەڵچنینی شورەیەک (مەبەستم دیوارێکی مەعنەوییە نەک دیواری چین) پێویستە بە چوار دەوری عێراقدا، بۆئەوەی لە پێش هەر کارێکەوە بەرەنگاریی سنوور بەزاندن ببێتەوە و پارێزگاریی لە سەروەریی خاکی عێراق بکات. لەگەڵ ئەوەشدا تا عێراق بەم جۆرە و بەم جوگرافیا دەستکرد و داسەپاوەوە بمێنێتەوە، کورد وتەنی (تا ئەم بایە لەو کونەوە بێت) دەستێوەردانی هەرێمیی و نێودەوڵەتی لە عێراقدا هەر دەمێنێت. شیعەیەکی عێراقی ئەوەندەی ئینتیمای بۆ شیعەگەریی و ئێران هەیە چارەگی ئەوە عێراقی نییە، کورد دوای هەشتا ساڵ بە عێراقیکردن و کۆمەڵکوژیی تا نهۆ بۆ چرکە ساتێکیش لە قەناعەتەوە خۆی بە عێراقی نەزانیوە و نازانێت. دابەشکردنی عێراق بۆ سەر سێ دەوڵەت، کێشەکان لە بناغەوە چارەسەر دەکات و دەبێتە فاکتۆرێک بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی لە سەرجەم ناوچەکەدا.

ماکس ج. بووت نووسەر و توێژەری سیاسیی ئەمەریکی لە رۆژنامەی (لۆس ئەنجلۆس تایمز)دا دەنووسێت «زۆر کەس ئێستا دژی دووبارەکردنەوەی ئەزموونی یۆگسلاڤیایە لە عێراق، واتە عێراق

دابەشبکرێت بۆ سێ دەوڵەتی سەربەخۆی سنوور جیاواز و سەروەرێتی سەربەخۆ و هاوبەش لە کۆمەڵێک مەسەلە کە تایبەتمەندێتی جیۆپۆلۆتیکی عێراق دەیسەپێنێت، بیرمان نەچێت لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووش هەمان بەرهەڵستکاریی بۆ بیرۆکەی دابەشکردنی یۆگسلاڤیا دەکرا و دەبینرا، بەڵام دواجار هەموو لایەک بەو قەناعەتە گەیشتن لە وڵاتێکی پێکهاتە جیاواز کە بنەمای پێکەوە لکاندنیان بە یەکەوە ئارەزوومەندانە نەبووە، دابەشکردن و سەربەخۆبوونی هەر نەتەوەیەک لە پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە باشترین چارەسەرە بۆ سەقامگیربوون و پێشکەوتن، ئەم چارەسەرە بە رای من لەگەڵ چارتی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا دێتەوە، بەو پێیەی سەرەکیترین ئامانجی بریتییە لە دەستەبەرکردن و پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان».

کورد بە زۆری زۆرداریـی کراوە بە عێراقی بۆچی باجی عێراق بدات؟ بۆچی بە ئاگری شەڕی سوونە و شیعە بسووتێت؟ بۆچی باجی هەڵەکانی سەدام و جەعفەری و مالیکی و کێ و کێ بدات؟. شیعەیەکی خـوارووی عێراق و زۆنگاوەکان چی دەیبەستێتەوە بە شاخەکانی کوردستانەوە؟ کوردێکی کۆچەریی کوێستانشین چی بە بیابانە کاکی بەکاکییەکانی عەرەبستانەوە گرێی دەدات؟ جامانە و عەگال، شاڵ و دشداشە، خورما و گوێز، کەوی کوردستان و هوشتری بیابان چی بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە؟ جگە لە درۆ و وەهمی عێراقی داسەپاو نەبێت !! باشترین چارەسەر و کارسازترین هەنگاو بۆ دەرچوون لەم قەیرانەی ئەمڕۆی عێراق دابەشکردنێتی بۆ سەر سێ وڵات، ئاخر دەزانن ئەزموونی تاڵی یۆگسلاڤیا وامان پێدەڵێت؟!.

*ئەم وتارە شیکارییە پێش یانزە ساڵ بە دوو بەش لە ژمارەکانی (٢٢٨-٢٢٩)ی رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە رۆژەکانی ١٧-٦/١٨/ ٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.

## بەشی چوارەم
## ئەمەریکا لە زەلکاوی عێراقدا
## ئایا ئەمەریکا لە عێراق سەرکەوتوو بووە؟

**(ئێمە دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەو عێراقەدا بکەین کە هەمانە، نەک عێراقێک ئارەزووومان دەکرد هەمانبوایە. عێراقی هەنووکەیی: عێراقێکی وێران، پڕ لە شەڕ و پێکدادانە، ئەگەر نەڵێین تووشی شەڕی ناوخۆیی بووە، لە راستیدا بەرەو ئەو ئاقارە دەڕوات).**

هیلاری کلینتۆن

لە کاتی ئامادەکاریی و خۆسازدان بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بۆ سەر عێراق، کاربەدەستانی باڵای دەوڵەتی ئەمەریکا لەسەرووی هەموویانەوە جۆرج بوش باسیان لە بونیادنانی عێراقێکی نوێی دیموکراتی و لیبرال دەکرد، عێراقێک ببێتە نموونەیەک بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پیادەکردنی دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە. زۆربەی میدیاکانی سەر بەدەوڵەتی ئەمەریکا و گرێدراو بە هاوپەیمانەکانی لە تەواوی دنیادا مژدەی عێراقێکی نوێیان بە گوێدا دەدایـن، عێراقێک سەد و هەشتا پلە جیاواز لە عێراقی سەردەمی حکوومەتی دیکتاتۆریی و دەسەڵاتی

ملهوڕانەی سەدام حسێن. لە باری عەمەلیشەوە زۆربەی عێراقییەکان چاویان لە پاشەڕۆژ و ئاسۆیەکی روون بڕیبوو، ئایندەیەک پەردە لەسەر شانۆی گۆڕی بە کۆمەڵ و کاسەسەر و تـاوان و هاڕین دابداتەوە. عێراقیێک هەموو هاوولاتییەکانی هەست بە ئارامی و دڵنیایی بکەن و تیایدا بحەسێنەوە، بەڵام لە دوای سێ ساڵی و نیو تێپەڕین بەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، کاتی ئەوە هاتووە بارودۆخی عێراق هەڵبسەنگێنین و پرسیار بکەین، ئایا ئەمەریکا و ئەجیندای کۆشکی سپی لە عێراق سەرکەوتوو بووە؟. پرسیارێکی ئاسانە، بەڵام وەڵامدانـەوەی کارێکی قورس و فرە زەحمەتە، بۆیە پێویستمان بە شرۆڤەکارییەکی ورد و بەدیقەتانە هەیە تاکوو بتوانین وەڵامێکی واقیعی و دروست و زانستی و دوور لە روانگەی ئایدلۆجیی و هەستەکی و سۆزدارییانە بەو پرسیارە بدەینەوە.

ئەگەر برێک واقیعیبینانە سەیری ئەو رووداوانە بکەین لە عێراقدا روو دەدەن، ئەوەی ئەمڕۆ لەم وڵاتەدا بەڕێوە دەچێت لە خۆیدا جەنگێکی رانەگەیەندراوی تائیفی و نێوخۆییە. ئەو جەنگەی ریشەیەکی قووڵتری هەیە لە دیرۆکی عێراقدا، ئەویش جەنگی نێوان هەردوو ئاینزای شیعە و سوونەیە. لە ماوەی هەشتا ساڵی رابردووی دەسەڵاتی سوونەدا لە ریی سەرکوت و توندوتیژییەوە هەموو جیاوازییەکان لە عێراقدا کپ کرابوونەوە و لە چوارچێوەی یەک ئیدۆلۆژیدا لە قاڵب درابوون. ساتێک دوای هەرەسی بەعس، دەرگا بە رووی جیاوازییەکانی ناو عێراقدا دەکرێتەوە لە یەکەمین بەریەککەوتن و کاردانەوەدا جیاوازییەکان بە رووی یەکتردا دەتەقنەوە، هەر بۆیە ململانێ و ناکۆکییە تەقیوەکەی ئەمڕۆی نێوان شیعە و سوونە دەرئەنجامێکی نەخوازراو و گەلێک خوێناویی لێکەوتۆتەوە. هەر ئەمڕۆ لە عێراقدا دەیـان کەس بگرە زیاتریش دەبنە قوربانی ئەم ناکۆکی و جەنگە مەزهەبییە. هەزارانی تریش بێ ماڵ و حاڵ و سەرگەردان و ئاوارە و دەربەدەر دەبن. لە

راستیشدا ئەو سەقامگیرییەی پێشتر لە سەردەمی بەعسدا هەبوو ئەمڕۆ ئەویش لە کیس چووە!!، لێ سەقامگیرییەکەی بەعس لە ژێر قامچی و دارکوتەکدا بوو، بەڵام هێشتا لە رووی چەندایەتییەوە ژمارەی زیان لێکەوتووان و قوربانیان تا رادەیەک کەمتر بوو. ئەوەی هەنووکە لە گۆڕەپانی عێراقدا لە تیرۆر تەقاندنەوە و لاشەی کوژراو و شێوێنراو دەبینرێ زۆربەی هەرە زۆریان قوربانیانی ناکۆکی مەزهەبین نەک بەرئەنجامی کردەوە بێ بەزەییەکانی جەمسەری تیرۆری جیهانی لە عێراقدا. پێم باشە بۆ پاڵپشتی دەربڕینەکانی سەرەوە لێرەدا سەرنجتان بۆ هەندێک داتا و ئاماری بایەخدار و راپۆرتی رۆژنامەنووسان و گۆشەنیگای سیاسەتمەداران لەمەڕ جەنگی نێوخۆیی راکێشم.

نووسەری لیبرالی عەرەب (عەدنان حسەین) دەنووسێت (بەپێی سەرژمێرییەکانی سەرچاوە فەرمییە عێراقییەکان و سەرچاوەکانی هێزی هاوپەیمانان، رۆژانە ١٠٠ عێراقی دەبنە قوربانی ئەو جەنگە ناوخۆییە تایفییەی لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا بەڕێوە دەچێت، ئەم قوربانیانەش هەروەک هەمان ئەو سەرژمێرییانە دووپاتی دەکەنەوە، زۆرینەی زۆریان خەڵکی سڤیلن و ژمارەیەکی زۆریشیان منداڵ و ئافرەت و بە تەمەنەکانن). ئەمە جگە لەوەی رۆژانە چوار تا پێنج سەربازی مارینزی ئەمەریکی دەکوژرێن و تێکڕای کوژراوەکانی سوپای ئەمەریکاش لە سەرەتای پرۆسەکەوە گەیشتۆتە نزیکەی سێ هەزار سەرباز!، بۆیە بەلای بەشێکی زۆری چاودێرانی سیاسییەوە خەریکە عێراق بۆ ئەمەریکا دەبێتە چاڵێکی هاوشێوەی ڤێتنام، چوونکە ئەمەریکاییەکان لەو قەناعەتەدا نەبوون رووبەڕووی ئەم سەختگیرییە ببنەوە لە عێراقدا و بەو جۆرە گیر بخۆن بە دەست وڵاتێکی پڕ ئاشووب و گێچەڵی وەک عێراقەوە. بەشێکی تر لە سەرچاوەکانی ئاگادار لە رەوشی عێراق ژمارە قوربانییە عێراقییەکانی ئەم سێ ساڵ و نیوە بە نزیکی سێ چارەگە ملیۆن دەخەمڵێنن. (سابرینا تاڤێرنیس)

لە رۆژنامەی «نیویۆرک تایمز»دا دەنوسێت (تیمێک لە توێژەرانی تەندروستی عێراقی و ئەمەریکی، ژمارەی کوژراوە عێراقییەکان بە ٦٠٠ هەزار هاووڵاتی دەخەملێنن!، لە دەرەنجامی بارگرژیی بارودۆخی عێراق لە میانەی داگیرکردنی لەلایەن ئەمەریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣. بەپێی راپۆرتی نەخۆشخانەکانی حکوومەتی عێراقی تەنیا لە ماوەی مانگی تەمموزی ئەمساڵدا ١٥ هەزار کەس بوونەتە قوربانی کە زۆرترین رێژەی قوربانییە، جۆن هۆپ کینز لە خوێندنگای تەندروستی گشتیی بەم لێکۆڵینەوەیە هەڵساوە، ئەویش لەبەر لە نزیکەوە سەرنجدانی بارودۆخەکە و تۆمارکردنی کوژراوەکان، چوونکە رۆژانە چەندین توندوتیژیی روودەدات و ژمارەیەکی بەرفرە هاووڵاتی دەبنە قوربانی). ئەمەش وایکردووە دیمەنی مەرگئامێزی عێراقییەکان ببێتە هەواڵی یەکەم تێکڕای میدیا جیهانییەکان.

هەر لەمبارەیەوە و دەربارەی قەبارەی رووداوە خوێناوییەکانی عێراق، ماڵپەڕی (ئەلعەرەب ئۆنلاین) لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، دەنووسێت (سەرچاوە نێودەوڵەتییەکان لە دواهەمین سەرژمێریدا رایانگەیاندووە کە زیاتر لە ٦٥٠٠ عێراقی تەنیا لە دوو مانگی تەمموز و ئابی رابردوودا کوژراون!!!. بەمەش بناغەی جەنگێکی نێوخۆیی درێژخایەنی داناوە کە مەودا تایفییەکە رۆڵێکی گەورەی تێدا دەبینێ). (ئەلوەتەنی سعودی) لەسەر هەمان پرس و ئاستی چۆنایەتی و چەندایەتی بارگرژییەکانی عێراق بڵاویکردەوە (هەر یەک کەس لەنێوان چل عێراقیدا، لە دەستپێکردنی داگیرکاریی ئەمەریکیی لە ئازاری ٢٠٠٣ەوە گیانی لە دەستداوە، واتە نزیکەی لە سەدا دوو و نیوی سەرجەمی دانیشتوانی وڵات. ئەمەش واتای ئەوەیە مەرگ لە دەرگای ماڵی گشت عێراقییەکی داوە، بە ماڵی ئەو گەورە بەرپرسانەشەوە کە حوکمی عێراقی ئەمڕۆ دەکەن. ئەوە هەمووی بە پێی تازەترین توێژینەوەیە کە پزیشکەکانی جۆن هۆبکینز و کۆلێژی پزیشکی زانکۆی موستەنسرییەی عێراق بە

هاوکاریی پەیمانگای ماساشوسیش، ئەنجامیان داوە). ئەو ئامار و ژمارانەی لە ناوەندە جیهانییەکانی لێکۆڵینەوە و شیکاریی ستراتیژیی بڵاو دەکرێنەوە دەربارەی کوشتار و لەناوچوونی هاووڵاتیانی عێراقی، بە راددەیەکی وەها تۆقێنەر و خەیاڵییە، بووەتە جێگەی شۆکێکی گەورە لەسەر ئاستی جیهان و سیاسەتی نێودەوڵەتی، بەو پێیەی ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراقدا دەگوزەرێ لە خوێنڕێژیی و کوشتن لە دەرەوەی هەموو پێشبینی و چاوەڕوانییەکاندا بوو.

رۆژنامەنووسانی بیانیی و چاودێرانی بواری ئەمنیی عێراق رۆژانە هەواڵی دۆزینەوەی ئەو تەرمە کوژراوە نەناسراوانە رادەگەیەنن کە دوای دەستبەسەرکردنیان بە دەست و قاچی بەستراوەوە گوللەباران کراون و لە کەناری شارەکان بە کۆمەڵ و تاک تاک فڕێدراون. ئەم حاڵەتە نەک حاڵەتێکی شازە بەڵکو دیاردەیەکی هەمەرۆژەی شارەکانی بەغداد و دیالە و موسڵ و رومادی و کەرکوکن. رۆژنامەنووسی پسپۆر لە کاروباری رۆژهەڵاتی نێوین (ریچارد ئینگل) زۆرترین ماوە لە عێراقدا ماوەتەوە دەربارەی ئەو دیمەنە سامناکانەی کوشتن و سەربڕین کە بەچاوی خۆی دیویێتی بە تایبەت لە شاری بەغداد، دەنووسێت (شتێکی قێزەون بوو، سەدان تەرمم بینی، تەرمی بۆگەنکردوو، تەرمگەلێک لە گۆڕی قووڵایی کەمدا نێژرابوون، جارێک سەگێکم بینی کەللەسەری مرۆڤێکی بە دەمەوە بوو، بۆنی تەرم دەکەیت، خەڵک دەبینیت هەست بە تووڕەیی دەکەن، ئەو کەسانەشی دەکوژرێن کەسە زۆر بە تەمەنەکانن، یان زۆر هەژارەکان یاخۆ منداڵ و زۆر لاوازن، بە جۆرێک ناتوانن وڵات بەجێبهێڵن).

زۆر بەڵگەش هەن تێوەگلانی وەزیر و کاربەدەستانی حکوومی لە جەنگی نێوخۆیدا دەسەلمێنن، تەنانەت دیکۆمێنت لەبەردەستدایە لەسەر تێوەگلانی خودی وەزیری تەندروستی عێراق لە جەنگی تایفی!، لەمبارەیەوە رۆژنامەنووس (لارا لۆگان) هەواڵنێری کەناڵی (CBS)

راپۆرتێكی سەیر و سەمەرەی لەسەر وەزیری تەندروستی ئامادە كردووە كە ئەو وەزیرە بە پشتیوانی مەلای بونیادگەر (موقتەدا سەدر) شیعەگەرێتی دەكات، راپۆرتەكە دەڵێت (دكتۆری نەخۆشخانەكان لە بەغداد و كەربەلا بە بەرنامەیەكی داڕێژراو، نەخۆشە سوونەكان دەكوژن و لاشەكانیان دەخەنە ناو گۆڕی بە كۆمەڵەوە). جا ئەگەر ئەمە مامەڵەی وەزیری تەندروستی بێت وەك كار هەڵسوڕێنەری وەزارەتێكی خزمەتگوزاریی و كاروباری مرۆیی، ئەوە لەوە مەپرسە وەزیری ناوخۆ و بەرگریی و سەرۆكی دەزگا سوپاییەكان و هەواڵگریی و نیزامییەكان چۆن مامەڵە دەكەن؟ ئەی دەبێت كۆنە ژەنەراڵ و تازە ئەفسەری راهاتوو لەسەر توندوتیژیی چۆن بەرپەرچی نەیارەكانیان بدەنەوە؟. دەبینین ئەمڕۆ عێراق لە قەیرانێكی قووڵدا دەژی، جەنگی تایفی هەموو سنوور و پێوەرێكی جەنگ و ململانێی بەزاندووە، لەوەش عەنتیكەتر ئەوەیە ئەمڕۆ لە شارەكانی بەغداد و رومادی و دیالە خەڵكان لەسەر ناسنامە و ناو دەكوژرێن گوایە ناوەكانیان تەعبیر لە مەزهەبێكی دیاریكراو دەكات. دەیان بەڵگەی سەلمێنراو و راپۆرتی رۆژنامەنووسی لە بەردەستدان هێما بۆ ئەو جۆرە لە كوشتن و تیرۆر دەكەن لەسەر ناسنامە و ناو.

رۆژنامەنووسێكی بیانیی راپۆرتێكی لەسەر كوشتن لەسەر ناو ئامادەكردووە، راپۆرتەكە لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی (ئیلاف) بڵاوكراوەتەوە و دەڵێت (لە رێی وتووێژەكانەوە بۆم دەركەوت هەندێ ناو و نازناوی دیاریكراو هەیە خاوەنەكانیان رووبەڕووی مەترسی دەكاتەوە، ئەمەش لە هیچەوە نەهاتووە. بەڵكو چەندین حاڵەتی كوشتن و فڕاندن لەسەر ناسنامە یان ناو لە زۆربەی ناوچە بارگرژەكاندا روویداوە، بۆ نموونە هەڵگری ناوەكانی وەك: حسەین، عەلی، عەبدولزەهرە، عەبدولحسەین و نازناوەكانی وەك: ئەلموسەوی، ئەلدەڕاجی، ئەلئەسەدی، شیعە مەزهەبن بە پێچەوانەشەوە هەڵگری ناوەكانی وەك: عوسمان عەلی،

ئەبوبەکر، نازناوەکانی وەک: ئەلمەشهەدانی، ئەلکعێدی، ئەلزەبەعی. نازناوی سووننە مەزهەبن و لە هەندێک شوێن داواکراون). هەر ئەو سەرچاوەیە باسی ئەوە دەکات زۆربەی عێراقییەکان ناچاربوون دوو ناسنامە هەڵبگرن، بۆیە دەڵێت، (ژمارەیەک لە عێراقییەکان ناچاری بەکارهێنانی دوو پێناسن، تا لە ناوچە بارگرژەکاندا هەریەکەیان بە پێی ئەو تایەفەی لەو ناوچەیەدا دەژی بەکاریبهێنێت). ئەمەش دەرخەری تاڵترین واقعییەت و چڵەپۆپەی توندوتیژیی مەزهەبییە لە عێراقدا.

هەر لەبارەی کێشەی ناو نازناوەوە، نووسەری عەرەبی عێراقی (محەمەد بەغدادی) دەنووسێت (چوینەتەوە ناو دەردێکی دیکەوە کە لە مێژووی عێراقدا بەم قەبارەیە نەبینراوە، ئەویش بریتییە لە تایفەگەریی، گەنجەکانمان گشت رۆژێک لەسەر ناسنامە دەکوژرێن، لە هەواڵەکاندا جگە لە هەواڵی دۆزینەوەی دەیان تەرمی بێ ناسنامە لە شەقامەکانی بەغداد لەلایەن پۆلیسی نێوخۆییەوە. گوێبیستی هیچی دیکە نابین، یاخۆ فڵان کەس لە فڵان پارت یان مەزهەب، یان لە فڵان هۆز لەلایەن، کەسانێکی نەناسراوەوە تیرۆر کراوە!!، ئێستا دیاردەی ناو گۆڕین لە ناوچە عێراقییەکاندا بڵاوبۆتەوە، ناوەکانی وەک عەلی و حسێن لە ناوچە سووننەکاندا گۆڕدراوە، عومەر و عوسمانیش لە ناوچە شیعەکاندا). رۆژنامەی (ریاز)ی سعودی لە ژێر سەردێڕی (سەربڕین بە پێی ناسنامە) بڵاویکردۆتەوە (سەربڕین بەپێی ناسنامە دواترین ناونیشانی ئەو جەنگەیە کە ئێستا لە عێراقدا بەرپا بووە، هەر کەسێک ناوی عەلی، حەسەن، حسەین، زەین لعابدین بێت لەلایەن سوونەکانەوە دەکوژرێت. شیعەکانیش عومەر، عوسمان، موعاویە، یەزید، سەردەبڕن، کارەساتەکە ترسێکی وای ناوەتەوە کە خەڵکی ناچار دەکات ناو و ناسنامەی خۆیان بگۆڕن و مەزهەب و تەنانەت ئاینی خۆشییان –بۆ ئەو کەسانەی لە دەرەوەی ئەو دوو تایفە ئیسلامییەدان– بسڕنەوە، ئەم پێشکەوتنەش لە لوبنان و لە سەردەمی

جەنگە ناوخۆییەکەدا، وەرگیراوە).

هەنووکە بازاڕی (مریدی) کە بازاڕی ساختە و تەزویرچییەکانی شاری بەغدادە و دەکەوێتە ناوچەی (سەدر) و چەندان ساڵە ناوبانگی بەوە دەرکردووە، پاسپۆرت و ناسنامە و بڕوانامەی ساختەی تێدا دروست دەکرێت، جمەی دێت و لە تازەترین جۆری داهێنانی ساختە و تەزویری ئەم بازاڕەدا ناسنامە دروستکردنە بۆ خەڵکان و پەیڕەوانی هەردوو مەزهەبی شیعە و سووننە، تا بەهۆی گۆڕینی ناوەکانیانەوە لە مەترسی تیرۆر بە دوور بن!!، هەر بۆیە ئەمڕۆ سەرجەم دانیشتوانی شاری بەغداد دوو ناسنامەیان لە باخەڵدایە، لە یەکێکیاندا شیعەی دوانزە ئیمامین و لەویتریاندا سووننەی سەلەفی!!. ئەم چەند مانگەی دوایش مەیدانی عێراقی توندترین و خوێناویترین حاڵەتی بەخۆوە بینی و تاوان و ستەمکاریی مەزهەبیی و سیاسیی تیایدا گەیشتە دوا لوتکە، رەنگە بڵێم دوای تەقینەوەکانی سامەڕا و کاولکردنی مەرقەدی ئیمام عەباس شەپۆلێکی توندوتیژیی و تیرۆری مەزهەبیی دەستپێکردووە و عێراقی گەیاندۆتە سەر لێواری ترسناکترین کارەساتی مرۆیی، ئەم نموونەیەی عێراق رەنگە لە مێژوودا بەرجەستە نەبووبێ، مەگەر لە دارفۆر و رواندای پێشتردا کارەساتی وا خوێناویی روویداندابێت، چوونکە ئەوەی ئەوڕۆ لە عێراق دەگوزەرێ زۆر لە تراژیدیای کاتی شەڕی ناوخۆی لوبنانی تێپەڕاندووە.

رۆژنامەنووسی چاودێر (سابرینا تاڤێرنیس) دەربارەی ئەو شەپۆلە لە توندوتیژیی و تیرۆر، دەنووسێت (بەپێی خەمڵاندنی پسپۆڕانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مانگی ئۆگەستدا عێراق بەرەو رووی توندترین کاری خۆکوژیی بۆتەوە بە تایبەت لە بەغداد و شارەکانی دەوروبەریدا، تەنیا لە رۆژێکدا ٩٧ هاووڵاتی کوژراون و نەخۆشخانەی یەرموک راستیی ئەم قسەیەی سەلماندووە و رایگەیاند رێژەکە لەوە زیاتریشە). نووسەر و پسپۆری ئەمەریکی بە رەگەز هیندیی (فەرید زەکەریا)

سەرنووسەری گۆڤاری (نیوس ویک ئینتەرناشیۆناڵ) نووسیوویەتی (رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچکردن هەڵیسەنگاندووە هەفتانە «٩» نۆ هـەزار کەس لە عێراقدا خانەبەدەر دەکرێن، یەکێتی قوربانیانی عێراقی کە ژمـارەی قوربانییەکان لە عێراقدا دەژمێرن و پشت بە رۆژنامە ناوخۆییەکان دەبەستن دەڵێت: مانگی ئۆگەست و ئەیلوول بە خوێناویترین و پڕ مەرگترین مانگ تۆمارکراون بۆ عێراق، هەروەها ئۆکتۆبەریش بە زیادبوونی ئاستی ئەم توندوتیژییانە دادەنرێت). ئەم بارودۆخە ناهەموار و ناسەقامگیرەی عێراق، بە جۆرێک نائومێدیی خولقاندووە نەک سیاسەتمەدار و خەڵکانی ئەکادیمی عێراق بەجێدەهێڵن بەڵکو کار گەیشتۆتە ئەوەی یاریزان و وەرزشکارانیش لەدەست ئەم دۆخە هەڵبێن. بە پێی راپۆرتی (میدڵ ئیست ئۆنلاین) پرۆسەی کۆچی یاریزانانی یانە سەرەکییەکانی عێراق، بە ئامانجی گەڕانە بە دوای رەوشی ئاسایشی جێگیر لە تیپەکانی تردا لەلایەک و هەوڵی زاڵبوون بەسەر گرفتە داراییەکاندا لەلایەکی تر، هەر بەپێی هەمان راپۆرت تەنیا لە یانەی (ئەلزەورا) هەشت یاریزان تیپەکەیان بەجێهێشتووە، لە کاتێکدا یانەکەیان بەهێزترین یانەی عێراقە و هەڵگری چەندین نازناوە و لە مێژووی نوێی عێراقیشدا ئەو یانەیە سەرکەوتووانە بەشداریی چەندان پاڵەوانێتی وەرزشی کردووە چ لەسەر ئاستی ئاسیا، چ لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی.

بە کورتی عێراق شوێنێکی پڕ مەترسییە بۆ هەموو هاووڵاتیان نەک تەنیا سیاسیی و کەسانی دیاریکراو و ناسراو. بارودۆخی ئەمنیی و تەنگژەی ئێستای عێراق جۆرە شڵەژانێکی لای ناوەندی سیاسیی ئەمەریکی دروستکردووە، لە هەمان کاتدا عێراقییەکانیشی تووشی نائومێدیی و بێ هیوایی کـردووە، تەنانەت زۆرێـک لە پسپۆڕان و کارناسانی واقیعی عێراقی لەو قەناعەتەدان، پڕۆژەی ئەمەریکیی هەر لە بنەڕەتەوە هەرەسی هێناوە و نەیتوانیوە ئامانجەکانی بپێکێت، بگرە

دەستکورت بووە تەنانەت لە راگرتنی بارودۆخ و بەرقەرارکردنی سەقامگیریی. جاکسۆن دیڵ دەڵێت (سەرۆک بوش رایدەگەیەنێت بارودۆخی عێراق دەگۆڕێت و ئاسایشی نەتەوەیی دەپارێزێت، بەلام سیاسەت بە پێچەوانەوە هەنگاو دەنێت، ستراتیژیی سێ ساڵی پێشوو هاوکاریی ئەوتۆی عێراقییەکانی نەکرد و هەڵبژاردن نەیتوانی ببێتە فاکتۆرێکی سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی ئاسایش). بارودۆخی عێراق بۆتە مایەی واق وڕمانی ئەندامانی کۆنگرێس و سیاسەتمەدارانی سەر بە کۆماریی و بگرە دیموکراتەکانیش، تەنانەت دۆخی عێراق بەهەمان دۆخی دارفۆر و کۆنگۆ بەراورد دەکەن بگرە زیاتریش. دیسان رۆژنامەنووس (سابرینا تاڤێرنیس) دەنووسێت (ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمەریکی کوژرانی عێراقییەکان بەم ژمارە زۆرە بە بارودۆخێکی مەترسیدار لە قەڵەم دەدەن و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان ئاسایشی ولات چارەسەر بکەن و سەقامگیریی بگێڕنەوە بۆ هاوولاتیان، هەروەها ئەم بارودۆخەی عێراق بەراوورد دەکەن لەگەڵ دارفۆر و کۆنگۆ لە رووی ژمارەی کوژراوە و تەنگژەی سیاسییەوە).

لای عێراقییەکانیش هەموو گەشبینی و خەونێکی جوان بە ئایندەیەکی رووناکەوە گۆڕاوە بۆ رەشبینی و بێ هیواییەکی ترسناک، ئارەزوومە ئەم چەند پەرەگرافەی نووسەری سیاسیی عێراقی (عەقیل ئەلقەفەتان) لەگەڵ مندا بخوێنینەوە: (هەموو ئەو بەڵگانەی ئێستا بەدەستمانەوەیە، گشت ئەوەی دەیزانین و دەیبیستین و دەیبینین و ئەوەی کەسوکاری لە ناوەوەی نیشتمانەوە بۆمان دەگێڕنەوە، بەشێوەیەکی تەواوەتی دەیچەسپێنن ئەو عێراقەی خەونمان پێوە دەبینی و بیرمان لێدەکردەوە ئەم عێراقە نییە!!). ئەوجا دەڵێت (خەونەکانمان زیاتر لە خەونی منداڵی پێنەگەیشتوو دەچێت، ئێمە خەونمان بەهەموو شتێکەوە دەبینی، نەخشەمان بۆ هەموو شتێک بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بێگوناهییەوە دەکێشا). هەموو ئەوانەی لە عێراقدا روودەدەن پێچەوانەی ئەوەن

ئەمەریکا بانگەشەی بۆ دەکات، شەمەندەفەری عێراق بۆ دۆزەخ ملی ڕێگای گرتۆتەبەر نەک بۆ باخچەکانی عەدەن، عێراق لە ژێر سێبەری شمشێر و تیرۆر و فەتوادا ڕاگیراوە نەک لە ژێر ساباتی دیموکراسی و پێکەوە ژیانی ئاشتییانە. شەقامی ئەمەریکیش هەستی بەمە کردووە و دەیــەوێ لەمە زیاتر نیزامی و هاووڵاتییەکانیان لە بەرداشی خوێناویترین جەنگی دنیادا نەبنە سووتەمەنی و قوربانی، هەر بەم هۆکارەوە کۆمارییەکان لە هەڵبژاردنی کۆنگرێسدا دۆڕان، چوونکە خەڵکی ئەمەریکاش نایانەوێ جارێکی تر سوژنی ڤێتنام لە دڵیان بچەقێنرێتەوە، ئەمەش داوای کشانەوەی هێزەکان لە عێراق دەکاتە داواکارییەکی جەماوەریی و میللی، بەڵام ئیدارە و دەستە ڕاستڕەو و توندڕەوەکەی چواردەوری بوش سوورن لەسەر مانەوەی هێزەکانیان لە عێراق تا کۆتایی هاتنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراق و سەرکەوتنی ئەمەریکا و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. بگرە هەندێ قسەی پێکەنینهێنەر دەکەن، گوایە ئامانجی خۆیان پێکاوە لە دروستکردنەوەی عێراقدا و توانیویانە سەرکەوتن بەسەر تیرۆریستەکاندا بەدەست بهێنن.

کارناس و پسپۆڕی ناسراوی ئەمەریکی (دەنیس ڕۆس) دەنووسێت (..بەڵام ئیدارەی سەرۆک بوش چی دەوێت؟ ئایا توانیوویەتی لەگەڵ ئەو هەڵکەوتە بگونجێت؟ هێشتا بانگەشەی ئەوە دەکات پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیووە، بەڵام خەریکە عێراق لە ژێر بەرداشی شەڕێکی ناوخۆییدا دەهاڕدرێت. هەروەک پلانەکانی ئاسایش سەرنەکەوتووە لە وەستاندنی توندوتیژیی، هەرچی جارێک ڕادەگەیەندرێت هێزەکانی لە عێراق کەم دەکاتەوە بەهۆی بەرزبوونەوەی شەڕ و کوشتارەوە پەشیمان دەبێتەوە؟ بۆیە وای لێهاتووە پارێزگاریکردن لەسەر ئەو پەیڕەوەی لە عێراق گرتویەتییە بەر بمێنێتەوە و زیاتر لە واقیع هەڵاتووە لە جیاتی ئەوەی ڕووبەڕووی بێتەوە). بەم حاڵەشەوە دۆناڵد ڕامسفێڵد (تا کاتی وازهێنانی لە پۆستەکەی لە وەزارەتی بەرگریی)

چارەسەری لە رەوانەکردنی زیاتری سەربازەکاندا دەبینییەوە، ئەمە لە کاتێکدایە سەد و پەنجا هەزار سەربازی ئەمەریکی تا ئێستا نەیتوانیوە لە قورسایی جەنگی نێوخۆی عێراق کەمبکاتەوە، ئیتر چۆن دەتوانن بەهێزی زیاتر عێراق کۆنترۆڵ بکەن؟، پێموایە نەک دوو سەد هەزار سەرباز بەڵکو دوو ملیۆنیش ناتوانێ عێراقییەکان بخاتە سەرباری ئاشتی ئەگەر خۆیان بە ئاوەز بڕیاری لەسەر نەدەن و هەوڵنەدرێ بە فۆرمی ئاشتیانە ئەو دۆخە شڵەژاوە چارەسەر بکرێت.

(فەرید زەکەریا) رەخنە لە پێشنیاری رەوانەکردنی زیاتری هێزە نیزامییەکان دەگرێ و پێیوایە رۆڵی نابێت لە چارەسەرکردنی تەنگژەی عێراقدا، ئەو دەنووسێت (چاوەڕوانکردنی زیاد لە ئەندازە و ناردنی هێزی سەربازیی زیاتر، دوورە لەوەی کە بتوانێت هەلومەرجی ناوچەکە بگۆڕێت. من لە هەڵەشەیی و سەرەڕۆیی ئەو کەسانە تێگەیشتووم دەیانەوێ هێزێکی سەربازیی زۆر رەوانەی عێراق بکەن بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵات، من لە یەکەم هەفتەی هێرشی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق هەوڵی جێبەجێکردنی سیاسەتێکی بەمشێوەم دا، بەڵام ئەمڕۆ ئێمە لەو شوێنەین کە دەستمان پێکرد، بە تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ئەم جەنگەدا توندوتیژیی زیاتر تەشەنەی سەندووە و رێگەی بۆ وڵاتانی دراوسێش خۆشکردووە خۆیان لەو هەلومەرجە هەڵقورتێنن. لە زۆربەی ناوچەکاندا میلیشیا ناوخۆییەکان لەلایەن بەرپرسەکانیان لە بەغدادەوە کۆنترۆڵ ناکرێن، بۆ ئەم جۆرە دابڕانە لە دەسەڵات لە کاتی جەنگ لە شەقامەکاندا زیاتر لە سەد یان دوو سەد هەزار هێزی سەربازیی لە بەغداد جگە لە کاریگەرییەکی کاتی هیچ رۆڵێکی تری نابێت). هەرچەندە ئەمەریکا لە زۆر رووەوە شکستی هێناوە لە مەیدانی عێراقدا، بەڵام بوش لە کاتی لێدوانەکانیدا زۆر بە دڵنیاییەوە قسە لەسەر سەرکەوتن دەکات و لایوایە پێشڕەویی زۆریان کردووە لە هەلومەرجی عێراقدا و بەردەوامیش لە هەموو دەرکەوتن و پرێس

کۆنفرانسەکانیدا پێداگریی لەسەر ئەو پێشکەوتنانە دەکات کە لە عێراقدا کردوویانە، بەڵام کام پێشکەوتن و سەرکەوتن؟ ئەو سەرکەوتنەی هەموو رۆژێ تەرمی سەربازەکانیان لە کیسەدا بۆ دەچێتەوە؟ یان ئەو سەرکەوتنەی عێراقی غەرقی خوێن و کابووس و گریان کردووە؟!!. یان ئەو سەرکەوتنەی عێراق بۆتە گۆڕەپانێکی خوێناویی تەسفیە حساباتی ئەمەریکا و نەیارەکانی؟؟.

بوش، سەرکەوتنەکانی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە لە عێراقدا بمێنێتەوە تاکوو کۆتایی، هەروەک (دان فرومکین) لە رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)دا نووسیوویەتی (یەکێک لە خاڵە سەرنجراکێشەکانی سەرۆک بوش لەمەڕ جەنگی عێراق سووربوونییەتی لەسەر بردنەوەی ئێمە کە لە زۆربەی کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکاندا جەختی لێدەکاتەوە، بوش دەڵێت: بە دڵنیاییەوە ئێمە سەرکەوتوو دەبین، ئەمەش راستییە!. بە پێی بۆچوونی من کاتێک لە عێراق شکست دەهێنین گەر لەو وڵاتە بکشێینەوە و کارەکانمان بە تەواوەتی جێبەجێ نەکەین. هاوکات لەگەڵ ئەم لێدوانانەدا بارودۆخ ئاڵۆزتر دەبێت و عێراق بەرەو جەنگی ناوخۆ هەنگاو دەنێت، تەنانەت حکوومەتی ناوەندیی ناتوانێت کۆنترۆڵی ئەو بارگرژییە بکات، بوش چۆن دەڵێت لەم جەنگەدا ئێمە براوەین؟!). بە کورتی سەرەڕای گەرموگوڕیی ئەمەریکا لەمەڕ دروستکردنەوەی عێراقی نوێ کەچی زەمینە و تابلۆ ریالیستییەکەی ناو عێراق پێچەوانەی ئەمەمان پێدەڵێت!. ئایا دەتوانین لەم زەمینە پڕ هەڵبەز و دابەزەدا و لەم زریانی خوێنەدا بانگەشە بۆ دیموکراسیبوون بکەین؟ بێگومان نەخێر، رەنگە گرنگترین کار لە دیموکراسییەتیش راگرتنی ئەم لافاوی کوشتارە بێ بەزەییانە بێ کە ئەمڕۆ عێراقی گرتۆتەوە! گرنگترین کار بەرگرتنە بە رەشەبای تیرۆر و باهۆزی فەتوا و مەیلی مەزهەبگەرایی و وەستاندنی ئەو نەزیفەی خوێن و ئەنفالکردنی ئەوانیتر. بە بۆچوونی من ئەو نەخشەیەی ئەمەریکا هەیەتی بۆ عێراق

و تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەجیندایەکی کامڵ نییە و تژیەتی لە کەموکورتی و ناواقیعبینی، چوونکە پێش هەرشت ئەمەریکا رەچاوی دۆخی دواکەوتووی رۆژهەڵاتی نەکردووە و خوێندنەوەیەکی قووڵی نەبووە بۆ مێژووی پڕ لە کارەسات و کەللەسەر و کوشتوبڕی رۆژهەڵات، چوونکە دۆخی رۆژهەڵات، دۆخێکی ئاوارتە و تایبەتە، میکانیزم و رێگاکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم ناوچەیە گەلێک هەستیارن.

لە راستیدا نهۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەموو روویەکەوە پاشەکشەی بە خۆیەوە بینیووە، لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا سەرکەوتنی (حەماس)مان لە فەلەستین بینی، دەتوانم بڵێم سەرکەوتنی حەماس بەشێوەیەک لەشێوەکان گوزارشت لە کەوتنی مەدی دیموکراسی دەکات لەهەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. تراژیدیاکە لەوەدایە ئیسلامییە توندڕەوەکان سوودمەندترین خەڵکانێکن لە پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردن لە ناوچەکەدا، وەک تێبینیش کرا هەر ئەمە میکانیزمە بوو حەماسی هێنایە سەر تەختی دەسەڵاتداریی. محەمەد ئەبو رمان جوانی بۆچووە کاتێک دەنووسێ (لە کۆتاییدا سەرکەوتنی حەماس لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکاندا و دروستکردنی کابینەی حکوومەت لە فەلەستین، دووپاتی ئەو راستییەی کردەوە ئیسلامییەکان لە رێی سندوقەکانی دەنگدانەوە دەبنە یەکەم میراتگری ئەو رژێمانەی ئەمەریکا دەیەوێ بیانگۆڕێت). کارەساتی رۆژهەڵات لەوەدایە تاکە ئەڵتەرناتیڤ و جێگرەوەی رژێمە تۆتالیتارییەکانی ئەم دەڤەرە بە تەنێ گروپە ئیسلامییەکانن، تەیاری عەلمانی و لیبرال و پرۆ رۆژئاوایی و دیموکراتیک نەک لاواز و بێ پێگەن بەڵکو هەر لە سترۆکتۆرەوە ئەم رەوتانە گەشەیان نەکردووە و لە هەبووندا نین. تەنانەت دۆخی نوێی رۆژهەڵات بە تایبەت دوای سەرکەوتنەکانی حەماس هەمووانی گەیاندە ئەو بڕوایەی گۆدۆی دیموکراسی و پلۆرالیزم روو لە سەرزەمینی

ڕۆژهەڵاتی ناڤین ناکات، تا ئەو سنوورەی لە ڕاددەی گەشبینی ئەمەریکاشی کەم کردۆتەوە. لافرانشی دەڵێت (ئەوەی لەم ماوەیەی دوایدا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە خۆیەوە بینی، بە تایبەت گەشتنە دەسەڵاتی حەماس لە چوارچێوەی هەڵبژاردنێکدا لەلایەن ئەمەریکاوە پشتگیریی لێدەکرا، هەروەک دەرککردن بە سەختیی و دژواریی چاندنی تۆوی دیموکراسییەت لە عێراقدا، هانی جۆرج بوش-یان داوە تاوەکو چاو بگێڕێتەوە بە گووتاری دیموکراسییەتدا، لە هەمان کاتدا لە ڕاددەی ئەو دڵگەرمییەش بێنێتە خوارێ کە بە هەڵوێستە یەکەمییەکانەوە دیار بوو). ئەمەریکا و خودی بوش تاکو ئێستاش شۆکی دۆڕاندنی فەتح و هاتنە سەر دەسەڵاتی حەماسی دۆستی ئێران بەرینەداون.

فەرید زەکەریا بە وردبوونەوەی قووڵی لە هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پسپۆڕییەکەی، گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە گۆڕەپانێکی سەرەکیی بۆ نەشونماکردنی ئیسلامی سیاسیی ئەویش لە ئەنجامی پاشەکشەی هزری سیاسیی عەلمانی و دیموکراسیخوازیی. زەکەریا لە وتارێکدا نوسیویەتی (خۆرهەڵاتی ناوەڕاست یەک لەو بەشانەی جیهانە لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا پاشەکشەی بەخۆیەوە بینیوە، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە شوێنێک بۆ فراوانی دیکتاتۆرییەت و ستەمکاریی و هەڵاوسانی ئابووری و داخران لە هەموو لایەنێکەوە. ئیسلامی سیاسیی زمانێکی ئامادەکراوی بۆ نارەزایی خوڵقاندووە، ئەمەش خەڵکانی دواکەوتوو و ڕابردووخوازی پێ فریو دەدەن هەروەک چۆن فاشیزم و کۆمۆنیزمی ڕادیکاڵ توانیان لە ڕابردوودا بە هەمان شێوە ترس بەرهەم بهێنن). عێراق وەک خانەیەکی دانەبڕاو لە جسمی هەمان ئەو ڕۆژهەڵاتە نغرۆی ستەمکاریی و کولتوور و دەسەڵاتی دیکتاتۆریی بووە، دیکتاتۆرییەتیش بەرلەوەی سیستمێکی سیاسیی یان کارگێڕیی بێت، عەقڵییەت و تێگەیشتن و بیرکردنەوەیە. چاندنی تۆوی دیموکراسی لە عێراقێکی وا پڕ لە تەنگ و

چەڵەمە و کێشمەکێشدا کارێکی ئەستەم و دژوارە، تا ئاستێک هەندێک لە شارەزایان بە موستەحیل لە قەڵەمی دەدەن. دەنیس رۆس کۆنە رێکخەری کاروباری ئەمەریکا بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نووسینێکدا کە لە رۆژنامەی (واشنتۆن پۆست)دا بڵاوکراوەتەوە دەنووسێ (پێویستە هەموو لایەنەکان بزانن عێراق ناتوانێ ببێتە وڵاتێکی مۆدیل دیموکراتیک و یەکگرتوو بۆ وڵاتانی هەرێمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست). لە راستیدا عێراق دەتوانێ هەنگاو هەڵگرێ رووەو دیموکراسی و کرانەوە بەڵام بەپێی پرۆسە و چەند قۆناغێک، لەگەڵیدا پێویستی بە ماندووبوونی زۆر و پڕۆژەی جیدی و درێژخایەن هەیە. چوونکە مێژووی کۆن و نوێی عێراق مێژوویەکی پڕ تراژیدیا و رووداوی خوێناویی و توندوتیژانە بووە، لە بەرەبەیانی دەسەڵاتی سۆمەرەوە بیگرە تا ئەمڕۆی عەهدی مالیکی، مێژوو و دیرۆکێک بووە لێوانلێو لە کارەسات و خوێن، ماوەیەک نییە عێراق لە جەنگ و کاولکاریی و کوشت و کوشتار پشووی دابێت. رۆنانی دیموکراسیی لەسەر ئەو باکگراوندە تاریک و تاڵە کارێکی هەرزان نییە بگرە زۆر ماندووکەرە.

تۆ بڕوانە لە سەردەمی غەزەواتی ئیسلامی و هێرشی موسڵمانە بەراییەکان بەهەمان شێوە هێرش و پەلامارەکانی ئەکەدی و بابلی و ئاشوورییەکان عێراق وەک دەربەندێکی پڕ خوێن و کێشە و ململانێکان و گۆڕەپانێکی ترسناکی رووبەڕووبوونەوە دەرکەوت، بەو جۆرەش بە درێژایی دەسەڵاتی ئیسلامی هەر لە راشیدین و ئەمەویی و عەباسییەوە بیگرە بۆ ساتێک چییە عێراق بێ جەنگ و کاولکاریی نەبووە تا دەگات بە هێرشی مەغۆل بۆ سەر بەغداد، هەروا ئەم سەرزەمین و جوگرافیایەی ئەمڕۆ بە عێراق نێو دەبرێ لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانی و داگیرکاریی نوێ و حکومی پاشایەتی و کۆماریی و دەسەڵاتی بەعس توندترین و سەختترین جەنگ و ماڵوێرانی بە خۆوە بینیوە، بە ئەندازەیەک دڕندایەتی و کوشت و بڕەکان لە ئاستێکدان

به هۆشدا ناچن و له چوارچێوەی ئەفسانه و حیکایەتی میللیشدا جێگایان نابێتەوە. سڕینەوەی ئەم مۆتیڤه پڕ ئاشووب و خوێناوییه هەروا کارێکی ئاسان نییه. مرۆڤ کاتێک کتێبەکەی «باقر یاسین» بەناوی «مێژووی خوێناویی عێراق» دەخوێنێتەوە، دەمارەکانی گرژ دەبن و تووشی شۆک دەبێت، چوونکه ئەوەی له میتۆلۆجی و داستانه خەیاڵییەکاندا هەیه له پیادەکردنی توندوتیژیی لەسەر ئەرزی واقیع له عێراق پەیڕەو کراوە.

عێراقێک که به (کۆماری ترس) وەسفکراوە و له واقیعیشدا کۆماری ترس و داپڵۆسینه، دیموکراتیزەکردنی کارێکی ئاسان نییه و به بڕیارێکی سیاسیی لەلایەن بوش و بلێرەوە نابێته کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی. خۆ دیموکراسی جلێک نییه عێراقییەکان لەبەری بکەن هەروەک چۆن دیکتاتۆرییەتیش پۆشاک نییه تاوەکو فڕێی بدەن و بیکەنه تەنەکەی خۆڵەوە. لەبەرئەوە پێویسته دیموکراسی له نێو بیرکردنەوەی خودی عێراقییەکانەوە له دایک بێت نەک به زۆر بەسەریاندا بسەپێنرێ، چوونکه ڕەنگبێ دیموکراسی تاکه شتێک بێت نەسەپێنرێت و بەتۆپزی نەیەته دی. د.بورهان گلیۆن دەڵێت (پێویسته دیموکراسی لەناو وەرچەرخانه قووڵەکانی هاوسەنگییه کۆمەڵایەتییه ناوخۆییەکانەوە سەرچاوە بگرێت و هەنگاو بنێت بەرەو پێداگرتن لەسەر سەروەریی جەماوەریی و به فیعلی گەل بگۆڕێت بۆ سەرچاوەی دەسەڵاتەکان). (ئەدۆنیس)یش هەمان رای لەسەر هەمان مەسەله هەیه و دەڵێت (گەر وڵاتانی عەرەبی زۆر لەوە بێهیواترن بتوانن خۆیان دیموکراسی قبوڵ بکەن، ئەوە ناتوانن دیموکراسی بن به هۆی دەستێوەردانی دەرەکی ئەوانیترەوە، ئەگەر ئێمه بمانەوێت دیموکراسی بین بەر له هەر شت پێویسته پشت به خۆمان ببەستین، بەڵام سەرباری ئەوەش مەرجەکان بۆ دیموکراسی بوون له کۆمەڵگەی عەرەبیدا بوونی نییه). بۆیه بیرکردنەوە له پێشمەرجەکانی دیموکراسی ئەولەویترین کاره له

راستای بینای کۆمەڵگەیەکی دیموکرات و ئازاد. بۆ ئەوەی دیموکراسیی ببێتە سیستم، لە پێشنۆرەدا پێویستە لە تاکەوە دەست پێبکرێت، نەک لە دەسەڵاتەوە. دەبێت خەیاڵدانی تاک بگۆڕدرێت، چوونکە دواجار ئەو تاکانەن گشت پێکدەهێنن.

کەواتە دەبێت دیموکراسی چ وەک بیرۆکە و چ وەک سیستمێکی حوکمڕانی لە پێش هەر شتێکدا لەلایەن خودی عێراقییەکانەوە پەسەند بکرێت، بەبێ ئەوە ئیمکان نییە تۆ بتەوێ بە زەبری هێز دیموکراسی تیا پراکتیزە بکەیت. لە کاتێکیشدا زۆربەری خەڵک دەستیان لەوە شۆردووە عێراق ببێتە نموونەیەکی دیموکراسی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرچەرخێ بۆ ئەو دوورگە یۆتۆپییەی ئەمەریکا لە خەیاڵ و ئایدیاڵی ئێمەدا رەنگی بۆ رشتووە، ئاخۆ ئاڕاستەی ئەمەریکا چۆن هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ئەم کۆمەڵگە دواکەوتووانەدا دەچێتە پێشێ؟ لە وەختێکدا ئەم کۆمەڵانە بە درێژایی مێژوو لە ژێر جەبەڕوتی دیکتاتۆریی و ستەمکارییدا ناڵاندویانە و بێبەش بوون لە سادەترین حەقی دیموکراسی خۆیان. (فرێد هالیدی) دەنووسێت (دیموکراسی لە وڵاتێکدا بەدی نایەت خاوەنی مێژوویەکی درێژخایەن بێت لە دیکتاتۆریی، بۆ نموونە وڵاتێکی وەک ئێران ٢٥٠٠ ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی پاشایەتیدا بووە چۆن ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی.!؟ عێراقیش هەروەها، بە تەواوی کولتوورەکەیەوە هەر لە حامورابییەوە تا دەگاتە دەسەڵاتی هاشمییەکان بە هەمان شێوە..). هەر ئەمەشە وا دەکات پرۆسەکە لە عێراقدا سەخت و نالەبار و قورستر بێت، بەڵام پرسیارەکەی ئێمە لەوێیە کوا پڕۆژە و هەنگاوە کردارییەکانی ئەمەریکا بۆ گۆڕینی عێراق بەرەو دیموکراسی؟ پێم بڵێن لەوەتەی ئەمەریکا لە عێراقە کام هەنگاوی جیددیمان بەو ئاقارەدا هەست پێکردووە؟ بە پێچەوانەوە زۆربەی جار ئەمەریکا لەسەر حیسابی دیموکراسی بەرژەوەندییەکانی خۆی پاراستووە. زۆربەی جار بۆ راستکردنەوەی مەوقیفی لاری ئەمەریکا

دیموکراسییەت باجەکەی داوە، وەک ئەو تەوافوقاتە درۆینانەی لە نێوان پێکهاتە عێراقییەکاندا بە فشار و پاڵەپەستۆی ئەمەریکا هاتنە دی!، ئەوە راستە دیموکراسی لە عێراقدا دەبێ لەسەر بنەمای تەوافوق و کۆدەنگی بێت، بەڵام ئەمجۆرە لە تەوافوق، دیموکراسی و گەوهەریی سیستمێکی لەو چەشنە دەخاتە ژێر پرسیار و گومانی زۆرەوە و خاڵی دەکاتەوە لە بنەما و رۆحە راستەقینەکەی.

بەندە نموونەیەکی لەلایە، کاتێک بۆ ماوەی یەک تاکە مانگ (عەبدولعەزیز حەکیم) وەک مەلایەکی بونیادگەر لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ کرایە سەرۆکی ئەنجوومەنی حوکمی ئەوسا، یەکەم بڕیار و دوا بڕیاری دەرکردنی بڕیاری ١٣٧ بوو لە دژی مافەکانی ژنان، ئەمەریکا جوقەی لێوە نەهات، ئەوەی هاتە دەنگ هەندێک لایەنی عەرەبی و کوردیی بوون، ئەوانیش لە میانەی گەمەیەکی سیاسیی وشکدا. ئەمەریکایەک کە دەیەوێ دیموکراسی بەرقەرار بکات چۆن چاوپۆشی لەوە دەکات نیوەی کۆمەڵگەیەک دیل و پەڕاوێز بخرێت و کەنارگیر بکرێت لە رۆڵگێڕان لە وڵاتدا هێشتاش بانگەشە بۆ دیموکراسیەت بکەین؟ لە کاتێکدا رۆحی دیموکراسی ئەوەیە هەردوو رەگەزەکە شانبەشانی یەکتر رۆڵی چالاکانە و کارا بگێڕن لە وەرچەرخاندنی کۆمەڵگە رووەو ئایندەیەکی باشتر و پاشەکشەپێکردنی سیستمی نەریتیی کۆن و دیکتاتۆریی. کوا دیموکراسییەکەی ئەمەریکا کە چاو لەبێ مافی ژن دەپۆشێ؟ رەنگە منیش رام لەگەڵ هەندێک نووسەری عەرەبدا بێت کاتێک دەڵێن دیموکراسی ئەمەریکا دیموکراسییەکی دووڕوو و تایبەتمەندە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی بەندە.

رووناکبیری عەرەب د.عەبدولعەزیز مەقالیع لە وتارێکدا بەناوی (بوش و دیموکراسییەتی تاکڕەهەند) دەربارەی جۆری دیموکراسیزمی ئەمەریکی دەنووسێت (باوەڕی بەجۆرە دیموکراسییەکی تایبەتی هەیە، دیموکراسییەک لەگەڵ ئارەزووەکانی خۆیدا بسازێت بۆ ئەوەی

خۆی ئەوانە هەڵبژێرێت بە فەرمانڕەوای ئەو وڵاتانە وەکو موڵکی تایبەتی خۆی سەیریان دەکات، خۆ ئەگەر گەلان دژی ئیرادەی کۆشکی سپی دەنگیان دا و بەویستی خۆیان ئەوانەیان هەڵبژارد کە خۆیان دەیانەوێت فەرمانڕەواییان بکەن، ئەوکاتە دیموکراسی پەسەند نییە و لە ئەجیندای سیستمی نوێی جیهانیدا جێی نابێتەوە). تا ئەو جێیەی د.مەقالیع دەڵێت (گوومان لەوەدا نییە ئەو مەرج و پێوەرانەی ئیدارەی ئەمەریکا دایاندەنێت بۆ پیادەکردنی دیموکراسییە تایبەتییەکەی خۆی، گەلێک گیروگرفت بۆ ئیدارەکە و بۆ جیهانیش و بۆ ئەو گەلانەش دەنێتەوە کە دەمێکە بە پەرۆشەوە چاویان بڕیوەتە دیموکراسی دروست کە تەنیا ئیرادەی گەلان و سندوقەکانی هەڵبژاردن کۆنترۆڵی دەکەن. کەس وای بۆ نەچووە دیموکراسی وەک بەهایەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی رۆژێک لە رۆژان وای لێدێت ببێت بە ئامانجێک بۆ رازیکردنی ئەم یان ئەو هێزی نێودەوڵەتی، نەک بۆدابینکردنی دادپەروەریی و بەدیهێنانی خەونی گەلان و رزگاربوون لە کابووسی دیکتاتۆران و فەرمانڕەوایکردنی گەلان بە قامچییەکانی توندوتیژیی و هێز و ناچارکردن).

لەلایەکی ترەوە شێوازی مامەڵەی ئەمەریکییەکان لەگەڵ عێراقییەکان شێوازێکی هەڵە و رەق و نادروستانەیە، دیموکراسی بە گوللە و مارینز و توندوتیژیی ناچەسپێ، دیموکراسی بە ئۆپەراسیۆنی سەربازیی و تەقەکردن لە هاووڵاتیانی سڤیل و هێرشی فڕۆکە و پەمالاری جیمس بۆندییانە پراکتیزە ناکرێ. دیموکراسی وەک کاڵایەک بە سواری ئۆتۆمبیل و زرێپۆشی دەرعی سەربازیی ئەمەریکا ناهێنرێت بۆ عێراق و بە فشاری هێزە دەرەکییەکان ناسەپێنرێ، بەڵکو دەبێت لە ناوەوەڕا لە گەردە زۆر بچووکەکانەوە دەستپێدەکات نەک لە لوتکە و هەڕەمی دەسەڵاتەوە. گەلێک هێشتا باوەڕی بەوە هەبێ توندوتیژیی و زەبروزەنگ تاکە ئامرازی راگرتنی دەسەڵات و حکومە و لەگەڵ ئەم

فۆرمە لە دەوڵەتداریی ڕاهاتووە، ناکرێت ئەمەریکا بە بڕیارێک سیحری لێبکات و عەساکەی موسا بەسەریدا بدات و بیکاتە دیموکراسیخوازی عەیارە بیست و چوار. دیموکراسی بە سواری هەمەری سەربازیی ناهێندرێت، دیموکراسی پێش هەر فەرهەنگە. مامەڵەی ئەمەریکا لە شێوازی هەوڵدان بۆ جێخستنی دیموکراسی لە عێراقدا مامەڵەیەکی گونجاو نەبووە بە دەلیلی ئەوەی لەسەرەتای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی شێوەی خۆی گۆڕی بۆ دەسەڵاتی داگیرکەر، هەر ئەمەشە وا دەکات تەواوی گەلی عەرەب لە بەشە عەرەبییەکەی عێراقدا مامەڵەی داگیرکەر لەگەڵ ئەمەریکا بکەن و بە ئیمپریالیزمی نوێ و نیو کۆلۆنیالیزم ناودێری بکەن، لەواقیعیشدا ئەمەریکا لە تەواوی دنیادا سومعەی شکاوە بە حوکمی ئەوەی هەموو موراڵ و سنوورێکی نێودەوڵەتی بەزاندووە، تەنانەت فۆکۆمایا لە ڕۆژی ٣١-٨-٢٠٠٦ لە میانەی وتووێژێکدا بە ئەکبەری گەنجی وتووە (ئەمەریکا مەشروعییەتی خۆی لە دەستداوە، سەرلەنوێ بنیادنانەوەی ئەم ئیعتبارەش کاتێکی زۆری دەوێت).

هەڵبەتە تۆ ناتوانی خوازیاری شتێک بیت کە دوژمنەکەت یان داگیرکەرەکەت خوازیاریەتی بەسەرتدا بیسەپێنێ، ئەمە جگە لەو هەموو توندوتیژیی و سکەنداڵ و ئابڕووچوونانەی ئاشکرابوون کە مامەڵەی ئەمەریکا لە بەرامبەر عێراقییەکان دەردەخات، ئەوەندەی تر پرۆسەکەی سەختتر کردووە بە تایبەتی دوای ئاشکرابوونی دەستدرێژیی سێکسی و فیزیکی بۆ سەر زیندانییەکان لەلایەن مارینزەکانەوە ئەمە بە تایبەت لە ئەبوغرێب و هەندێ جێگەی دیکە. بێگومانیش پەرچەکرداری توندوتیژیی جگە لە خودی توندوتیژییەکی سەخت و قورستر چیدی نییە، (نۆم چۆمسکی) پێیوایە (بە مومارەسەکردنی توندوتیژیی، ئێمە یارمەتی تیرۆریستان دەدەین چوونکە کردەوەی توندوتیژیی کاردانەوەی وەهای لێدەکەوێتەوە کە لەوانەیە کارەسات بخوڵقێنێت).

جگە لەوەش هەلومەرجی عەینی و بابەتی نێوخۆی عێراق لەبار نییە بۆ تاقیکردنەوەی ئەزموونی دیموکراسی، لە هەمان کاتدا ئەم وڵاتە کەنداوێکی گەمارۆ دراوە بە دەوڵەتگەلی دیکتاتۆریی و تۆتالیتاریی. بەم هۆیەوە سەرزەمینی عێراق بێروونە بۆ رسکانی خونچەی دیموکراسییەت تێیدا.

لەلای باشوور سعودیە و کوەیت و وڵاتانی تری کەنداوی عەرەبی هەیە، ئەم وڵاتانە سەرەڕای ئاوێتەبوونی دەسەڵاتەکانیان لەگەڵ ئاین، دەوڵەتگەلێکی دیکتاتۆریی و ئیستبدادیی رەهان و هەموو ئازادییەکی سیاسیی و بیروڕا تیایاندا سنووردار کراون. راستە لە رووی ئابوورییەوە ئەم دەوڵەتانە لە ئاستێکی باشدان کە تاک دەخل و بژێویی بەرزە و رەفاە دەژی، بەڵام لە رووی سیاسییەوە دیکتاتۆرییەت زاڵە. لەبەری رۆژئاواوە هەردوو دەوڵەتی ئوردون و سوریا هەن، ئەوانیش دوو دەوڵەتی دیکتاتۆریی و شانشینین، لێ ئەوەی سوریا ئیدعای سیستمی کۆماریی دەکات بەڵام گوێزرانەوەی دەسەڵات لە حافز ئەسەدەوە بۆ بەشاری کوڕی بەشێوەی بۆماوەیی نیشانەی ئەوەیە هەمان نەریتی دەسەڵاتی پادشایی ناوچەکانی تری دنیای عەرەب لەوێش باڵادەستە. ئەو دوو دەوڵەتە تۆمارێکی رەشیان هەیە لە سەرکوتکردن و یاساغکردنی بیروڕای جیاواز، بە تایبەتی سوریا کە نەزعە و مۆدیلێکی تری شۆڤینێزمی عەرەبی شیعەگەریی عەلەوی و دەستێکی تر لە بەعسیزم، رەوڕەوەی دەسەڵات دەباتە پێشەوە، پێویست بە بەڵگەهێنانەوە ناکات ئەگەر سوریا دیکتاتۆرترین دەوڵەتی ناوچەکە نەبێت بێگومان یەکێکە لە دەوڵەتە هەرە دیکتاتۆرەکان.

لە بەشی باکووری عێراقیشەوە دەوڵەتی تورکیا هەیە، سەرەڕای ئەوەی لەوێ دەستوورێکی سکۆلاری رادیکاڵ بوونی هەیە و دیموکراسی تێرمێکە هەموو رۆژێک بانگەشەی بۆ دەکرێت، بەڵام لە واقیعی حاڵدا تورکیا هەر ئەوەندە دیموکراسییە دەستەڵات تێیدا

دەستاودەست دەکات، دەنا ئەم دیموکراسییە بچووکەش هەموو ڕۆژێک لە ژێر هەڕەشە و ئیهانەدایە بە تایبەت لەسەر دەستی ئاکپارتی کە حزبێکی پڕۆ ئیخوانی خەلافەتخواز و لە نێو نوستالیژیای کۆنی تورکدا ناسنامەی خۆی دۆزیوەتەوە کە ئەویش مەستبوونە بە ڕۆژانی بالاکردنی ئیمپراتۆریای عوسمانلییەوە. جیا لەمەش ڕۆژانە ژەنەراڵەکان سوکایەتی بە جەستە و شکۆی دیموکراسی دەکەن و بەپێی میزاجی عەسکەریی خۆیان ئاڕاستەی سیاسیی حکوومەت و دەسەڵات لەو وڵاتەدا دەگۆڕن. لەلایەکی تریشەوە دیموکراسییەتێک نکۆڵی لە مافی بیست ملیۆن کورد بکات سەرەڕای ئەوەش قەیرانێکی مرۆیی لە ناوچە کوردنشینەکاندا دروست بکات هەرچییەک بێت دیموکراسی نییە. دەسەڵاتێک هاشا لە کوشتنی یەک ملیۆن ئەرمەن و پەنجا هەزار کورد بکات پێش ٩٠ ساڵێک لەمەوبەر نیشانەی ئەوەیە هەرگیز نەبۆتە دیموکراسی، چوونکە دیموکراسی بە عەیار نییە یان ئەوەتا دیموکراسیت یان پێچەوانەکەی.

لەبەری لای ڕۆژهەلاتیش دەوڵەتی ئێران هەیە، دەوڵەتێکە لەسەر بنەمای ئاین، بە پوختترین دەربڕین دەوڵەتێکی تیۆکراتییە، لەم دەوڵەتەدا نەک هەر موخالیفن و دژە ئاین و بێ بڕواکان مافیان پارێزراو نییە بەڵکو دەسەڵاتێکی چەوسێنەری مەزهەبی لەسەر تەختی دەسەڵاتە. تەنانەت موسڵمانانی سوونەش لەژێر چەپۆکی ئەم حکوومەتە ئیسلامییەدا تووشی چەوساندنەوە بوون و بێبەش نەبوون لە شالاوی توندوتیژانەی مەزهەبی. ئەم دەوڵەتە سەرچاوەی هەموو نائارامییەکانی ناوچەیەکە و لە پاڵیدا ترسناکترین دەسەڵاتی ئیسلامییە لە واقیعی ئێستاماندا. لەبەرئەوە زەمینەیەکی ناوچەیی و هەرێمی لە ئارادا نییە تا یارمەتی پرۆسەی بنیادنانەوە و پێشخستنی دیموکراسی بدات لە عێراقدا، بەڵکو بەردەوام و ڕۆژانە ئەم دەوڵەتانە کێشە و نائارامی لە عێراقدا دەخوڵقێنن، دەیان دیکۆمێنت لەبەردەستدان ئاماژە

بۆ ئەوە دەکەن هەریەک لەو وڵاتانە بە نۆرەی خۆیان و لەڕێی تۆڕ و گروپی جیاواز جیاواز و دەزگاکانی هەواڵگرییەوە پرۆسەی ئاشتەوایی و دیموکراسی لە عێراق پەکدەخەن، چوونکە دەزانن وەرچەرخانی عێراق بەرەو دیموکراسیی کۆتایی گەمەکە نییە بەڵکو هەموو چرکەیەک بۆی هەیە ئەم باهۆزە روو لە وڵاتەکانیان بکات و پەردە لەسەر شانۆی دەسەڵاتی رەشیان دابداتەوە و کۆتایی بە سیناریۆیەک بهێنێ ئەم جۆرە دەوڵەتە شمولییانەی ناوچەکە چەند دەیەیەکە دەرهێنەرین. ئەوان لە ئێستاوە زەمینەکانی ئەو هەلومەرجە لە رەحمی دایکیدا لەباردەبەن.

هەنووکە دوای سێ ساڵ و حەوت مانگ لە کۆتایی هاتنی پرۆسەی «ئازادکردن»ی عێراق، هێشتا دووکەڵی جەنگ ئاسمانی عێراقی بەرنەداوە و وڵاتەکە بۆتە کەلاوەیەکی وێران و ئەشکەوتی خوێن و کابووس. ئەمەریکاییەکان لە بەردەم دووڕیانێکدان یان ئەوەتا هێزەکانیان بکشێننەوە کە دڵنیام بە کشانەوەی ئەم هێزانە هەرچی زیاتر عێراق روو لە کاولکاریی و جەنگی نێوخۆیی دەکات. یان ئەوەتا هێزی زیاتر رەوانەی عێراق بکەن. رامسفێڵد تا دوا ساتی لە وەزارەتی بەرگریدا بە گەشبینی و متمانە بەخۆبوونەوە رایگەیاند هێزی زیاتر رەوانە دەکەن بۆ چاڵی عێراق، بەڵام لایەنی بەرامبەر (دیموکراتەکان) ئەم هەڵوێستانەیان بە چەواشەکردن و بەلادا رێبردنی رای گشتیی وەسفکرد. هیلاری کلینتۆن لەم رووەوە دەڵێت (ئێستا زیاتر لە سێ ساڵ و نیوێکە هێزە سەربازییەکان لە رێگەی هەوڵە نیزامییەکانەوە تەواوی وزەی خۆیان تەرخانکردووە بۆ جێگیرکردنی ئاشتی و بنبڕکردنی توندوتیژیی، ئەمە لە کاتێکدایە وەزیری بەرگریی دەڵێت: هیچ کەسێک داوای لە ئێمە نەکردووە هێزی زیاتر رەوانە بکەین.. مەبەستم ئاشکراکردنی راستییەکانە، سێ ساڵە بەردەوام بیروڕای گشتیی چەواشە دەکرێت). ئێستا دەبینین گووتاری کۆمارییەکان لەمەڕ

عێراق بە جۆرێک گۆڕاوە، بوش دەڵێ عێراق مەیدانی جەنگی ئێمەیە تەنیا لەگەڵ تۆڕی تیرۆریستی ئەلقاعیدە و لەم جەنگەشدا سەرکەوتوو بووین، ئەوەتا لە وتەیەکیدا دەڵێت (بێگومان ئێمە شەڕی دژە تیرۆر دەبەینەوە، چوونکە هێزەکانمان زیانی گەورەیان بە ئەلقاعیدە و هێزە دەمارگیرەکان گەیاندووە، شەڕی یەکلاکەرەوەش لە عێراقدایە، بۆیە ناتوانین بەر لە کۆتایی هێنان بەم ئەرکە عێراق بەجێ بهێڵین).

بوش لە بیری چووە خۆی و دەوڵەتەکەی نەیانتوانیوە رەوشی عێراق چاک بکەنەوە و سەرەتاکانی دیموکراسیبوون دابمەزرێنن و تەبەنی هزری دیموکراسی بکەن، بەڵکو عێراق لە دۆخێکی تەواو ناڕەحەت و ناجێگیردایە، لە مێژوودا ماوەیەک نابینین هێندەی ئەمڕۆ عێراق ئاڵۆز و ناسەقامگیر بووبێ، وەلێ گومانیش لەوە دەکەین ئەمەریکییەکان توانیبیان سەرکەوتن بەسەر ئەلقاعیدە و گروپە توندڕەوەکانی تردا بەدەست بهێنن، چوونکە کوشتنی زەرقاوی نەک شەپۆلی توندوتیژیی رانەگرت بەڵکو رەوشەکەی تەواو تەقاندنەوە و مەوجەیەکی بێوێنەی توندوتیژیی عێراقی تەنییەوە. لەم سۆنگەوە ناوەندی رۆشنبیریی و سیاسیی ئەمەریکا بە روونی پێداگریی لە شکستهێنانی کابینەکەی بوشی دووەم دەکەن و پێیانوایە هەڵوێست و پێشڕەوییەکانی بوشی کوڕ ئاکامێکی خەتەرناکتریان لێکەوتۆتەوە، ئەمەش وای کردووە رۆژ لە دوای رۆژ نفوزی سیاسیی کۆمارییەکان روو لە کەمیی بکات. کە بێگومان باجەکەی بە شکستیان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا دەدەن.

فۆکۆیاما دەڵێت (پێشوەخت کۆمەڵێک کتێب و وتار چاپکراون کە سەرزەنشتی ویلۆنیالیزمی خۆشباوەڕانی ئەمەریکا دەکەن و هێرش دەکەنە سەر بیرۆکەی هەوڵدان بۆ دیموکراتیزەکردنی جیهان. هەوڵەکانی ئیدارەی دووەمی بوش بۆ دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە بە دروشمە زبر و توندەکانی دەستپێکی سەردەمی دووەمی دەسەڵاتەکەی دەستپێکرد، ئاکامی پڕ کێشەیان لێکەوتۆتەوە). فەرید

زەکەریاش وەک پسپۆڕێکی بە توانا و شارەزایەکی ناسراو بۆچوونێکی هاوشێوەی رایەکی فۆکۆمایای هەیە، پێیوایە ئەمەریکییەکان لە عێراق نەیانتوانیوە سەرکەوتنی بەرچاو بەدەستبهێنن. بەڵکوو هەوڵیانداوە تەنیا بۆ راگرتنی جۆرێک لە هاوسەنگی، ئەو لە News Week دا نوسیوویەتی (سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە عێراق لەماوەی سێ ساڵ و نیوی رابـردوودا تێکەڵەیەک بووە لە بنیاتنانی نەتەوە و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستەکان، نەک سەرکەوتنێکی بەهێز). بە پێچەوانەشەوە هەلومەرجی عێراق بە جێگەیەک گەیشتووە خەڵکی وڵاتەکە هەست بە جیاوازییەکی ئەوتۆ ناکەن لەگەڵ سەردەمی رژێمی پێشوو چوونکە لە دیتنی ئەواندا پیاوکوژ هەر پیاوکوژە، جا عەمر یان زەید بێت، سەدام حسێن یان موقتەدا سەدر بێت. بە جۆرێک ئەم دۆخە وای لە نووسەرێک کردووە لە رۆژنامەی «ریاز»ی سعودیدا ئەم چەند دێڕە بەوپەڕی نائومێدییەوە بنووسێت (سەدام پاسەوانی دۆزەخ بوو، چەندین جەنگی هەڵگیرساند و چەندین کەسایەتی ناوداری سیاسیی و ئاینیی و تەنانەت زاواکەی و چێشتلێنەرە کریستیانەکەی و مامۆستاکانیشی لە ناوبرد. ئەمانە هەمووی بە بیانووی چەند هۆکارێکەوە کە بە ئەمنیی ناودەبران، بەڵام بارودۆخی نوێی عێراق هیچی کەمتر نییە لە رابردوو، ئەوەندە نەبێت تاکە پیاکوژەکەی جاران ئێستا بووە بە سەدەها پیاوکوژ، میلیشیاکان بوون بە جێگرەوەی گاردی کۆماریی و دەزگاکانی ئاسایش و پاسەوانی تایبەت). دەکرێت رەوشەکە لە دێڕێکدا کورت بکەینەوە، ئەمەریکا لە ٢٠٠٣ دیکتاتۆرێکی مەترسیداری لە عێراق گۆڕی، بەڵام لە هەمان کاتدا دەرگای کردەوە بۆ دەیان دیکتاتۆری مەزهەبی و فاناتیستی عەرەبی شیعی و سوونی.

هەر ئێستا میلیشیاکانی سەدر و بەدر و گروپە جۆر بەجۆرەکانی تری چەکداریی لە عێراقدا، لە نەگریسترین جەنگی تۆڵەسێنەرەوەدان لە بەرامبەر بە یەکتر، ئەم جەنگە لە ئاسایترین تاکی شیعە یان سوونەوە

دەستی پێکردووە تا دەگات بە پێشەوایانی ئاینیی و کاربەدەستانی حکومی. خودی نوری مالیکی سەرۆک شالیاری عێراق بەردەوام ئەوە رەت دەکاتەوە پیاوی ئەمەریکا بێت، بەڵکو دەیەوێ سۆزی مەرجەعە ئاینییەکان و مەلا بونیادگەرەکان بۆ لای خۆی رابکێشێت. هەرچەند لە واقیعدا مالیکی بە ئەجیندای ئێرانی عێراق بەڕێوە دەبات، بەڵام پێیوایە قۆناغی دووەمی یاری سیاسیی شیعی دەستیپێکردووە، ئەگەر لە قۆناغی یەکەمدا بە هەڵبژاردن و دیپلۆماتییەت و دەنگدان شیعە سەرکەوتنی زۆری لە عێراقدا تۆمار کردبێت، ئیدی لەم قۆناغەدا کاتی ئەوەیە لەگەڵ باڵی عەسکەریی شیعی پێکبێت بۆ زیاتر سەقامگیرکردنی دەسەڵاتەکەی و کەمپینی پاکتاوکردنی سووننە و بژارکردنی دڕک و داڵی بەردەم خەونە مەزهەبی و شەخسییەکانی کە دڵنیام پریشکی ئەم ئاگرە پێش هەر کەس بەر کورد دەکەوێ. بە ئاشکرا بادانەوەی مالیکی بەلای مەزهەبگەریی و مەلا توندڕەوەکان و هێزەکانی میلیشیا هەست پێدەکەین، ئەمەش بە هەموو شێوەیەک هەڕەشە لە ئایندەی ئەمنیی و سیاسیی عێراق دەکات، بەڵگەیەکیش دەدات بە دەستەوە لە بارەی ئەوەی پێکهاتەکانی عێراق ناتوانن پێکەوە هەڵبکەن، بەڵکو کۆی هێزەکان لە هەوڵی نەپساوەدان بۆ کۆنترۆڵکردن و لەنێوبردنی ئەویتری دەرەوەی خۆی. ئەوەش بە ریمۆند کۆنترۆڵ و ئیحای ژێر بە ژێری مالیکی و ستافە شیعەکەیەتی کە مەرجەعەکان جارێکی تر دەم لە دەسەڵات و حوکمداریی وەردەدەن و دەبنە بەشێک لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیی لە وڵاتدا.

دەبینین موقتەدا سەدر کە لە سەرەتای هاتنی ئەمەریکاوە بانگەشەی جیهادی راگەیاند و بە کرداریی جەنگی لە دژی هێزەکانی هاوپەیمان هەڵگیرساند دوای کەنارگیرییەکی درێژ ئەمڕۆ هاتۆتەوە سەر شانۆی سیاسیی و هەندێ لێدوانی عەنتیکە و سەیر و سەمەرە بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن دەدات و بە شەفافی بەهەر چوار لای خۆیدا

هەڕەشە دەبەشێتەوە. ئیدی عێراقێک مەلا و ئاخوند و تیرۆریست و سەرکردەی عەقڵ بەجێماوی دەمارگیریی مەزهەبیی و ژەنەراڵی دەست و پەنجە خوێناویی و دزی بانک و سیاسیی قۆڵبڕ و دیکتاتۆر بەڕێوەی ببەن و ئەمەریکاش پاڵپشت و دۆست و هاوپەیمانیان بێت، ئاخۆ دەبێ چ ئومێدێک هەبێ بە پاشەڕۆژی دیموکراسی لەم وڵاتەدا؟ ئەم سیاسییە لۆمپن و گەندانە جگە لەوەی سەبەبکاری باری نائەمنیی و تیرۆر و تەقاندنەوەن، هاوزەمان دەستیان لە بینەقاقای خەڵک گیرکردووە و سەروەت و سامانی وڵات بە هەدەر و فیڕۆ دەدەن. گەندەڵی سەری هەموو عێراقییەکانی خواردووە و کۆمەڵگەی شەل و ئیفلیج کردووە، دزینی پارەوپول و بە فیڕۆدانی سەروەتی نیشتمانی لە ئاستێکی جادوویی و سەرسوڕهێنەردایە! تەنانەت بە پێی راپۆرتێکی دەوڵەتی ئەمەریکا تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٥دا چوار ملیار دۆلاری ئەمەریکی لە عێراقدا دزراوە و دیار نەماوە، ئەمەریکا لە چوارچێوەی داگیرکارییەکەیدا عێراقی یەک دیکتاتۆر و سەرکردەی پێویست (قائد الضرورة)ی گۆڕی بۆ عێراقی سەدان دیکتاتۆری قەزەم و سەدان حزبی تیرۆریست و پاشڤەڕۆ و کۆنەپەرست. تەنانەت من لەو بروایەدام ئەمەریکا هێشتا لە سەرەتای پرۆسەیەکدایە بە ناوی لە رەگوڕیشە هەڵکێشانی بەعس، ئەگەر لاشەی بەعس پارچە پارچە کرابێت، بەڵام هێشتا دڵی بەعسیزمی کولتووریی لە ترپەترپدایە. ئەمەریکا لە میانەی پرۆسە و ئۆپەراسیۆنێکی بیست رۆژەدا توانی رژێمی سەدام حسێن لەسەر کار لاببات، بەڵام ئایا بە کەوتنی بتەکەی سەدام لە چەقی شاری بەغدادا بە مانای کۆتایی یەکجاری بەعسیزم دێت؟ بێگومان نەخێر، راستە ئەمەریکا توانی بەعس وەک دامودەزگای سەرکوتکەر و تۆڕی هەواڵگریی و سوپا و دامەزراوە ئەمنییەکان هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام نەیتوانی کۆتایی بە سەرلەبەری بەعسیزم بهێنێت. رەنگە ترسناکترین وەتەری بەعسیزم لە هەبووندا مابێ کە

بەدڵنیاییەوە مەبەستمان ژینگەکەیەتی.

بەعسیزمی کولتووریی جیددیترین ئامادەیی هەیە و لە بیرکردنەوەی زۆربەی عێراقییەکاندا هێشتا بەعسیزم گیانێکی زیندووە، هەرچەندە ئەم قورساییە زیاتر لەسەر ئەندێشەی خەڵکی سوونە مەزهەبە، لێرە نەک بەعسیزم کۆتایی پێنەهاتووە بەڵکو رۆژانە بەیعەتی خۆیان لەگەڵی نۆژەن دەکەنەوە. هەیئەی عولەمای موسلیمین کە من دڵنیام یەک زانایان تیا نییە و سەرجەمیان مەلای وشکهەڵاتووی سەلەفی و دەمارگیرن مۆدیلێکی ترن لە بەعسیزم، تەنانەت ئەوان لە پەنا کتێبی قورئاندا پەرتووک و راسپاردەکانی سەدام دەبینین، ئەگەر مانیفێستی کۆمۆنیست کتێبی پیرۆزی کۆمۆنیستەکان بێت، ئەوا بێ دوو دڵی کتێبەکانی میشێل عەفلەقی تیۆریسۆن و مامۆستای عروبە و بەعسیزم مانیفێستی ئەو دەستە بەناو زانایەیە. ئەم دەستەیە جێگرەوەی بەعسن و نووکە درێـژە بە روانگە نەتەوەپەرستییەکانی بەعس و سـەدام دەدەن، رەنگبێ لەوەشدا لە بەعس کاریگەرتر بن ئەمانە دەستەیەک مەلا و پیاوی ئاینین و دەتوانن بەرگێکی پیرۆز و ئاینیی ببەخشن بە تێزە رەگەزپەرستییەکانیان (وەک لە وتەکانی حارس ئەلزاریدا هەستی پێدەکەین).

ئێمەش لە کوردستان وێڕای ئـەوەی پانزە ساڵ زیاترە بەعس وەک دەسەڵات و دامودەزگا لە نێوماندا نەماوە و هەڵکەندراوە، کەچی کولتووری بەعسیزم هەژموونی خۆی بەسەرماندا سەپاندووە و بگرە بەعسیزم بەشێکی هەرە گرنگە لە مامەڵەی سیاسیی و کارگێڕیمان، لە پەروەردە و سیمای بیرکردنەوەمان. بەعسیزم جوزئێکە لە خەیاڵ و روانینمان، بەعسیزم رووناکی ئەو لایتەیە بەرپێی خۆمانی پێ دەبینین، جا ئەگەر بەعسیزم پاش ئەم هەموو ماوەیە هێشتا لە کوردستاندا گیانێکی زیندوو بێت، ئەوە هەر باسی ناوەڕاست و باشوور مەکە کە تا ئێستاش سـەدام لە بەرگی فریشتە و پێغەمبەرێکدا دەبینن و

لێی رادەمێنن. گرفتەکەش ئەوەیە پێمانوابێ بە سووتاندنی تانک و دەبابە و فڕۆکەکانی بەعس و کاولکردنی جبەخانەکانی بەعس کۆتایی هاتووە، کارەساتەکە لەوێیە پێمانوابێ خنکاندنی سەدام و یاریدەدەرە درندەکانی خنکاندنی رەگەزپەرستی و وشککردنی تۆوی دیکتاتۆرییەت بوو، نا، بەڵکو سەدام حسێن لە پێست و رەنگێکی تردا ئامادەیی هەیە، رەنگبێ تێفکرینی سەدام لە کەللەی زۆربەی عێراقییەکاندا بێت، دڵی بەعسیزم هێشتان دڵێکی زیندووە و لە بەشی چەپی سینگی زۆربەماندا ترپەترپیەتی. پەروەردەی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی بەعس، هێشتا باڵادەستە!! بەعسیزم وەک مۆتیڤێکی هەراش و کارا لەپشت تێفکرینی تاک و گشتەوەیە.

بۆیە دووبارە دەڵێم دیموکراتیزەکردنی عێراق کارێکی سەختە، قورسی ئەم پرۆسەیە لەوە نارەحەتترە رژێمێک بڕوخێنی، هەموو ئاگادارین رووخانی رژێم وەک دەسەڵات و سوپا هەمووی بیست رۆژی پێ چوو، بەڵام لەوانەیە لە رەگەوە دەرهێنانی بەعسیزم لە کولتوور و دنیابینیماندا بیست ساڵ و رەنگە زیاتریشی پێویست بێت. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشێ: کەواتە رێگا چارەسەر چییە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاسایش و کۆتایهێنان بە تەنگژەی سیاسیی و ئاڵۆزیی و سەرلەنوێ بونیادنانەوەی عێراق؟. بە بڕوای من چارەسەر هەڵوەشاندنەوەی عێراقە وەک یەک دەوڵەتی ناوەندیی و یەکگرتوو، هەروەها دابەشکردنییەتی بۆ سێ دەوڵەت، لەبەرئەوەی عێراق نەک ئەوەی دەوڵەتێکی سروشتی و خۆڕسک نییە بەڵکو سنوورێکی دەستکردی ئیمپریالیزمە و بە زۆری زۆرداریی خراوەتە ژێر چەپۆک و رکێفی عەرەبەوە. بەریتانیای مەزن لە سەرەتای سەدەی رابردووەوە بە گوێرەی ئەجیندا و بەرژەوەندییە کۆلۆنیالیستییەکانی خۆی وێنەی ئەم وڵاتەی کێشا، شیعە و کوردی کردە سووتەمەنی دروستکردنی عێراق، بەڵام عێراق چ وەک دەوڵەتێکی یەکگرتوو چ وەک ئەوەی

ئینگلیز بیری لێدەکردەوە دروست نەبوو. وینستۆن چەرچڵ، سەرۆک وەزیرانی پێشووتری بەریتانیا، لە یادداشتەکانیدا نوسیوویەتی (لە مارسی ١٩٢١ کۆنفرانسی قاهیرە بڕیاریدا میسۆپۆتامیا بکرێتە عێراق و دامەزراندنی شانشینێکی عەرەبی، کە سوپایەکی عەرەبی وەک شتێکی بنەڕەتی بپارێزێ و بە پەیماننامەیەکیش ببەسترێ بە بەریتانیاوە، هەروەها کاوربارى ناوخۆشی بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی عەرەبەوە، هێزی ئاسمانی پاشایەتیش پارێزگاری بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بێت). تەنانەت دەوڵەت و سەڵتەنەتی عوسمانلی بەو دواکەوتوویی و کۆنەپەرستییەی خۆیەوە هۆشی بەوە دەشکا عێراق پارچەیەکە لە ململانێ و ناکۆکی قووڵ، بۆیە دابەشی کردبوو بەسەر سێ یەکەی ئیداریدا (سێ ویلایەت) کە پێکهاتبوون لە ویلایەتی کوفە و ویلایەتی بەسرە و ویلایەتی شارەزوور (دواتر بوو بە ویلایەتی موسڵ).

ئەم نەخشەیە بەمجۆرە مایەوە هـەروەک وتم تاکوو بەریتانیا و براوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانە عێراقیان بەمشێوەیەی ئەمڕۆ دامەزراند کە پارچەیەکە لە توندوتیژیی و جەنگی نێوخۆیی نێوان تایفە و نەتەوەکانی ناوی بە درێژایی زێتر لە هەشتا ساڵ. عێراق بە بەرینی ئەم مێژووە وڵاتێکی ساختە و نیشتمانێکی وەهمی بووە و قەت نەبووەتە دەوڵەتێک تیایدا هەمووان هەست بە یەکسانی و کامەرانی بکەن. پێموایە بێ دابەشکردنی عێراق بۆ سێ دەوڵەت، ئەم دەوڵەتە وەک بورکانێک هەمیشە لە تەقینەوەدا دەبێت، ئاگری ئەو گڕکانەش پێش هەر کەس کورد دەسووتێنێ. ئێستا تێدەگەین، دابەشکردنی عێراق کارێکی پێشنۆرەترە وەک لە دیموکراسی هەروەک پێشمەرجێکیشە بۆ چەسپاندنی دیموکراسییەت لە ناوچەکەدا. نموونەی ئەم دەوڵەتانەی وەک عێراق لە تەواوی دنیادا فاشیل بوون و هەڵوەشانەوە، ئەگەر بڕوانین بۆ کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤێتی جاران، هەر لە یۆگسلاڤیاوە تا دەگاتە چیکۆسلۆڤاکیا و کوێ و کوێی تر، ئەم دەوڵەتە وەهمی و

درۆینانە لە بەریەک هەڵوەشانەوە، سەرەڕای ئەو هەموو خوێنڕێژیی و تراژیدییە مرۆییانەی لەم وڵاتانە روویاندا دواجار و دوا چارەسەر بریتی بوو لە بژاردەی جیابوونەوە و پێکهێنانی چەند دەوڵەتێکی نوێی سەربەخۆ، هەرێمی مۆنتینیگرۆ نموونەیەکی هەرە نزیکیانە لە رووی کاتەوە.

عێراق نیشتمانێکی رەسەن و واقیعی نییە، بۆیە دوای هەشت دەیە و پتریش لە سیاسەتی توندوتیژانەی دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی، ئەمڕۆ لە هەموو کات شەفافتر دیارە عێراق نەبۆتە یەک نیشتمان و هەرگیزیش نابێت، ئەگەر بوش بیەوێ پرۆسەکەی لە سەرکەوتن نزیک بکاتەوە دەبێت هەنگاو لە راستای دابەشکردنی عێراقدا بنێ، بەڵام بە داخەوە ئیدارەی بوش مکوڕن لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق، لە کاتێکدا گەلێک پسپۆر و کارناسی رۆژهەڵاتی ناڤین چارەسەری ئەم دۆخە لە دابەشکردنی عێراقدا دەبیننەوە، بۆ وێنە سیاسەتمەداری ئەمەریکی (هێنری کیسنجەر) وەک شارەزا و پسپۆڕ لە کاروباری رۆژهەڵات و خاوەن ئاگاییەکی قووڵ و بێوێنە لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە لایەنگری دابەشکردنی عێراقە بۆ سەر سێ کەنتۆنی خۆ بەڕێوەبەریی یان راستتر بڵێم سێ وڵاتی سەربەخۆ لەسەر بنەمای کۆنفیدراڵی. بەڵام بوش لە زۆر بۆنە و جێگەدا دژی ئەم پێشنیارە وەستاوەتەوە بە بیانووی ئەوەی بارودۆخەکە تەواو دەشڵەژێ و دەبێتە ناڕازیبوونی تورکیا و سوریا و ئێران. سوریا کە گرێدراوی ئێرانە لەوە بێهێزترە بتوانێ بەر بە ئەجێندای ئەمەریکی بگرێ بۆ دابەشکردنی عێراق، هەرچی وڵاتانی عەرەبیشە چەند کاردانەوەیان نواند لە پرۆسەی داگیرکردنی عێراق و لەسەر کارلابردنی سەدام و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی حزبی بەعس، هەر ئەوەندەش کاردانەوەیان دەبێت لە ئاست دابەشکردنی عێراق، چوونکە ئەمەریکا دەتوانێ ئەو واقیعە بەسەریاندا بسەپێنێ! سەبارەت بە تورکیا، هیچ کات تورکیا

ئەم بارودۆخە دیفاکتۆیەی باشووری کوردستانیشی پێ قبووڵ نییە، بەڵام ناشتوانێ هیچ بکات لەدەرەوەی خواستی ئەمەریکا جگە لە هاشوهوشی لەشکرکێشی و میدیایی، رەنگە کاردانەوەی هەر هێندەی کاردانەوەی سێ ساڵ و نیو بەر لە ئێستای بێت کاتێ رێگەی نەدا هێزەکانی ئەمەریکا ئاسمانی وڵاتەکەی بۆ هێرشکردنە سەر عێراق بەکاربهێنێت. لە کۆتایشدا ئەمەریکا دوژمنی سەرەکی ئێرانە، کەوابوو پێویستی بە رازیکردنی دڵی ئێران نییە. ئەی بۆچی بۆ هەنگاو بۆ دابەشبوونی عێراق نانێت؟ هێشتا بەرژەوەندییە کۆلۆنیالیستییەکانی ئەمەریکا لە مانەوەی عێراقدایە بە یەکگرتوویی. نابێ ئەوەش لە یاد بکەین ئەمەریکا نیوئیمپریالیزمە نەک دۆست و فریادڕەسی گەلان.

بوش لە رۆژی دووشەممە ١٦-١٠-٢٠٠٦ لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ چەناڵی (فۆکس نیوز)ی ئەمەریکی لەو بارەوە وتی (بەو شێوەیە ئاژاوەیەکی لەمە گەورەتر دەخولقێنین کە لە عێراقدا هەیە و دەمانەوێت چارەسەری بۆ بدۆزینەوە). رۆژنامەی (عوممان) لەسەر هەڵوێستی جۆرج بوش راپۆرتێکی تێروتەسەلی ئامادە کردووە، لە راپۆرتەکەدا هاتووە (سەرۆک بوش دژایەتی دابەشکردنی عێراقی کرد، ئەوەتا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی فۆکس نیوزی ئەمەریکی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد دابەشکردنی عێراق بۆ سێ ناوچەی خاوەن دەسەڵاتی خۆ بەڕێوەبەریی کارێکە نەک دەبێتە هۆی یەکترکوژیی سوونە و دەوڵەتە سوونەکان لەگەڵ شیعەدا، بەڵکو کوردەکانیش تووشی کێشە دەبن لەگەڵ تورکیا و سوریادا، ئەوکاتیش خۆمان لە بێ سەرەوبەرەییەکدا دەبینینەوە گەورەتر لەوەی ئێستا دەیبینین). بێجگە لە بوش زۆربەی هەرە زۆری سیاسەتمەدارانی تری سەر بە کۆمارییەکان و کاربەدەستانی کابینەکەی بوش لەسەر هەمان قەناعەت و بڕوان کە عێراق بە یەکپارچەیی بمێنێتەوە بەبیانووی ئەوەی کێشەی گەورەتر دەخولقێنێ، تەنانەت لە کاتی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس و ئەنجوومەنی

پیران، کۆمارییەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد ئەگەر دیموکراتەکان زۆرینە بهێنن عێراق دابەش دەکەن (وەک ئەوەی کاریکی خراپ بکەن). بۆ نموونە رۆژنامەی (خەبات) لە ژمارە (٢٣١٢) رۆژی دووی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ لە لاپەڕەی یەکەمدا لەو بارەوە ئەم هەواڵەی بڵاوکردۆتەوە (بەرنامەی دۆسیێی ئەمڕۆی کەناڵی جەزیرەی قەتەری تەرخانکرا بوو بۆ هەڵبژاردنە سەرەتاییەکانی کۆنگرێسی ئەمەریکا و بەپێی راپۆرتێکی ئەم کەناڵە کە لە ئەمەریکاوە ئامادەکرابوو ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە جەماوەری حزبی کۆماریی لە بەرامبەر دیموکراتەکاندا بەرەو لاوازبوون دەچێت).

«هۆکاری سەرەکی ئەم لاوازبوونەش بۆ سیاسەتی جۆرج دەبلیو بوش لە عێراقدا گەڕێنرایەوە، بۆ شرۆڤەکردنی ئەم دۆسێیە بەرنامەی ناوبراو میوانداریی لە خالید سەفوری داڕێژەری ستراتیژیەتی حزبی کۆماریی و ئەندامی چالاکی ئەم حزبە لە کۆنگرێسی ئەمەریکا کرد، لە میانەی قسەکانیدا خالید سەفوری بە دووری زانی کە دیموکراتەکان بتوانن زۆرینەی کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا بەدەستبێنن، بەڵام دووپاتی کردەوە کە تەنیا سەرکەوتنی کۆمارییەکان یەکجارەکی خاکی عێراق دەهێڵێتەوە، ئەگەر دیموکراتەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنن ئەوە لە ماوەیەکی کەمدا دوای سەرکەوتنیان دەوڵەتی کوردیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست دەبێت و زۆرشتی دیکەی چاوەڕوانکراویش دەبینرێت. لە درێژەی قسەکانیدا داڕێژەری ستراتیژیەتی حزبی کۆماریی لە کۆنگرێسی ئەمەریکا وتی: کۆمارییەکان جەنگی عێراق بە بەشێک لە شەڕی دژە تیرۆر دەزانن و مەبەستیان نییە نەخشەی ناوچەکە بگۆڕن». ئەگەر کەمێک بە دیقەتەوە لەو وتانە وردبینەوە، ئەوا لە قسەکانی (سەفوری)دا دووشت بە روونی دەبینرێت:

یەکەم: سەفوری دەیەوێ عەرەبەکان بوروژێنێت یان سوود لە دەنگی رەوەندی عەرەب لە ئەمەریکا وەربگرێ، بەڵام دواتر بینیمان

سەرەڕای ئەم بانگەشانەش کۆمارییەکان دۆڕاندیان.

دووەم: وەعد و بەڵێنەکانی ئەمەریکا بۆ دیموکراتیزەکردنی عێراق بوون بە بڵقی سەر ئاو. ئەوەتا عێراق بۆ ئەوان تەنیا مەیدانی بەرەنگاریی تیرۆرە نەک گۆڕینی نەخشەی ناوچەکە، ئەمەریکا مەیدانی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ تیرۆریستان لە واشنتۆن و نیۆیۆرکەوە گۆڕیوە بۆ بەغداد و رومادی و سامەڕا و تکریت و قەندەهار و کابوڵ، بە کورتی ئەمەریکا تۆپەکەی لە ساحەی خۆی دوورخستەوە. بۆیە ئەجینداکەی ئەوان خاڵییە لە عێراقێکی دیموکرات و دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ و پانکردنەوەی سەری دیکتاتۆریەت و لە باربردنی بەستێنی کۆمەڵ بۆ دیکتاتۆرە سەرەمێکوتەکان. بە پێچەوانەوە ئەمەریکا وەک لوتکەی سیستمی سەرمایەداریی بە دوای بەرژەوەندییە نامەشروعەکانییەوەتی لەسەر خوێنی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کێ ئوسامەی دروستکرد؟ کێ دەستگیرۆیی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کرد کە پێیان دەوترێ «عەرەب ئەفغانەکان»؟ و ئێستاش هەموو دنیا گیرۆدەی دەستی تاوانکارییەکانیان بووە.

لە بەرامبەردا کیسنگەر و هاوبیرەکانی پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەن ئەگەر عێراق دابەش نەکرێت رەنگە ئەزموونی ڤێتنام جارێکی دووبارە بێتەوە، لەولاشەوە باڵی توندڕەو لە کۆنگرێس و حکوومەتی ئەمەریکا چارەسەر لە رەوانەکردنی هێزی سەربازیی زیاتردا دەبینینەوە، ئەوەش مامەڵەیەکی ستالینی و تەسکبینانەیە لەگەڵ ئەم واقیعەی عێراقدا. لە سەروەختێکدا بە دیفاکتۆ ئەمڕۆ عێراق سێ دەوڵەت و سێ دەسەڵاتی جیایە، لە بەشی باشووردا کە لە رووی سوکانییەوە زۆربەی دانیشتوانەکەی شیعە مەزهەبن دەوڵەتێکی تیۆکراتیان لەسەر بنەماکانی مەزهەبی شیعە هەیە، دەوڵەتێک بە هەموو پێوەرێک دەسەڵاتێکی مەزهەبییە و وێنەیەکە لە چەشنی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەر لەم بەشدا حکومەکانی شیعەگەرێتی و ویلایەتی فەقیە بەڕێوە دەچێ و

هەر ئەوەیە جەعفەری سادق لە نێوانیاندا نییە، ئەم پارچەیە لە وڵاتی درۆینەی عێراق تەنێ ناوی باشووری عێراقە ئەگەر نا بووە بە بەشێک لە کۆماری ئیسلامی ئێران. لە ناوەڕاستی عێراق بەرەو سەرەوە یان راستتر بڵێم سێگۆشەی سوونەنشین سەرباری نائارامی و ناجێگیریی بارودۆخی ئەمنیی تیایدا، بەڵام دەسەڵاتی یەکەم و سەرەکی بە دەست تیرۆریستان و پاشماوەکانی حزبی بەعسی رووخاوەوەیە. هەروەک ئاشکرایە رێکخراوی ئەلقاعیدە لەم دەڤەرانە حکوومەتی ئیسلامی خۆی راگەیاندووە (ئەمارەتی ئیسلامی عێراق)، هەڵبەتە لە باری عەمەلیشەوە تێکەڵەیەک لە پاشماوە سەدامییەکان و تیرۆرستەکانی ئەلقاعیدە و قوتابییە دڵسۆزەکانی ناسیۆنالیزمی پەڕگیری عەرەب بە هاوبەشیی حوکمی ئەو ناوچەیە دەکەن. ئەم بەشەش لە عێراق لە ژێر چەتر و کۆنترۆڵی راستەوخۆی ئەم پێکهاتانەدایە و حکوومەتی عێراق کە زیاتر وەک حکوومەتی شیعە خۆی دەنوێنێ بچووکترین رۆڵی ئیداریی و سیاسیی نییە لەوێ.

لە بەشی باکوورەوە یان هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی خۆماڵی کوردیی لە ژێر ناوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، ئەم پارچەیەش بەشێکی دابڕاوە لەو دوو بەشەی تر، دەسەڵات فۆرم و مۆدیلێکی جیاوازترە لە شێوە دەسەڵاتی ناوەڕاست و باشوور، بۆشایی و کەلێنێکی کولتووریی و عەقڵیی لەنێوان خەڵکی کوردستان و خەڵکانی ناوچەکانی تردا هەیە، لە باشوور زۆرینەی خەڵک خوازیاری دەوڵەتێکی ئیسلامی شیعین. لە ناوچەی ناوەڕاستیش بەشی زۆری خەڵک خەون بە دەوڵەتێکی عەرەبی ئیسلامی سوونەی دەمارگیرەوە دەبینین. بەڵام جەماوەری کورد بە زۆرینەی دەنگ لەگەڵ دەوڵەتێکی دیموکراتی دادپەروەردان، بەڵام ئەم دەوڵەتە دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ بێ. ئیتر کوانێ رۆڵ و مانای حکوومەتی عێراق کە مام جەلال سەرکۆمار و مالیکی سەرۆک وەزیرانییەتی؟. ئایا جگە لە

وێنەیەکی وەهمی و درۆیەکی شاخدار شتێک لە ئارادایە بە ناوی حکوومەت و نیشتمانی عێراق؟. سەرەڕای ئەمانەش ئەم سێ پێکهاتە سەرەکییە ناتوانن بەیەکەوە هەڵبکەن، سوونتە ئامادە نییە دەسەڵات و ئیمتیازانی هەشتا ساڵی رابردووی واز لێبێنێ و دەست لە کورسی دەسەڵات هەڵبگرێت، بۆ ئەوەش تاکە رێگەی بەدیهێنانی ئەم خەونە لە لە ناوبردنی کورد و شیعەدا دەبیننەوە, ئەزموونی هەشتا ساڵی رابردووشیان لە دەسەڵاتدا ئەم فاکتەی سەلماندووە، کوردیش حەزەر و گومانی هەیە لە نیەتەکانی عەرەب و ترسی هەیە لەوەی شۆڤڵەکانی ئەنفال جارێکی تر گۆڕ هەڵتەکێنن و خەونی ساڵەها ساڵی بە با بدەن. ئەگەر بەرژەوەندیی سەرانی کورد نەبوایە دەبوو لە ٢٠٠٣دا کورد بۆ ئەبەد عێراقی لە کۆڵ خۆی بکردایەتەوە و دەوڵەتی رابگەیاندایە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی دەوڵەتی عێراق لە سەرەتای دامەزراندییەوە هێندەی ئەوکات لاواز نەبووە و چوارچێوە جوگرافییەکەشی هیچ کات ئەوەندە پاشاگەردانی و ناجێگریی بەخۆوە نەبینیوە.

شیعەش هیچ کام لە کورد و سوونەی قبوڵ نییە، بەڵکو لەگەڵ عێراقێکی یەکگرتووی ئیسلامیدایە لەسەر بنەمای شیعەگەرێتی، تەنانەت ئەلحەکیم (محەمەد باقر ئەلحەکیم) وەک ئایەتوڵڵایەکی بەرهەڵستکاری رژێمی پێشووی عێراق، بەر لەپرۆسەی ئازادیی عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا وتبووی (لە کۆماری ئیسلامی عێراقی پاش سەدامدا جێگەی کوردسانێک لەو خاکەدا نابێتەوە). ئەمڕۆش بە روونی ئەو دیمەنە دەبینین کە شیعە چۆن لە قوربانییەوە بووە بە جەلاد. ئەمە گرێیەکی سایکۆلۆجیی شیعەی عێراقە، کە بەدرێژایی هەشتا ساڵ لە سایەی سوونەی عەرەبدا چەوساونەتەوە، بەڵام چوونکە دیموکراسی لە عێراقدا فەرهەنگ نییە، بەڵکو مەزهەبگەریی و دیکتاتۆریی و خوێنڕشتن پەروەردەی باڵادەستە، بۆیە بە ئاسانی لە سێ ساڵێکدا شیعە وێنای خۆی لە قوربانییەوە گۆڕی بۆ جەلاد. کورد وتەنیش

قسە هەزارە و یەکێکی بە کارە، ئەگەر چارەسەری کێشەکانی عێراق و کۆتاییهێنان بە قەیرانە قووڵەکانی دەرگایەکی هەبێت، ئەوە یەکێک لە کلیلەکانی کردنەوەی ئەو دەرگایە دابەشکردنی عێراقە بۆ سێ هەرێمی خۆ بەڕێوەبەریی هەروەک ئاماژەم بۆ کرد بەشێوەی سێ دەوڵەتی کۆنفیدراڵ تا ماوەیەکی دیاریکراو لەگەڵ یەکتر بمێننەوە. یان ئەگەر دۆخەکە قبوڵی کرد هەر کەس لەماڵی خۆی. پێموایە ئەمە بۆ ئەمەریکا و ناوچەکە و جیهانیش، تاکە ڕێگەچارەیە، بەدەر لەمە هەر ڕێگاچارەیەکی تر من لای خۆمەوە ناوی دەنێم «چارەسەری درۆزنانە».

دوای ئەم هەموو شێر و ڕێوییە هەقە ئەوەش لە خۆمان بپرسین: ئایا بە راست ئەمەریکا بۆ نەوت هێرشی کردۆتە سەر عێراق یان بۆ دیموکراتیزەکردنی؟ ئەمەریکا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکان و سیاسەتی پاوانخوازیی و فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆی سەربازەکانی بە کوشتن دەدا یان لە بەر چاوی کاڵی عێراقییەکان؟. بە بڕوای من شەڕی ئەمەریکا شەڕی مسۆگەرکردنی بیرە نەوتەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکان و درێژەپێدانی پاوانخوازیی خۆیەتی. ئەمەریکا نە سڵ لە جەنگ دەکاتەوە نە لە کوشتار نە لە کاولکاریی، بەڵکو کاری گرنگ و ئەولەویترین شت بۆی بەرژەوەندییە، بەرژەوەندیی بە جۆرێک ئەمەریکای وڕ و گێژ کردووە لە پەیامی گوللەباران و گوڵباران تێناگات، ئەو بەناوی گوڵاوی دیموکراسییەوە سووتێنەرترین چەکی مۆدێرن بەکاردێنێ، ئەو باسی مافەکانی مرۆڤ دەکات و گوانتانامۆشی هەیە، ئەو نموونەی مارلین مۆنرۆ پێشکەش بە ژنی دنیا دەکات وەک نموونەی ژنی ئازادی ئەمەریکی، کەچی دۆستی گیانی بە گیانی سعودیەیە کە ماف بە ژن نادات تەنانەت ئۆتۆمبیلیش لێبخوڕێت.! ئەو بۆی گرنگە لە هەموو شوێنێک بێت و بەرژەوەندییەکانی لە پەڕاوێزترین سوچی دنیادا ئامادەیی هەبێ و پارێزراویش بێت.

مادلین ئۆلبرایت وەزیری پێشووتری دەرەوەی ئەمەریکا لە وتارێکدا بەناوی (مەشقکردنی دەسەڵاتی دەرەوەی ئەمەریکا)دا نوسیوویەتی (بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانمان، ئێمە پێویستە بە خۆ بکەوین، رێککەوتن ساز بکەین، دەستوور بێنینە رۆنـان، نموونەی وا بێنینە پێشەوە لەسەر بنەماکانی دیموکراسی، بازاڕی کراوە، یاسا، ئاشتی بەرقەرارکردن، جیهان پتر لە یەکدی نزیک بخەینەوە). بوش لەهەڵپەی ئەوەدایە لە زووترین کاتدا دەست بەسەر چاڵە نەوتەکاندا بگرێ و مەترسی تیرۆریستەکانی ئەمڕۆ و دۆستەکانی دوێنێی کۆشکی سپی لەو رووەوە نەهێڵێ، بوش لە بیری چووە دنیای ئێمە دنیایەکە پتر گیرۆدەی دەیەها کێشەی ترە، هەڕەشەکانی سروشت، زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی، نەخۆشی و درمی کوشندە، ئایدز، بەدڕەوشتی و برسێتی و جەنگ و کاولکاریی، ئەفەریکا تاریکترین بەشی سەر شانۆی جیهانە و کارەساتاویترین جوگرافییە، بوش هەموو ئەمانە پشتگوێ دەخات و دێت دنیا لە شەڕێکی خوێناوییەوە دەئاڵێنێت تەنیا و تەنیا بۆ دەستەبەرکردنی خەونی چەند بازرگانێکی پترۆڵی وەک خۆی، بە تێگەیشتنی من جەنگی عێراق جەنگی نەوت و یەدەگی پترۆڵی ئەم وڵاتەیە و هیچی تر. جەنگەکانی ئەمەریکا هەموو لە یەک خاڵی ستراتیژییدا کورت دەبنەوە، ئەویش فراوانکردنی هەژموون و دەستەبەرکردن و پارێزگارییکردن لە بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان وەک سەرداری بێ رکاربەر و تاکە جەمسەری هێز لە جیهاندا.

جیفری دی.ساش مامۆستای زانستی ئابووری و بەڕێوەبەری پەیمانگای زەوی لە زانکۆی کۆلۆمبیا، دەنووسێت (بوش لەم دواییانەدا بۆ رۆژنامەنووسان دوا و داوای ئەوەی لێکردن کە جیهان پاش پەنجا ساڵی دیکە بهێننە بەر چاویان، ئەو کاتێک ئەم داوایە ئاڕاستە دەکات بیری لە ئایندەی زانست و تەکنۆلۆژیا، یان ژمارەی دانیشتوانی جیهان

نەکردۆتەوە کە ژمارەکەیان لە نۆ هەزار ملیۆن کەس تێدەپەڕێت.. یاخۆ بیری لەو ململانێیە نەکردۆتەوە کە پەیوەستە بە گۆڕانی کەش و هەوا، بەڵکو لە جیاتی ئەوە دەیەوێت بزانێت ئاخۆ توندڕەوەکان لە جیهانی ئیسلامیدا دەستدەگرن بەسەر سەرچاوەکانی نەوتی جیهاندا، لە راستیدا ئەوەی کە پاش پەنجا ساڵی دیکە سەرقاڵمان دەکات و خەونمان لێ تێکدەدات، هەرچییەک بێت پێویستە ئەوە لە کۆتایی لیستەکەدا بێت). راستیش ئەوەیە ئەمەریکا زێرەڤانی بەرژەوەندییەکانی خۆیەتی، بێ سڵەمینەوەش دوژمنی بەرژەوەندییەکانی هەر کێ بێت و لە هەر کوێ بێت تەنانەت ئەگەر لە حەشارگەکانیشدا بێت لە ناویدەبات. ئەمەریکا هەر بۆ ئەو مەبەستە هێرشی کردە سەر عێراق و سەدام حسێنی کۆنە قوتابی و بەندەی گوێڕایەڵی زەمانێکی دوور و درێژی خۆی لەسەر کارلادا، بەڵام ئایا تۆ بڵێی لەم دۆخەدا بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکاییەکان لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیی عێراقییەکاندا یەکانگیر بێتەوە؟ ئایا عێراق بە مانەوەی سوپای ئەمەریکا قازانج دەکات یان نا؟ ئەگەر هێزەکان بۆماوەیەکی دیارینەکراو مانەوە تۆ بڵێی توندوتیژیی لە رادەبەدەر و زێدەتر بەرامبەریان نەکرێت و ناچار بە کشانەوە نەکرێت؟. یان ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا پاشەکشەیان کرد، تۆ بڵێی عێراق لەوە زیاتر نەبێتە مەیدانی تەراتێنی شانە جیهادیی و تیرۆرستییەکان و جەنگی ناوخۆیی درێژخایەن و نەبڕاوە چارەنووسی عێراقییەکان لەمە رەشتتر نەکات؟. من نازانم دەبێ هەمووان چاوەڕوانی سیناریۆ و پێنگاڤەکانی داهاتوو بین. هەرچەندە مرۆڤی هۆشمەند لە هەنووکەوە هیچ ئاسۆیەکی گەش لە ئاسمانی پڕ غوبار و تەمی ئەم وڵاتەدا بەدی ناکات.

کاتی خۆی بوش لە ٢٦-٢-٢٠٠٣ واتە تەنیا بیست رۆژ بەر لە هێرش و ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بۆ سەر عێراق وتی (هەتا بزانین پێویستە لە عێراق دەمێنینەوە، بەڵام رۆژێک زیاتری لێ نابین). هەروەها وتیشی ئێمە عێراقێکی نوێ و دیموکراتیک دروست دەکەین، بەڵام (بیرژان

لویزان)ی شارەزای فەڕەنسی وتی (سەرلەنوێ بونیادنانەوەی عێراق کارێکە شکست دەهێنێ)! ئایا بوش و بیرژان کامیان راستیان کرد و رووداوەکانی داهاتوو قسەی کامیان دەسەلمێنێت؟. تۆ بڵێی دوای ئەم ماوە تاڵ و تاریکە بۆ سوپاکەی بوش لەسەر هەمان رای خۆی مابێت؟ تۆ بڵێی پێش ئەوەی کاتی پێویست کۆتایی پێبێت ناچار بە کشانەوە نەکرێن؟ کێ ناڵێ عێراق نابێتە ڤێتنامی دووەم و ئەمەریکا لوتی تیایدا ناشکێ؟ نازانم با بزانین لە رۆژانی داهاتوودا چی روو دەدات؟!!. تاکە شتێک کە بیزانم ئەمەریکا لە دروستکردنەوەی عێراقدا سەرکەوتوو نەبوو. هیچ کاتێکیش مەرجی سەرکەوتن رەوانەکردنی هێزی زیاتر یان کشانەوە نییە، بەڵکو دابەشکردنی ئەم دەوڵەتە ساختەیەیە بە ناوی عێراق کە مایەی ئاشووبە بۆ هەموو دنیا.

*ئەم وتارە شیکارییە پێش دوانزە ساڵ، بە چوار بەش لە ژمارەکانی (١٠٨) و (١٠٩) و (١١٠) و (١١١)ی رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە رۆژەکانی ٢٦-٢٧-٢٨-٢٠٠٦/١١/٣٠ بڵاوبووەتەوە.

## بەشی پێنجەم
## مێژووی خوێناویی سوپای عێراق
## لە فەرمانڕەوایی شا فەیسەڵەوە تا نوری مالیکی

شاراوە نییە لە هیچ کەسێک ئەگەر بۆ یەک رۆژیش لە عێراقدا ژیابێت، سوپا رۆڵێکی بنەڕەتیی و سەرەکیی بینیوە لە نەخشاندنی وێنەی سیاسیی و فەرمانڕەوایی و سەقامگیرکردنی پایەکانی دەسەڵات. لە ماوەی زیاتر لە هەشتا ساڵدا سوپا میکانیزمێکی هەرە کاریگەری دەستی فەرمانڕەوایان بووە لە عێراقدا بۆ سەرکوت و دامرکاندنەوەی هەموو دەنگێکی نارازی یان خوازیاری گۆڕان و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی سیاسیی، بە قەبارەی ئەوەش سوپا بۆ هێزە بەرهەڵستکار و قەدەغەکراوەکان میکانیزمێکی ئێجگار هەستەوەر بووە، بە تایبەت بۆ بەکارهێنانی لە کودەتای سەربازییدا، ئەگەرچی کودەتای سەربازیی تەنیا دیاردەیەکی تایبەت نییە بە عێراق و هەر لێرە روویندەداوە، بەڵام دەبێت بڕوایەکی کۆنکرێتی بەو بهێنین کودەتا تەنێ لەو جێگە و جوگرافیا و سەرزەمینانەدا روودەدات، هەموو رێگاکانی ئاشتیی و دیموکراتی تیایاندا کڵۆمدراون بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی سیاسیی. بە کورتییەکەی کودەتا سەربازییەکان تەنێ لەو شوێنانە روودەدەن حوکمێکی زۆرەملێ و دیکتاتۆرانەیان تێدا هەیە، ئەگەرنا لە

هەر جێگەیەک دیموکراسی هەبێت، ئامراز و ڕێوشوێنی ئاشتیخوازانەش هەن بۆ پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات.

هەشتا ساڵ لە عێراقدا سوپا تەنیا ڕۆڵێکی ترسناک و دژی بەرژەوەندیی تەنانەت هاووڵاتیانی ناوخۆی وڵاتیشی گێڕاوە، چوونکە ئەو سوپایە هەموو جەنگێکی دۆڕاندبوو جگە لە جەنگی سەرکوتکردنی هەر «نا»یەکی ناوخۆیی، جگە لە گۆڕی بە کۆمەڵ و کوشتنی هاووڵاتیانی بێتاوانی ناوخۆ لە هەموو پێکهاتە جیاوازەکان شتێکی تۆمار نەکردووە بە سەروەریی یان بە شانازیی بۆی بنووسرێتەوە لە دیرۆکی تایبەتیی خۆیدا. ئەگەرچی سوپای عێراق لە سەرەتاوە بۆ داکۆکیی لە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و پاراستنی سوود و قازانجی گشتیی عێراقییەکان هێنرایە سەر شانۆی ژیان، بەڵام بێگومان بەرژەوەندیی باڵای عێراق لە یەکپارچەییدا بوو، ئەمەش بەهەموو شێوەیەک بە کارەسات بۆ کورد تەواو دەبوو، بینیشمان هەروا بوو بە کارەساتی گەورە بۆ کورد لە باشووری کوردستان تەواو بوو. جیا لەمەش سروشتی کۆمەڵگەی عێراقیی و هاتنە سەر شانۆی سیاسیی چەند گروهێکی دیکتاتۆر و تاکڕەهەند هەر زۆر زوو ئەو خەونەی بە گۆڕ سپارد کە خوازیار بوو سوپای عێراق ببێتە سوپایەکی بەهێز، داکۆکیی لە ژیان و قازانجی سەرجەم عێراقییەکان بکات، بە پێچەوانەوە لەبری ئەوەی سوپا بچێتە خزمەتی مرۆڤەکانەوە، بەداخەوە ملیۆنەها عێراقیی بە ڕێگەی جۆراوجۆر بوونە قوربانیی خەونی دزێوی سوپایەکی بەهێز، بە تایبەت لە ڕۆژانی ڕەشی حکومڕانیی دیکتاتۆری مەزن «سەدام حسێن»دا.

## مێژووی عێراق یان مێژووی جیاوازیی و یەکترسڕینەوە؟

لە بەرەبەیانی مێژووەوە ئەو جێگەیەی ئێستا بەعێراق دەناسرێتەوە «میسۆپۆتامیا» ئاوەدانیی بووە، ئەمەش بەهۆی بەپیتیی خاکەکەی و

هەبوونی ژێدەرێکی زۆری ئاوەوە. هەر لەگەڵ ئەو مێژووەدا ناکۆکیی و شەڕ و ئاژاوە بەشێکی دانەبڕاو بووە لە دیرۆکی سەر ئەم جوگرافیایە. بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی دێرینی بەر لە هەزاران ساڵی پێش زایین، ئەم راستییە بە ئاشکرا دەبینین: ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتیی و میسۆپۆتامیا بە تایبەتیی ناوچەی نائارام و پڕ لە ئاژاوە و کێشمەکێش بووە، هەر لە سۆمەرییەکانەوە تا دەگاتە ئاکادیی و حیسیی و ئاسووریی و بابلی و کلدانی و دەسەڵاتی فارسەکان، ئەو سەرزەمینەی ئەمڕۆ پێیدەوترێت عێراق، گۆڕەپانی سەختترین ململانێی توندوتیژ و شەڕ و کوشتاری بێ بەزەییانە بووە. لە مێژووی دواتریشدا و لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامییەوە تا دەگاتە دوا رۆژەکانی خەلافەتی عەبباسیی و هەرەسهێنانیان لەسەر دەستی مەغۆلەکان، ئەوە نەک پشوویەک بەدی ناکەین، بەڵکو ئەوەی زیاتر لە هەر شتێکی دیکە لەم ماوە مێژووییەدا دەیبینین خوێن و ئازارە، ئەگەر حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفی نموونەیەکی توندوتیژ یان سەدامێکی سەروەختی خۆی بووبێت، ئەوە ئەو هەموو شەڕو کوشتارەی لە نێوخۆی موسڵمانە ئەمەویی و عەبباسییەکاندا روویدا شتێکی کەمتر نییە لەوەی لە مێژووی نوێدا هەستی پێدەکەین و دەیزانین.

جا لە کارەساتە خوێناوییەکانی بزووتنەوە هەڵگەڕاوەکان لە خەلافەت بگەڕێ، چوونکە سوورکردنی دیجلە لە خوێندا لەلایەن مەغۆلەکانەوە بە سەرۆکایەتی هۆلاکۆ رووداوێکی خوێناویی ئەوەندە گەورەیە تا مێژوو هەیە لە بیر ناچێتەوە. ئەگەر چاوێکیش بە قۆناغەکانی دواتر و دیرۆکی عوسمانییەکان هەتا داگیرکاریی ئینگلیزەکاندا بخێشێنین ئەوە دیسان ماوەیەک نابینین پشوویەکی تێدا بێت لە خوێنڕشتن و کاولکاریی و یەکتر سڕینەوە. بێگومانیش داگیرکاریی نوێی ئینگلیزەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بێ شەڕ و خوێنڕێژیی و کاولکاریی نەبوو. هەروەک چۆن مل پێ کەچکردنی کورد بۆ هەڵبژاردنی عێراقێکی عەرەبیی، بێ

ژان و سەرئێشە و کاولکاریی و شەڕ نەبوو. ئەگەر لەهەموو ئەم کارەساتانە ورد بینەوە، راستییەکی رەها و روون هەیە، ئەوەی ئەم مێژووەی وەها پڕ کردووە لە خوێن، تەنیا و تەنیا هێز و لەشکر بووە، بۆیەکا ناماقووڵ نییە بڵێین لەوەتی عێراق هەیە «مەبەستمان لەو جوگرافیایە ئێستا پێیدەوترێ عێراق» ئەوەندەی لەشکر و خاوەن لەشکران رۆڵیان تێدا گێڕاوە هیچ شت و کەسی تر تا هەنووکەش نەیتوانیوە نیوەی ئەوە، رۆڵ ئەدا بکات. لە قۆناغی نوێدا وەختێک لە ژێر سایەی حکوومەتی ئینگلیز دەوڵەتی عێراق دروستدەکرێت و سوپایەکی قانوونی بۆ دادەمەزرێنێت ئیدی بەرە بەرە سوپا رێگەی زیاتری پێدەدرێت دەور لە هاوکێشە سیاسییەکاندا ببینێت، تا دواجار بارودۆخەکە بە جێگەیەک گەیشت سوپا لە عێراقدا کارەساتێکی گەورەی مرۆیی نایەوە، کارەساتێک لە دوای هۆلۆکۆستەوە لە وێنەی نییە لە تەواوی سەدەی بیستەمدا.

## مێژووی دامەزراندنی سوپای عێراق

بڕانەوەی یەکەم جەنگی جیهانیی کە تێیدا هەردوو ئیمپریالیزمی فەڕەنسیی– بەریتانیی سەرکەوتن، جیهانی خستە بەردەم چەرخێکی تازەوە، کاریگەرییەکانی ئەو جەنگە بوونە هۆی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی نەخشەی جیهان، ئیمپراتۆریای عوسمانلی «پیاوە نەخۆشەکە» لە ئەنجامی شەڕەوە تەواو شەکەت و لاواز ببوو، هەموو ئەو ناوچانەی لە دەستدابوو کەوتبوونە دەرەوەی تورکیای ئێستا. ئەم شکستەی عوسمانلییەکان هەلێکی زێڕینی دایە دەست هەردوو ئیمپریالیزمی براوەی جەنگ، بە ئاسانیی نەخشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دابڕێژنەوە. لەم نێوەندەدا حکوومەتی ئینگلتەرە لەسەر جەستەی هەر سێ ویلایەتی بەسرە، کوفە، موسڵ «پێشتر شارەزوو بوو» توانی دەوڵەتێکی نوێ دابمەزرێنێت

بەنێوی «عێراق». ئەگەرچی هەر لە سەرەتاوە ویلایەتی موسڵ یان راستتر بڵێین باشووری کوردستان کێشە و بیروڕای جیاوازی لەسەر بوو لەوەی بلکێنرێت بە عێراقەوە یاخۆ بە تورکیای نوێوە؟، بەڵام سەرەنجام دوا بڕیاری بەریتانیا- فەڕەنسا ئەوەبوو بخرێتە سەر عێراق بەتایبەت بەهۆی دۆزینەوەی نەوت، هاوکات بۆ زیاترکردنی رێژەی سووننە مەزهەب لە عێراقی تازە دروستبوودا.

بەریتانییەکان سەرەنجام عێراقی عەرەبییان دروستکرد و پادشایەکیان لەدەرەوەی عێراق هێنا بۆی، دەستووری تازەی عێراقیش بە هەموو جۆرێک عێراقی وەک وڵاتێک یان بەشێک لە نیشتمانی عەرەب دەناساند و نکۆڵیی لە هەبوونی هەر نەتەوە و گەلێکی دیکە دەکرد. لە ماددەی دووەمی دەستووری ساڵی ١٩٢٥دا نووسراوە «عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئازادە، بە هیچ جۆرێک خاکەکەی پەرت ناکرێت و دەست لە هیچ بەشێکی هەڵناگیرێ، حکوومەتەکەشی حکوومەتێکی پاشایەتی نیابییە»، بەڵام لە راستیدا حوکمی راستەقینە لە ژێر چنگی بەریتانیادا بوو، چوونکە هەتا ماوەیەکی زۆر دواتر، عێراق هەر لەژێر سایەی ئینتیدابی ئینگلیزییدا مایەوە. بەریتانییەکان خوازیاربوون عێراق بە گشتیی یەکەیەکی کارگێڕیی بێت و هەموو بەرژەوەندییەکانیان تێیدا پارێزراو بێت، دەسەڵاتی پادشایی دەیخواست بۆ داکۆکییکردن لە پەیکەری فەرمانڕەوایی شانشینەکەی هەموو رێگەکانی خۆی بەکاربهێنێت، لەم چوارچێوەدا بۆ دروستکردنی دامەزراوەکانی حکوومەتێکی پاشایی فەرمیی هەنگاوی پێکهێنانی سوپا بووە پێویستییەکی پلە یەک.

ئەگەرچی لە پێشتریشدا ئیدارەی ئینگلتەرە چەندین هێزی جیاجیای نافەرمییان لە جێگەکانی عێراق دروستکردبوو، بەڵام ئەوە وەڵامی پێویستییەکانی نەدەدایەوە، بە تایبەت لەو سەروەختەدا عێراق دەوڵەتێکی تازە دامەزراو بوو. بەریتانییەکان لە ساڵی ١٩١٥

به دواوه هەوڵەکانیان خستەگەڕ بۆ پێکهێنانی ئەو هێزە نافەرمییانە. لەو نێوەندەدا «هێزی لیڤی» دروستکرا، ئەگەرچی سەرەتا ئەم هێزە تەنیا لە٤٠ پیاو دروستکرا، بەڵام دواتر ژمارەی گەیشتە «٦١٩٩» پیاو، ئەمە لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٢٢. ئامانجی ئەم سوپایە کە زۆرینەی لە ئاشوورییەکان پێکهاتبوو، بە پلەی یەکەم دژایەتیکردنی کورد و دەسەلاتی شێخ مەحمودی مەلیکی کوردستان بوو، ئەگەرچی بەریتانیا خوازیار بوو لە زۆر پێناوی تردا بەکاریبهێنێت «١». بەڵام هەوڵەکانی دامەزراندنی سوپایەکی فەرمیی مەشقپێکراو، تاوەکوو ببێتە سوپای دەوڵەت، بۆ کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٢٠ و سەرەتای ساڵی ١٩٢١ دەگەڕێتەوە.

به پێی سەرچاوە مێژووییەکان هەنگاوی ئەفسەرە عێراقییەکان کە بەشێکی بەرچاویان کورد بوون، لەسەر دەستپێشخەریی بەریتانییەکان بووە. ئەوەبوو سەرەنجام (رۆژی ٦-١-١٩٢١ لەسەر رۆخی رووباری دیجلە لە شاری بەغداد، کۆمەڵێک ئەفسەری عێراقیی، کە شارەزای تەواوی سوپا بوون و لەلایەن عوسمانلی و بەریتانییەکانەوە مەشقیان پێکرابوو، بە چاودێریی بەریتانیا و لە ماڵی عەبدولقادر ئەلخەزەیری کۆبوونەوە و بڕیاری دامەزراندنی سوپای عێراقیان دا. ئەو ئەفسەرانە دوانزە کەس بوون و لە نێوانیشیاندا بەشێکیان کورد بوون کە بە ئامادەبوونی مێجەر ئایدی راوێژکاری بەریتانیی لە وەزارەتی بەرگریی عێراق و رائیدی سوارە «محێدین عومەر» یەکەمین کۆبوونەوەی سوپا ئەنجامدرا. لە ئەفسەرە کوردەکانیش هەریەکە لە»بەکر سدقی، تۆفیق وەهبی، جەمال بابان، جەلال بابان، بەهادین نوری و چەند کەسێکی تر» ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون). «٢».

هەندێک سەرچاوەی مێژوویی ناوی ئەو دوانزە ئەفسەرەی سوپای عێراقیان دروستکرد، تۆمارکردووە کە بریتی بوون لە هەریەک «عەقید عەبدولحەمیدی کوڕی ئەحمەد، موقەدەم عەبدولڕەزاق یاسین خواجە،

موقەدەم شاکیر عەبدلوەهاب شێخلی، رائید سەعید حەقی عومەر، رائید محێدین سەلیم سوهرەوەردی، رائید بەکر سدقی شەوقی عەسکەری، رائید تۆفیق وەهبی مەعروف بەگ، رائید حیلمی محەمەد، نەقیب موحسین عکوش، نەقیب حەسەن تەحسین مستەفا عەسکەری، نەقیب یوسف پاچەچی، نەقیب یوسف حەنزەڵ».* هەر لەو سەروەختەدا یەکەمین پرۆژە یاسا بۆ رێکخستنی کاروباری سوپایی فۆرمۆڵەکرا و ناوی «بڵاوکراوەی سوپای عێراقی ساڵی ١٩٢١» بوو، لە سەرەتاوە لێی نووسرابوو ئەم پرۆژە یاسایە «سێر پریسی کۆکس»ی جەنەراڵ و نوێنەری مەندوبی سامی لە عێراق دوای رەزامەندیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دەریکردووە و ئەم بڵاوکراوەیەش لە رۆژی یانزەی کانوونی دووەمی ١٩٢١ لەسەر هەموو تاکێک لە سەربازەکانی سوپای عێراق لە هەموو ناوچەیەکی عێراق پیادە و جێبەجێکراوە. لە ٢٨ تەمووزی هەمان ساڵیش یەکەم فەوجی سوپای عێراقی بەناوی «موسا کازم» دامەزرا.** هاوکات لەسەر راسپاردەی بەریتانییەکان و پشتگیریی ئەفسەرانی سوپای ئینگلیز «جەعفەر عەسکەری» کرایە یەکەمین وەزیری بەرگریی عێراق کە ئەویش پەیوەندیی کرد بەدۆستە نێزیکەکانییەوە تا هاوکاریی بکەن. *** ئیدی لەم رێکەوتە بە دواوە سوپای عێراقی بە فەرمیی دادەمەزرێت، بە تالیۆنێک پێکدەهێنرێت بە ناوی تیپی هاشمی کە تیپێکی سوارە بوو، بەڵام وردە وردە بە پێی تێپەرینی کات و لەسەر داخوازیی بەریتانیا سوپای عێراقیی گەشەی کرد هەم لە رووی ژمارە و هەم لە رووی چەک و تەقەمەنی و ئامێرە جەنگییەکانەوە. ئەگەرچی حکوومەتی عێراقی ناچارکرابوو تەنێ لە حکوومەتی ئینگلتەرە چەک و چۆڵ بکرێت، بەڵام بە بەراوورد بە کات و ژمارە و توانای سەربازیی سوپای عێراق، سوپاکە لە چەکی کەم نەبوو.

نووسەری ناسراو «پیتەر سلاگت» لە بارەی ئەو گەشەکردنەی

سوپای عێراقییەوە دەنووسێت: دامەزراندنی سوپای عێراق لە شەشی کانوونی دووەمی ١٩٢١ بەرە بەرە لە ژێر رکێفی ئینتیدابدا قەبارەکەی گـەورە بـوو، لـە٣٥٠٠ سـەربـازەوە بۆ ١٢ هـەزار سـەربـاز، بـەڵام دیسان دامەزراندنی ئەو سوپایە و پەروەردەکردنی بەو شێوەیەی بەریتانیا و مەلیک دەیانویست هەژموونێک بـوو بۆ دەسـەڵاتی ئەوکاتە.. بەریتانیاش بەشێوەی کرداریی عێراقی بەڕێوە دەبرد و لە هەموو بۆنە و ناخۆشییەکدا هاوکاریی سوپای عێراقی دەکرد لە سەرکوتکردن و راوەدونانی شۆڕشگێڕانی عێراقیدا. «٣». بەپێی هەندێک سەرچاوەی مێژوویی، سوپای عێراق لە ساڵی ١٩٣٣ لە١٢ هەزار سەرباز پێکهاتبوو، ئەم ژمارەیە لەساڵی ١٩٣٥ بەرز دەبێتەوە بۆ ١٥هەزار سەرباز، تا ئەوەی لە کاتی شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨ لەلایەن «ئەفسەرانی ئازادیخواز»ەوە، ژمـارەی سەربازانی خۆی لە نزیکەی «٢٠» هـەزار سەرباز داوە. بە گوێرەی زانیاریی لیوا «مەنسوور حەفید»یش گەشەکردنی ژمارە و توانای سەربازیی سوپای عێراق بە پێی چەند قۆناغێک بووە. ناوبراو لەلای خۆیەوە بەم جۆرە گەشەکردنی سوپای عێراق ریزبەند دەکات:

- لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٢١دا یەکەم فەرمانگەی تەجنیدی گشتیی سوپای عێراق، خۆبەخش دامەزرا.

- یەکەم فەوجی سوپای عێراقیی «لە سەرەتای دامەزرانیدا» ناوی لێنرابوو فەوجی «موسای ئەلکازم».

- ٢٨ی ئازاری ١٩٢٨ حەڤدە قوتابی عێراقیی بۆ فێربوونی لێخوڕینی فڕۆکەی جەنگیی لە بەریتانیا وەرگیران.

- ٢٢ نیسانی ١٩٣١ یەکەمین وەجبەی فڕۆکەوانانی عێراقیی لە کولێژی کرانویل لە ئینگلتەرە دەرچوون.

- لە٢٣ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٧ دامەزراندنی یەکەم مەفرەزەی تانکی سووکی عێراقیی.

– ساڵی ١٩٣٧ دامەزراندنی یەکەمین یەکەی هێزی دەریایی عێراقیی.
– یەکی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٨ کردنەوەی یەکەمین کولێژی ئەرکان لە شاری بەغداد. «٤».

رەنگبێ یەکێکیش لە هۆکارەکانی گەشەکردنی سوپای عێراقی جیا لەشەڕ و شۆڕ و سەرکوتی ناوخۆیی، پابەند بێ بەسەپاندنی خزمەتی سەربازیی زۆرەملێیی. یەکەمین کەسێکیش یاسای زۆرملێیی پێڕۆ کردبێت، ژەنەراڵ «جەعفەر عەسکەری» بە رەگەز کورد بوو، چوون ئەو یەکەم کەسێک بوو لە جیاتی تەڕبووش سیدارەی خستە سەری. جەعفەر عەسکەریی کە لە یەکەم کابینەی حکوومەتی عێراقیدا، شالیاری بەرگریی بوو، ئەو یەکێک بوو لە کۆنە ئەفسەرەکانی سوپای عوسمانلیی، عەسکەری یەکەم کەسیش بوو داوای لە کۆنە ئەفسەرەکانی سوپای عوسمانلی کرد یارمەتی بدەن لە دامەزراندنی هێزی ئەرتەشی عێراقیدا. بۆ ئەو مەبەستە لە رۆژی بیست و دووی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٣ پێشنیارێکی پێشکەش کرد بە ئەنجوومەنی دامەزرێنەری سوپا کە لەوێدا دەڵێ: بەرگرییکردن لە عێراق ئەرکێکی نیشتمانییە. ئەم دەربڕینە هاوواتای سەربازیی زۆرەملێی دەگرێتەوە. عەسکەری لە یادداشتنامەکەدا نوسیبووی «سوپا لەنێو گەلاندا رەمزی ژیانە و کۆڵەکەی سەربەخۆییە، هەروەها سەربەخۆیی میللەت و پاراستنی کەرامەتی بە پاڵپشت و ئاواتی سوپای بێگانە نایەتەدی».

ئەگەرچی حکوومەتی پادشایی ئەوکاتی عێراق بەهۆی پاشکۆیی بۆ سیاسەتی ئینگلتەرە ئەم خواستەی پشتگوێخست، بەڵام دواجار ئەو حکوومەتە لەرۆژی ١٢-٦-١٩٣٥ بڕیاریدا یاساکە جێبەجێ بکرێت، کە ئەمەش زنجیرەیەک خۆپیشاندان و ناڕەزایی توندیی جەماوەریی بە دوای خۆیدا هێنا لە سەرجەم ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا. دەستووری عێراق یەکێک لەو دەستوورانەیە گرنگیی بەرچاوی داوە بە سوپا، ئەمەش وێنەدانەوەی خواستی دەسەڵاتداران بووە کە خوازیاربوون

سوپا وەک شتێکی پیرۆز و بایەخدار سەیر بکرێت و خەڵک لەسەر ئەوە رابهێنرێت بە گرنگییەوە بۆی بڕوانن. (دەستووری کاتیی ١٩٥٨ کە لـە٢٧-٧-١٩٥٨ نوسراوە، لە مـاددەی ١٧دا سوپا بەموڵکی گەل دادەنێ و ئەرکی پاراستنی سەروەریی وڵات و سەلامەتی زەوییەکانی پێ دەسپێردرێ. لە دوای کودەتای ١٩٦٣ و لە دەستووری کاتیدا کە لە٢٩ نیسانی ١٩٦٤دا نوسراوە، بایەخی زیاتر بە پێگە و ئەرکەکانی سوپا دراوە و خاڵی سێیەم لە بابی چوارەمی سیستمی حکومڕانیی و لە میانەی شەش ماددەدا «٧٧- ٨٢» بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراوە). «٥».

لە سەردەمی پاشایەتیدا ئەگەرچی چەند کودەتایەکی سەربازیی روویاندا، بەڵام گەشەکردنی ژمارەی سەربازان و توانای سەربازیی سوپای فەرمیی عێراق، لەسەرخۆ و تاراددەیەک سروشتیی بوو. بەڵام لە دوای شۆڕشی چواردەی گەلاوێژی ١٩٥٨ەوە، بەرە بەرە هەم سوپا بایەخی زیاتری پێدرا و گەشەیەکی نائاسایی بەخۆوە بینی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی رەوشی سیاسیی عێراق تەواو ئاڵۆزیی بەخۆوە گرت، لەلایەک چەندین رەوتی وەک ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی عەرەب لە هەوڵی کودەتادا بوون، لەلاکەی تر لەساڵی ١٩٦١ بەولاوە شۆڕشی کورد بە رێبەرایەتی «پارتی دیموکراتی کوردستان»و مەلا مستەفا تاویسەند. ئەم دوو هۆکارە بوونە هۆکاری زیاتر بایەخدان بە یەکە سەربازییەکان لەلایەن حکوومەتی «عەبدولکەریم قاسم»ەوە. لێرە بە دواوە حکوومەتی عێراقی جیا لەوەی چەند هێزێکی تری نافەرمیی دروستـدەکات لە وێنەی جاشە کـوردەکـان، لە هەوڵێشدایە توانا سەربازییەکانی زۆرتـر پەرە پێبدات و ئاستی سوپای عێراق بەرز بکاتەوە بۆ ئاستی سوپا ناودارەکانی جیهان. لەم پێناوەدا حکوومەتی عێراق هـەوڵـدەدات کۆنتاکت لەگەڵ چەندین دەوڵـەت ببەستێت بۆ بەدەستهێنانی چەک و تەقەمەنی سەردەم بە مەبەستی بەهێزکردنی

سوپاکەی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر پیلانێکی ناوخۆیی لەلایەن عەرەبە ناسیۆنالیستەکانەوە، هەم بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی ئەیلوول کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر کڵپەی دەسەند و بەهێز دەبوو، بەڵام (سەختترین سەردەمی سوپای عێراق ئەو کاتە بوو بەعسییەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوە بووە، چوونکە دوای هاتنە سەرکاری سەدام، سوپای عێراق کرایە ٤٤ فیرقە و لە ساڵی ١٩٩٠یشدا ئەو ژمارەیە بۆ ٦٣ فیرقە بەرز بووەوە). «٦».

دروست لەگەڵ هاتنە سەرکاری بەعسییەکان لە ڕێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە «١٩٦٨»، بایەخی زیاتر درا بە سوپا، بەعسییەکان چوونکە خەونی نیشتمانێکی عەرەبیی گەورە و لەناوبردنی جولەکەیان هەبوو، هاوکات سوپاکەیان بە دۆڕاویی لە جەنگی عەرەب– ئیسرائیل گەڕابووەوە، دەیانویست بەهەر نرخێک بووە عێراق لەڕێی بەهێزکردنی سوپاکەیەوە وەها لێبکەن دەسەڵاتی بەسەر تەواوی ناوچەکەدا بشکێت، هەروەک خوازیاربوون لە ڕەگەوە بزووتنەوەی کوردایەتی و نەژادی گەلی کورد دەربکێشن. بەعسییەکان چەندان بۆندیان لەگەڵ سۆڤێتی سووردا واژۆ کرد بۆ کڕینی نوێترین چەک و لاپاڵم و باڵەفڕی سیخۆی روسیی، بەڵام واقیعی عێراق زۆر لەوە سەختتر ببوو بەم چەکانە کۆنترۆڵ بکرێت یان بتوانرێت بەو چەکانە شۆڕشی کڵپەسەندووی کوردەکان بە هاوکاریی ئێران و ئیسرائیل و ئەمەریکا دابمرکێنرێتەوە. بۆیە سەرانی دەوڵەتی عێراق هەر لە دەیەی شەستەکانی سەدەی رابردووە بیریان لە بەدەستهێنانی چەکی کۆکوژ و کیمیایی دەکردەوە.

«دەبلیو سیت کاروس» پێیوایە «عێراق بەرنامەی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی لە ساڵەکانی دەیـەی ١٩٦٠ و زۆر لەپێش لـەوەی سەدام بگاتە دەسەڵات دەستپێکردبوو». جیا لە هەموو ئەمانە قۆناغی باڵابوونی زیاتر و گەیشتنە لوتکەی سوپای عێراقی هاوکاتە لەگەڵ هاتنە سەرکاری سەدام حسێن «١٩٧٩»، چوونکە سەدام خولیایەکی

له راددەبــەدەر و زیاتری له هـەر سەرۆکێکی عێراقیی هەبوو بۆ بەهێزکردنی سوپا هـەم له ڕووی چەندایەتییەوە، هـەم له ڕووی چۆنایەتییەوە. ئەوەبوو سوپای عێراق پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینی، تەنانەت له ساڵی ١٩٩٠دا عێراق خاوەنی زیاتر له یەک ملیۆن سەرباز بووە، ئەمە بێجگە لەوەی خودانی تازەترین تەکنۆلۆژیی چەک و چۆڵ بووە. «ریچارد بێننێت» لەو ڕووەوە دەڵێت (لەشکری عێراقیی له ساڵی ١٩٩٠دا یەکێک بوو له لەشکرە گەورەکانی جیهان، بەڵام له کۆتایی یەکەمین جەنگی کەنداودا بەر بەرەڵڵاییەکی تەواو باڵی بەسەر پاشماوەکانی یەکە سەربازییەکانی لەشکرەکەدا کێشا، وایان لێهات له هەموو لایەکەوە لەلایەن دوژمنەکانیانەوە زەبریان لێدەکەوت).

حکوومەتی بەعس بەوە ڕازی نەبوو له سنووریێکدا سوپاکەی قەتیس بکات، بەڵکو دەیویست سوپاکەی بکاتە سوپایەک پشت ببەستێت به تەکنۆلۆژیترین چەکی سەردەم، به تایبەتیی چەکی کۆمەڵکوژ. سەرانی بەعس به ڕێبەریی «سەدام حسێن»، هەموو توانا و وزەی خۆیان بەکارهێنا تا وڵاتەکەیان بکەنە خاوەنی چەکی کیمیایی و ئەتۆمی. ئەم هەوڵە له دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا زۆرتر برەوی سەند. بۆ ئەو مەبەستە وەزارەتی بەرگریی و وەزارەتی پیشەسازیی سەربازیی له چەندان ڕێگەی جۆربەجۆرەوە کۆنتاکتیان لەگەڵ دەوڵەتان و چەندین کۆمپانیای جیاجیا گرێدا تاکو ئەو خەونە بهێننەدی. بەڵام ئیسرائیل که زیاد له هەمووان هەستی به مەترسیی عێراقێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی دەکرد، زۆر زوو، له ساڵی ١٩٨١ له ڕێگەی لێدانی هەواییەوە بنکەکانی کورەی ئەتۆمی عێراقی کاول و تێکوپێکدا، ئەمەش وەهای له»مەناحیم بێگن»ی سەرۆکی ئەوکاتی ئیسرائیل کرد به خۆشحاڵییەوە بڵێت وەک خۆی ئامانجەکەمان پێکا و خەونی لەناوبردنی ئیسرائیلمان پووچەڵ کردەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا حکوومەتی سەدام هەر بەردەوام لەسەر سەرەڕۆییەکانی تا دواجار توانی عێراق بکاتە خاوەنی چەکی کیمیایی.

(رژێمی عێراق توانی لە چەندەها بواری هەمەجۆری تەکنۆلۆژیای ناوکییدا مەشق بە کادرە تەکنیکی و ئەندازەییەکانی خۆی بکا تا ئەو رادەیەی کە ژمارەی زاناکان گەیشتە ٥٠٠ زانا و ژمارەی ئەندازیاران و تەکنیککاران گەیشتە ٥-٧ هەزار کەس، جگە لە٢٠ هەزار کارکەری تری ئەم بوارە. سەربارى ئەمەش بودجەیەکی زۆر تەرخانکرا کە گەیشتە ١٢ ملیارد دۆلار کە لەم کەرتەدا خەرجکرا, جگە لەوە، رژێم چەند دەزگایەکیشی دروستکرد پەیوەندییان بە بەرنامە ناوکییەکەیەوە هەبوو، کە ژمارەیان گەیشتە ٢٨ دەزگا و پرۆژە، لەوانە چەند مەڵبەندێک بۆ لێکۆڵینەوە و نەخشەسازیی و پیتاندنی یۆرانیۆم و چەند ناوەندێکیش بۆ ئەلکترۆنکاریی و تاقیکردنەوە) «٧». ئەوەی زیاتر عێراقی هاندەدا بۆ ئەوەی لە زووترین کاتدا تەکنۆلۆژیی سەردەمی چەک بەدەستبهێنێت بە تایبەت چەکی ناوکیی دوژمنایەتی بوو لەگەڵ ئیسرائیل لەلایەک و شەڕی دەستەویەخەی لەگەڵ ئێران و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان لەلاکەی تر بوو. رژێمی بەعس لە دەیەی هەشتاکاندا زۆرترین بودجەی لە داهاتی وڵاتەکەی بۆ بەرهەمهێنان و کڕینی چەک و تەقەمەنی تەرخانکرد. هەندێک لە توێژەران و پسپۆران سەرسوڕمانی خۆیان نیشان دەدەن لەوەی بە درێژایی هەشتاکان عێراق زۆرتر لەو برە دیاریکراوەی بۆ سەرجەم کەرتەکانی تەندروستی و خزمەتگوزاریی تەرخانی کردبوو، بودجەی بۆ کەرتی سەربازیی و پەرەپێدانی یەکە سەربازییەکانی تەرخان کردبوو.

Judit Miller, Laurie Mylroie دەربارەی فراوانبوون و خەرجکردنی ژمارەیەکی خەیاڵیی پارە بۆ سوپا لە سەروەختی جەنگی ئێران- عێراقدا دەنووسن «لەم ساڵانەدا بارودۆخی ئابووری ئەم وڵاتە زۆر خراپ ببوو، سەدام هەموو پاشەکەوتە داراییەکانی خۆی بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی سەرفکردبوو. لە دوو ساڵی سەرەتای جەنگ، عێراق ١٠ ملیارد دۆلاری یارمەتی دارایی لە وڵاتانی عەرەبیی

وەرگرت کە هەمووی بۆ کڕینی چەک تەرخانکرا». «٨». هەر لەمبارە، ئەنیستیتۆی نێودەوڵەتیی ئاشتی ستۆکهۆڵم بـەراووردی کردووە: عێراق لە ساڵی ١٩٨٤ بە بەهای نزیکەی ١٤ ملیارد دۆلار چەکی کڕیوە و بەکاریهێناوە. بە پێی بـەراووردی «ئانتۆنی کوردسمان» کە یەکێکە لە شارەزایانی ئەمەریکیی، حکوومەتی عێراقیی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٢- ١٩٨٥ نزیکەی ٢٧ ملیارد و ٣٠٠ ملیۆن دۆلار و لەنێوان ساڵەکانی ١٩٨٦- ١٩٨٩ نزیکەی ١٥ ملیارد و ٥٠٠ ملیۆن دۆلار کە کۆی گشتیی زیاتر لە٤٢ ملیارد دۆلارە لەم حەوت ساڵەدا چەکی هێناوەتە ناو وڵاتـەوە. ئەو تەنانەت لەو بڕوایەدایە تینوویێتی سەدام بۆ چەک لەماوەی ئەم ساڵانەدا لەم ژمارە سەرسوڕهێنەرەش زیاترە. حەزی سەدام بۆ کڕینی چەک تەنانەت پاش کۆتاییهاتنی جەنگ لەگەڵ ئێرانیشدا کۆتایی نەهات، بەشێوەیەک لە ماوەی پێنج ساڵی پاش تەواوبوونی شەڕ، عێراق گەورەترین وڵاتی کڕیاری چەک و پێداویستیی سەربازیی بووە. بەپێی بەراووردی شارەزایان ٩٪ هەموو چەکە فرۆشراوەکانی جیهان لەلایەن سەدامەوە کڕدراون. «٩».

ئەگەرچی لە دوای ئۆپەراسیۆنی «گەردەلوولی بیابان» سوپای عێراق لە رووی مەعنەویی و مادییەوە بە تەواویی تێکشکێنرا، بەڵام سەدام حسێن زۆر لەوە سەرکێشتر بوو بەو گورزوەشاندنە دەست لەو خولیا و حەزە شێتانەیەی خۆی هەڵبگرێت. بۆیە لە ساڵانی ئابڵووقەی ئابووری و بازرگانیی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو لەسەر عێراق، لە کاتێکدا بەندی حەوتی نەتەوە یەکگرتووەکان رێگریی دەکرد لە عێراق چەک و چۆڵ بکڕێت، بەڵام رژێم بەرێگەی قاچاغ لە هەوڵدا بوو لە رێگای ئۆکرانیا و روسیا و بە بەرتیلدان لەناو تورکیادا، ژمارەیەکی زۆری چەک و پێداویستیی سەربازیی بهێنێتە ناو عێراقەوە، هەتاکو ئەمەریکا و کۆمەڵی نێودەوڵەتیی پێیانزانی کار لە کار ترازابوو، بەم جۆرە جارێکی دیکە سوپای عێراقیی بەهێز کرایەوە و چەندان یەکەی

وەک «گاردی کۆماریی و سوپای قودس و گیانبەختکەرانی سەدام» لە دەرەوەی سوپای فەرمیی بە توانایەکی ماددیی و لۆجیستیی زۆرەوە قووتکرانەوە کە کاریان تەنیا داکۆکیکردن بوو لە رژێم و سەرکوت و لەناوبردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و هێزە بەرهەڵستکارە شیعەکانی باشووری عێراق. تا ئەوکاتەی لە پرۆسەی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە لە بەهاری ٢٠٠٣دا بە تەواوەتی لەبەریەک هەڵوەشایەوە و هەموو تەکنۆلۆژیا سەربازییەکەشی لە کیس چوو.

شارەوا نییە سوپا لە عێراقدا جگە لەوەی ئامرازێکی سەرەکیی بووە بۆ سەرکوتی نەیارە سیاسییەکان و هەمیشە لە بەرژەوەندیی چینی دەسەڵاتداردا بووە، لە هەمان کاتدا نابێت نکۆڵی لەوەش بکەین خودی سوپا و پۆستە هەستیارەکانی سوپا بۆ کەمینەی سوونە مەزهەبی عەرەبیی بووە. ئەم سیاسەتە وەنەبێ تەنیا لە سوپادا رەنگی دابێتەوە، نەخێر ئەم رامیارییە شۆڤێنییە لەسەر هەموو ئاستەکانی بەڕێوەبردن، بە روونی بەرجەستە ببوو. (حکوومەتەکانی عێراق هەر لە دابەشکردنی پۆستەکانەوە مامەڵەیەکی ناواقیعیان لەگەڵ کورددا کردووە، ئەم مامەڵەیە، یەک لە پێدانی دەسەڵاتەکاندا دیاری دەدات، بۆ نموونە لەساڵانی ١٩٢١ تا ١٩٣٦ لە «٥٧» پیاو بۆ بەڕێوەبردنی کابینەکانی حکوومەت دانرابوون، تەنیا «٥» کەسیان شیعە و کورد بوون، لە سەرانسەری دەسەڵاتی بنەماڵەدا لە١٩٢١- ١٩٥٨ پێنج وەزارەتە گرنگەکە بە دەست سوونە بوون، ئەم باڵادەستییەی سوونە لە ئاستی ناوخۆشدا رەنگی دابووەوە، بۆ نموونە لەساڵی ١٩٣٣دا سوونەکان لە١٤ هەرێم، حوکمی ١٣یان دەکرد، هەروەها ٣٧ قایمقامیان لە کۆی ٤٣ قایمقام بەدەستەوە بوو). «١٠».

لە ژێر رووناکیی ئەم راستییە سادەیەدا بەو بڕوایە دەگەین، سیاسەتی دوورخستنەوەی کورد و شیعە لە فەرمانڕەوایی و پۆستە

هەستیارەکان تەنێ لە سەردەمی بەعسەوە دەستی پێنەکردووە، بەڵکوو مێژوویەکی درێژ و کۆنتری لە دیرۆکی سیاسیی عێراقدا هەیە. لەم رووەوە «پیتەر سلاگت» پێیوایە «ئەگەر بێینەوە سەر لایەنە ئەرێنییەکانی دەوڵەتی نوێی عێراق، کە خۆی لە دەستوور و پرۆسەی دامەزراندنی سوپای نیشتمانیدا دەبینێتەوە کە لە کانوونی دووەمی ١٩٢١دا هاتە کایەوە، ئەمەش هەر لە بەرژەوەندیی عەرەبی سوننە بوو کە بەشێکی کەمایەتییان لەو وڵاتەدا پێکدەهێنا».«١١». بەعس لە هەموو حکوومەتەکانی تری عێراق جیددیتر و کاریگەرانەتر کەوتە داماڵینی کورد و شیعە لە پۆستە هەستیار و گرنگەکانی سوپادا. تەنانەت بەدرێژایی هەشتا ساڵ یەک فرۆکەوان نەبووە لە ریزەکانی سوپای عێراقیدا بە رەگەز کورد بووبێت، یان نەبیستراوە لەو ماوەیەدا هیچ کام لە وەزیرەکانی بەرگریی سەردەمی حکوومەتی سەدام تەنانەت کوردێکی بەعسیش بووبێت. ئەمەش بۆ گرەنتیکردنی ئەوە بووە سوپا بۆ کودەتای سەربازیی بەکارنەهێنرێت لە دژی دەوڵەتی بەعس.

### کاریگەریی سوپا لەسەر سیاسەت و شێوەی فەرمانڕەوایی

سوپای عێراق یەکێک لەو سوپایانە بووە بەردەوام کارتێکردن و کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر پرۆسەی سیاسیی وڵات هەبووە، یان بەدەربڕینێکی دیکە سوپا بێلایەن نەبووە لە بەرامبەر سیاسەت و پرسەکانی بەڕێوەبردن و حوکمداریی. وەک لە سەرەتاشەوە ئاماژەی پێدرا بەهۆی ئەو چەپاندنە سیاسییەی هەر لە سەرەتای دروستبوونی عێراقەوە لەم وڵاتەدا بەڕێوەچووە و هەروا بەهۆی نەبوونی زەمینەیەکی کراوە و دیموکراسی، تاکو هێز و بزووتنەوە سیاسییەکان چالاکیی تێدا بکەن و کار بکەن بۆ وەدەستهێنان و بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیی، ئەوە رێگەی کودەتای سەربازیی لە زۆرترین بارەکاندا رێگەچارەیەکی ناچاریی و تەنیا بووە بۆ گۆڕینی

مۆدیلی حوکم لە عێراقدا. بۆیەکا دەبینین هەر لەسەرەتاوە سوپا بەردەوام لەلایەن بزووتنەوە سیاسییەکانەوە بەکارهێنراوە بۆ گۆڕینی رژێمە فەرمانڕەواکان، بەم هۆیەوە لە ماوەی چەند دەیەی تەمەنی ئەو سوپایەدا چەندان کودەتای سەربازیی سەرکەوتوو و سەرنەکەتووی ئەنجامداوە. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان تەنیا لەماوەی نێوان سالآنی ١٩٢١- ١٩٧٩ کە هاوکاتە لەگەڵ هاتنە سەرکاری «سەدام حسێن»، سوپا ١٣ کودەتای سەربازیی ئەنجامداوە کە بەشێکیان سەرکەوتنیشیان مسۆگەر کردووە.

یەکەمین کودەتای سەربازییش لە مێژووی عێراقی قۆناغی فەرمانڕەوایی پادشایەتیدا، بە فەرماندەیی ژەنەراڵ «بەکر سدقی» بە رەگەز کورد لە ساڵی ١٩٣٦ ئەنجامدرا و پاش سەرکەوتنی، حکوومەتێکی نوێی بە سەرۆکایەتی «حیکمەت سلێمان» پێکهێنا و خۆیشی بووە وەزیری بەرگریی ئەو حکوومەتە. بەهۆی ئەوەی «بەکر سدقی» هەستێکی کوردانەی هەبوو و چەندین ئەفسەر و پلەداری کوردی لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە و دژی ناسیۆنالیستی عەرەبیی بوو، لە ساڵی ١٩٣٧ لە کاتێکدا بۆ نمایشێکی سەربازیی سەردانی تورکیای کرد، لە شاری موسڵ کەوتە بۆسەیەکەوە و دوای ئەوەی گوللەیەک لەسەری درا، کوژرا.«١٢». هەر لە سەردەمی فەرمانڕەوایی پادشایەتیدا چەندین کودەتای سەربازیی دیکە روویاندا، لەوانە کودەتای ساڵی ١٩٤١کە لەلایەن ئەفسەری ناسراو «سەلاحەددین ئەلسەباغ»ەوە لە دژی حکوومەتەکەی «تەها هاشمی» سەریهەڵدا. دوای سەرکەوتنیان دەستەی کودەتاچی حکوومەتێکی نوێیان بە سەرۆکایەتی «رەشید عالی گەیلانی» پێکهێنا، کە نازناوی «حکوومەتی بەرگریی نیشتمانیی» پێدرابوو، وەلیعەهدی وڵات «میر عەبدولئیلاه» لە ترساندا هەڵات و پەنای بۆ یەکەیەکی سەربازیی خۆیان برد لە نزیک شاری «دیوانیە»، بەڵام دواتر حکوومەتە نوێیەکە چوونکە خوازیاربوو لە ژێر رکێفی

بەریتانییەکان بێتە دەرەوە، بە هەماهەنگیی بنەماڵەی مەلیکی عێراق و بەریتانییەکان تێکشکێنرا و چوار لە سەرکردە سەربازییەکانی کودەتا لە سێدارەدران، خودی «سەلاحەدین ئەلسەباغ»یش ناچار بە هەڵاتن بوو سەرەتا بۆ تورکیا و پاشان بۆ ئەڵمانیا، دواتریش گەڕایەوە مەممەلەکەتی عەرەبیی سعودیە و داوای مافی پەنابەریێتی لەو وڵاتە کرد.»١٣».

گەورەترین و کاریگەرترین کودەتایەک لە سەردەمی پادشایەتیدا روویدا بێت، کودەتای ئەفسەرانی ئازادیخواز بە سەرکردەیی «عەبدولکەریم قاسم» بوو لە ١٤ گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨دا. ئەم کودەتایە تەواو سیمای سیاسیی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەی عێراقی گۆڕی و کۆتایی بە رژێمی پادشایەتی هێنا و لە جێگەیدا رژێمی کۆماریی جێگیر کرد. هەر لەو چوارچێوەیەدا کۆمەڵێک چاکسازیی سیاسیی و ئابووری دەستیانپێکرد، بەتایبەت بۆ یەکەمین جار دەستووری عێراقی دانی بە هاوبەشێتی کورد و عەرەبدا نا لە وڵاتی عێراقدا. لە ماوەی پێنج ساڵی حکومی عەبدولکەریم قاسم «١٩٥٨-١٩٦٣»دا چەندین هەوڵی کودەتا و تیرۆرکردنی قاسم بەڕێوە چووە، لە هەشتی ئازاری ساڵی ١٩٥٩ بزووتنەوە هەڵگەڕاوەکەی شەواف «عەقید عەبدولوەهاب شەواف» فەرماندەی لیوای پێنج لە موسڵ، هەوڵی کودەتایەکی سەربازییان دا بە یارمەتی هەندێک ئەفسەری عەرەب و تورکمان، بەڵام لە کۆتاییدا بزووتنەوەکە دامرکێنرایەوە و «شەواف»یش لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە کوژرا. بەهۆی ئەوەی حکوومەتی قاسم لە بەڵێنەکانی خۆی پەشیمان ببووەوە لە پێدانی مافەکانی کورد، بە پێچەوانەوە لە شەڕێکی نابەرامبەردا بوو لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، بارودۆخی ناوخۆیی عێراق شڵەژان و ئاڵۆزییەکی سەرسوڕهێنەری بەخۆوە بینی، ئەمەش دەرگای خستە سەر گازارەی پشت بۆ بەعسیی و ناسیۆنالیستە عەرەبەکان لە رۆژی

هەشتی شوباتی ١٩٦٣ کودەتایەکی سەربازیی بەسەر حکوومەتەکەی «قاسم»دا بکەن و خودی سەرۆک کۆمار و چەند وەزیر و هاوەڵێکی، بە دیلیی بکەونە بن دەستی کودەتاچییەکان. سەرکردەکانی کودەتا بە تایبەت «عەبدولسەلام عارف» خوازیاربوون بەهۆی کوشتنی قاسم و هاوڕێکانییەوە کەشێکی تۆقاندن لە عێراقدا نیشان بدەن. ئەوەبوو لە دادگاییەکی سەربازیی خێرا و کارتۆنیدا فەرمانی خنکاندن و لە سێدارەدانی عەبدولکەریم قاسم و هاوکارەکانی پەسندکرا و زۆر بە خێراییش حکومەکە جێبەجێکرا.

سەمیر خەلیل «کەنعان مەکییە» لە کتێبەکەیدا «کۆماری ترس» دەربارەی دیمەنەکانی لە سێدارەدانی کەریم قاسم و هاوکار و دەست و پێوەندەکانی، دەنووسێت «لاشەکەیان هێنا بۆ ناو ستۆدیۆ و لەسەر کورسییەک دایاننا. سەربازێک لە تەنیشت لاشەکەوە بە وەستاویی دەردەکەوت، سەربازەکە بەشە جۆربەجۆرەکانی لاشەی قاسم لەگەڵ هەندێ روونکردنەوەدا پیشانی خەڵکی دەدات. لە ناکاودا ئەم دیمەنانە لا دەچوو و چەند دیمەنێکی تر لە شەڕی قاسم و لایەنگرانی ئەو لەگەڵ کودەتاچییەکان کە لەوەزارەتی زانیارییدا روویدا بوو نیشانی بینەران دەدران». «١٤». دوای کودەتای هەشتی شوبات، حکوومەتێکی نوێ بە سەرۆکایەتی ژەنەراڵ «عەبدولسەلام عارف» پێکهات، بەڵام دیسان ئەم حکوومەتەش لە هەڕەشەی کودەتا دەربازی نەببوو، ساڵی ١٩٦٦ سەرۆکی عێراق لە رووداوێکی تەمومژاوییدا و لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە، گیانی لە دەستدا. بەهۆی ئەم رووداوەوە حکومی وڵات کەوتە بن دەستی براکەی «عەبدولڕەحمان عارف». تەمەنی ئەمیش لە فەرمانڕەواییدا وەک کاکی کورت بوو، چوونکە زۆری نەخایاند و پاش کەمتر لە دوو ساڵ، بەعسییەکان لە رێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە کە لە ئەدەبیاتی بەعسیزمدا بە شۆڕشی ١٧-٣٠ تەمووز ناوزەد دەکرێ «عەبدولڕەحمان عارف»یان لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٨

لەسەر کار لادا و ناچار بە هەڵاتنیان کرد بۆ دەرەوەی وڵات.

لەساڵی ١٩٦٨ بەولاشەوە چەندین هەوڵی تری سەرنەکەتووی کودەتا هاتنە ئارا، بەڵام زۆرینەیان بەهۆی دڵڕەقیی بەعسییەکانەوە بە زوویی دامرکێنرانەوە. لەوانە هەوڵی شکستخواردووی «نازم کەزاز»ی ئەندامی پایە بڵندی ئەمن و دەستی راستی حزبی بەعس لە ساڵی ١٩٧٣دا. لە سەروەختی دەسەڵاتی بەعسییەکاندا هەموو رێوشوێنێک ئامادە کران بۆ بەرگرتن لە ئەنجامدانی کودەتای سەربازیی، بۆ ئەو مەبەستە یەکە نهێنییەکانی وەک موخابەرات و ئاسایش و چەند دامودەزگایەکی تر بە وردیی چاودێریی تەنانەت هەڵسوکەوتی هاووڵاتیانی ئاساییان دەکرد. هەر لەم ساڵانە بە دواوە بەدەیان هەزار بگرە سەدان هەزار راپۆرتنووسی نهێنی دامەزرێنەران، بۆ ئەوەی بە وردیی چاودێریی جموجۆڵی هەر هاووڵاتییەکی سادەش بکەن. هەر بەم هۆیەوە بوو لە ساڵی ١٩٧١ «سەدام حسێن» جێگری سەرۆک کۆماری ئەوکات، توانی بە لووتبەرزییەکەوە بە رۆژنامەنووسان بڵێت «ئەو رۆژانە تێپەڕی چەند کەسێک لە دەوری یەکتر کۆببنەوە و بە چەند ئامادەکارییەک کودەتا بکەن و رژێم بڕوخێنن و خۆیان بگەیەننە دەسەڵات. حزبی ئێمە زۆر بەهێزە و چیتر مۆڵەتی چالاکیی خائینانە بەم جۆرە کەسانە نادات».

ئەگەر سەرنج بدەین لەوانەیە بگەینە ئەو ئەنجامەی لەمێژووی نوێی رۆژهەڵاتی نێویندا عێراق تاکە وڵاتێک بێت زۆرترین ژمارەی کودەتای سەربازیی تێدا ئەنجامدراوە. هەروەک ئاشکرایە لە بەرەبەیانی مێژووەوە تا بە ئێستا دەگات، لە سۆمەرەوە تا بەعس، زۆرترین ئەو سەرکردە و شا و میرانەی حوکمی عێراقیان کردووە بە کوشتنیان کۆتایی بە دەور و دەسەڵاتیان هێنراوە. بەدەر لە کودەتای سەربازییش سوپای عێراق هەمیشە لە بەرژەوەندیی دەستەبژێری فەرمانڕەوادا بەکارهێنراوە، لە زۆرترین جارەکاندا، سوپا رۆڵێکی ئێجگار دڕندانەی

بینیوە لە خامۆشکردنەوەی بزووتنەوە و راپەڕینی گەلانی عێراقدا، هەروەک چۆن سوپا هەمیشە قەڵغانێک بووە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خاوەن شکۆ و میر و دیکتاتۆرە دەسەڵاتدارەکان، ئاواش هەمیشە دژی سەرهەڵدانە سیاسییە گۆڕانخوازەکان رۆڵێکی بێڕەحمانە و ئێجگار هۆڤانەی گێڕاوە.

## سوپا وەک دامەزراوەیەکی سەرکوتکاریی ناوخۆیی «١٩٢١– ٢٠٠٣»

سوپای عێراقیی ئەگەرچی یەکێک بووە لە پڕ چەکترین و قەرەباڵغترین سوپا لەناوچەکەدا، بەڵام هەمیشە هەموو جەنگێکی دەرەکیی دۆڕاندبوو، تەنیا لە جەنگی لەناوبردنی هاوڵاتیانی سڤیلی ناوخۆی وڵات سەرکەوتوو و دلێر بووە. ئەگەر بڕوانین سوپای عێراق لە دەیەی شەستەکانی سەدەی بیستەم «١٩٦٧» لە جەنگی هەمەلایەنە و گشتیی عەرەب لەگەڵ ئیسرائیل کە زۆرینەی سوپای عێراق لە خاکی وڵاتی «ئوردون»دا بوون، یەکێک بوو لە بەزیوترین سوپاکان!. جەنگی هەشت ساڵەی عێراق– ئێران چی مانایەکی تری نەبوو جگە لە بەزینی سوپای عێراق لە مەیدانی جەنگدا؟!. ئەوە لە هەردوو جەنگی کەنداودا سوپای عێراق نەک هەر نەیتوانی بەرگریی بکات و داکۆکیی لە وڵاتەکەی بکات، بەپێچەوانەوە بە چەند رۆژێکی کەمی شەڕ، سەرلەبەر تێکوپێک شکا و ریزەکانی پەرتەوازە بوو. لە ئاستی ناوخۆیشدا سوپای عێراقیی نەیتوانیوە بە بێ پاڵپشتیی دەرەکیی و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ بەسەر هێزە بەرهەڵستکارە چەکدارەکاندا زاڵ ببێت!!، بە تایبەت هەمیشە لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگەدا خۆڕاگرییەکی ئەوتۆی تۆمار نەکردووە، شیاوی نووسینەوە بێت لە لاپەڕەکانی مێژوودا. ئەگەر یەک ساڵی شەڕی کورد و عێراق بە نموونە وەربگرین «١٩٧٤– ١٩٧٥» ئەو راستییەمان لەلا ئاشکراتر دەبێت لە مەیدانی

جەنگدا سوپای عێراقی نەک نەیتوانیوە کوردستان کۆنترۆڵ بکات بەڵکو توانای داکۆکییەکی زۆریشی لە خودی خۆی نەبووە، ئاخر بێ هۆ نییە حکوومەتێکی بەهێزی خاوەن توانای ئابووری وەک عێراق لە رێی بەخشینی بەشێک لە وڵاتەکەی بە ئێران و چوونە ژێرباری رێکەوتننامەیەکی مینا رێککەوتنی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ەوە خوازیار بێت بزووتنەوەی گەلی کورد تووشی نسکۆ و شکست بکات. چوونکە روون بوو بۆی هەرگیز سوپا وزەی نییە رووبەڕووی شۆڕشێکی گەورە و بەهێزی وەک شۆڕشی ئەیلوول ببێتەوە.

سوپای عێراق هەر لەگەڵ لە دایکبوونییەوە تا هەڵوەشاندنەوەی بەرپرسیاری چەندین سەرکوتکاریی ناوخۆیی هاووڵاتیانی هەموو گەلە جیاوازەکانی ناو عێراق بووە، ئەم سوپایە زیاتر لە جارێک پرۆسەی کۆمەڵکوشتن و پەلاماردانی بۆ سەر هاووڵاتیانی سڤیل بەڕێوە بردووە، ئەم پرۆسەیە لە باشووری کوردستان بە سەختترین و کاریگەرترین شێوە تێپەڕیوە، بە ئەندازەیەک کەم ماڵ هەیە لانیکەم قوربانییەکی نەبێت لەسەر دەستی ئەو سوپایە، هەروەک چۆن کەم گوند و شارۆچکە هەیە زیاد لە جارێک نەکەوتبێتە ژێر رەحمەتی تانک و تۆپ و لاپاڵمی رژێمەکانی عێراق، ئەمەش وای کردووە زۆرینەی گوند و ناوچەکانی کەنار، لە باشووری کوردستان چەندان جار رووخێنران و سووتێنراون و خەڵکەکەشی راگوێزراون. سوپای عێراق لە دەیەی بیستەکانی سەدەی رابردوودا «ساڵەکانی ١٩٢٤، ١٩٢٦، ١٩٢٧، ١٩٢٨»، هەستاوە بە سەرکوتکردنی چەندین بزووتنەوە و راپەڕینی میللیی و ئازادیخوازانە، بۆ نموونە لە هەریەک لەشارەکانی وەک «موسڵ، نەجەف، کەربەلا، بەسرە، ناسرییە، رومادی»، هەروەها لە باکووریش چەندین هەڵمەتی بەڕێوە بردووە بۆ لەناوبردن و سەرکوتکردنی بزووتنەوە سیاسییەکانی گەلی کورد و ئاشوورییەکان، لە ساڵی ١٩٢٤یش سوپا هەڵمەتێکی دڕندانەی سەرکوتکردنی لە

شاری سلێمانی بەڕێوە برد کە تێیدا ژمارەیەکی بێشوومار بوونە قوربانی.**** لە ساڵانی دواتریشدا بە هەمان شێوە سوپا رۆڵی سەرەکیی و هۆڤانەی گێڕاوە لە بەرپەچدانەوەی زۆرینەی شۆڕش و راپەڕینەکانی گەلانی عێراق.

ئەم سەرکوتە زۆر دژوارەی سوپا لەبەرامبەر کورد و نەتەوە و گەلە ناعەرەبەکانی عێراق چەند قات زیاتر بووە. بۆ وێنە لەسەردەمی پاشایەتیدا سوپا دەورێکی وەحشەتناک و توندی هەبوو لە کۆمەڵکوشتنی ئاشوورییەکان لە باکووری عێراق. «لە١١ی ئۆگۆستی ١٩٣٣دا، یەکەیەکی سەربازیی پڕ چەک لە ژێر فەرماندەیی ژەنەراڵ سدقی دا چووە شارۆچکەی سیمێلەوە. بەشێوەیەکی سیستماتیک دەستکرا بە رەشەکوژیی لە پیاوان و ژنان و منالان. کە دانیشتووانەکەی ئاشوورییەکان بوون. لە جیاتی ئەوەی ئەم کۆمەڵکوژییەی ئاشوورییەکان ببوایە بە ریسواییەکی نیشتمانیی، کەچی بووە سیمبۆل بۆ یەکێتی خاک و شانازیی نیشتمانیی. کەوانە ئارمی سەرکەوتن لەسەر شەرەفی سوپا لە شاری موسڵ چەقێنرا، لە کاتی گەڕانەوەی سوپاش بۆ بەغداد، لە نمایشێکی سەربازییدا لە شەقامەکاندا گوڵباران کران». «١٥». سەرچاوە مێژووییەکان ژمارەی کوژراوە ئاشوورییەکان لەم قەتلوعامە کوێرانەیەدا بە زیاتر لە٤ هەزار کوژراو مەزندە دەکەن و هەندێک ژێدەریش پێیانوایە ژمارەی قوربانییەکانی ئەم پرۆسەی کۆمەڵکوشتنە مێژووییە نزیکەی ٥ هەزار کەس بووە. لەئەنجامی ئەم سەرکەوتنەشەوە بوو ژەنەراڵ «بەکر سدقی» بە رەگەز کوردی پاڵەوانی جینۆسایدی ئاشوورییە مەسیحییەکان پلە سەربازییەکەی لە سوپادا لە عەقیدەوە بەرزکرایەوە بۆ فەریق.

هاوکات لەگەڵ کردەوەی هەڵمەتی پاکتاوی ئاشوورییەکاندا، کیومالێکی گەورەش لە کوردستان بەڕێوە دەچوو، لەو سەروەختانەدا

که شۆڕشی بارزان لە ژێر سەرکردایەتی «شێخ ئەحمەدی بارزان» لە کڵپەسەندن و تاودا بوو، رژێمی پاشایەتی بە هاوکاریی باڵەفڕ و یەکە تایبەتییەکانی ئەرتەشی ئینگلیز بە خەستی پرۆسەیەکی کاولکاریی و کوشتاریان لە ناوچەکانی بارزان و دەوروبەری بەڕێوە دەبرد، ئەم پرۆسەیە سەختترین پرۆسەی کاولکاریی بوو لە بەرامبەر کورد لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئەو رۆژگارە. لە ساڵەکانی ١٩٣٣-١٩٣٤ «تەنیا لە ناوچەکانی بەرۆژ، مزووری و شیروان ٧٩ گوند وێران کران، لە سەرجەمی ٢٣٨٢ خانووبەرە ١٣٦٥ خانوویان سووتاند و رووخاند، واتە ٦٠٪ی وێران کرا». «١٦». لە دوای خامۆشبوونەوەی مەشخەڵی شۆڕشەکانی بارزان و زاڵبوونی تەواوەتی حکوومەتی پاشایەتی بەسەر کوردستاندا، سوپا هیچ ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی بەربڵاوی نەکردۆتە سەر ناوچە کوردنشینەکان، بەڵام لەلایەکی ترەوە هەر کات پێویستی کردبێت سوپا ئامادە بووە بۆ سەرکوت و کوژاندنەوەی ئاگری هەر راپەڕینێک لە هەر لایەکی کوردستانەوە سەریهەڵدابێت.

ئەمە جیا لەوەی حکوومەت بەشێوەیەکی سیستماتیک و پلان بۆدارێژراو لە هەوڵی تەعریبکردنی ناوچە کوردنشینەکان و دارنینی مۆرکی کوردیی هەندێک ناوچەیی ستراتیژیی کوردستاندا بوو، ئەم سیاسەتەش درێژەی کێشا هەتا ئەو کاتەی کۆمەڵەی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان لە ژێر رێبەریی قاسم– عارف «عەبدولکەریم قاسم– عەبدولسەلام عارف» لە ساڵی ١٩٥٨، لە رێی کودەتایەکی سەربازییەوە رژێمی پاشایەتیان گۆڕی بۆ رژێمی کۆماریی. لە سەرەتای دەسەڵاتی «قاسم»دا گەلێک هەنگاوی گرنگ لە ریفۆرمی سیاسییەوە تا ریفۆرمی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کشاوەرزی نران، لەناو ئەم پانتاییەدا بوارێک بۆ کورد رەخسا تاوەکوو بەشداریی بکات لە ژیانی سیاسییدا، لێرەوە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتییە پیشەییەکانی بە

ئاشکرا دەستیانکرد بە کارکردن. لە ساڵی ١٩٥٩دا بارزانی «مەلا مستەفا ١٩٠٣-١٩٧٩» لە تاراوگەوە «سۆڤێت» گەڕایەوە بۆ عێراق و لە ڕێی کەرنەڤاڵێکی جەماوەرییەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، لەولاشەوە دەستووری عێراق بۆ یەکەمین جار دانی نا بە مافی کورد و هاوبەشێتی کورد و عەرەبدا لە چوارچێوەی وڵاتدا.

مانگی هەنگوینی پەیوەندیی دۆستانەی کورد و حکوومەتی قاسم کورت بوو، ساڵی ١٩٦١ جارێکی دیکە گرژیی و ئاڵۆزییەکانی کورد و ڕژێمی بەغدا تەقینەوە و لە کوردستانەوە مەشخەڵی شۆڕش داگیرسایەوە، بەڵام سوپای عێراق بێ هیچ گوێدانە پرنسیپێکی جەنگ و مۆراڵی شەڕکردن، بە فۆرمێکی داپڵۆسێنەرانە کەوتە وێزەی خەڵک، کردەوە و ڕەفتارە دوور لە پرنسیپە سەربازییەکانی سوپای عێراق هەر بەوەوە نەوەستا هاووڵاتیانی بێ دیفاعیش بکاتە ئامانج، تەنانەت خانووبەرە و مزگەوت و کانی و ئەشکەوتەکانیش بەدەر نەبوون لە پرۆسەی وێرانکردن و لەناوبردن. «هاوینی ١٩٦١، ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم، هێرشی کردە سەر کوردستان و نیوەی زیاتری سوپای عێراقیی بە هێرش لە دوای هێرش بەردایە سەر دانیشتووان، تا لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا نزیکەی ٣٠٠٠ سێ هەزار کەس کوژران، کە زۆربەیان خەڵکی مەدەنیی بوون. زیاتر لە سەد هەزار کەس ئاوارە بوون و کەوتنە چیا، ١٥٠ سەد و پەنجا گوند و شار وێرانکران». «١٧».

لە ماوەی دوو ساڵی شەڕی کورد و عێراق «١٩٦١-١٩٦٣» و تا ڕمانی ڕژێمەکەی قاسم لە ڕێی کودەتای سەربازییەوە، کوردستان لە هەموو لایەکەوە لە ژێر هەڕەشە و مەترسیی سوپادا بوو، بە ئەندازەیەک شوێنێک نەمابوو دەستی وێرانکەرانەی سوپای عێراقی نەیگاتێ، گوندێک، شارێک، شارۆچکەیەک نەمابوو کوشتاری تێدا ڕوونەدات. لەگەڵ هاتنە سەرکاری ڕژێمی «عەبدولسەلام عارف» لە دوای هەشتی شوباتی ١٩٦٣، ئەگەرچی بۆ چەند مانگێک لەنێوان پارتی

دیموکراتی کوردستان «که ئەوسا رابەرایەتی شۆڕشی کوردی دەکرد» و رژێم، ئاگربڕ روویدا و چەند خولێکی دانوستان دەستیانپێکردەوە، بەڵام ئەو مفەوەزاتانە لە چەند مانگێک ئاگربڕ بەولاوە چیتریان لێ شین نەبوو، بەپێچەوانەوە بۆ کەڕەتێکی دیکەش جەنگ لەنێوان هەردوولادا هەڵگیرسایەوە. رەنگە خوێناویترین کارەسات لەو قۆناغە لەلایەن سوپای عێراقەوە ئەنجامدرابێت ئەو هەڵمەت و رەشبگیرییە بێت لەژێر فەرمانده‌یی «زەعیم سدیق»دا لە زۆرینەی ناوچەکانی کوردستاندا ئەنجامدرا. «١١-٦-١٩٦٣ دیسانەوە شەڕ هەڵگیرسایەوە و لە مانگی یەکەمی هێرشدا نزیکەی ٢٠٠ دوو سەد گوند سووتێنران و زیاتر لە ٢٠٠٠ دوو هەزار کەسیش کوژران، لە مانگی ٧- ١٩٦٣ وەفدی یەکێتی سۆڤێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند: شەڕی رژێمی عێراق لە دژی کورد، شەڕی جینۆسایدە». «١٨». پێنج ساڵی حوکمی هەردوو عارف «عەبدولسەلام و عەبدولڕەحمان» بە یەکێک لەو وێستگە مێژووییانە دادەنرێت لە مێژووی عێراق و کوردستاندا، کە سوپا زۆرترین کاولکاریی و کشتوبڕی لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا ئەنجامداوە.

هاتنە سەرکاری بەعسییەکان لە هاوینی ١٩٦٨دا، قۆناغێکی تازەی سیاسیی بوو چ سەبارەت بە کورد، چ سەبارەت بە عێراق و ناوچەکەش، ئەجیندای بەعس لە ئەجیندای تێکڕای حکوومەتەکانی پێشووی عێراق جیاواز بوو، بەعس هەروەک لە خودی ناوەکەیەوە دەردەکەوێت، بزووتنەوەیەکی سیاسیی نەتەوەیی عەرەبیی بوو دەیویست بیری عەرەبچێتی بژێنێتەوە و یەکێتییەکی بەهێزی عەرەبیی لەسەر ئەو جوگرافیایەی ناوی نیشتمانی عەرەبیی لێنراوە پێکبهێنێت، بۆ هێنانەدی ئەم خەونەش سڵی لەهیچ پیلانێکی مەترسیدار و تۆقێنەر و خوێناویی نەدەکردەوە، سەرانی بەعس بە باشی تێگەیشتبوون کارەکەیان ئاسان نییە و تەنانەت تەگەرە و کۆسپی ناوخۆیشیی لە بەردەمدایە، لەم

سۆنگەوە بە پێویستیان دەزانی لە سەرەتاوە گرفتە ناوخۆییەکان و نەیارە ناوخۆییەکان ریشەکێش بکەن، ئەوجا هەنگاوەکانی داهاتوویان بنێن، بەم هۆیەوە سەردەمی دەسەڵاتی بەعس و دڕندایەتی سوپای بەعس لە بەرامبەر کورد سەختترین قۆناغە و هەرگیز شایانی بەراووردکردن نییە بە قۆناغەکانی رابردوو. تیۆریسیۆن و پێغەمبەری بەعسییەکان «میشێل عەفلەق» کە وەک مێژوونووسی سوریی «بەسام گیبی» ئاماژەی بۆ کردووە زۆر سەرسام بووە بە هیتلەر و پێیوابووە هیتلەر دواجار بەسەر نەیارەکانیدا سەردەکەوێت، لە زۆرینەی نووسین و گوتارەکانیدا جەخت لەسەر  یەکێتی عەرەب و رێنسانسی عەرەبچێتی و لەناوبردنی دوژمنانی ئەم خەونە دەکاتەوە. ئەو دەڵێت «دەبێت تەنیا عەرەبەکان لە وڵاتی خۆیاندا سەرگەورە و بەهێز بن». ئەم هزرینە لە دوا شیکردنەوەدا ئەوەمان بۆ تەفسیر دەکات لە غەیری عەرەب کەسی تر قبوڵ ناکرێت لە «نیشتمانیی عەرەبییدا» دەستڕۆیشتوو بێت، ئەوەش هاوواتای لەناوبردن و پوکاندنەوەی بە زۆر و جەوری هەموو ئەوانی دیکەی ناعەرەبە.

بەعسییەکان خوازیاربوون سەرەتا لە رێگەی هێنانەدی عێراقێکی سرف عەرەبییەوە شەقاو بهاوێژن بۆ یەک بە یەکی پلانەکانیان لە سەرتاسەری نیشتمانیی عەرەبدا. ئەوەتا ئەم راستییە لەیەکێک لە بەندەکانی دەستووری عێراقی سەردەمی بەعسدا جەختی لێکراوەتەوە «عێراق بەشێکە لە نیشتمانیی عەرەبی و لە پێناوی وەدیهێنانی یەکبوونێکی گشتیی عەرەبییدا تێدەکۆشێت». «١٩» بوونی کوردیش لە عێراقدا لە روانگەی ئایدۆلۆژیای بەعسەوە بەربەستێکی لە رادده بەدەری بەردەم ئەو خەونە بووە، بۆیەکا بەعس بە هەمیشەیی کاری لەسەر داتاشینی وێنەیەکی دزێو و ناهەمواری کورد دەکرد. هەروەک «ئاراس فەتاح» دەڵێت «بەعسیزم ئەو سیستمەیە بوونی کورد لە ناو جەستەی کۆمەڵگا سیاسییەکەیدا وەک هۆکارێکی ناڕەحەتکەر و

شێوێنەر تەماشا دەکات و لەوێشەوە وێنەی بێگانەیەکی پێدەبەخشێت کە لە رووی سیاسییەوە دەبێت بە دوژمن». «٢٠» لێرەوە پڕۆژەی جینۆساید و لەناوبردنی رەگەزیی کورد نەک هەر دەبێتە ئەجیندایەکی سیاسیی بەڵکو بەپێی ئایدۆلۆجیای بەعس رەواییش وەردەگرێت.

بەعس لە دوو ساڵی پێش رێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ی نێوان کورد و حکوومەت «واتە ساڵانی ١٩٦٨ و١٩٦٩»، لە هەموو لایەنێکەوە لە رووی سەربازیی و سیاسییەوە پڕۆژەی لە رەگەوە دەرهێنانی کوردی پەیڕەو دەکرد، هەر لەم رێکەوتە مێژووییەشەوە سێکوچکەی سیاسەتی بەعس دەرهەق بە کورد «تەعریب– تەرحیل – تەبعیس» دەستپێدەکات و پێدەنێتە سەرزەمینی واقیع، پیادەکردنی ئەم سێ سیاسەتەش لە دوا ئاکامدا جگە لە تواندنەوەی کورد هیچی تر نەبوو. سوپا لە بردنەپێشەوەی سێکوچکەی سیاسەتی بەعس رۆڵێکی ئێجگار بایەخداری هەبوو، لەم روانگەشەوە بوو سەرانی رژێم کەوتنە هەوڵی بەهێزکردنی سوپا و خەنیکردنی جبەخانە و تەکنۆلۆژیای سەربازیی دەوڵەتەکەیان. ئەگەرچی لە چوار ساڵی ئاشتی ١٩٧٠-١٩٧٤دا سوپا کەمترین دەوری هەبوو لە گۆڕەپانەکەدا، ئەمە مانای ئەوە نییە سیاسەتی سڕینەوەی کورد وەستانی بەخۆوە بینیبێت، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خولێکی تری شەڕ، سوپای عێراقی کە سوودی لە پشووی چوار ساڵە وەرگرتبوو، بە یارمەتی نوێباوترین چەکی روسیی لە باڵەفڕ و لاپاڵم و بۆمبی فۆسفۆریی و تۆپی دوورهاوێژ کەوتنە سووتماککردنی کوردستان. لەم بەرواره بە دواوە تا دەگاتە شاڵاوەکانی ئەنفال و راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ قورسترین پرۆسە سەربازییەکانی سوپای عێراقی لە کوردستاندا تاو دەستێنن، کە ئەمجارەیان سوپای عێراق مێژوویەکی هێندە خوێناویی تۆمار دەکات مەگەر ئەو مێژووە رەشە تەنیا و تەنیا مەغۆلەکان و نازییەکان و ستالین تۆماریان کردبێ.

لە هەنگاوەکانی سەرەتادا پاکتاوی کوردە فەیلییەکان لە دەیەی

هەفتاکان و هەشتاکانی سـەدەی بیستەمەوە بە خەست و خۆڵیی دەستیپێکرد، لەو پرۆسەیەدا جیا لەوەی دەستگیرا بەسەر سەروەت و دارایی زۆرینەی فەیلییەکاندا، لە هەمان کاتدا بە هەزارانیان لێکوژرا و بە هەزارانیشیان کەوتنە زیندانەکانەوە کە چارەنووسییان دیارە هەر مەرگ بووە، بەپێی هەندێک ئاماری نافەرمیش زۆرتر لە چارەگە ملیۆنێکیشیان دەربەدەر بوون و رووبانکردە کۆماری ئیسلامی ئێران. لە دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان لەساڵی ١٩٧٦ کە شۆڕشێکی بەرەیی بوو، دیسان سوپای عێراقی وەک جاری جاران، بگرە سەرسەختتر و هۆڤانەتر کەوتە پەلاماردانی کوردستان و کوشتاری هاووڵاتیانی سڤیلیش. رەنگە لە دوای جینۆسایدی فەیلییەکانەوە، رەشبگیریی و لـە نـاوبـردنـی بـە کۆمـەڵی نێرینە بارزانییەکان رووداوێکی مەترسیدار و کارەساتبارترین بێت، گەرچی ژمارەی بارزانییەکان تا بە ئێستاش دەگات بە تەواویی روون نییە چەند بووە، بەڵام گومان لەوە ناکرێ ئەو ژمارەیە لە هەشت هەزار مرۆڤ کەمتر نەبووە و نییە.

«بارزانییەکان تا ساڵی ١٩٨١ لە باشوور مانەوە، ئەو ساڵەی سەرلەنوێ بۆ ئۆردوگای قوشتەپە لە دەرەوەی هەولێر گوێزرانەوە. بارزانییەکان لە پەنجا هـەزار کـەس تەنیا ٢٠-٣٠ هـەزار کەسیان لێمایەوە. لە ساڵی ١٩٨٣ بەرزان تکریتی نوێنەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان –بەشداریی ئەو چاوپێکەوتنانەی کردووە لەگەڵ لیژنەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافی مرۆڤ بەستراوە– و وەتبانی برای سەدام حسێن و تیپێکی موخابەرات و یەکەیەکی تایبەت لە سوپا چەند هەزار نێرینەیەکیان لە ئۆردوگاکە کۆکردەوە، ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی ١٢ ساڵەوە بوو، شاهیدێک دەیووت: ئەو خەڵکەیان بە ماشێن بەرەو باشوور گوێزایەوە و دواجاریش لە دەوروبەری شاری بەغداد بینراون، ئینجا بێسەر و شوێن کران». «٢١». تاوانی بە کۆمەڵکوشتنی

بارزانییەکان وەڵامدانەوە بوو بۆ ئەو زنجیرە چالاکییەی مەفرەزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاوبەشیی لەگەڵ سوپای ئێران لە سنووری حاجی ئۆمەران ئەنجامیان دابوو، بەڵام هیچکات بەعس ڕەوایی نەبوو لە بەرامبەر هێرشی پێشمەرگەدا چالاکیی و زەبری تۆڵەسێنی لە بەرامبەر هاووڵاتیانی بێ دیفاع ئەنجامبدا. ئەم پرۆسەیە هەر بەوەوە نەوەستا سنووری ناوچەیەکی دیاریکراو بگرێتەوە بەڵکو لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ گەیشتە ترۆپک. ساڵی ١٩٨٨ بۆ سوپای عێراق ڕەشترین ساڵە لە دیرۆکدا، چوون ئەو ساڵە، ساڵی پیادەکردن و بەڕێوەچوونی هەر چوار قۆناغەکەی شاڵاوەکانی ئەنفالی گەلی کوردستانە کە لە ڕۆژی بیست و سێی شوباتەوە دەستیپێکرد و تاکو شەشی ئەیلوولی هەمان ساڵی خایاند.

لەم پرۆسەیەدا کە دەتوانرێت بە جینۆساید بناسێنرێت و بە هاوشانی قەتڵوعامی ئەرمەنەکانی ساڵی ١٩١٥ و هۆلۆکۆستی جووەکان دابنرێت، زیاتر لە١٠٠ هەزار مرۆڤی کورد لەناوبران، لە پەنایدا هەزاران گوند و مزگەوت و قوتابخانە و کەنیسە وێرانکران، ئەمە جیا لەوەی بە ملیۆنەها گیانلەبەر و باڵندە قڕکران و زۆرینەی باغ و دارستان و ناوچە سەوزاییەکان کرانە بیابانی کاکی بە کاکی. ئەندرو وایتلی لە پێشەکیی ڕاپۆرتەکەی «میدڵ ئیست ووچ» کە یەکێکە لە سەرچاوە نایابەکانی ناساندنی ئەنفال بە دنیا، دەنووسێت «بە خەمڵ و بۆچوونی ئێمە لایکەمەکەی ٥٠ هەزار یان ١٠٠ هەزار کەس کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون لە نێوان شوبات و ئەیلوولی ١٩٨٨ کوژرابن». «٢٢». هەرچەندە ئامارێکی فەرمیی و کۆنکرێتی لە بەردەستدا نییە ژمارەی ئەنفالکراوەکان ئاشکرا بکات، بەڵام ئەوندەی دەزانرێت ژمارەکە لانیکەمەکەی ١٠٠ هەزار کەسە، عەلی حەسەن مەجید «عەلی کیمیایی» سەرپەرشتیاری پرۆسەکە لە دوو جێگەدا، بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە دەدات، ژمارەی ئەنفالکراوەکان لە١٠٠

هەزار کەس زۆرتر بووە، ناوبراو لە یەکێک لە نامەکانیدا بۆ سەدام ئاماژەی کردووە بەوەی زیاتر لە١٠٠ هەزار کەسن و حکوومەت هەر فریا ناکەوێت تەنانەت سابوونیش بەسەریاندا دابەش بکات بۆیە هەموویان لەناوبراون!. لە جاری دووەمدا «لە مایسی ١٩٩١دا کاتێ دەسەڵاتداری بێسنووری ئەنفال، عەلی ئەلحەسەن مەجید، کە دواتر بەرز کرایەوە بۆ وەزیری بەرگریی، لە دانوستانێکی نەزۆکدا لەگەڵ سەرکردە کوردەکاندا کۆبووەوە و دەیزانی چۆن قسە دەکات! کاتێ رووبەڕووی داواکاریی کوردەکان بووەوە کە چارەنووسی کوردە سەرنگومکراوەکان روون بکاتەوە –ئەو ژمارەیەی ئەوان دایاننابوو ١٨٢ هەزار کەس بوو– ئەم بە تووڕەییەوە وای دەربڕی تێکڕای ئەو ژمارەیەی لە ئەنفالدا کوژراون بە هیچ جۆرێک لە سەد هەزار کەس زیاتر نەبووە». «٢٣».

بە جیا لە زیانی گیانیش لە رووی ماددییەوە کوردستان لەلایەن سوپاوە بە تەواوەتی وێرانکرا و ژێرخانە ئابوورییەکەی هەڵتەکێنرا، چەندان ئاوەدانی چۆڵ و وێرانکران، بە بەهای ملیارەها دۆلار زیانی ماددیی بەر تێکڕای کوردستان کەوت کە تاکو هەنووکەش ئاسەوارە خراپ و نێگەتیڤەکانی بەردەوامییان هەیە. بەپێی ئامار و بەڵگەنامەیەک، تەنیا لەساڵی ١٩٨٨ و لە میانەی هەڵمەتەکانی ئەنفالدا «یەکەم: ٢٨٣٩ گوند و شار وێران کراون. دووەم: ١٧٥٧ قوتابخانە کاولکراون. سێیەم: ٢٤٥٧ مزگەوت و جێگەی ئاینیی تر وێران کراون. چوارەم: ٢٧١ نەخۆشخانە و تیمارگە وێرانکراون. پێنجەم: ٢١٩٨٢٨ خێزان لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا راگوێزراون». «٢٤». هەر لە ساڵی ١٩٨٨ و لە چوارچێوەی پلانی قڕکردنی گەلی کورد هێزە ئاسمانییەکانی سوپای عێراق بە چەکی خنکێنەر شارۆچکەی «هەڵەبجە»یان بۆردومانکرد، جیا لە کاولکردنی شارەکە، نزیکەی پێنج هەزار هاووڵاتی کوژران و دوو بەرابەر بەو ژمارەیەش زامداربوون،

لەگەڵ ئەوەشدا هەزاران هەڵەبجەیی ئاوارە و پەڕاگەندەی شارەکانی کوردستان و دیوی ئێران بوون. لە ساڵی ١٩٩١، دوای راپەڕینی گەلی کورد لە باشووری کوردستان و شیعەکان لە باشووری عێراق، جارێکی دیکە سوپا رۆڵێکی دڕندانە و توندی هەبوو لە سەرکوتکردنی راپەڕینی گەلانی عێراق. ئەگەر لە کوردستان بەهۆی کۆڕەوی میلۆنیی گەلی کوردەوە زیانە گیانییەکانی کورد کەمتر بووبن بە بەراوورد بە قۆناغەکانی تر، ئەوە لە ناوەڕاست و باشووری عێراق سوپا زۆر بە توندیی شیعەکانی سەرکوتکرد، لەم پرۆسەیەدا هەزاران هاووڵاتی راپەڕیوی شیعە کوژران و سەدان جێگەی ئاینیی و هەزاران ماڵ لەگەڵ زەوی یەکسان کران.

به کورتییەکەی سوپای عێراقیی لە مێژووی ژیانی تایبەتیی خۆیدا، تۆمارێکی ئێجگار رەش و دزێوی هەیە لە کوشتار و لەناوبردنی هاووڵاتیانی وڵاتەکەیدا، رەنگبێ لە مێژووی میللەتان و دەوڵەتاندا نموونەیەکی تر نەبێت، کە سوپای وڵاتێک بەو قەبارە ترسناکە سەرکوتی هاووڵاتیانی وڵاتەکەی کردبێت. هەروەک چۆن لە تەواوی دیرۆکدا دەستناکەوێت هیچ وڵاتێکی هاوچەرخ بە قەد عێراق زۆرترین پرۆسەی کاولکاریی لەنێو دەوڵەت و ئاوەدانییەکانی خۆیدا بەڕێوە بردێت، ئەم حاڵەتە یەکێک لە دەگمەنترین حاڵەتەکانە کە پێویستیی بەپانتایی زیاتر و فراوانترە بۆ شرۆڤەکردنی ئەکادیمیی و هەمەلایەنە. لە پوختترین دەربڕینیشدا سوپای عێراق لە مەیدانی هیچ جەنگێک لەگەڵ دەوڵەتان سەرکەوتوو نەبووە، تەنێ لە سەرکوتی ناوخۆییدا نەبێ، کە بە بڕوای من دۆڕانی حەتمی و راستەقینە ئەوی دووەمییانە.

## سوپای نوێی عێراق لە دوای بەعس

پرۆسەی «ئازادیی» عێراق ئەو وێستگەیە بوو سوپای عێراقی دوای هەشتاو دوو ساڵ لە تەمەن بە تەواوەتی هەڵوەشاندەوە، لەگەڵ

رووخانی پەیکەرەکەی دیکتاتۆر لە ساحەی فیردەوسی بەغداد و هاتنە ناوەوەی سوپای هاوپەیمانان بۆ ناو شارەکە، ئیدی شتێک نەما پێی بووترێت سوپای عێراق. لە رووی یاساییەوە ئەمەریکا لەگەڵ راگەیاندنی کۆتایی ئۆپەراسیۆنەکەیان، راشیگەیاند بەعس و سوپا و وەزارەتی بەرگریی و دامودەزگاکانی رژێم هەڵوەشاونەتەوە و لەمەو بەدوا بوونیان یاساغە. ئەوە یەکەمجار بوو دوای هەشت دەیە سوپای دەست و چنگ خوێناویی عێراقیی سکوت بکات و لەسەر شانۆی رووداوە گەرمەکان نەک رۆڵی بەڵکو بوونیی فیزیکیشی بسڕێتەوە. دوا بەدوای وەرگرتنەوەی ئیدارە لەلایەن عێراقییەکانەوە، جارێکی دیکە لەژێر رێنمایی و بەئامادەیی ئەمەریکییەکان سوپایەکی نوێی عێراقی دامەزرایەوە. ئەم سوپایە سوپایەکی سنووردارە و گەشەکردن و هەموو جموجۆڵەکانی بە دەستوور پێوەند کراوە. لە ماددەی ١٤ی دەستووری نوێی هەمیشەیی عێراقدا ئاماژەدانێکی راستەوخۆی تێدایە کە سوپای عێراق دەبێت هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ناو عێراق لەخۆ بگرێت.

بەپێی راپۆرتی سەنتەری دیراساتی ستراتیژیی نێودەوڵەتیی csis کە لە ١٦-٩-٢٠٠٨دا بڵاویکردۆتەوە، سوپای عێراق لە ئابی ساڵی ٢٠٠٨دا ژمارەکەی بە گشتیی ١٨٠٢٩٦ سەرباز بووە، واتە بە ژمارە لەو هێزەی ئەمەریکا لەوکاتەدا لە عێراق هەیبووە زیاتر بووە «هێزەکانی ئەمەریکا لە تەمووزی ٢٠٠٨، تەنیا ١٤٦ هەزار سەرباز بوو»، بەپێی هەمان راپۆرت تەنیا دوو لیوا هەن لە کوردەکان پێکهاتبێت و تێکڕاش ژمارەی سەربازەکانی ئەو دوو لیوایە لە ٩٠١٠ سەرباز تێناپەڕێت. لە رووی چەک و چۆڵیشەوە وردە وردە سوپای عێراقیی بەرەو پێشکەوتن و خۆ پڕ چەککردن هەنگاو دەنێت، بۆ ئەو مەبەستەش چەندان بۆندی بە بەهای ملیارەها دۆلار لەگەڵ کۆمپانیا ئەمەریکییەکان واژۆ کردووە بە مەبەستی کڕینی چەک و تەقەنیاتی پێشکەوتووی

سەربازیی. رۆژنامەی «واڵستریت جۆرناڵ»ی ئەمەریکیی لە ڕاپۆرتێکیدا لە مانگی ئەیلوولی ساڵی پار بڵاویکردۆتەوە، بۆندێک لە نێوان حکوومەتی عێراق و ئەمەریکا واژۆ کراوە بۆ کڕینی ٣٦ فڕۆکەی جەنگیی ئەمەریکیی لە جۆری «F١٦». لەلایەکی تریشەوە سوپا لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە ڕاهێنانیان پێدەکرێت لەسەر چۆنێتی بەشدارییکردنی جەنگ و ڕووبەڕووبوونەوەی پەلاماردانی تیرۆریستیی. دیمەنەکە وەهایە: هەوڵێکی چڕوپڕ لە ئارادایە بۆ بوژاندنەوەی سوپای عێراق کە ئێستا سوپاکە بیست و نۆیەمین سوپایە لە ئاستی جیهاندا، بەرپرسانی عێراقیی دەخوازن خێراتر لەوەی هەیە سوپا گەشە بکات و دامەزراوە سەربازییەکانیش بە پەلە بنیات بنرێنەوە بە حوکمی ئەوەی سوپای هاوپەیمانان لە ئامادەکارییدان بۆ کشانەوە، بەم پێیەش ئەرکی سوپای عێراقیی سەختتر و گرانتر دەبێت لە دابینکردنی سەقامگیریی بۆ خەڵک.

«ئەحمەد عەلوانی» ئەندامی لیژنەی بنیاتنانەوە و وەبەرهێنان و ئابووری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە شوباتی ڕابردوو ڕایگەیاند: توانای لۆجیستی و پیشەسازیی سەربازیی عێراق لە ئاستێکی نزمدایە و پێویستە حکوومەتی نوری مالیکی کاری جیددی بکات بۆ سەرلەنوێ بوژاندنەوەی پیشەسازیی سەربازیی. عەلوانی بە پێویستی دەزانێ هەمان وەزارەتی پیشەسازیی سەربازیی سەردەمی ڕژێمی پێشوو زیندوو بکرێتەوە و پێیوایە «هەزاران کادری پێشکەتوو هەیە شارەزاییان لەو بوارەدا هەیە، بەڵام تائێستا سوودیان لێ وەرنەگیراوە، بۆیە دەبێت حکوومەت کار بۆ ئەوە بکات پشت بە شارەزایانی خۆماڵیی ببەستێت و کەرتی پیشەسازیی سەربازیی ببووژێنێتەوە». چوار ساڵی کابینەکەی «نوری مالیکی» بە چوار ساڵی بنیاتنانەوە و گەشەکردنی سوپای عێراق دێتە هەژمار، مالیکی زیرەکانە توانی پەرە بدات بە توانای سوپاکەی و بارهێنانیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تێرۆر و بەرپەرچدانەوەی توند بە تیرۆریستان.

ئەگەرچی هەندێک گلەیی و نارەزایی هەیە لەسەر پتەوبوونەوەی سوپای عێراق، ئەمەش لەلایەن کوێتییەکانەوە شایانی شاردنەوە نەبووە، بۆیەکا بە ئاشکرا کوێتییەکان نارەحەتیی خۆیان نیشان دەدەن لەمەڕ ئەو رۆڵ پەیداکردنەوەی سوپای عێراقیی. لە بەرامبەردا سەرکردە عێراقییەکان رایدەگەیەنن خۆ پڕ چەککردنەوە و پتەوکردنی سوپا پاساوی خۆی هەیە، یەکێک لەهەرە دیارترینیان جەنگانە لەگەڵ شانە تیرۆریستییەکانی ناوخۆ و رووبەڕوبوونەوەی رێکخراوی ئەلقاعیدەیە. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە کاربەدەستانی عێراق دووپاتی دەکەنەوە ئەم سوپایە نابێتە سوپاکەی بەعس، هەروەک چۆن لە نیەتدا نییە بە رێگاکەی پێشوودا بڕواتەوە. هەندێکیش جەخت دەکەنەوە، دەبێت سەرکردەیی سوپا بەدەستی کەسە مەدەنییەکانەوە بێت، بۆ وێنە «سەلیم جبوری» وتەبێژی بەرەی تەوافقی سوونننە پێیوایە «پێویستە سەرکردایەتی سوپای نوێی عێراق بە دەست مەدەنییەکانەوە بمێنێتەوە تاکوو دەستدرێژیی نەکاتە سەر مافی مرۆڤ و گەلانی عێراق».

کوردەکانی عێراقیش سەرەڕای بەشدارییان لەو سوپا نوێیەدا، ترسیان لە پڕ چەککردنەوە و پتەوبوونی سوپا هەیە، بەرپرسانی باشووری کوردستان نیگەرانیی خۆیان لە چەندین جێگە و بۆنەدا پیشان داوە لە بەهێزیی و رۆڵ پەیداکردنەوەی سوپا، تەنانەت سەرۆکی هەرێم «مەسعوود بارزانی» بە نیگەرانییەوە دەڕوانێتە ئەو پرسە و دەڵێ «پێکهاتەی سوپای عێراقیی مانای پەراوێزخستنی کوردە»، چەندان سەرکردەی تری سیاسیی کورد هەمان بۆچوونیان هەیە، لە بەرامبەریشدا گرووپی دووەم هەن، لەو بڕوایەدان مادام دەستوورێک هەیە ئەرک و رۆڵی سوپای دیاریکردووە و مافەکانی کوردیشی چەسپاندووە، مادامیش کورد خۆی بەشدارە لە پێکهاتەی سوپادا هیچ مەترسییەکی ئەوتۆ نییە بۆ سەر مافی کورد. فریاد رواندزی ئەندامی

کوردی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیی هەمان ئەو بۆچوونەی هەیە و رایدەگەیەنێت «سوپای عێراق سوپایەکە نابێت دەست لە کاروباری ناوخۆی وڵات و ئیدارات و ناکۆکییە سیاسییەکان وەربدات، بۆیە هیچ مەترسییەک لە پڕ چەککردنەوەی سوپای عێراقدا نابینم، بە تایبەتی سوپای ئێستای عێراق سوپایەک نییە لە ژێر دەسەڵاتی تەنیا کەسێکدا بێت، بەڵکو کورد و سوونە و شیعەی تێدایە، هەروەها کورد لە سوپای عێراقییدا چەندین پۆستی گرنگی هەیە، ئەو پۆستە گرنگانەش وا دەکات هیچ مەترسییەکی لێ بەدینەکرێت». بە بۆچوونی من ئەو زیادەڕەوییە و سەرمەستییە بە دەستووری عێراقی ئاکامەکەی زۆر باش نییە، پێویستە کورد هێندە لە یۆتۆپیای دەستووری نوێی عێراقدا نەژی، چوونکە تاڵترین کارەساتەکانی کەوتۆتە دوای ئەو دەستوورەی ساڵی ١٩٥٨ کە بە شەفافی هاوبەشێتی کورد و عەرەب لە عێراقدا دان پێدانابوو.

بەشێکی تر لە کوردەکان و تەنانەت عەرەب عێراقییەکان و چاودێران لەوە نیگەرانن بەهێزبوونەوەی سوپا ئەگەری کودەتای سەربازیی دەهێنێتە پێشەوە «بە بڕوای من ئەمە ئەگەرێکی لاوازە» هەروەک «جەیمس دینزلۆ» دەڵێ «بەهێزکردنی سوپای عێراق و ئەگەری کودەتا ئەوەی دەیسەپێنێت تەریبە لەگەڵ دەرچوونی بەریتانیا لەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٤٨دا، شۆڕشی ١٩٥٨ و هاتنی حکوومەتە سەربازییەکەی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارفی بەدوادا هات». بەدەر لە هەموو ئەم راستییانە نابێت نادیدەی بگرین، جیهان گۆڕاوە و ئێستا نەک پەنجا ساڵ بگرە پێنج ساڵ پێش ئێستا نییە، ئەوەی لە١٩٨٨ بۆ سوپای عێراق و حکوومەتی سەدام دەچووە سەر مەحاڵە و لە زەحمەت زەحمەتترە بۆ ئەم سوپا نوێیە و نوری مالیکی یان هەر سەرۆک وەزیرێکی تری عێراقیی بچێتە سەر!! بە بۆچوونی من سوپای عێراق چەندیش بەهێزبێت، لە ئاستی ئەو چاوە تیژەی لەسەر

عێراقە هێشتا هەر لاوازە، بەڵام ئەمەش مانای پشتێن کردنەوەی کورد نییە، بەڵکو دەبێت هەمیشە چاوێکی لەسەر شێوازی کاری سوپا بێت کە پێکهاتەیەک مۆنۆپۆڵی نەکات، ئەگەرچی مەترسی ئایندە ئەوەندەی میلیشیاکانن نیو ئەوەندە سوپا نییە، بە تایبەت میلیشیا شیعەکان کە بە پاساوی جەنگی تیرۆرەوە خەریکە شەرعیەتێکی شۆڕشگێڕیی وەردەگرن و رۆڵیان لە گۆڕەپانی ململانێکاندا بەرەو هەڵکشان دەچێت. ئەمە مەترسییە راستەقینەکەی ئایندەی نزیکمانە.

## دوایین وتە

لە کاتی خوێندنەوە و تاوتوێکردنی ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم باسە بەکارمهێناون، لەگەڵ رۆیشتنی ئەو هەموو رووداو و کارەساتەی لە ماوەی هەشتا ساڵدا لەسەر دەستی سوپای عێراق بەسەر گەلانی ستەمدیدەدا هێنراوە، لای خۆمەوە و لە دەرەوەی واقیعی کارەساتەکانەوە تووشی جۆرێک لە تۆقین بووم، لە رێگەی ئینتەرنێتەوە چەندین وتار و لێکۆڵینەوەم لەسەر سوپای دەوڵەتانی تر پەیدا کرد و خوێندمەوە، هێشتا نەمبینی هیچ کۆمەڵگەیەک لە تەواوی سەدەی بیستدا بەدەر لە ئەڵمانیای نازی هێندەی عێراق بووبێتە مەیدانی جەنگ و دەستڕۆیشتوویی سوپا و کاولکاریی ناوخۆیی. تەنانەت لە سەردەمی بەعسدا «دروستتر وایە بڵێین سەردەمی سەدام»، عێراق بە تەواویی لەکۆمەڵگەیەکی نۆرماڵەوە گۆڕا بۆ سەربازگەیەکی گەورە، هەڵمەتی بە سەربازکردن تەنێ لە سنوورێکدا نەمایەوە، پیر و منداڵان و ژنان و تەکنۆکرات و هەموو چین و توێژێکی عێراقی گرتەوە، هونەر بوو بە هونەرێکی سەربازیی، شیعر و ئەدەب و تەنانەت ژیانیش رەنگی خۆیانیان لەدەستدا و بوونە کەرەستەیەک بۆ پێگەیاندنی سەرباز.

دایکی هەرە ئازا ئەوە بوو زۆرترین منداڵ یان با بڵێین زۆرترین سەرباز بخاتەوە، فەرمانگەی تەجنید لە هەموو شوێنێک قەرەباڵغتر

بوو، بەردەوام جمەی دەهات، ئەم فەرمانگەیە خوازیاربوو ژنە سکپڕەکانیش سەردانی بکەن تا ناوی منداڵە لە دایکنەبووەکەی ناو سکیشیان بنووسن وەک سەربازی «دواڕۆژ». جەنگ و مانۆڕی سەربازیی تامی هەموو شتێکیان ناخۆش کردبوو و گۆڕیبوویان بۆ تاعوون، جەنگ تەنانەت پارە و پیتاکی منداڵانی قوتابخانەکانی هەڵلووشی، عێراق لە ماوەی ئەو جەنگە هەشت ساڵییەدا لەگەڵ ئێران، تەواو قەرزار بوو، ژمارەی قەرزەکانی لە١٠٠ بیلیۆن دۆلار تێپەڕی، کە زیاتر لە٤٠ بیلیۆنیان بۆ چەک و تەقەمەنی بەهەدەر درابوون، ئاکامی جەنگیش جگە لە دۆڕاندنی عێراق و کوژرانی ٢٠٠ هەزار و بریندادبوونی ٥٠٠ هەزار کەسی دیکەی عێراقیی بەرهەمێکی تری نەبوو. سوپا کارەکتەری هەموو ئەم نەهامەتییانە بوو، لەبەرئەوە وای بە باش دەزانم مێژووی سوپای عێراق ببێتە وانەیەک لە قوتابخانەکاندا بۆ ئەوەی تا دنیا دنیایە لە بیرمان بێت سوپایەک هەبوو لەم ڕەنگە و لەو چەشنە.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- العميد جي. كيلبرت براون «قوات الليفى العراقية»، الترجمه والتحقيق: د.مؤيد ابراهيم الونداوى. مراجعة: رفيق صالح، بنكەی ژين، السليمانية ٢٠٠٦، ص ١٥.

٢- ساڵح ڕەحمان «شەشی کانون یادی دامەزراندنی سوپای عێراق». ڕۆژنامەی «ڕۆژنامە»، ژمارە «٣٧٨»، سێشەممە ٦-١-٢٠٠٩.

٣- بيتر سلاكت «الخيارات الدستورية لعراق مابعد الحرب». ترجمە: شكور سليمان. ٢٠٠٣.

٤- لیوا مەنسوور حەفید، پلەدارێکی سەربازیی ئەکادیمیی کوردە و چەندین پلە و پۆستی جیاجیای سەربازیی وەرگرتووە و تا هەنووکە وەک پلەدارێک لە کاروباری سەربازیی بەردەوامە. بڕوانە: ڕۆژنامەی «ئاسۆ»، ژمارە «٦١٩»، یەکشەممە ١٣-١-٢٠٠٨.

٥- هێمن میرانی «سوپا لە عێراقی کۆن و نوێدا» بەشی یەکەم، ڕۆژنامەی «خەبات»، ژمارە «٢٩٧١»، یەکشەممە، ١٤-٩-٢٠٠٨.

٦-ساڵح ڕەحمان «شەشی کانون یادی دامەزراندنی سوپای عێراق». ڕۆژنامەی «ڕۆژنامە»، ژمارە «٣٧٨»، سێشەممە ٦-١-٢٠٠٩.

٧- سەیران تەها ئەحمەد «بەرنامەی چەکی ناوکیی عێراق ١٩٦٩-٢٠٠٣»، گۆڤاری «سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی»، ژمارە «٢» ساڵی پازدەهەم، ئابی ٢٠٠٧، لاپەڕە ٤٥-٤٦.

٨- Judit Miller,Laurie Mylroie «لە تکریتەوە بۆ کوێت»، وەرگێڕانی: مەریوان غەریب– کامەران غەریب، چاپی یەکەم- سلێمانی، ٢٠٠٦، لاپەڕە ١٢٥.

٩- هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ١٥٨.

١٠- هیوا جەمال «عێراقی سوپا ..سوپای سیاسەت»، رۆژنامەی «رۆژنامە»، ژمارە «٤١٩». ٤-٣-٢٠٠٩.

١١- بيتر سلاكت «الخيارات الدستوريه لعراق مابعد الحرب». ترجمه:شكور سليمان. ٢٠٠٣.

١٢- ساڵح رەحمان، سەرچاوەی پێشووتر.

١٣- باقر یاسین «مێژووی خوێناویی عێراق»، و:حەمەساڵح گەلاڵی، چاپی یەکەم – سلێمانی،٢٠٠٤، لا ٢٢٦.

١٤- سمير خليل «جمهورية الخوف»، ترجمه: احمد رائف، الزهرا للاعلام العربى، قاهيره، ١٩٩١. سەمیر خەلیل ناوی خواستراوی نووسەری عێراقی ناسراو «کەنعان مەکییە»یە کە کاتی خۆی ئەو کتێبەی بەو ناوە خوازراوەوە بڵاوکردەوە.

١٥-لیام ئەندەرسن- گاریس ستانسفیلد «ئایندەی عێراق.. دیکتاتۆریی، دیموکراسیی یان دابەشبوون؟»، وەرگێڕانی: کامیار سابیر- دڵشاد حەمە، چاپخانەی رەنج ٢٠٠٨، لاپەڕە ٥٩.

١٦- د.مارف عومەر گوڵ «جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا»، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٣، لاپەڕە ٢١.

١٧- هەمان سەرچاوە.

١٨- هەمان سەرچاوە.

١٩- رێبوار سیوەیلی «قەفەسی ئاسنین یان بۆ ببمەوە بە عێراقی؟». چاپی یەکەم، کوردستان ٢٠٠٣، لا ٧٠.

٢٠- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٧١.

٢١- کەنعان مەکییە «دڵڕەقی و بێدەنگی». وەرگێڕانی: حەمەڕەشید، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٥، لا٢٠٠.

٢٢-میدڵ ئیست وۆچ «جینۆساید لە عێراقدا.. پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد»، وەرگێڕانی: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٤، لاپەڕە ٢١.

٢٣- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٦.

٢٤-د.مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشووتر، لاپەڕە ٣٦.

* د.محمد حسين الزبيدى «صفحات مضيئه في تاريخ الجيش العراقى «، سایتی «جريده» ساڵی ٢٠٠٦.

** د. غزوان هادى «الجيش العراقي و متطلبات المرحلة الراهنة». سایتی «الصباح».

*** مازن الياسرى «تاريخ الجيش العراقى بين المؤسسة و النظام الحاكم فى ذكراه الثامنة و الثمانين». شبكة النبأ المعلوماتيه- الخميس ١٥/كانون الثانى/٢٠٠٩.

**** سانتا ميخائيل « محطات في تاريخ الجيش العراقى منذ تأسيسه ١٩٢١ وحتى حله في ٢٠٠٣»، وكاله االنباء التركمانية.

تێبینی: ئەم لێکۆڵینەوەیە پێش نۆ ساڵ، بە هەشت بەش لە ژمارەکانی «٦٣٠-٦٣٧»ی رۆژنامەی «کوردستان راپۆرت» لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٩ بڵاوبۆتەوە.

## بەشی شەشەم
## لەبارەی کێشەی گەلی کلدۆ ئاشوورەوە

خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی دۆزی گەلی کلدۆ ئاشووری هەروا تێمایەکی ئاسان نییە و هەموو کەسیش ناتوانێت دەرەقەتی بێت، بەو پێیەی خۆی لە خۆیدا دۆزێکی مێژوویی و سیاسیی فرە رەهەندە. ئاگایی مێژوویی و سیاسیی زۆر پێویستە بۆ ئەوەی بتوانیت بابەتییانە لەمەڕ ئەو پرسە بدوێیت. ئێمە لێرەدا لە ڕێگەی دوو وتاری رۆژنامەوانییەوە هەوڵمانداوە بەشێک بین لە پرۆسەی قسەکردن لەمەڕ کێشەی گەلی کلدۆ ئاشوور. لێرەدا دەبێت خوێنەر سەرنجی ئەوە بدات هەردوو وتارەکە بە زمانێکی رۆژنامەوانی بەحت نوسراون و هەر لە رۆژنامەکانیشدا بڵاوکراونەتەوە. ئەگەرچی کلدۆ ئاشوورییەکان لەچێوەی عێراقدا دوو ئاڕاستەی سەرەکین لە رووی سیاسییەوە، یەکەمیان گووتارێکی کوردستانیی هەیە، هەرچی دووەمیشیانە ئەنتی کورد و خاوەنی نەزعەیەکی عێراقچێتییە. لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە وەک یەک مەسەلە لە پرسی ئاڵۆزی گەلی کلدۆ ئاشوور دەڕوانین و شیکاریی بۆ دەکەین. هەڵبەتە دابەشبوونی جوگرافیی پێکهاتەکە رۆڵێکی گەورەی هەبووە لەوەی دۆزەکە بەهەند وەرنەگیرێت، چوونکە لە هەموو شوێنەکانی عێراق بوونی پێکهاتەی کلدۆ ئاشووری هەروەک کەمینەیەک دەرکەوتووە.

لە ساتەوەختی پێشووی فەرمانڕەوایی بەعس و سەدامدا تێکڕای ئەو پێکهاتەیە وەک عەرەبی مەسیحیی لێیان دەڕوانرا، واتە سیمای ئاینیی زاڵکرابوو بەسەر ئەو گەلە دێرینەی میسۆپۆتامیادا، ئەگەرچی حزبی سیاسیی و ڕێکخراوی جۆراوجۆری کولتووریی لە ئارادابوون کە پارێزگارییان لە مانەوەی ئەو گەلە دەکرد، بەڵام هەموو ئەوانە بەپێی یاساکانی بەعس یاساغ بوون و هیچ کۆمەڵە و حزبێکی کلدانی سریانی ئاشووری مۆڵەت پێدراوی تەنانەت کارتۆنیش ڕێگەپێدراو نەبووە، هەروەک چۆن لە ماوەی فەرمانڕەوایی بەعسدا ئۆتۆنۆمی کارتۆنی و پارتی دیموکراتی کارتۆنی بۆ کورد چێکرابوو کە لە واقیعدا بەعسیزمی کوردێنراو بوو، بەڵام ئەو ڕێکخراوانە بۆ هیچ پێکهاتەیەکی تر بە دیاریکراویی کلدۆ ئاشوورییەکان لە ئارادا نەبووە، چوونکە لە کولتووری بەعسیزمدا حاشا لە گەلێک بەو ناوەوە دەکرا، هەروەک ئاماژەم پێدا وەک کەمینەیەکی ئاینیی بە ڕەگەز عەرەب شوناس دەکران.

لە پاش ڕووخانی سەدام، بارودۆخی سیاسیی لە عێراقدا لە سەرەتادا و لە کاتی هەبوونی سوپای هاوپەیمانان دەرفەتێکی باشی بۆ هەموو لایەک ڕەخساند تاکوو خۆیان تەرح بکەن، لەوانەش گەلی کلدۆ ئاشووری دەرفەتی بۆ ڕەخسا کە گوزارشت لە خۆی بکات. هەرچەند لە ساڵی ١٩٩٢ەوە لە یەکەم خولی پەرلەمانی کوردستاندا پێنج کورسی کۆتا بۆ کلدۆ ئاشوورییەکان جێگیرکرا و مافی دامەزراندنی حزب و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسیی و فەرهەنگییەکانی ئەو گەلە بە یاسایی کرا و چەندان خوێندنگەش بە زمانی سریانی دامەزران و دواجاریش عەینکاوە وەک ناوەندی دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی نافەرمیی ڕۆڵی دەگێڕا، بەڵام لەسەر ئاستی عێراق ئەمە لە ئارادا نەبوو، تا هەنووکەش بەو ئاستە نییە لە کوردستان هەیە، بەپێچەوانەوە حکوومەتی عێراقی نەیتوانیوە پارێزگاریی لە ژیان و ماڵی هاووڵاتیانی کلدۆ ئاشووری

بکات، لە ئەنجامیشدا زۆرتر لە نیوەی ئاشوورییەکانی بەغداد و موسڵ ئاوارەی کوردستان و وڵاتانی ئەورووپا بوون.

ڕێگەچارەی هەرە دروست بۆ چارەسەری کێشەی ئەم گەلە کە پێکهاتەیەکی ڕەسەنی کوردستان و عێراقن، بە دیتنی من پێدانی مافی ئۆتۆنۆمییە لە چوارچێوەی کوردستان یان عێراق، لەو شوێنانەشی زۆرینە پێکدەهێنن مافی دامەزراندنی ئیدارەی تایبەت بە خۆیان هەبێت، ئەمەش بە پێی یاسایەکی ڕوون و کۆنکرێتی ڕێکبخرێت و لە هەردوو پەرلەمانی کوردستان و عێراق بە دەنگی پەرلەمانتاران پەسەند بکرێت. هەروەک پێویستە ئەم مافە بە دەستووریش گرانتی بکرێت. بۆ تورکمانەکانیش هەمان بیردۆز چارەسەرێکی دادپەروەرانەیە. پێموایە لە کوردستان لە ئێستادا کە هەرێمێکی فیدراڵییە و ڕەنگە لە داوارۆژیشدا ببێتە دەوڵەت هیچ ئاستەنگ و کۆسپێک نابینم لەسەر ڕێی پیادەکردنی ئەو بیرۆکەیە، ئەوەی دەمێنێتەوە عێراقە، عێراقیش تاکوو ئێستا بەهەمان لۆژیکی دیکتاتۆرییەتی زۆرینەیەکی شیعەمەزهەب بەسەر ئەوانیتردا بە کورد و سوننە و ئاشوورییەکانەوە بیر دەکاتەوە و هەنگاو هەڵدەگرێت.

## چاپتەری یەکەم
## تەنگژەی عێراق و چارەنووسی ئاشوورییەکان

گەلی ئاشوور یان کلدۆ ئاشووری بە یەکێک لە دێرینترین گەلانی میزۆپۆتامیا دەژمێردرێت, ئەم گەلە بە ڕەسەن سامییە سەرەتا وەک چەند هۆزێک لە نیوە دورگەی عەرەبی ژیاون, بەڵام بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان لە چوار هەزار ساڵ بەر لە زایینەوە بەرەو وڵاتی میزۆپۆتامیا کۆچیان کردووە. لەگەڵ ئەو کۆچکردنەشدا دەوڵەتێکیان لە ناوچەکە دروستکردووە کە دواتر بووەتە ئیمپراتۆریایەکی مەزن و شاری نەینەوا (موسڵی ئێستا)یان کردووە بە پایتەخت, هاوکات ڕۆژ

لە دوای رۆژ سنووری قەڵەمڕەوی ئەم دەوڵەتە رووی لە زیادبوون کردووە, تا دواجار بووەتە یەکێک لە گەورەترین ئیمپراتۆرییەتەکانی ناوچەکە. هەروەها ئیمپراتۆریای ئاشوور بەردەوام لە جەنگدا بووە تا بتوانێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر تەواوی ئەو ناوچەیەی کە ئێستا پێی دەڵێن رۆژهەڵاتی ناڤین بسەپێنێ, بۆ نموونە لە سالآنی ٨٨٤-٨٦٠ (پ.ز) چەندین هەڵمەتیان بردۆتە سەر (لۆلۆ)کان، لە ئەنجامدا لە ناوچەکانی زاموا (سلێمانی) و مەریوان و پێنجوێن دەریان پەڕاندوون, کە دوای سەرکەوتنەکانی پادشای ئاشووریی (ئاشوور ناسرپاڵ) بەسەر (ئامینخا)ی پادشای لۆلۆ (ئەستونی سەرکەوتنی) لە سەرای نەینەوا نیشانداوە, بەڵام لە دواهەمین جاردا بە هاوپەیمانێتی مادەکان و بابلییەکان لە سەردەمی پادشا (سەنحاریب)دا ئیمپراتۆریەتی ئاشوور تووشی شکستی گەورە هات و لە ئاکامدا ئیمپراتۆریەتەکە لە بەریەک هەڵوەشایەوە, ئیتر لەو کاتەوە گەلی ئاشوور بووەتە گەلێکی پەڕاگەندە و وڵاتەکەی لەسەر ئەتڵەسی جیهان سڕاوەتەوە و مێژوو بە درێژایی زیاتر لەم دوو هەزار ساڵە رووبەرێک بووە بۆ پاکتاو و لەناوبردنی گەلی ئاشووری، هەر لەو رێکەوتەوە مێژووییەوە، کێشەیەک خۆی خزاندۆتە ئەم دەڤەرەوە کە ناوی کێشەی ئاشوورییەکانە و تا بە ئەمڕۆش دەگات بێ چارەسەر ماوەتەوە، بەڵکو لەنێو کورەی ئاگری رۆژهەڵاتی ناویندا بوونی ئەو گەلە خەریکە دەتوێتەوە.

## کێشەیەکی مێژوویی و پەڕاوێزکراو

کێشەی گەلی ئاشوور یەکێکە لە گرنگترین کێشە نەتەوەییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست, بەڵام دابەشبوونی ئاشوورییەکان بەسەر چەند دەوڵەتێکدا کارێکی وایکردووە کێشەکە ئاڵۆزتر بێت, لەوەش گرنگتر ئەوەی کارەکەی کردووەتە کارێکی ئەستەم و زەحمەت نەبوونی نیشتمانە, راستە ئاشوور لەسەردەمی ئیمپراتۆیەکەیدا

خاوەنی جوگرافیایەکی پان و پۆڕ و فراوان بووە، بەڵام لەگەڵ کەوتنی ئاشووردا و لە پرۆسەیەکی مێژوویی و داگیرکارییدا بەتایبەت دوای زاڵبوونی دەسەڵاتی فارسە ئەخمینییەکان و دواتریش فتوحاتی ئیسلامی سنووری جوگرافیای پێشووی ئیمپراتۆریای ئاشوور و نیشتمانی ئاشوورییەکان رۆژ بە رۆژ رووی لە کەمی کردووە, تا کار گەیشتووە بەوەی گەلی ئاشوور لە ناوچەیەکی بەرتەسکی نێوان دەوڵەتی عوسمانلی و سەفەویدا لە چەند جێگەیەکی وەک شەمزینان و هەکاری و دەوروبەری قەتیس بکرێت. گەرچی دەشتی نەینەوا مەڵبەندی سەرەکیی نیشتەجێبوونی ئاشوورییەکان بووە، کەچی لەگەڵ پرۆسەی غەزاوەتی ئیسلامیدا ناسنامەی ناوچەکە دەگۆڕێت و تەعریب دەکرێت و دەبێتە خاکی عەرەب.

پاشانیش هاوکێشە سیاسییەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و دروستبوونی چەند دەوڵەتێکی نوێ لەسەر جەستەی ئیمپراتۆریای عوسمانلی «پیاوە نەخۆشەکە» بە تایبەتی دەوڵەتی تورکیای عەلمانی رادیکاڵ لەسەر دەستی مستەفا کەمال ئەتاتورک و قەلاچۆکردنی ئاشوورییەکان لەسەر دەستی ئەو دەوڵەتە بووە فاکتۆری توانەوەی تەواوەتی جوگرافیا و نیشتمانی گەلی ئاشوور, چوونکە ئاشوورییەکان ناچار بوون لەژێر کاریگەریی پرۆسێسی پاکتاو و جینۆسایددا بەشێوەیەکی بەرفراوان کۆچ بکەن, بۆ نموونە کۆچ بەرەو ئەورووپا و دەوڵەتانی تری دراوسێ. لە پایتەختی مێژوویی ئەو گەلەشدا «دەشتی نەینەوا» ئاشوورییەکان کەمینەیەکیان پێکدەهێنا لەسەر ئەو زەوییەی لە پرۆسەی غەزەواتدا بەر لە سیانزە سەدە تەعریبکرابوو، بۆیە لەو زێدە رەسەنەدا وەک هاووڵاتی پلە دوو بگرە پلە سێش دەبینران بەهۆی جیاوازیی ئیتنیکی و ئاینییەوە. بەمجۆرە کێشەی ئاشووری لە کێشەیەکی نەتەوەیی و میللییەوە گۆڕا بۆ کێشەی کەمایەتی و ئیتنی کە ئەمەش دیسان بووە هۆی ئاڵۆزکانی فایلی قەزیەی گەلی ئاشوور.

لەلایەکی ترەوە کێشەی ئاشوورییەکان (وەک کێشەی کورد) لە بەرژەوەندیی زلهێزەکان نەبووە تا داکۆکی لێبکەن، بۆیە تەرکیزی رۆژئاواییەکانی هەتا هەنووکەش رانەکێشاوە, ئەمەش دۆزەکەی کردووە بە کێشەیەکی پەراوێزخراو, هەرچەندە لە سەرەتای سەدەی رابردوودا روسیا و دواتر بەریتانیا هەریەک لە دوو قۆناغی جیادا پشتگیریی خۆیان بۆ کێشەی ئاشوورییەکان دەربڕی، بەڵام ئەمانە تەنیا بەکارهێنان بوون چونکێ هاوکێشەکانی دوای یەکەم جەنگی جیهانی و هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی بەڵشەفیکی لە روسیا، هەردوو دەوڵەتەکە پشتیان لەم گەلە کرد و دواتریش چاوپۆشیان لە کوشتار و بە کۆمەڵ کوشتن و قڕکردنی ئاشوورییەکان کرد!, بۆ نموونە ئەو کوشتارگایەی حکوومەتی پادشایی کۆلۆنیکراوی ئینگلیز لە عێراق لە ساڵی ١٩٣٣ لە شارۆچکەی سیمێل لە سنووری پایزگای دهۆکی ئێستا بەرپایکرد.

**ونبوون لە بۆتەی مەسیحییەتدا**

دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی کریستیانی, گەلی ئاشوور لە یەکەمین ئەو گەلانە بوو کە باوەڕیان بە ئاینەکە هێنا و لە پەرستنی خودا رەسەنەکانی ئاشوورەوە بەرەو ئاینی یەکتاپەرستیی عیسایی وەرچەرخان, بەڵام مەسیحییەت بووە مایەی ئیشکالیەتێکی گەورە بۆ ئەم گەلە, لەبەرئەوەی هێدی هێدی نەتەوەکە لە چوارچێوە و بۆتەی ئاینی مەسیحییەتدا توایەوە و زەمینەی بۆ ئەوە خۆشکرد کە ئاشوور لە گەلێکەوە بۆ کەمینەیەکی ئاینی وەرچەرخێت, چونکێ قبوڵکردنی ئاینی نوێ (مەسیحییەت) لای ئاشوورییەکان بە جۆرێک بوو کە هەستی ئاینی زاڵتر بوو یان زاڵترە بەسەر هەستی نەتەوەییدا, دروست بەپێچەوانەی جولەکەوە کە هەمیشە ئاینیان بۆ خزمەتی خەونە نەتەوەییەکانیان بەکارهێناوە بەڵکو ئاین پڕۆژە و میکانیزمێکی دەستی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی گەلی جولەکە بووە!.

زیاتر پابەندبوون و توانەوەی ئاشوورییەکان لە بۆتەی مەسیحییەتدا وەک پابەندبوونی کورد وایە بە ئاینی ئیسلامەوە. هەمیشە و تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش کورد وزە و هێز و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی خستۆتە خزمەتی ئیسلامەوە, ئەوەتا سەرکردەیەکی وەک سەلاحەدینی ئەیوبی بە رەگەز کورد خۆی و سوپاکەی دەخاتە خزمەتی ئاینی ئیسلامەوە و لە ئاکامیشدا ئاینپەروەریی کوێرانە دەیخاتە نێو گێژاوێکی مەزهەبی و بارودۆخێکی نەخوازراوی نێگەتیڤ و دەبێتە سوارچاکی کوشت و بڕی کریستیانەکان و گەلی جولەکە «بنی اسرائیل» لەسەر زەمینی رەسەنی خۆیاندا! ئەمە لە میانەی ئەو جەنگەی بە جەنگی خاچپەرستان ناودێر کراوە لە مێژوودا، کە بۆ دووەم جار پاش غەزوی قودس لە سەروەختی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا، موسڵمانەکان دەستیان گرت بەسەر رووگە و ناوچەی پیرۆزی هاوبەشی جولەکە و کریستیانەکاندا.

بەو شێوەیەش هەستی ئاینپەروەریی ئاشوورییەکان و زاڵبوونی شوناسی ئاینیی ئەوەی خستەوە کە کێشەی ئاشووری بچووک بێتەوە بۆ کێشەیەکی مەزهەبی, بۆ وێنە لە عێراقدا دەسەڵاتی بەعس هەوڵیدەدا کە ئاشوورییەکان تەعریب بکات و بە عەرەب حیسابیان بکات. هەر بۆیە هەموو ئاشوورییەکیان بەوە ناچار دەکرد کە خۆیان بە عەرەبی مەسیحی ئەژمار بکەن!. ئێستاش بە تایبەتی لە دوای رووخانی رژێمی بەعسەوە, کێشەی ئاشووری یەکێک لەو کێشانەیە کە باس و خواسی زۆری لەسەرە و هاتۆتەوە ناو هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقەوە، بەڵام هەتا ئەمڕۆش لە عێراقدا کێشەی ئاشووری وەک کێشەی کەمایەتییەکی ئاینیی سەیر دەکرێ نەک کێشەیەکی نەتەوەیی.

## ئاشوورییەکان چی هەڵدەبژێرن؟

وەک ئاماژەمان پێدا لە بارودۆخی نوێی عێراقدا چانسێکی کەم لە

بەردەم دۆسیێی کێشەی ئاشوورییەکاندا کراوەتەوە, ئاشوورییەکان تا رادەیەک بەشدارن لە گێڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەتی نوێی عێراقدا, بەڵام هیچ کاریگەرییەکیان نییە بە ئاقاری بە رۆژەڤکردنی دۆزەکەیاندا, بەڵکو کێشەکەیان وەک کێشەی نەتەوەیی هێشتا بەردەوامی هەیە, دانانی وەزیرێک وەک نوێنەری گەلی ئاشوور بە هیچ جۆرێک بەڵگەی سەلماندنی مافی تەواوەتی ئاشوورییەکان نییە, ئەگەر وابێت خۆ لە سەردەمی دیکتاتۆرەکەی پێشوودا (تاریق عەزیز) وەک کەسێتییەکی ئاشووری تەعریبکراو لە بەرزترین ئۆرگانی حزبی بەعس و حکوومەتەکەی سەدامدا بوو! یان چەندان وەزیری کورد هەبوون لە حکوومەتی بەعسدا کەچی لە هەمان کاتدا کورد بە کیمیایی قەسف دەکرا و قڕ و ئەنفال دەکرا!. کەوابوو ئاشوورییەکان دەبێ چی بکەن؟، چی سەر پشک بکەن؟، چۆن بەرەو رووی واقیعەکان ببنەوە؟.

### سەرپشکردنی عێراق

دەشێ بەو پرسیارە دەست پێبکەین: ئایا ئاشوورییەکان عێراق سەرپشک دەکەن یان نا؟ واتە هەڵبژاردنی هەرێمی عەرەبیی عێراق کە هەردوو پێکهاتەی سوونە و شیعە قەڵەمڕەوی دەکەن، بەڵام تابلۆ سیاسییەکە دەریدەخات حکومی رەها دەکەوێتە دەستی شیعە، ئەوانیش بەپێی رێساکانی مەرجعیەت و ویلایەتی فەقیەی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەوڵەت تیۆکراتیزە دەکەن، وەڵامی پرسیارەکە گەلەک قورس و زەحمەتە و دەشێ هەر تاکێکی ئاشووریی وەڵامێکی تایبەتی خۆی بۆی هەبێت, بە باوەڕی من ئاشوورییەکان نابێت هەرێمی عەرەبیی عێراق سەرپشک بکەن, ئەمیش لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم: لەبەرئەوەی هەموو ئەو ئاشوورییانەی لە عێراقدا دەژین لە رووی دابەشبوونی سوکانییەوە نەکەوتوونەتە هەرێمی عەرەبییەوە بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لەوە زیاتر لە کوردستان, لە شارەکانی

کەرکوک و هەولێر و سلێمانی و دهۆک و شەقلاوە و ئامێدی و زاخۆ تاد.. دەژین, لە حاڵەتی سەرپشکردنی هەرێمی عەرەبیدا کارێکی قورسە کە هەموو ئاشوورییەکان بەرەو هەرێمی عەرەبی کۆچ بکەن, لە ئاوها حاڵەتێکدا دەبێتە هۆی دابڕانێکی گەورەتری نەتەوەیی لە نێوان تاکەکانی گەلی ئاشووردا.

دووەم: چونکێ دەسەڵاتی عەرەب هەمیشە خەڵکانی جیاواز لە خۆی بە هەڕەشە دەزانێ لەسەر خۆی. ئەمەش دەبێتە بناغەی کێشەیەکی قەبەتر لە ئایندەدا, ئاشوورییەکان هەم عەرەب نین, هەم موسڵمان نین, ئەم خاڵەش کەلێنەکە فراوانتر دەکات, جگە لەوەش ئەزموونی دەسەڵاتی عەرەبیمان دیوە لەبەرامبەر کەمایەتی و نەتەوەکانی ژێر دەستیان, ئەگەر بە سەرنجەوە بڕوانین بۆ مامەڵەی عەرەب لەگەڵ قیبتییەکانی میسر و ئەمازیخ و بەربەر و گەلی دارفۆر و کورد و تورکمان و چەندان نموونەی تریش, ئەو راستییەمان لەلا ئاشکرا دەبێت کارێکی ئەستەمە عەرەب بتوانێت لەگەڵت هەڵبکا بێ نەفیکردن و پلە نزمیی تۆ, بە تایبەتی لەکاتێکدا ئەگەر تۆ بتەوێ شوناس و کولتوور و هەبوونی نەتەوایەتی خۆت بپارێزی و هاوکات مومارەسەی دینێک بکەیت جیاواز لە دینی عەرەبەکان کە ئیسلامە. کەوابوو زۆر زەحمەتە ئاشوورییەکان بتوانن لە چوارچێوەی دەسەڵاتی عێراقی عەرەبی و مەزهەبیدا بگەنە مافەکانی خۆیان, ئەم نوقتەیەش سەرپشکردنی عێراقی کردۆتە کارێکی دوور و نەکردە. خۆ ئەگەر پلاتفۆرمی هێزە ئاشوورییەکان رووەو بەغداد بێت، ئەوە قووڕەکە خەستتر دەکاتەوە.

## سەرپشکردنی کوردستان

ئەگەر بە پێچەوانەوە گەلی ئاشوور کوردستان سەرپشک بکا, دیسان تووشی هەمان ئیشکالیەت دەبێ کە لە کاتی سەرپشکردنی هەرێمی عەرەبیدا دێتە بەردەمی, لەبەر ئەوەی چۆن هەموو

ئاشوورییەکان لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق چڕ نەبوونەتەوە بە هەمان شێوەش هەموو لە هەرێمی کوردستان چڕ نەبوونەتەوە, بەڵام دەبێ هێما بۆ ئەوە بکرێ بارودۆخی کوردستان جیاوازیگەلی زۆری هەیە لە زەمینە و فەزای هەرێمی عەرەبیی, هەموو ئەوەی لە ماوەی (١٣) ساڵی رابردوودا لە سایەی دەسەڵاتی کوردستان بەڕێوە چووە «سەرباری هەر کەموکوڕییەک» ئەوەبووە بە هیچ جۆر و شێوەیەک ئاشوورییەکان نەکەوتوونەتە بەر هەڕەشە و پەلاماردان لەبەرئەوەی لە رووی نەتەوەیی و ئاینییەوە لە کورد جیاوازن, بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم جیاوازییە بۆتە مایەی رێزگرتن و خۆشەویستی بۆیان لەلای کوردەکان!. هەرواش بەشداریی چالاکانەیان هەبووە لە دەسەڵات و حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا چ وەک ئەوەی لیستێکی تایبەت بە ئاشوورییەکان هەیە لە پەرلەمانی کوردستان چ وەک بەشداریی لە کابینەکانی حکوومەتی هەرێمدا.

ئەوەشی بووەتە هۆی ئەوەی ئاشوورییەکان بە شێوەیەکی گشتیی ئینتمایەکی کوردستانییان نەبێ, لەوانەیە لەو ترسەوە سەرچاوەی گرتبێت ئەگەر کوردستان لە عێراق جیا بێتەوە دەبێتە شۆکێکی مەزن بۆ ئاشوورییەکان چوونکە ئەو یەکبوونەی ئاشوورییەکان کە ئێستا لە عێراقدا هەیانە (هەرچەندە پەرش و بڵاویشە) نامێنێ و دەبێتە هۆی دوولەتبوونی ئەو یەکبوونە. کەواتە ئاشوورییەکانی کوردستان پێویستە ئەجیندای خۆیان لە کوردستان لەوەدا چڕ بکەنەوە، مافی ئۆتۆنۆمی دەستەبەر بکەن، بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیی ببێتە بەشدارییەکی کردەیی، ئەمە جگە لەوەی پێداگریی زۆرتر بکەن لە راستای بەدیهێنانی مافە کولتووریی و فەرهەنگیی و نەتەوەییەکانیان. ئەمە رێگەیەکی دروستە بۆ گەلێکی بێ نیشتمان.

## قەیرانی ئەڵتەرناتیڤ

ئەگەر ئاشوورییەکان لە چوارچێوەی عێراق و کوردستان تووشی ئیشکالیەت دەبن, ئەی ڕێگا چارەسەر چییە؟ ئایا دەتوانن مافی چارەنووس بڕیار بدەن؟ ئایا دەتوانن داوای دەوڵەتێکی ئاشووریی سەربەخۆ بکەن؟ بێگومان نەخێر! چونکێ گرنگترین ڕەگەزی دەوڵەتی نەتەوەیی هەبوونی نیشتمانە کە لە ئێستا ئەو پێشمەرجە گەلی ئاشوور نییەتی, ئەمەش وا دەکات کە بە درێژایی ساڵان و قۆناغەکانی ئایندەش ئەم خواستە دەستەبەر نەکرێت. گرنگترین شت ئەوەیە کە پلاتفۆرم و ئەجیندای گەلی ئاشوور و پارتەکان لە دەوری ستراتیژیەتێک کۆبکرێتەوە کە بریتییە لە دانان بە هەبوونی نەتەوەیی گەلی ئاشووریی لە دەستووری هەمیشەیی دەوڵەتی عێراقدا و حسابکردنی هاووڵاتیانی ئاشووریی وەک هاووڵاتی پلە یەک و بە دەستهێنانی مافی نەتەوەیی و ئیتنییەکان کە وەک وتم لە ڕێگەی ئۆتۆنۆمییەکەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فراواندا کە ناوی عێراقە. لە دواجاریشدا پێویستە پڕۆژەی سیاسیی گەلی ئاشوور لە دەوری ئەو تەرحە کۆببێتەوە کە لایەنگری دەکات لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەلمانی و فیدراڵی و دیموکراتیک لە عێراق, چوونکێ بەبێ مسۆگەرکردنی عەلمانیەت و دیموکراسییەت لە عێراق و لە کاتی هەبوونی دەوڵەتێکی سەنتراڵی نەتەوەیی یان مەزهەبی لە هەر چرکەیەکدا مافی گەلی ئاشوور موعەرەزە بۆ پێشێلکردن.

## چاپتەری دووەم

### دەستووری هەرێمی کوردستان و مافی گەلی کلدۆ ئاشووری

من پسپۆری بواری دەستوور و دیزاینی دەستووریی نیم، بەڵکو ڕەنگە کەمترین زانیاریم لەو بارەوە هەبێت، بۆیە ناتوانم بەشێوەیەکی ئەکادیمیی شەنوکەوی دەستووری هەرێمی کوردستان بکەم، بەڵام لە دوای چەند جارێک لە خوێندنەوەی دەستوور هەر لە دیباجەکەیەوە تا

دوا رستەی دەروازەی حەوتەم کە دوا دەروازەی دەستوورەکەیە چەند سەرنج و تێبینییەکم لەلا دروست بوو. هەروەک پێشتر وتم چوونکە کەسێکی شارەزای دەستوور نیم نەمویست لە بارەیەوە هیچ بنووسم، بەڵام بە وردبوونەوەی زیاترم لە دەستوورەکە بۆم دەرکەوت پێگەی گەلی کلدانی ئاشووری سریانی لەم دەستوورەدا جێگەی قسەوباس لەسەرکردنە، بۆیە هەوڵدەدەم کەمێک لە دەرگای ئەو مەسەلەیە بدەم و چەند تیشکیش بخەمە سەر هەندێ خاڵی ناکۆک و پێچەوانەی ناو دەستوورەکە. بە کورت و کرمانجی لە رەهەندە سیاسییەکەوە زیاتر لەم بابەتە دەدێم تا رەهەندە یاسایی و دەستوورییەکە.

گەلی کلدانی ئاشووری سریانی یەکێک لەو گەلانەیە لە پاڵ گەلی کورد و تورکماندا نیشتەجێی سەر خاکی کوردستانە و بەشداربووە لە هەموو ساتێکی خۆش و ناخۆشی ئەم وڵاتەدا. دیرۆک و مێژووی ئەم گەلە لە پێشخستنی ژیار و شارستانێتی ئەم وڵاتە دیرۆکێکی دیار و پڕ لە گرنگییە، چوونکە هەبوونی هەزاران ساڵی ئەم گەلە لەم دەڤەرەدا کاریگەریی و کارتێکردنی زۆری هەبووە لەسەر هەموو دۆخ و بارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە لە هەموو قۆناغە مێژووییەکاندا، بە تایبەتی لەو کاتەوەی ئیمپراتۆریای ئاشووری لە بەهێزترین حاڵی خۆیدا بوو. هەرچەندە ئێستا بواری ئەوەمان نییە رووناکی بخەینە سەر مێژووی تژ لە هەڵبەز و دابەزەی ئەم گەلە و لە کاریگەرییان بکۆڵینەوە لەسەر کولتوور و رۆشنبیریی ناوچەکە و ناتوانین خەبات و قوربانیدان و چەوساندنەوەی ئەم گەلە وەبیر بخەینەوە، بەڵام هیچ گومانێک لەسەر ئەوە نییە هاووڵاتیانی گەلی کلدۆ ئاشووری هاووڵاتییەکی پلە یەک و رەسەنی کوردستانن، بۆیە دەکرێت لە ماف و ئەرکدا لەگەڵ هاووڵاتیانی کورد یەکسان بن.

لێ هەست بەوە دەکەین تێنەگەیشتن هەیە لەمبارەوە، ناوهێنان و بە پلە یەک دانانی هاووڵاتیانی ئەم گەلە لە ریاکاریی و مجامەلەی

رووکەشی تێنەپەڕیووە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری خاڵی یەکەم لە ماددەی (٦)ی دەروازەی یەکەمی دەستوور بکەین نووسراوە: گەلی کوردستان- عێراق پێکهاتووە، لە کورد و نەتەوەکانی دی (تورکمان – کلدان– ئاشووری– ئەرمەن- عەرەب) لەوانەی بە پێی یاسا هاووڵاتی هەرێمن!!. ئەگەر کەمێک لەم پەرەگرافە وردبینەوە تێدەگەین چەندە کاڵفامی هەیە لە تێگەیشتنی گەلی کلدۆ ئاشووری، چون لە راستیدا دوو گەل نییە یەکێکیان بە ناوی گەلی ئاشووری و ئەویتریان بە ناوی کلدانی، بەڵکو تەنیا یەک گەل هەیە ئەویش بەناوی (گەلی کلدانی ئاشووری سریانی) نەک ئەوەی هەریەک لە کلدان و ئاشووری دوو نەتەوە و گەلی جیابن، ئەمە هەروەک ئەوە وایە بڵێی گەلی هەورامی و گەلی سۆرانی و گەلی لوڕیی لە کاتێکدا ئەمانە گەل نین و لقی بچووکن لە میللەتی کورد. قسە لەسەر ئەوەیە: ئاخۆ دەسەڵاتێک یان حکوومەتێک هێشتا تێنەگەیشتبێت لەوەی کلدانی و ئاشووری یەک گەلن!، ئیتر چۆن لە مافەکانی تێدەگات و بە کام میکانیزم دەیپارێزێت لە دەستدرێژیی و پەلاماردان؟!.

ئەم لێک جیاکردنەوەیەی کلدان و ئاشووری بووە مایەی نارەزایەتییەکی زۆر لەنێو هاووڵاتیانی ئەم گەلە و لە ئاستی نێوەندی سیاسیشدا قسە و باسی زۆری بەدوی خۆیدا هێناوە. تەنانەت گەیشتۆتە رادەیەک، کادری پێشکەوتووی پارتی و وەزیری دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێم (سەرکیس ئاغاجان) نارەزایەتی دەربڕێ و وەک ئاشوورییەک بەرگریی لە گەلەکەی بکات و کەموکورتییەکانی رەشنووسی دەستووری هەرێم باس بکا. ئەو لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی (عەینکاوە) نارەزایەتییەکانی خۆی دەربڕی و لە بەشێکی قسەکانیدا وتی (دەستوور ئێمەی جیا کردۆتەوە بە شێوەیەک هاتووە وەک ئەوەی ئێمە دوو گەل بین ئەوەش جێگەی قبوڵ نییە، ئێمە لەگەڵ دەستەواژەیەکی لێکدراوین بەمشێوەیە: الشعب الکلدانی الاسوری

السریانی). هەروەها ئاغاجان لە وتەکانیدا داوای ئۆتۆنۆمی و مافی خۆجێی بۆ ئەم گەلە کرد کە لە دەستوور و ئەجیندای حکوومەتی هەرێمدا تەواو فەرامۆشکراوە. لەگەڵ ئەمیشدا پارت و رێکخراوەکانی ئاشووری کلدانی سریانی داوای مافی ئۆتۆنۆمی دەکەن لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا، چوونکە بارودۆخی کوردستان بە دەورانێکدا تێدەپەڕێ هەنگاو بەرەو دەوڵەتبوون دەنێ، ئەمەش مافێکی سروشتی و ئاسایی ئەم گەلەیە، بەڵام لایەنی کوردیی ناچنە ژێر باری ئەم داواکارییانە، ئەوەش دیسان ئەزموونی عەرەبی عێراقمان وەبیر دەخاتەوە لە پێنەدانی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد، کەچی هەنووکە کورد لە دۆخێکدایە بەرزترین پۆستی بەڕێوەبردنی عێراقی لە دەستدایە و وەک دەڵێن ئەمێستا قەندیل حوکمی بەغداد دەکات.

بە درێژایی هەموو مادده و بڕگە و دەروازەکانی دەستوور هیچ بەندێکی ئەوتۆ نابینین مرۆ هەست بکات وەک گەلێکی سەربەخۆ و خاوەن ئیرادە لە گەلی کلدانی ئاشووری سریانی روانرا بێت، بەڵکو بە شاراوەیی و لە بۆتەی دەستووردا مافەکانی ئەم گەلە سنووردار کراون و بچووک کراونەتەوە. دەستووری هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو دەستوورانەی لافی پێشکەوتنخوازیی و دیموکراسییەت لێدەدات و بە ئاشکراش مافی گەلێکی هاوپەیمان رەش دەکاتەوە. خۆ جارانیش سەدام حسێن لە چوارچێوەی یاسای ئۆتۆنۆمی کە بە ئۆتۆنۆمی کارتۆنی نێودەبرا هەندێ مافی کولتووریی و رۆشنبیریی و تەنانەت نەتەوەیشی بە کورد بەخشی بوو. بەڵام سەرئەنجام کورد وەک نەتەوەیەک کۆت و بەند بوو لە زیندانی رەگەزپەرستی عەرەبیدا. هەروا سنوور و ئەوپەڕی مافەکانی کورد تەنیا لەو چوارچێوەیەدا بوون کە بەعس دیاری کردبوون، ئەمڕۆش دەسەڵاتی کوردیی هەندێک مافی کارتۆنی دەدات بەم گەلە، خۆ ئەگەر پارتەکانی کلدانی ئاشووری سریانی پێی رازی بن بوونیان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و ناتوانن

له پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئەوسای سەردەمی بەعس شتێکی زیاتر بن.

بەداخیشەوە لایەنی کوردیی لە روانگەی پارسەنگی هێز و بەهێزیی پێگەی سیاسیی خۆی و پاڵپشتیی و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەمەریکا بە پارادایمێکی ئۆپۆرتۆنیستانە مامەڵە لەگەڵ گەلی کلدۆ ئاشووری دەکات، لە کاتێکدا ئەمە کتومت دووبارەکردنەوەی هەمان ئەزموونی فاشیلی رژێمی بەعسی عێراقە. ڤۆڵتێر وتی (خەڵکانی وڵاتێک لە هێزدا یەکسان نین، بەڵام دەکرێت لە ئازادیدا یەکسان بن) دەکرێت هێزی گەلی کلدۆ ئاشووری سریانی و پاڵپشتی و هاوپەیمانییەکانی لە بازنەیەکی تەسک و لاوازتردا بن لە چاو کورد، ئەوەش مانای ئەوە دەرنابڕێت کورد گەمە بەم حزورە لاوازەی ئەم گەلە بکات و ویست و ئەجینداکانی خۆی بەسەردا بسەپێنێت. با هێز و تواناییەکان جیاواز بن و یەکێک لەوی دیکە کەمتری هەبێت، بەڵام دەبێت لە ئازادیدا وەک یەک بن، ئەوەش کلیلی دەرگای دیموکراسی و سیحری سەرکەوتنی ئەزموونی کوردستان دەبێت. نابێت دیموکراسی لە ئاکامدا ببێتە ئەو نەریت و دیاردە دزێوەی بۆ نموونە لە تورکیا پەیڕەو دەکرێت کە بریتییە لە دیکتاتۆرییەتی زۆرینە بەسەر کەمینەدا.

کورد بەوە سەرکەوتوو نابێت هێڵی سوور بە دەوری مافەکانی گەلی کلدۆ ئاشووریدا بکێشێت، هەروەک ئەوەی هیچ سوودمەند نابێت لە سەپاندنی دەستوورێکی تژ لە کەموکوڕیی بەسەر ئەم گەلەدا، چوونکە دواجار کێشەیەکی زۆر بەرۆکی دەگرێت و دەبێتە مایەی سەرئێشەیەکی گەورە بۆی، مارکس وتەنیش (نەتەوەیەک نەتەوەیەکی دی بچەوسێنێتەوە مەحاڵە ئازاد بێت). جگە لە هەموو ئەمانەش ئەم دەستوورە دەستوورێکی عەلمانی نییە و ئاین ئامادەگی هەیە لە داڕشتن و تەبەنیکردنیدا، مەبەستیش لە ئاین بێگومان ئیسلامە. بڕوانن لە مادەی حەوت لە دەروازەی یەکەم چی هاتووە؟!! (ئەم دەستوورە

جەخت لەسەر ناسنامەی موسڵمانێتی زۆرینەی گەلی کوردستان دەکاتـەوە و بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لە سەرچاوە سەرەکییەکانی یاسادانان). لێرەدا جگە لەوەی بە زۆری زۆرداریی ناسنامەی ئیسلامیبوون و موسڵمانبوون بەسەر گەلی کورددا سەپێنراوە و نووسێنراوە بە تەوێڵیانەوە، شەریعەتی ئیسلامیشی کردۆتە چاوگێکی گرنگی تەشریع لە کوردستاندا، ئەمەش راستەوخۆ پێچەوانەی سروشتی عەلمانیەتە.

ئەم دەستووره هەزار جار لەوە زیاتریش هاواری عەلمانیبوون و دیموکراسیبوون بکات مادام دین بۆتە رەگەزێکی تەشریعی و بنەمایەکی دەستووریی هەرگیزاو هەرگیز نابێتە عەلمانی. لەبەرئەوەشی دەستوور عەلمانی نییە پەیڕەوکارانی ئاین و ئاینزاکانی تری غەیرە ئیسلام دەکەونە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە، گەلی کلدۆ ئاشووری وەک پەیڕەوانی ئاینی کریستیانی بە دوور نابن لە هیچ یەکێک لەو هەڕەشە و مەترسییانە. عەلمانییەت رەگەز و بنەمایەکی پتەوی دیموکراسییەتە، مادام باڵ مەرجی فڕین و زمان مەرجی قسە و چاو مەرجی بینینە، ئاوهاش عەلمانیەت مەرجی دیموکراسییە. (فرێد هالیدی) دەنووسێت (بەبێ بوونی دەوڵەتێکی عەلمانی راستەقینە دیموکراسی بەرجەستە ناکرێت). حکوومەتی کوردستان لەلایەک خوازیاری دیموکراسییە و لەلایەکی تریشەوە ئاین بەشدار دەکات لە داڕشتن و فۆرمۆڵەبەندیی دەستووردا!!!، دیارە بەشداریی پێکردنی ئیسلام لە دەسەڵات و دەستووردا ئەوەندەی تر بوار بۆ ئیسلامگەراکان و مەلا فەتواچییەکان دەڕەخسێنێ بۆ دەستگرتن بەسەر کۆمەڵگەدا و گڵۆپی سەوزیان بۆ هەڵدەکات تا لاشەی دیموکراسی هەلا هەلا بکەن.

دووبارە (فرێد هالیدی) دەنووسێت (بە سەرچاوەکردنی ئاین بۆ دەسەڵات و یاسا و حوکمکردن و تەشریع لە کۆمەڵگەدا وا دەکات پیرە پیاوانی ئاینی بێنە سەر دەسەڵات، ئەمەش حوکمێکی نادیموکراتیکە).

ئامادەبوونی ئاین لە دەستووردا لە قازانجی کەس نییە جگە لە گرووپە توندڕەوە ئیسلامییەکان، ئەوانەی دەیانەوێ رەوڕەوەی مێژوو بۆ هەزار و چوار سەد ساڵ لەمەوبەر و سەردەمی محەمەد بگەڕێننەوە. ئەوانەی دەیانەوێ ژن لە حیجابدا تەلبەند بکەن و وەزارەتی حەڵاڵ و حەرام و قانوونی سەنگەسار و چەقۆکێشی و شووڵ لێدان بهێننەوە سەر شانۆی کۆمەڵگە. هەتا ئیسلامییە منەوەرەکان و موسڵمانە رۆشنگەر و موحایدەکان لەگەڵ دەوڵەتی ئاینیدا نین و بانگەشەی بۆ ناکەن!، بەڵکو دەیانەوێت ئیسلام وەک دیاردە و پارادایمێکی رۆحیی لە بووندا بێت. بۆ وێنە نووسەر و موسڵمانی رۆشنگەری عەرەب (جەمال بەننا) لە چاوپێکەوتنێکیدا دەڵێت (ئەگەر پیاوێکی ناموسڵمان دادپەروەرانە حوکمی نەتەوەی موسڵمان بکات، ئەوا زۆر باشترە لەوەی شێخێک یان ئیمامێک بەشێوەیەکی ناڕەوا و درۆزنانە حوکم بکات!!).

لێرەدا مەبەست لەوەیە رۆحی ئیسلام بریتییە لە دابینکردنی ئازادیی و دادپەروەریی لەسەر زەوی جا ئەم شتانە کافرێکیش بیهێنێتەدی مەسەلەیەک نییە، کەوابوو دادپەروەریی ئەولەویی و گرنگە نەک دەوڵەتی ئاینیی، خۆ پیاوێکی ناموسڵمان «وەک جەمال بەننا باسی دەکات» هەڵبەتە بەپێی قورئان و رێسای ئیسلام کار ناکات بەڵکو بەپێی میتۆد و رێڕەوێکی دنیایی و مرۆڤکرد دەسەڵات بەڕێوە دەبات. ئەم نموونەیەم بۆیە بە یاد هێنانەوەیە تا بە بەڵگەوە بیسەلمێنم موسڵمانە میانڕەو و رۆشنگەرەکان موهتەم نین بە دەوڵەتی ئاینیی- ئیسلامی و نایانەوێ بۆ گێڕانەوەی خەلافەت خوێنی چوار ملیار مرۆڤی سەر گۆی زەوی حەڵاڵ بکەن، تەنیا و تەنیا ئەوانەی لەم رووەوە سوودمەند دەبن گرووپە ئیسلامییەکانن کە دەستوور وەک چەکێکی دووسەر و مەتاتی دەخەنە خزمەتی خۆیانەوە.

هەر لێرەشەوە ئەرکی ریفۆرمکردن و تەئویلی هاوچەرخ بۆ ئیسلام

دەست پێدەکات بەوەی ئیسلام بگەڕێنرێتەوە بۆ نێو مزگەوت و بکرێتە پەیوەندییەکی رووتی رۆحیی بەندە لەگەڵ هێزە میتافیزیکییەکەی سەرو خۆی و دوور بخرێتەوە لە کاری سیاسیی و دروستکردنی بڕیاری سیاسیی و یاسا و حوکم و کایەی پەروەردە. تەنانەت زۆرێک لە رۆشنبیرانی عەرەب بە دیقەت گرتنیان لەم مەسەلەیە گەیشتنە ئەو بڕوایەی لەکردەی بە عەلمانیکردندا رێفۆرمکردنی ئیسلام ئەرکێکی پێویست و یارمەتیدەرە. بۆ نموونە (عەفیف ئەخزەر) لە بارەی عەلمانیەتەوە دەنووسێت: هەنگاوی یەکەم و سەرەکی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆسەیەکی لەم جۆرە (عەلمانیەت) ئەوەیە چاکسازیی لە ئیسلامدا بکەین، ئەویش لە رێگەی ریفۆرمکردن لە بواری خوێندنی ئاینیی و گووتاری ئاینییدا، ئەرکی دووەممان بە تاڵکردنەوەی ئەو خودئەڤینییە ئاینییەیە کە ئیسلام بە تەنیا ئاینی سەر زەوی دادەنێت، هەرچی یەهودیەت و مەسیحییەتیشە وەک دوو شەریعەتی بەر لە ئیسلام سەیر دەکات و پێیوایە بەهاتنی ئیسلام هەردووکیان نەسخ بوونەتەوە، یان پێیوایە سەرجەمی پێغەمبەران هەر لە ئیبراهیمەوە تاوەکوو عیسا موسڵمان بوون.

یەکێکیش لە نهێنییە ئاینییەکانی تیرۆری ئیسلامی لێرەدایە، بەمجۆرە دەتوانین لەوە تێبگەین بۆچی سەرۆکی پێشووی لیژنەی فەتوا لە ئەزهەر ساڵی ٢٠٠١ رایگەیاند (دیالۆگی ئاینەکان هیچ مانایەکی نییە، تەنیا بەوە نەبێ پاپای ڤاتیکان بانگەشەی هاتنە نێو ئیسلام بکات). پێموایە عەلمانی نەبوونی دەستووری هەرێم و بە سەرچاوەکردنی ئیسلام بۆ یاسادانان هەڕەشە لە چارەنووسی کلدۆ ئاشوورییەکان دەکات وەک مەسیحییەک، لەبەرئەوەی هیچ گرەنتی و زامنێک نییە بۆ پاراستنی ئەم هاووڵاتیانە لە دەستی ئەو ئیسلامگەرانەی پێیانوایە دەبێت پاپاش ببێتە موسڵمان. بۆیە تا ئەو (با) یە لە کونەوە بێت پەیڕەوانی ئاینەکانی تری غەیرە ئیسلام هەست بەدڵنیایی و ئاسایش

ناکەن. هەنووکەش پڕۆژەی عەلمانیەت کۆمەکێکی باشی دەسەڵاتەکان دەکـات بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگاکان و هـاووڵاتـیـان، ئەزموونی عەلمانییەت بەشێوەیەکی گشتیی ئەزموونێکی سەرکەوتوو بووە لە دنیادا، هەرچەند ئیسلامییەکان و کۆنەپارێزەکان پێیانوایە عەلمانیەت تەنیا شەقڵێکی ڕۆژئاوایی یان مەسیحیی هەیە، بـەڵام لە ڕاستیدا عەلمانیەت ئەزموونێکی یونیڤرساڵە و دەکرێت لەهەر سوچێکی ئەم جیهانەدا پەیڕەو بکرێت. هـەروەک بیرمەندی ئەمەریکی (فرانسیس فۆکۆیاما) دەڵێت (سکۆلاریزم دیاردەیەکی ڕۆژئاواییە لە کاتێکدا ئەم ئەزموونە ئەزموونێکی مرۆڤایەتییە و دەکرێت بەسەر هەموو شوێنێکدا گشتگیر بکرێتەوە).

ئەگەر دواتریش سەیری تەواوی دەستووری هەرێم بکەین دەبینین زۆر بڕگە و ماددەی باش هاتووە لێ ئەوەی لە زۆر لایەنەوە پڕ لە کەموکورتی و ناتەواوییە لە ڕاستای دابینکردنی مافەکانی تاک و مافە مەدەنییەکان، بۆ نموونە ئایا یاسا ڕێگە دەدات موسڵمانێک ئاینی خۆی بگۆڕێت بۆ مەسیحی و ناسنامەی موسڵمانبوون لەسەر پسووڵەی ناسنامەی باری کەسێتی ئەو بسڕدرێتەوە و بکرێتە مەسیحی هەروەها بە پێچەوانەوەشەوە؟ یان یاسا ڕێگە دەدات بە زەواجی دوو کەسی ئاین جیاواز؟ یان... بەدەر لەمەش خۆ ئەگەر سەیری دەستوورەکانی وڵاتانی چـواردەور و دەوڵەتانی عەرەبی و ڕۆژهـەڵات بکەین زۆر بڕگە و بەندی باش و دیموکراسی و ڕاقییان تێدایە!، بەڵام ئەوەش واقیعی حاڵیانە و تا بینەقاقایان کێشە و قەیرانە و گیرۆدەی چەند سەرکردەیەکی دیکتاتۆر و زەمینەیەکی پڕ لە سانسۆر و بەربەست بوون، مرۆڤ لە وڵاتەکانیاندا کراوەتە ڕۆبۆتێک و دەسەڵات بە ویستی خۆی وەک بووکەڵەیەک دەیجوڵێنێ و نمایشی پێ دەکات.

ڕەنگە دەستووری هەرێمی کوردستانیش هەرەوەکو دەستووری ئەو دەوڵەتانە بێت، ئەوی خراپە لەسەر ژیانی خەڵک بەردەوام زەق

بکرێتەوە و بخرێتە بواری پراکتیزەکردنەوە، ئەویشی لە بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکە ببێتە قسەی ناو داستان و حکایەت و مرەکەبی وشکەوەبووی سەر کاغەز. بۆ ئەوەی زیاتر لەمە دوور نەکەومەوە لە تایتڵی نووسین و ناوەڕۆکی باسەکەم، دەڵێم دەستووری هەرێم دەستوورێکە جێگەی دڵخۆشیی گەلی کلدانی ئاشووری سریانی نییە بگرە و لەوانەیە نەۆ پیرە پیاوێکی دنیادیدەی ئاشووری دەست بخاتە ژێر چەنگەیەوە و بە قووڵی لە بیرکردنەوەدا بێت و بە دەنگێکی مات و مەلوول و لەبەرخۆوە بڵێت: ئایا تراژیدیای سیمێڵ کۆتایی پێهاتووە؟ ئایا سمکۆی شکاک هێشتا لە کەمیندا نییە بۆ مار شەمعون؟ ها...ها.. نا.. نازانم... نازانم.

**پەراوێز:**

*چاپتەری یەکەم وتارێکی شیکارییە و پێش چواردە ساڵ، لە ژمارە (٨١)ی ڕۆژنامەی (باسەڕە) لە شاری کەرکوک، لە زستانی ساڵی ٢٠٠٤ بڵاوبووەتەوە.

*چاپتەری دووەم وتارێکی ڕۆژنامەوانییە و پێش دوانزە ساڵ، لە ژمارە (٨٨)ی ڕۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە ١٠/١٥/ ٢٠٠٦ بڵاوبووەتەوە.

## بەشی حەوتەم
## کورد و ئەمەریکا.. گۆڕانکارییە سیاسییەکان

رووخانی رژێمی بەعس لە ٩ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣دا ناتوانرێ وەک ئاڵوگۆڕێکی رامیاریی گرنگ لە عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەماشا نەکرێت، چوونکە رووخانی بەعس و سیستمی دەسەڵاتی تۆتالیتاریی و ئەو پارتە (بەعس) تەنیا هەرەسهێنانی ئەو دەسەڵاتە نییە بە تەنیا بەڵکو ئەوە سەرەتای زەنگێکی وریاکەرەوە بوو کە دەبێت ئەو شێوە دەسەڵات و سیستمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی پێ بێت، لەبەرئەوەی چیتر ناتوانرێت لە دونیای هاوچەرخی ئەمرۆدا قبوڵی ئەو شێوە کلاسیکی و کۆنەپەرستییەی دەسەڵات و حکومڕانی بکرێت. هەر بۆیە دژایەتیکردنی دەوڵەتە ئیستیبدادیی و دیکتاتۆرییە هەرێمییەکان و شاکانی کەنداو دیاردەیەکی عەفەوی نییە، بەڵکو لەو ترسەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەمەریکا لە پڕۆژەکەیدا هەیەتی بۆ گۆڕینی ئەو جۆرە شێوە دەسەڵاتە دیکتاتۆرییە رەهایە لە تەواوی دنیادا بە گشتیی و لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە تایبەتی.

ئەمەریکا ئەورۆ وەکو بەهێزترین جەمسەری جیهانی کە لە رووی ئابووری و سەربازیی و ئامادەیی تەکنۆلۆژییەوە خاوەنی بەهێزترین

دەسەڵات و هەژموونە راستەوخۆ سەرکردایەتی پرۆسێسی ئەو گۆڕانە رادیکاڵیانە دەکات لە رۆژهەڵاتی نێویندا. ئاشکراشە کە مەحاڵە هیچ هێزێک بتوانێت لەمپەر لەبەردەم هەژموونی ئەمەریکا دابنێت و رووخانی سەدام و رژێمەکەشی دوا وێستگەی شەمەندەفەری گۆڕانکارییەکانی ئەمەریکا نابێت. تا ئێرە ئاشکرایە گۆڕان لە ناوچەکەدا حەتمییە و مانەوەی ئەم جۆرە دەسەڵاتانەش بە رادەیەک مەحاڵە وەکو تێپەڕینی حوشتر وایە بە کونی دەرزیدا. بەڵام قسەکە لەسەر ئەوەیە کورد دەبێت لەم بارودۆخەدا چی بکات و خاوەنی چ گووتارێکی سیاسیی بێت؟ چۆن دەتوانێ زۆرترین کەڵک لەم هەلومەرج و وەزعیەتە سیاسییە پڕ لە ئاڵوگۆڕە وەربگرێت؟ دیارە وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە بەو شێوەیە دەبێت کورد ئەم فرسەتە لەبار نەبات و بەوپەڕی ئاگایی سیاسییەوە مامەڵەی لە تەکدا بکات. ئەمەش بەوەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بەشێوەیەکی راشکاوتر و شەفافتر و وەک تەرەفێکی خاوەن کێشەیەکی گرنگ و مێژوویی داخوازیی و ویستی نەتەوەیی گەلی کورد بگەیەنێتە ناوەندەکانی بڕیار چ لەسەر ئاستی عێراق و چ لەسەر ئاستی جیهان.

قۆناغی ئێستا چیتر قۆناغی شەرمنی سیاسیی و دیپلۆماتیی نییە و ئاشکراشە سیاسەت لەسەر بنەمای سۆز و دڵدانەوە ناکرێت بەڵکو سیاسەت لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە، خۆرئاوا بەشێوەیەکی گشتیی لەسەر ئەو بنەمایە سیاسەت دەکات و کاتێکیش بیرمەندی ناسراوی ئیتاڵی (نیکۆلۆ مەکیاڤیلی) دێت و تێزەکانی خۆی لەسەر سیاسەت فۆرمەڵە دەکات ئیدی بە هەموو شێوەیەک سیاسەت خۆی لە هەر جۆرە ئیلتیزام و مۆراڵێک جیا دەکاتەوە، ئەوەی لە ئەورووپا و ئەمەریکا لە دێرینەوە تا ئەورۆ لە بواری سیاسییدا پەیڕەو دەکرێت بریتییە لە مەکیاڤیلییەت و دەکرێت بە سیاسەتێکی براگماتیکیی بەرژەوەندخوازانە لێکبدرێتەوە. ناپلیۆن پۆناپارت یەکێک بوو لەو کەسانەی زۆر

مەکیاڤیلیانە سیاسەتی دەکرد و خەونی جیهانگیریی خۆی پەرەپێدەدا لە یەکێک لە وتەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەدات کاتێک رووی کردۆتە هەر وڵاتێک بە مەبەستی داگیرکردنی خۆی خستۆتە سەر ئاینی خەڵکی ئەو شوێنە و کاتێکیش رووی کردۆتە میسر وەک مسوڵمانێکی خواناس خۆی نیشانداوە، تاکوو لەو خاڵە لاوازەوە دەرگای چوونە ژوورەوە بکاتەوە. بە مانایەکی تر گەڕاوە بە دوای پاژنەی ئەخیلی هەر کۆمەڵگەیەک کە بە مەبەستی داگیرکاریی رووی تێکردووە، لەم سۆنگەوە سەرکەوتنەکانی ناپلیۆن قەرزاری ئەو مەکیاڤیلیستییە بوو پیادەی دەکرد.

ئەو ساتانەشی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق ئەنجام دەدات و جەنگێکی جیهانی دژی جەمسەری تیرۆری نێودەوڵەتی بەرپا دەکات راستەوخۆ ئەمە بەو مانایە نییە ئەمەریکا لە روانگەی پابەندبوونی بە مۆراڵەوە ناچاربووە بۆ ئەو جەنگە و دەستپێکردنی ئەو پرۆسێسە نوێیە هەنووکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە گەرمەیدایە. ئەمەریکا وەک ئەرکێکی ئەخلاقیی بۆ پارێزگاریی لە ئاسایشی جیهان ئەو جەنگەی هەڵنەگیرساندووە کە لە ئەدەبیاتی خۆیدا بە «جەنگی دژە تیرۆر» دەیناسێنێت، بە پێچەوانەوە خودی ئەمەریکا خاوەنی تۆمارێکی رەشە لە پاڵپشتیکردنی ماددیی و مەعنەویی و لۆجیستی دەوڵەتە تۆتالیتاریی و گروپ و رێکخراوە تیرۆریستییەکان، دەبینین لە قۆناغێکدا دەسەڵاتی سیاسیی ئەمەریکا (کۆشکی سپی- کۆنگرێس) راستەوخۆ سەرپەرشتی پرۆسەی پڕ چەککردنی رژێمی بەعس دەکەن بە نوێترین چەکی کۆمەڵکوژ و نێوترۆنی و کیمیایی!! چەندان بەڵگە و دیکۆمێنت لە بەردەستدان گەواهیی لەسەر ئەو راستییە دەدەن، بۆ نموونە نووسەری ناسراو (دەیڤید مۆبێرگ) لە یەکێک لەوتارەکانی خۆیدا بەم جۆرە دەنووسێت: راپۆرتێکی نوێی پەیمانگای لێکۆڵینەوە سیاسییەکان لە رێی بەکارهێنانی

دیکۆمێنتی چاپنەکراوی دەوڵەتەوە ئەوە دەردەخات چۆن دۆناڵد رامسفیلد و یارمەتیدەرانی تری رۆناڵد ریگان لە نزیکەوە لەنێوان سالانی ١٩٨٣-١٩٨٧ لەگەڵ سەدام حسێن کاریان کردووە (پاش ئاشکرابوونی بەکارهێنانی گازی ژەهراویی لە جەنگی نێوان عێراق-ئێران) لە دوا هەوڵی سەرنەکەوتوودا بۆ یارمەتیدانی کۆمپانیای فرە رەگەزی بێکتێل بۆ بنیاتنانی بۆرییەکی نوێی نەوت لە وڵاتی عێراق.

تەنانەت رەوتە ئیسلامییە چەکدارەکان لە جیهانی ئیسلامییدا لە دەیەی شەستەکانەوە تا کۆتایی نەوەدەکان، بە پلان و دەستگیرۆیی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەمەریکا بەهێزکران. واشنتۆن رۆڵی کاریگەری بینی لە پەرەپێدانی توانای ماددیی و سەربازیی ئەو گروپانەدا و هەروەها راهێنانیان بە باشترین تاکتیکی سەربازیی و پارتیزانیی و بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێکی تەکنۆلۆژیی و هاوچەرخ. (جۆن فۆستەر دالاس)ی گەورە ژەنەراڵی ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٥١دا ئەو پێشنیارە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکات لە بەرامبەر ئیلحاد و ماتریالیزمی کۆمۆنیزمی روسیی پەرە و گرنگی بدرێ بە رەوتە ئاینییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت و دەوروبەریدا بەتایبەتی لە نێویاندا رەوتە ئیسلامییە رادیکاڵەکان لە ئەفغانستان و ناوچەکانی تری رۆژهەڵاتی ناوین و نزیکی روسیا یارمەتی بدرێن و بەهێز بکرێن. لەم قۆناغەدا ئەمەریکا بۆ لەمپەردانان لەبەرامبەر گەشە و هەژموون و شەپۆلی سۆشیالیستی و دەسەڵاتی دەوڵەتی شورەوی و بلۆکی کۆمۆنیزم پەرە دەدات بە کۆنەپەرسترین رەوتی سیاسیی. لەم پێڤاژۆیەدا ئیدارەی ئەمەریکا و کۆشکی سپی درێغی ناکات لەیارمەتیدانی رێکخراوە کۆنەپەرست و وێرانخوازەکان لە هەردوو میحوەری دوژمنی باوەکوژدا «واتە یەکێتی سۆڤێت و ئەمەریکا لاتین».

لەم زەمەنەشدا ئوسامە بن لادن و سافیمبی وەک دوو پیاوی بەڕێزی هاوپەیمانی ئەمەریکا و سیا (دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا)

دەردەکەون و ئەستێرەی بەختیان دەست بە درەوشانەوە دەکات!!
هەر ئەمەریکا وەکو دوو تیرۆریستی دوو دنیای جیاواز پڕ چەکیان دەکات، کاتێکیش ئوسامە بن لادن لە سعودیەوە بەڕێدەکەوێت بەرەو ئەفغانستان هیچی تر نییە جگە لە کاراکتەری سیناریۆیەک و داشی دامەی پرۆتۆکۆلەکانی سیا و کۆنگریس بۆ رووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی کۆمۆنیزم و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، تەنانەت جێگەی سەرسوڕمانە کاتێک دەبینین سەرکردەیەکی سیاسیی و سەربازیی عەرەبی- ئیسلامی وەک (عەبدوڵلا عەزام) لە قودسی (موحتەلە) و لە رووبەڕووبوونەوە و (جیهادی) جولەکەوە مەیدانی جموجوڵی چالاکییەکانی خۆی دەگوازێتەوە بۆ ئەفغانستان تا ئەو ساتەی لەوێ دەکوژرێت!! کە لە هەمان کاتدا فەلەستینییەکان پێویستییان زۆر بە توانا و لێهاتوویی سەرکردەیەکی وەک عەزام هەبوو. دواتر گواستنەوەی کردەی «جیهاد» لە بەرامبەر ئیسرائیلەوە بۆ ئەفغانستان دیاردەیەکی شایانی قسە لەسەرکردنە، بەو پێیەی هەزاران عەرەبی موسڵمان کارئاسانییان بۆ کرا بۆ «جیهاد» روو لە ئەفغانستان بکەن بە مەبەستی جەنگان لە دژی سۆڤێت. ئەوەی پێی دەوترێ «عەرەب ئەفغانەکان» لە چوارچێوەی گەمەیەکی ناپیرۆزی کۆشکی سپی و سی ئای ئەی و دەوڵەتی ئینگلیزدا هەڵتۆقین.

پاشتر هەر بەستەڵەکی جەنگی سارد توایەوە و کامپی کاپیتالیستی خۆرئاوا بە رێبەریی ئەمەریکا و کۆشکی سپی و ناتۆ سەردەکەوێت بەسەر بلۆکی رۆژهەڵات و کرملین و وارشۆدا، ئەمەریکا رزگاری دەبێت لە ئەگەری هەر هێرشێکی ئەتۆمی و لە روودانی جەنگی ئەتۆمی، ئیتر سەردەمی عەمالەتی ئەم رەوتانە بەسەر دەچێت و لە قۆناغێکی دواتریشدا هەر ئەم هێزانە دەیانەوێ ببنە لەمپەر لەبەردەم هەیمەنەی ئەمەریکیی و مەترسی گەورە بۆ بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکانی ئەمەریکا و کۆمپانیا فرە رەگەز و مۆنۆپۆلەکان

دروست دەکەن و دەبنە مەترسیی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکیی، ئیدی ئەمەریکا بانگەشەی قەلاچۆکردن و لەناوبردنی ئەم تەیارە تیرۆریستییانە دەکات و لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ماسمیدیاوە وای نیشان بدات ئەوان ئەرکێکی ئەخلاقی گەورە لەسەر شانی خۆیان دەبینن لە بەرامبەر پارێزگاریکردنی ئاسایشی گشتیی جیهان و کەمکردنەوەی مەترسییەکانی تیرۆر و تۆقاندن و کوشتنی هاووڵاتیانی سڤیل و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ و ئەتۆمی و ڤایرۆسی، ئەمەریکا لەو چرکەساتەی ئامادەکاریی دەکات بۆ پەلاماردانی عێراق ئەو پاساوە بەکار دەهێنێت سەدام حسێن و ڕژێمەکەی هۆی یەکەمی نەهامەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی عێراقن، تائێرە ئەمە ڕاستە سەدام هۆی تراژیدیاکانی سەرجەم گەلانی عێراق بوو، بەڵام هەر خودی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بوون چاوپۆشیان لە کوشتنی دەستەجەمعی کورد و گۆڕی بە کۆمەڵ و ئەنفال و هەڵەبجە کردا،. بەپێچەوانە بەردەوام هاوکارییان دەکرد لە شەڕی هەشت ساڵە لە دژی ئێران و بە کۆمەڵکوشتنی هاووڵاتیانی عێراقیدا. جیهان و ئەمەریکا بە ئەنفال و هەڵەبجە ئابڕوویان چوو، بەڵام ئەوان نەک گوێیان بەو سکەنداڵە نەدا، بەڵکو بەرژەوەندیی ئابووری هەموو ئابڕوویەکی لێسەندبوونەوە.

ئەمەریکا بۆ ڕزگارکردنی گەلانی عێراق نەهاتووەتە ناوچەکە و عێراق، هەروەک چۆنیش تاڵیبان و بەعسی بۆ بەرژەوەندیی گەلانی ئەو وڵاتانە نەڕووخاندووە، چوونکە ئەمەریکا ئامادە نییە سەدان سەربازی خۆی لە کابوڵ و قەندەهار و بەغدا و فەلوجە بکاتە قوربانی و ملیارەها دۆلار بەکاربهێنێ بۆ سەرخستنی پڕۆژەی دیموکراسیی لە عێراقدا، چوونکە هەر هەمان ئەو ئەمەریکایەیە ساڵانە هەزاران تۆن خۆراک و دانەوێڵە نوقمی ئۆقیانوسەکان دەکات لە ئەفریقاش ملیۆنەها مرۆڤ برسی و هەژارن. بودجەی ساڵێکی پینتاگۆن بەسە بۆ

ررزگارکردنی کیشوەری رەش لە دەست برسێتی. بودجەی هاوکاریی و یارمەتیدانی گروپە وێرانخوازەکان لەلایەن کۆشکی سپییەوە بەسە بۆ دابینکردنی دەرمانی تـەواو بۆ گشت نەخۆشییە کوشندەکانی جیهان، کە هەر ئێستا ئایدز جۆرێکی تاڵترە لە جینۆساید و ئاپارتایدی ئەفەریکا. ئەو بەهای ترلیۆن دۆلارییەی بۆ گەمە مخابەراتییەکان کە لە رێی وەزارەتـی خەزێنەی ئەمەریکاوە خـەرج دەکرێت، بەسە بۆ ئەوەی دادی کۆمەڵایەتی و هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵکی لە سەرجەم جیهاندا پێ باشتر بکرێت. لەبەرئەوە ئەو گووتارە عاتیفییەی وێنای ئەمەریکا وەک فریشتەی ئازادیی سکێچ دەکات، ئەو گووتارەی دڵداریی لەگەڵ دروشمە درۆینەکانی ئەمەریکا دەکات، هەم گووتارێکی ساختەیە هەم درۆزنانە و فریودەرانەش. چوونکە ئەو فاکتە لە بیر دەباتەوە سترۆکتۆری سیاسەتی ئەمەریکیی لە ئێستا و لە رابردووشدا بریتیی بووە لە خوڵقاندنی ئاریشە و قەیران لە هەموو لایەکی دنیادا بەمەبەستی زاڵکردنی هەژموونگەرایی خۆی.

بۆیە بێگومان هاتنی ئەمڕۆی ئەمەریکا بۆ عێراق پلان و ئەجیندای تایبەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە پشتەوەیە و خەلیلزاد و مارێنزیش تەنیا جێبەجێکاری ئەو پلانانەن ئەمەریکا نەخشەی بۆ کێشاوە. ئەی کەواتە ئەمەریکا چی پاڵنەری بووە لەم جەنگە و ئەو جەنگانەی تری کە کابینەکەی بوش و پلاندانەرانی ستراتیژیی ئەمەریکا پلانیان بۆ داناوە؟ وەڵامەکە زۆر روون و ئاشکرایە ئەویش فراوانکردن و بەرینکردنی سنووری دەسەڵات و هەژموونی سیاسیی و کولتووریی و فەرهەنگیی ئەمەریکایە. کۆتایی هاتنی دنیای دوو جەمسەریی هەلێکی زێڕینی دایە دەست ئەمەریکا وەک تاکە جەمسەر رەفتار بکات و نەخشەی سیاسیی جیهان دابڕێژێتەوە بەبێ گوێدان بە رای گشتیی و کۆدەنگی نێودەوڵەتی. هەروەک نووسەری ناسراو (دەیڤید مۆبێرگ) ئاماژەی پێدەدات کاتێک دەڵێت: نەمانی یەکێتی سۆڤیەت ئازادییەکی جوڵانەوەی

تری بە ئەمەریکا بەخشی، هەردوو بەڕێوەبەرێتی بوشی یەکەم و بیل کلینتۆن لە ڕێگەی جیاوازەوە بەردەوامبوون لە هاوسەنگکردنی کۆدەنگی نێودەوڵەتی و کۆلایەنی (مەڵتی لاترالیزم) لەگەڵ تاکڕەوێتی ئەمەریکادا، بەڵام بەڕێوەبەرێتی ئێستای بوش بە ئەندازەیەکی مەترسیدار ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتییەکان، کۆدەنگیی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەلا ناوە، لە کاتێکدا پێداگریی دەکات لەسەر مافی خۆی لە هەڵگیرساندنی جەنگی خۆپارێزیی و بەمەش بنەما سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەتدەکاتەوە، گۆڕانکاریی لە ستراتیژی نیشتمانیدا بەشێوەیەکی نادیپلۆماتیکی و هەڕەشەئامێزانەی نوێ هەر لە بەرپرسانی وەک رامسفیلد تادەگاتە خودی جۆرج بوش جەختی لێکراوەتەوە.

ئەمەریکا لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانەوە کە تاکتیکێکی نوێی ستراتیژیەتێکی کۆنە ڕاستەوخۆ گەشە و برەو دەدات بە خولیای تاکڕەویی و جیهانگیریی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و سەپاندنی ویستەکانی خۆی لە ڕێی جەنگ و هێزەوە، بەڵام لە ڕاستیشدا زۆر هۆ هەن وا دەکەن ئەمەریکا بتوانێت بە ئاسانی ئەم پرۆسەیە بە ئەنجام بگەیەنێت کە دەتوانین بڵێین ئەوەیە ئەمەریکا خاوەنی ژێرخانێکی ئابووری بەهێزە و دراوەکەشی خاوەنی بەها و ئیعتبارێکی بەرزە و ئاستی بەرهەمهێنان بە ڕاددەیەکی سەرسوڕهێنەر گەشەی کردووە، تەنانەت لە وڵاتێکی پیشەسازیی و تەکنۆلۆژیی وەک ژاپۆندا کە یەکێکە لە حەوت وڵاتە پیشەسازییە گەورەکەی جیهان بەرهەمەکانی پیشەسازیی و تەکنۆلۆژیای ئەمەریکیی و ئۆتۆمبێلی کۆمپانیاکانی ئەمەریکا ڕێژەی داواکارییان زیاتر لەسەرە لە بەرهەمهێنراوە لۆکاڵییەکانی ژاپۆن خۆی!، ئەمە لە کاتێکدایە ژاپۆن خاوەنی گەورەترین کارگە و پیشەسازیی دروستکردنی نوێترین جۆرەکانی ئۆتۆمبێلە. ڕەنگە ئەمە زۆرتر لە فاکتۆری سەرسامیی بە ئەمەریکاوە سەرچاوەی گرتبێت، چوونکە

ئەمەریکا لە ڕێی سینەمای هۆلیۆد و غـەزووی فەرهەنگییەوە وەک نموونەیەکی باڵا خۆی نیشان دەدات، یان دەیەوێ ئەوە لە خەیاڵدانی زۆرینەدا دروست بکات هاووڵاتی ئەمەریکایی سوپەر هاووڵاتییە و نموونەیەکی باڵایە لە ئازادیی و ئازایەتی و خۆشگوزەرانی و داهێناندا.

دۆلاریـش وەک دراوی ئەمەریکی تا ڕاددەیەکی کاریگەر ڕۆڵی خۆی هەیە لـەم پرۆسەیەدا، تەنانەت کە ئیرۆ نرخی لە بەرامبەر دۆلاردا بەرز دەبێتەوە دیسان ئەمەشیان لە بەرژەوەندیی ئابووری ئەمەریکایە، هـەر بـۆ نموونە (گـیرهـارد شـرۆیـدەر)ی ڕاوێـژکـاری پێشووی ئەڵمانیا لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانی خۆیدا مەترسی خۆی نیشان داوە لە بەرامبەر بـەرزبـوونـەوەی نرخی ئیرۆ لە بەرامبەر دۆلار، چوونکە ئەمە وا دەکات تەنانەت لە پایتەخت و جەرگەی وڵاتە ئەوروپییەکاندا زۆرترین داوا و کڕین لـەسـەر بـەرهـەمهێنراوەکانی پیشەسازیی و تەکنۆلۆژیای ئەمەریکی بێت ئەمەش بەهۆی هـەرزانیی نرخەکەیەوە، دواجار ئەمەش هۆکاری دروستبوونی بازاڕێکی گەرمە بۆ کاڵاکانی ئەمەریکا لەو ئەوروپایەی دەیەوێت وەکوو جەمسەرێک لەبەردەم ئەمەریکا خۆی قووت بکاتەوە. لە ڕووی فەرهەنگیشەوە کولتووری ئەمەریکیی و فۆرمی ئەمەریکیی لە ژیان و بیرکردنەوە و هونەر و تەنانەت خواردنیشدا هەژموون بکەن بەسەر هەموو تاکێکی جیهانییەوە. بۆ وێنە لەگەڵ کردنەوەی یەکەمین خواردنگەی ئەمەریکیی «ماکدۆناڵس» لە ڕوسیا، بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیامی هەرەسی تەواوەتی کۆمۆنیزمی ڕووسی گەیاندە چاو و هۆشی هەموو دنیا و «فۆکۆیاما»شی وا لێکرد لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا «کۆتایی مێژوو و دوایین مرۆڤ» جاڕی کۆتایی مێژوو بدات. بە کورتییەکەی فەرهەنگیی ئەمەریکایی فەرهەنگێکە زیاتر کاریگەریی لەسەر هەموو دنیا داناوە و هەژمووونی کردووە بەسەر لاشعوری زۆربەی دانیشتووانی سەر زەویدا.

ئەم بابەتەش بۆ خۆی سەرنجی زۆرێک لە نووسەر و بیریاران و ناوەندەکانی توێژینەوەی راکێشاوە، ئەم زاڵبوونەی ئەمەریکا و فەرهەنگەکەی بەسەر جیهاندا مایەی پرسیاری جیددی بووە لەلای بەشێکی زۆر لە نوخبەی دنیاوە بە لایەنگرانی ئەمەریکا و ئەنتی ئەمەریکاییەکانیشەوە. لەم بارەیەوە نووسەری ناودار (ئەمانوئیل وەلرشتاین) دەڵێ: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەک وڵاتێک بە ئەندازەیەک لە وڵاتەکانی تر بە تواناتر و بەهێز بوو، توانابییە ئابوورییەکەی لە ساڵی ١٩٤٥دا لە پێش وڵاتەکانی ترەوە بوو کە دەیتوانی کاڵاکانی لەهەر وڵاتێکدا هەرزانتر بفرۆشێت و توانایی سەربازیی ئەمەریکا نەدەکرا بە هیچ جۆرێک لەگەڵ هیچ وڵاتێکی تردا بەراوورد بکرێت، ئەنجامەکەشی ئەوە بوو توانی هاوپەیمانییەکی دوولایەنە و چەند لایەنی ترسناکی وەک پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) و رێکەوتنامەی سەربازیی ئەمەریکا- ژاپۆن و هتد. بهێنێتە دی و بە گوێرەی ئەوانە ئەمەریکا وەک دەسەڵاتێکی زاڵ لە رووی فەرهەنگییەوە ناوەندێتییەکی جیهانی بەدەست هێنا، نیۆیۆرک بووە ناوەندی فەرهەنگی لە ئاستێکی بەرزدا و فەرهەنگی گشتیی ئەمەریکا بە هەنگاوی گەورە بە سەرانسەری جیهاندا بڵاوبووەوە.

بێجگە لەمانە گلۆباڵیزەیشن (العولمة- بە جیهانییکردن) فاکتۆرێکی ترە یارمەتییەکی گەورە پێشکەش دەکات لەسەر رێگای هەژموونی ئەمەریکیی و بە جیهانییکردنەوەی کولتوور و فەرهەنگی ئەمەریکا، بەشێکی زۆریش لە بیرمەندان و نووسەران و چاودێرانی سیاسیی وەها شرۆڤەی بە جیهانییکردن دەکەن، پرۆسەی بە جیهانییکردن رووەکەی تری بە ئەمەریکاییکردنە، بۆ نموونە (د.عەبدوڵڵا عوسمان ئەلتوم و د.عەبدلرەئوف محەمەد ئادەم) وەکو دوو نووسەری عەرەب لە کتێبەکەی خۆیاندا بە ناوی (العولمە) پێناسەی بە جیهانییکردن بەوە دەکەن (ئیمپریالیەتێکی نوێیە) یان (چوارچێوەیەکە و دروستکراوی

دەستی ئەمەریکایە)!. لە هەمان کاتدا نووسەرانی تری عەرەب وەک ئیدوارد سەعید و د.محەمەد عابد ئەلجابری و د.خەلدون حەسەن و مەتاع سەفەدی هەریەکەیان پێناسەیەکی هاوشێوەیان بۆ بە جیهانییکردن هەیە. هەرچەند دەکرێ و دەشێ ئەم بیروڕایانە وەها لێکبدرێتەوە دەرهاویشتەی بیری پان ناسیۆنالیزمی عەرەبین کە دوژمنایەتییەکی باوەکوژی لەگەڵ ئەمەریکا و کولتووری خۆرئاوادا هەیە، بەڵام بە دیوەکەی تریدا هەڵگری ئەو راستییەیە ئەمەریکا بەجیهانییکردن دەکاتە میکانیزمێکی کاریگەری هەژموون و دەسەڵاتی پانخوازیی خۆی بەسەر جیهاندا. تێزی جیهانگیریی تێزێکە لەدوا ئاکامدا سەرداریێتی ئەمەریکا بەسەر جیهاندا دەسەپێنێت، بەو پێیەی نموونەی ئەمەریکیی لە سیاسەتەوە بیگرە تاکوو پەروەردە و هونەر، نموونەیەکی بێ هاوتان و دوا پەرەسەندنی ژیاری مرۆڤایەتین، لەم سۆنگەوە دەبێت ئەم نموونەیە بگاتە هەموو لایەکی گێتی و لە هەموو جوگرافییە جیاوازەکانی جیهان پیادە بکرێت. وەک لە ئەرزی واقیعشدا دەبینین بە کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، بەشی دووەمی شانۆگەرییەکە بە گلوبالیزەی کولتوور و دەسەڵاتی ئەمەریکیی دەستپێیکرد.

ئەمڕۆ ئەمەریکا بە زاڵکردنی هەیمەنەی خۆی بەسەر جیهاندا، دەیەوێت دنیا بەو شێوەیە لە قاڵب بدات خۆی ویستی لێیەتی، بێگوومانیش لەم هاوکێشەیەدا ئەمەریکا سەنتەرە و هەموو ئەوانی تریش پەراوێزن، بۆیە: «سەرلەنوێ جیهان بەسەر دوو بەرەی ناوەند و کەنار، یان ناوەند و پەراوێز، باکوور و باشوور، دابەش بووە، باکوور سیمبولی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و سەرچاوەی شارستانییەت و مافی مرۆڤ و دیموکراتییە لەم نێوەشدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (ئیمپراتۆریای ئازادی) خاوەنی بیروباوەڕ و بونیادێکی کۆمەڵایەتی دەگمەنە و تاکییەتی هاونیشتمانییەکانی بەشێوەیەکی داهێنەرانە بەکارهێناوە لە جیاتی ئەوەی سەرکوتیان

بکات بەهرە و هێزی لێ وەرگرتوون، لە بەرامبەردا باشوور کە مەڵبەندی دواکەوتوویی و هەژاریی و نەخۆشیی و توندوتیژیی و تیرۆر و نائارامی و پشێوییە، هەر بۆیە باشوور شایستەی ئەوە نییە سەرکردایەتی جیهان بکات و دەبێ ببێتە پاشکۆی جیهانی باکوور، کە خاوەنی شارستانییەت و بەها و نموونەی باڵا و ئەوتۆیە لەگەڵ سروشتی هەموو کۆمەڵگاکان دەگونجێت وەک رۆشنبیرانی ئەمەریکا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە و پێیانوایە ئەو بەهایانەی کە بە بەهای ئەمەریکی ناسراون تەنیا موڵک و سامانی ئەمەریکی نین بەتەنێ بەڵکو میراتی هاوبەشی هەموو مرۆڤایەتین»!.

ئەمەریکا هەمیشە دەیەوێت سەروەریی جیهان بەدەست بهێنێت و ساز و ئامادەیە بۆ دۆزینەوەی هەموو میکانیزمە یارمەتیدەرەکانی هێنانەدی ئاواتی سەرکردایەتیکردنی جیهان کە چەند دەیەیەکە خەونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، هاوکاتیش داڕێژەرانی سیاسەتی ستراتیژیی ئەمەریکا بەردەوام بە دوای نەخشە و پلانی نوێ دەگەڕێن، تەنانەت ئەوەی ئەمڕۆ ناوی بە جیهانییکردنە لە دەیەکانی رابردوودا ناوی (گەشەکردن) بوو، گەشەکردنیش دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردوو بوو کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (un) ئەو دەیەی بەو ناوە ناوزەد کرد، بەڵام ئەم پڕۆژەیە لە سەرەتای دەیەی هەشتاکانی هەمان سەدەوە تووشی شکستێکی گەورە بووە و بەو پێیەش هەموویان رەزامەندییان نیشاندا بۆ وازلێهێنانی، ئەوەی جێگەی گرتەوە چەمکێک بوو ناوی گلوبالیزم (بە جیهانییکردن)ی لێنرا کە لە راستیدا بە واتای کرانەوەی سەرجەم زەوییەکان و لابردنی هەر جۆرە رێگرییەکە لە بەردەم (١- بزووتنەوەی کاڵاکان ٢.-بزووتنەوەی سەرمایە. ٣-بزووتنەوەی ئازادانەی هێزی کار). واتە گلوبالیزەیشن لەسەر ئەم سێ رەهەندە کار دەکات و ئەو سێکوچکەیە پایە سەرەکییەکانی ئەو سیاسەتە نیو کۆلۆنیالیستییەن، وەک دەردەکەوێت

ئەمەریکا پێشانگایەتی و رابەرایەتی دەکات لەسەر هەموو ئاستەکان.

دیسان دەبێت هێما بۆ ئەوە بکرێت داڕوخاندنی دیواری بەرلین و لێک هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت قۆناغێکی نوێتری هێنایە ئاراوە، ئەمەش وایکرد دەروازەیەکی تر و نوێ بە رووی سیاسەت و هەژموونی ئەمەریکاییدا بکرێتەوە و ئەوەشی کە دنیای دوو جەمسەریی رەنگڕێژی کردبوو جارێکی تر چاوی پێدا بخشێنرێتەوە و هەموو ئاڵوگۆڕ و پێشهاتەکانیش بەپێی رەچاوکردنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی ئەمەریکا دابڕێژرێتەوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەمەریکا بخاتە بەردەم دنیایەکی جیاوازتر لەدنیای پێشووتر و رایبکێشێتە قۆناغێکەوە هەموو ئەگەرەکانی داهاتوو لە بەرژەوەندیی ئەو بشکێنەوە، ئەمەریکاش ئەم قۆناغە ناو دەنێت قۆناغی سیستمی نوێی جیهانی کە دەتوانین بڵێین راستەوخۆ ئەم سیستمە یەکسانە بە باڵادەستی و دەسەڵاتی پانخوازیی وڵاتە یەکگرتووەکان. ئەم سیستمە جۆرج بوشی باوک لە ١١ی ئەیلولی ١٩٩١ بەم شێوەیە لە بارەیەوە دوا «ئەم سیستمە سەردەمێکی نوێیە کە تیایدا جیهان لە هەڕەشەی تیرۆر ئازاد دەبێت و بە تواناتر و بەهێزتر لە جاران بەدوای دادپەروەریدا دەگەڕێ و لە بڵاوکردنەوەی ئاشتیدا زیاتر باوەڕی بە خۆیەتی، سەردەمێکە کە نەتەوەکانی دنیا لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا، لە باکوور و باشوور، لە خۆشگوزەرانی و پێکەوە گونجاندا ژیان دەبەنە سەر». کەچی بەپێچەوانەی بانگەشەکەی بوشەوە، سیستمی نوێی جیهان، هەموو دنیای لە ئاشووبێکی نوێ هەڵکێشاوە، ئەو ئازادیی و خۆشگوزەرانییە کەمەشی پێشتر هەبوو، وردە وردە هەمووی لەناو دەبات.

بێجگە لە هەموو ئەمانەش رێکخراوە تیرۆریستییەکان باشترین کارتیان دایە دەستی ئەمەریکا، ئوسامە بن لادن و ئەلقاعیدە بیانەوێ یان نەیانەوێ بە ئەنجامدانی کردەوە تیرۆریستییەکەی یانزەی ئەیلولی

٢٠٠١ باشترین هەلیان بۆ ئەمەریکا رەخسان تاوەکو بتوانێت بۆ هەموو جێگەیەک لە هەر چوار لای جیهاندا لەشکرکێشی بکات بەناوی جەنگی دژە تیرۆریزم و پاکتاوکردنی گروپ و شانە و رێکخستنە تیرۆریستییەکان، هەر بۆیە ئەمەریکا لە یەکەمین کاردانەوە و پەرچەکرداری رووداوەکەی یانزەی سێپتامبەردا هێرشی سەربازیی کردە سەر ئەفغانستان و کۆتایی بە دەسەڵاتی سیاسیی و دەوڵەتی تیۆکراتی تاڵیبان هێنا لەو وڵاتە، سەرباری ئەوەی رووخاندنی تاڵیبان و پەرتەواوزەکردنی ئەلقاعیدە جێگەی دڵخۆشی و پێشوازیی زۆربەی خەڵکی ئەفغانستان و دنیا بوو، بەڵام دیسان ئەم پرۆسەیە لەناو هەمان چوارچێوەی هەژموونی باڵادەستی ئەمەریکادا بوو. بۆیە راددەی گەشبینیی زۆر لەو ئاستە بەرینەدا نەبوو، ئەگەرچی دوو ساڵێکە تاڵیبان کۆتایی هات وەک دەسەڵات و فەرمانڕەواییکردن، بەڵام کۆمەڵگەی ئەفغانی لە هەموو روویەکەوە رزگاریان نەبووە، بەڵکو مەترسیی تیرۆر ئێستا لەناو ئەفغانستان خۆیدایە، ئەگەر پێشتر حکوومەتی تاڵیبان تیرۆری هەناردە کردبێت بۆ دەرەوەی وڵات، هەنووکە ئەو تیرۆرە هەناردەی ناو شارەکانی وەک جەلالئاباد و قەندەهار و کابوڵی پایتەخت دەکات.

دواتریش عێراق بووە سەرەکیترین ئامانجی ئەمەریکا! بێگومان رووخانی سەدام و کۆتایی عێراق سەرەتایەکی تر بوو بۆ جەنگێکی درێژخایەنتری ئەمەریکا بۆ لەناوبردنی دوژمنە سەرەکییەکانی تری لەناوچەکەدا لە رێگەی بە کارهێنانی گرنگی جیۆپۆلەتیکی عێراق و سوود وەرگرتن لە پەترۆڵ و سامانی سروشتیی عێراق. هەر لەم بارەیەوە (دەیڤید مۆبێرگ) دەنووسێ: عێراق ئامانجێکی نزیک و دەسپێک بوو، بەڵام زۆر کەسی ئەم دەستەیە ئاشکرایان کردووە ئەوان لیستێکی دوور و درێژی تریان لە بەردەستدایە هەر لە ئێرانەوە تا کۆریای باکوور (چینییەکان بە تایبەت هەست دەکەن لە ژێر هەڕەشەدان) وێڕای

بیانوی تیرۆریستان، عێراق بەهۆی نەوتەکەیەوە پڕ بایەخە. لێرەوە بەو قەناعەتە دەگەین ئەوی ئێستا هەیە ئیمپریالیزمێکی ئارایشتکراوە و هیچی تر. ئەو کۆلۆنیالیزمەی لە سەرەتای سەدەی رابردوو بە ئاشکرا و بە دڕندانەترین شێوە هەڵمەتی دەبرد بۆ داگیرکردنی ڤێتنام و نیکاراگوا و ئەمەریکای لاتین، ئەمجارەیان لە بەرگێکی تردا و بە بیانووی مرۆڤدۆستی و رزگارکردنی جیهان لە تیرۆر و پاراستنی ئاسایشی جیهان درێژە بە سیاسەتی داگیرکاریی و کۆلۆنیالیستی خۆی دەدات، هەروەک کاک (فاروق رەفیق) لە پاکس ئەمەریکانا بۆی چووە و دەڵێ «ئەوەی ئەمڕۆ هەیە ریالیزمە بە رووتی، ئەوەی ئەمەریکا وەک هێزێکی جیهانی دەیەوێت ئەمڕۆ هەیمەنەی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێ هیچی تر نییە جگە لە ئیمپریالیزمێکی رووت». لە باری کرداریشەوە شتێکی زیاترمان لە ئیمپریالیزم لە سیاسەتی ئەمەریکا بەدی نەکردووە. خولاسەی کەلام ئەوەیە ئەمەریکا هەرچەند ماکیاژ بۆ هەنگاوەکان و سیاسەتی خۆی بکات، ناتوانێت ئەو رووخسارە ئیمپریالیستییەی خۆی بشارێتەوە، هەرچەند لافی پارێزەری ئاسایشی جیهان لێ بدات هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت هەر خۆی سەر
چاوەی سەرەکیی هەموو نائارامییەکانی دنیایە، هەر خۆی جیهانی تووشی تیرۆر و رێکخراو و دەوڵەتە تۆقێنەرەکان کردووە بەتایبەت ئەو رێکخراو و دەوڵەتگەلە سەرکوتگەرەی لە رۆژهەڵاتی نێویندا بوونیان هەبووە و هەیە.

لەبەر رۆشنایی هەموو ئەو راستییانەی سەرەوەدا دەگەینە ئەو بڕوایەی هاتنی ئەمەریکا بۆ عێراق بەشێکە لە پرۆسەی فراوانکردنی سنووری هەیمەنەی خۆی. بەڵام ئەرکی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان ئەوەیە بتوانێت بەشێوەیەکی سیاسیی و ژیرانە و دوور لە عاتیفەگەرایی مامەڵە لەگەڵ ئەم هێزەدا بکات و لە روانگەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و مێژوویی خۆیەوە پەیوەندیی

و هاوپەیمانییەکی سیاسیی لەگەڵی دابمەزرێنێت. مادام ئەمەریکا ئەو هێزە گەورە باڵادەستەیە بەرەنگاربوونەوە و مامەڵەکردنێکی ناعەقڵانی لەگەڵیدا کارێکی دۆنکیشۆتانەیە و مەلەکردنە بە پێچەوانەی شەپۆلەکانەوە کە بەبێ شک سەرئێشەیەکی زۆری لێ دەکەوێتەوە، کەواتە بمانەوێ یان نا وەزعیەتێکی دیفاکتۆ تەواجودی ئەمەریکای لە عێراق و ناوچەکەدا سەپاندووە، لەم نێوەندەشدا دیسان دەبێت کورد لەم گەمەی بەرژەوەندییانەدا بەرژەوەندیی نیشتمانیی خۆی لە بەرزترین ئاستدا بچەسپێنێت. ناکرێ بەو شێوە سۆزدارییە سەیری ئەمەریکییەکان بکەین هەروەک چۆن ناکرێت وەکو تیرۆریستەکانی فەلوجە بیانسوتێنین، بەڵکو دەبێت لە حاڵەتی پەیوەندییەکی مامناوەندیی و دانوستاندا بین لە گەڵیاندا، بە راشکاویی کێشەکانی کوردیان بۆ تەرح بکەین و هەوڵبدەین لێک تێگەیشتن لەگەڵیاندا دروست بکەین، چوونکە ئەمەریکا بۆی گرنگ نییە کە کێ و چ ئایدۆلۆژی و نەتەوەیەک لە عێراقی داهاتوودا دەدۆڕێ و کێ دەیباتەوە!! بەڵکو ئەوەی بۆ ئەو گرنگە دەسەڵاتێک بخاتە سەر کار بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت و دەروازەی عێراقی لێبکاتەوە تا لەو چوارچێوە جوگرافییەوە ئامادەکاریی بکات بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی تری فراوانکردنی هەژمونی خۆی. کورد دەبێت بەهێزیی خۆی نیشان بدات، نەک لەسەر هەمان گووتاری خۆ بە قوربانی نیشاندان بەردەوام بێت، ئەمەریکا دۆستی هەژاران نییە بەڵکو دۆستی هەر لایەنێکە هێزی هەبێت لە پاراستنی بەرژوەندییەکانیدا.

هەر بۆ نموونە خومەینی زۆر بە باشی لە نیاز و سیاسەتەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکە تێگەیشتبوو بۆیە لە یەکێک لە وتارەکانی خۆیدا لەبەردەم هەزاران لە خوێندکارانی زانکۆکان ئاماژە بۆ بەوە دەدات ئەمەریکا پەیوەندیی نییە بە ئیسلامەوە بۆیە چەند دەتوانن نوێژ و دوعاکانتان بکەن! بەڵکو ئەوەی ئەمەریکا دەیەوێت کردنی ئێرانە بە بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانی خۆی. جارێکی تر دەبێت ئەوە

دووباره بکەینەوە دەبێ سەرکردایەتی سیاسیی کورد وەک تەرەفێکی خاوەن کێشە و دۆزێکی رەوا لەگەڵ ئەمەریکییەکان مامەڵە بکات، هەروەک چۆن پێویستە هەڵەی پێشووتر دووبارە نەکاتەوە و رێگە نەدرێت بە دووبارەبوونەوەی گەمە کیسنگەرییەکەی ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ شۆڕشی کورددا، دەبێت ئەو هاوپەیمانییە لەسەر لاپەڕە بنووسرێتەوە و کوردیش وەک کارەکتەرێکی بەهێز و ئەکتیڤ لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا رۆڵ بگێڕێت تاکوو ئەمەریکاییەکان لە هەموو چرکەساتەکاندا پێویستیان بە وزەی سیاسیی و عەسکەریی کورد هەبێت، هەروەک پێویستیشە کورد لوتکەی داخوازییەکانی خۆی داوا بکات نەک لانیکەمی کە فیدراڵییەتە.

تێبینی: ئەم وتارە شیکارییە پێش پانزە ساڵ و لە کۆتایی ٢٠٠٣دا نووسراوە، بەداخەوە ناوی سەرچاوەکان فەوتاوە، بەڵام ئەوەی لە بیرم ماوە سوودم لە پەڕاوی (کورد و سیستمی نوێی جیهانی) کاک عومەر نورەدینی وەرگرتووە. پوختەی ئەم وتارە لە ژمارە (٤٣)ی رۆژنامەی (ئەمڕۆ) لە رۆژی ٢-٦-٢٠٠٤ و سەرجەمی لە ژمارە (١٢٦)ی رۆژنامەی (کوردستان راپۆرت) لە رۆژی ٢٦-١٢-٢٠٠٦ بڵاوبووەتەوە.

## بەشی هەشتەم
## قەیرانی ئەتۆمی
## شەمەندەفەری مەرگی کۆماری ئیسلامی ئێران

یەکێک لەو پرسە هەستیار و گەرمانەی چەند ساڵێکە لەسەر مستەوای سیاسەتی دەولی لە ریزی پێشەوەی دۆزە ئاڵۆزکاو و پڕ هەراوهوریا و کێشەکاندایە، فایلی پیتاندنی یۆرانیۆمە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە بواری بەرهەمهێنانی تەکنۆلۆژیای چەکسازییدا، ئەمەریکا وەک جەمسەری سەرەکی هێزی دنیا بێ چەند و چون دژایەتی هەر هەنگاوێکی ئێرانییەکان دەکات بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی، بە دوایدا هاوپەیمانە ستراتیژیی و نێزیکەکانی وەک بەریتانیا و ئیسرائیل و ئەڵمانیا و هتد.. تەئکید دەکەنەوە لەسەر هەمان هەڵوێستی ئەمەریکا و پێیانوایە ئێرانێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی بەدەر لە هەڕەشە جیددییەکانی بۆ سەر دەوڵەتە خۆرئاواییەکان و ئیسرائیل، سەرەتای رسکانی دەوڵەتگەلێکی ئیسلامی و سەلەفیی مەترسیدار و بەهێزە لەخۆرهەڵاتی نێویندا کە لە ئێرانەوە درێژ دەبێتەوە تاکوو لوبنان و فەلەستین و هتد..

ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی لە هەوڵ و کاردان تا ململانێ دەگەڵ ئێرانی ئیسلامی بە هۆکاری پەرەپێدانی چەکی ناوکی، بچووک

نەکرێتەوە بۆ کێشەی نێوان دوو دەوڵەت (ئەمەریکا– ئێران) یان زیاتر، لە کۆششدابوونە تا لە ڕێی بردنی فایلی ئەتۆمییەوە بۆ نێو چەقی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئەنجوومەنی ئاسایش بیکەنە دۆزێکی یونیڤرساڵ و لەو بارەوە هاوڕاییەکی جیهانی یان خۆرئاوایی بەدژی ئێران وەگەڕ بخەن. هەرچی لایەنی ئێرانییە بێجگە لەوەی بە مافی خۆی دەزانێت وەک وڵاتێکی سەربەخۆ لە بواری تەکنۆلۆژیای نوێ و ئەتۆمیدا تاقیکردنەوە و داهێنان بکات (دوای پاکستان دووەم دەوڵەتی ئیسلامییە دەبێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی) لە هەمان کاتدا نیازپاکیی خۆیان دەخەنە روو لەوەی ئەو وەبەرهێنانانە لە بواری پیشەسازیی چەکسازییدا ئەنجام نادرێت، بە پێچەوانەوە بەڵکو سنووردارە تەنێ لە بوارەکانی خزمەتگوزاریی مەدەنیدا.

ئەم قەیرانە بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندایە، هەندێکجار هەست بە بارگرژیی و مەترسی زۆر دەکەین لە پەیوەندیی ئێران و نەیارەکانیدا (بە تایبەت ئەمەریکا) ناو بە ناویش وا دێتە پێش چاو تەنگژەکە وا خەریکە لە ڕێگەی دانوستان و ملکەچیی ئێرانەوە بۆ لیژنەی تایبەتی ئاژانسی جیهانی وزەی ئەتۆم بەرەو چاەسەر دەڕوات، بەڵام لەهەموو بارەکاندا تاکوو ئەم چرکەساتە کێشەکە بەردەوامە و هیچ ڕێگەچارەیەکی گونجاو نەهاتووتە ئاراوە هەردوولا پێی قایل بن تاکوو هەل بڕەخسێنێت بۆ بچووکبوونەوە و کۆتایی پێهاتنی قەیرانەکە بە ڕێگای ئاشتی، رەنگبێ ئیسرائیل یەکێک بێت لەو بەربەستانە، چوونکە ئیسرائیل دەیەوێت گوڕ بدات بە پێشنیاری لێدانی سەربازیی ئێران.

## فایلی ئەتۆمی ئێران و کاردانەوەی نێودەوڵەتی

پاساوی سەرەکی ئەمەریکا لە گووشار خستنە سەر ئێران و زەمینەسازیی بۆ پێکهێنانی کۆدەنگی لە دژی ئەو وڵاتە بە پلەی

یەکەم پابەندی هەوڵی پیتاندنی یۆرانیۆمە. هەرچەندە نێزیک بە بیست (٢٠) ساڵ دەبێت ئێران لە هەوڵی بەدەستهێنان و بەرهەمهێنانی موشەکی ئەتۆمیدایە، ئێستاشی لەسەر بێت نەیتوانیوە هیچ موشەکێک دروست بکات هەڵگری کڵاوەی ئەتۆمی بێت. زانیارییە هەواڵگرییە ئیسرائیلییەکان جەخت دەکەنەوە لەوەی ئێران لە ساڵی ٢٠٠٩دا دەبێتە خاوەنی موشەکی ئەتۆمی، لە بەرپەچی ئەو زانیارییەدا پسپۆڕانی بواری چەکی ئەتۆمی و زۆرینەی وڵاتانی دنیا پێیانوایە چەندان ساڵی تر پێویستە لە بەردەم ئێراندا بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی. زانیارییە نوێیەکانی هەواڵگریی ئەمەریکی لە تازەترین ئاشکراکارییدا بۆیان دەرکەوتووە: رژێمی ئێران لە سەرەتای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە بەرنامە ئەتۆمییەکەی راگرتووە (بەپێی راپۆرتێکی پیشەیی/ تەکنیکی دەزگای ناوەندیی هەواڵگریی ئەمەریکا کە ١٧ دەزگای هەواڵگریی سەر بە وڵاتە یەکگرتووەکان دانیان بەو راستییەدا ناوە لەساڵی ٢٠٠٣ەوە کۆماری ئیسلامی ئێران سەرجەم بەرنامە چەکسازییە ئەتۆمییەکەی خۆی راگرتووە!!).

هەر بۆ زیاتر پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵە (جۆناسان مارکۆس) دەنووسێت: (دەزگای CIA چەند رۆژێک لەمەوبەر رایگەیاند حکوومەتی ئێران بەرنامەی ئەتۆمی خۆی لە بواری بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمیدا لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە راگرتووە). نووسەر پێیوایە ئەم راپۆرتە نوێیە گومان دەخاتە سەر کۆی زانیارییەکانی پێشووی CIA بە تایبەتی لە ساڵی ٢٠٠٥یشدا دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمەریکا لەو باوەڕەدا بوون ئێران سەرگەرمی پیتاندنی یۆرانیۆمە لە بواری چەکسازییدا، ئەو وای دەبینێت (ناکرێت دیپلۆماسییەت لەسەر زانیاریی بێ بەڵگە و گومان دابڕێژرێت). نووسەر بەو هۆیەوە وا بڕوا دەکات ئومێدەکانی ئیدارەی ئەمەریکا بە مەبەستی دروستکردنی کۆدەنگی و کۆبۆچوونی دژی ئێران کەم دەبنەوە و ناتوانن وەک پێویست بن. ئەم زانیارییە نوێیەی

CIA که تەئکید دەکاتەوە لەسەر ئەوەی ئێران بەرنامە ئەتۆمییەکەی راگرتووە، سەرانی کۆشکی سپی تووشی شۆک کرد، چۆن دەبێت چەند وەختە پێیان نەزانیبێت؟ یان بۆچی CIA ئەم راپۆرتە دژ بە زانیارییەکانی پێشووی بڵاو دەکاتەوە؟ هەتا ئەو رادەیەی (جۆن بۆڵتۆن) نوێنەری پێشووی ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند (راپۆرتەکەی CIA گوایە ئێران لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە بەرنامە ئەتۆمییەکەی راگرتووە، جۆرێکە لە کۆدێتا لە دژی بوش) وتیشی (CIA دەمێکە لە هەڵسوکەوتەکانی جۆرج بوش رازی نین).

ویڕای بڵاوبوونەوەی ئەم راپۆرتە و دەنگۆی راگرتنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، هێشتا ئەمەریکا سوورە لەسەر هەڵوێستە توندەکانی بەرامبەر بەو دەوڵەتە، ئەمە بەپلەی یەکەم پابەندە بە بەدگومانی ئەمەریکا دەربارەی راستیی ئەو زانیارییە نوێیانە و بە پلەیەکی تر پەیوەندیی هەیە بە جۆر و فۆرمی سیاسەتی هەژموونخوازانەی ئێرانەوە. لە دیمەنەکەدا وەها دەردەکەوێت، بوش و کاستەکەی راپۆرتە نوێیەکەی «سی. ئای. ئەی» بە هەند وەرنەگرن و سووربوونی خۆیان نیشان دەدەن لە کۆکردنەوەی هاوپشتیوانی نێودەوڵەتی بە دژی ئێران و قورسکردنی سزا و ئابڵووقەکانی سەری، تاکوو وەشاندنی گورزی سەربازیش کە من پێموایە لەم دۆخە زۆر زەحمەتە. (رۆبەرت گیتس) وەزیری بەرگریی ئەمەریکا بۆ کەناڵی (الجزیرە) ئامانجەکانی لێدانی ئێران ئاشکرا دەکات و دەڵێ: سەرەڕای بوونی مەترسیی چەکی ناوکی، چەند هۆکارێکی تر هەیە بۆ لێدانی وەک:

*گووتاری توندوتیژیی ئێرانییەکان کە لە سەرەتای شۆڕشەوە سەریهەڵداوە و لە سەردەمی نەژاددا بوژاوەتەوە.

*هەوڵە هەژموونخوازییەکانی ئێران و ئەو هەستەی لای بەرپرسانی تاران دروست بووە سەبارەت بەوەی گوایە هەرچییەکیان

بوویت لە ناوچەکەدا بە ئاسانیی جێبەجێی دەکەن. گیتس لەو بارەوە وتی: دەمانەوێت بەرپەچی ئەو هەستە بدەینەوە لای ئێرانییەکان دروستبووە.

لە باری واقیعییشەوە ئێران بە بێ چەکی ئەتۆمیش هەڕەشەیەکی جیددییە لەسەر ئەمنییەتی ناوچەکە، جگە لەمەش سیاسەتی ئێران لە لوبنان و فەلەستین و عێراق و هەندێک لە وڵاتانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لەگەڵ سیاسەت و ئەجیندا و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیلدا نایاتەوە و ناتەبایە، بە تایبەت ئێران لە ڕێگەی هەردوو ڕێکخراوی (حەماس و حزب اللـه)ەوە کێشەی زۆر بۆ ئیسرائیل دروست دەکات، هەروەک بینیمان لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٦دا (حزب الله) بە موشەکی دوورهاوێژی ئێرانی توانی زیانێکی ماددیی و گیانی زۆر بە ئیسرائیل بگەیەنێت!. لەبەرئەمە بەدەر لە پرۆگرامە ئەتۆمی و ناوکییەکەی هەوڵە هەژموونخوازییەکانی ئێران جێی مەترسییە. لەمانەش بترازێت ژمارەی مووشەکە دوورهاوێژەکانی ئێران شایەنی نادیدە گرتن نین! چوونکە زۆرێک لەو مووشەکانە بە ئاسانی دەگەنە ناو ئیسرائیل وەک مووشەکی (شەهاب ٣). ڕۆژنامەنووسی جیهانی (لیۆنیڵ بیهنار) لەو باوەڕەدایە: پرۆسە ئەتۆمییەکەی ئێران جێی مەترسی نییە، ئەوەی جێگەی مەترسییە ئێران نزیکەی ٣٠٠٠ مووشەکی دوورهاوێژی هەیە. هێشتاش ئێران بەردەوامە لەسەر دروستکردنی موشەکی نوێ، بە وتەی (مستەفا محەمەد نەجار) وەزیری بەرگریی کۆماری ئیسلامی موشەکی عاشورا کە تازەترین بەرهەمی وەزارەتی بەرگریی ئێرانە ٢٠٠٠ کیلۆمەتر دەڕوات.

لەلایەکی ترەوە بە گوێرەی هەواڵی ژێدەرەکانی دەنگوباس، ئاژانسی وزەی ئەتۆم پێداگریی لەسەر ئەوە دەکەن لایەنی ئێرانی بۆ چارەسەری قەیرانی ئەتۆمی وڵاتەکەی هاتووەتە پێشەوە و لەو بوارەدا هاوکاریی جیددی ئەو لیژنەیەی کردووە لێکۆڵینەوە لەسەر فایلی

ئەتۆمی ئێران دەکەن. دکتۆر محەمەد بەرادعی لە ماوەی رابردوودا گەشبینی نیشاندا و رایگەیاند: ئێرانییەکان بە دەنگەوە دێن و راستگۆیانە مامەڵە لەگەڵ ئاژانسەکەیان دەکەن. لێ ئەمەریکییەکان بەم لێدوانەی بەرادعی قەڵس بوون، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر رای خۆی و وتی: ئەوەی لە بارەی ئێرانەوە رایگەیاندووە راستییەکی کۆنکرێت و حاشاهەڵنەگرە. سەرباری ئەو بەدەنگەوە هاتنانە لەلایەن ئێرانییەکانەوە و پاشان بڵاوبوونەوەی دەنگۆی راگرتنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، حکوومەتی ئەمەریکا بە هاوڕایی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی سوورە لەسەر بۆچوونەکانی لەمەڕ ئێران و پێیانوایە ئێران مەترسییەکی جیددییە لەسەر ئاسایشی ناوچەکە و جیهان و بەدەستهێنانی ئەو چەکەش لەلایەن ئێرانەوە (وەک بوش بۆی چووە) دەبێتە دەسپێکی جەنگی جیهانی سێیەم و ئاڵۆزبوونی رەوشی ناوچەکە، بەتایبەتی لە دیدی ئەمەریکادا ئەگەری ئەوە هەیە ئێران بەم تەکنۆلۆژیایە هاوکاریی گروپە توندڕەوەکان بکات!، ئەمەش کارێکی نامومکین نییە لە راستیدا.

شتێکی تر گرنگە پەنجەی بۆ رابکێشین ئەوەیە ئەمەریکا وەک عێراقی سەدام و ئەفغانستانی ژێر رکێفی کوڕی لادن و مەلا عومەری تاڵیبان سەیری ئێران دەکات، لێ هیچ کام لەم وڵاتانە خودانی چەکی ئەتۆمی نەبوون، بەڵام چونکێ مەترسی بوون بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و ئاسایشی ناوچەکە ئەمەریکا زەبری کاریگەری لێوەشاندن و بە تەواوەتی لەناوی بردن. بە کورتی دیار نییە ئەگەر ئێران بەرنامە ئەتۆمییەکەی رابگرێت و بەبێ هیچ مەرجێکیش تەسلیمی داخوازییەکانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بێت، ئایا ئەمەریکا ئەوکات هەر سوورە لەسەر سیاسەتی گورز وەشاندن لە ئێران یان جەولەیەکی تر لە دایەلۆگ دەست پێدەکاتەوە بە مەبەستی نێزیک خستنەوەی بیروڕاکان و پێشگیریی لە ئەگەری رووداني جەنگ؟ وەها بڕوا دەکەم، لەم قۆناغەشدا وەشاندنی گورزی سەربازیی لە ئێران کارێکی ئەستەمە،

چوونکە هەر کاتێک واشنتۆن سیاسەتەکانی خۆی توند بکاتەوە، تاران نەرمی زۆرتر دەنوێنێت و هەندێک سازشی لابەلا دەکات بە مەبەستی کات کوشتن.

## ئەحمەدی نەژاد باڵیۆزی جەنگ

بە هاتنە سەرکاری مەحمودی ئەحمەدی نەژاد سەردەمێکی سامناک لە بارگرژیی و ئاڵۆزیی لەنێوان ئێران و ئەمەریکا لەلایەک و لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی خۆرئاوایی و ئەوروپیدا لەلاکەی تر سەریانهەڵدایەوە، سیاسەتە توند و زبرەکانی ئەحمەدی نەژاد لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بووەتە هۆی زێدەتر ئاڵۆزبوونی رەوشەکە و پچڕاندنی پەیوەندییەکان و ساردیی گفتوگۆ و گەرمیی ئەگەرەکانی جەنگ و پێکدادان. ئەحمەدی نەژاد بە هەڕەشە بەردەوامەکانی لە ئیسرائیل گوایە لەسەر نەخشەی جیهان دەیسڕێتەوە، کە ئەمە هەمان زمان و میتۆدی بیرکردنەوەی سەدامیش بوو، خزمەتێکی زۆری ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکەی کردووە و بە هەموو جۆرێک بۆی کرابێت و دەستی دابێت ساردیی خستووەتە پەیوەندیی و ڕێگاچارە دیپلۆماسییەکانەوە، لە رەهەندێکی ترەوە لێدوانەکانی نەژاد لەمەڕ بەرنامە ئەتۆمییەکەی زیاد لەهەر شتێک بۆنی نەیاریی و دوژمنایەتیکردنی خۆرئاوا بە گشتیی و ئەمەریکا و ئیسرائیل بە تایبەتی لێدێت، بۆیەکا سیاسەتەکانی ئەحمەدی نەژاد کێشەکانی زۆرتر قووڵ کردووەتەوە. تاکوو ئەو ئەندازەیەی ملنەدان و سەرەڕۆییەکانی نەژاد هاوشێوەی سەرەڕۆییەکانی سەدام حسێنە، چون جیا لەوەی وڵاتەکەی پێشێلی زۆرینەی میساقە نێودەوڵەتییەکان دەکات لەهەمان کاتدا رایدەگەیەنێت ئێران رێوشوێنی تۆڵەسەندنەوە دەگرێتە بەر لەدژی هەر وڵاتێکی ئەوروپی و خۆرئاوایی کە شوێن پێی هەنگاوەکانی ئەمەریکا هەڵبگرێ بۆ سەپاندنی هەر جۆرە سزایەک بەسەر کۆمارە ئیسلامییەکەیدا.

ئەم کەفوکوڵ و زیادەڕۆییانەی نەژاد جگە لە ئاستی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی ناوخۆش نیگەرانی و ناڕەزایەتی زۆری لێکەوتووەتەوە، هەندێک لە ئێرانییەکان پێیانوایە حەماسەتی رووت و توندئاژۆیی چیتری لێ درویێنە ناکرێت جگە لە چارەنووسێکی بەد و رەشی وەک چارەنووسی تاڵیبانەکان لە ئەفغانستان و چارەنووسی سەدام لە عێراق. ریفۆرمخوازە بە حیساب میانڕەوەکانی وەک (محەمەدی خاتەمی، هاشمی رەفسنجانی، موحسین میردارماری) تووڕەن لە لە سیاسەتەکانی نەژاد و لایانوایە تاکڕەویی و پەیڕەوکردنی دیپلۆماسییەکی خراپ و گێلانە بە هەڵوێستەکانی نەژادەوە دیارە. هەر لەو رووەوە (حەسەنی روحانی) بەرپرسی پێشووی دۆسیەی ئەتۆمی ئێران رەخنە لە هەڵوێست و لێدوانەکانی ئەحمەدی نەژاد دەگرێت و بە ناواقیعی وەسفیان دەکات، دواتر بە کەمتوانا لە چارەسەرکردنی کێشە ئابووری و نێوخۆییەکان و تێکدانی پەیوەندیی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دیکە تۆمەتباری کرد و رایگەیاند: ئەحمەدی نەژاد لە هونەری دیپلۆماتی و گەمەی رامیاریی و دانوستاندا کۆڵەوارە و ئێران دەخاتە تالوکەوە. ئاماژەکان دەریدەخەن ئەحمەدی نەژاد رسی ٢٨ ساڵی دەستکەوتەکان و رێوشوێنەکانی خۆ قایمکردنی کۆماری ئیسلامی دەکاتەوە بە خوری و پێدەچێت لەبری ئەوەی ئێران بکاتە وڵاتێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی و گەشەسەندوو وڵاتەکەی بکاتە کاولاش و وێرانە هەروەک سەدامی هاوبیری ئەو چارەنووسەی بە تووشی عێراقییەکانەوە کرد، یان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ئێرانییەکان فریای خۆیان و کۆمارەکەیان دەکەون بە پێنەدانەوەی شانسی خولێکی تری سەرۆکایەتی بە ئەحمەدی نەژاد.

## مەترسی ئێران لەسەر ئیسرائیل و کاردانەوەکانی حکوومەتی تەلئەبیب

لەوانەیە هەنووکە ئێران سەرسەختترین نەیاری دەوڵەتی ئیسرائیل بێت چ لە ناوچەکە و چ لەجیهاندا، سیاسەتی گشتیی و فەرمی ئێران لەهەمبەر ئیسرائیل سیاسەتی نەفیکردن و سڕینەوەی ئەو دەوڵەتەیە لەسەر ئەتڵەس. بە چاو نوقاندن لە تەنگژە و فشارە قورسەکانی سەری، ئێران بێ پشوودان و ماندووبوون هەڕەشە لە ئیسرائیل دەکات بە وەشاندنی گورزی سەربازیی لە گرنگترین پێگە سەربازیی و دەوڵەتییەکان، لە باری کردەییدا تاران بە هەموو رێگە و توانایەک هاوکاریی (حزب الله) لە لوبنان و حەماس لەفەلەستین دەکات وەک دوو نەیاری توندوتیژ و چەکداریی ئیسرائیل لەو دوو وڵاتــەدا. ئیسرائیل هەموو کات دەرک بە مەترسی بەهێزبوون و فراوانبوونی ئۆتۆرێتی ئێران دەکات. هەروەک پرۆفیسۆر (ناتان ئی بوش) لە زانکۆی نیوپۆرت لە ئەمەریکا وتی: ئیسرائیل ئەم مەسەلەیە بە جیددی وەردەگرێت و دەستەوئەژنۆ دانانیشێت و رێگە بە ئێران نادات چەکی ناوەکی بەدەست بهێنێت. ئاشکراشە ئیسرائیل رۆڵی هەیە لە دروستکردنی نەیارێتییەکی بنکە فراوان و گەورە لە دژی ئێران بە تایبەت لە دژی بەرنامە ئەتۆمییەکەی، چوونکە دڵنیایە یەکەمین بەکارهێنان و تاقیکردنەوەی ئەو چەکە لەلایەن ئێرانەوە لە دژی دەوڵەتەکەی ئەو دەبێت، لەبەرئەوەی دژایەتیکردنی ئیسرائیل لەلایەن حکوومەتی تارانەوە لەوە دەرچووە تاکتیکێکی سیاسیی بێت بەڵکو بووە بە جوزئێک لە ستراتیژ و عەقیدەیەکی چەسپیوی سەرانی کۆمارەکە. ئایەتوڵڵا (داود فەریحی) مامۆستای زانستی سیاسەت لە زانکۆی تاران دەڵێت (ئەو لێدوانانەی سەرۆک ئەحمەدی نەژاد لە دژی ئیسرائیل زۆر تایبەتن بە ئایدۆلۆژیا و عەقیدەی ئیسلامییەوە) بەم هۆیەوە پێیوایە دژایەتییەکانی نەژاد بۆ جولەکە رەواییان لە تێکستەکانی قورئانەوە

وەرگرتووە.

بەڵگە نەویستە ئیسرائیل لە بەرامبەر هەوڵەکانی ئێران لە دژی جولەکە بێدەنگ نابێت (بێدەنگیش نەبووە) لە ئامادەباشیدایە بۆ وەڵامدانەوەی هەر هێرشێکی ئێرانی، پێدەچێت ئیسرائیل زووتر دەست بوەشێنێت لە ئێران. ئەم ئەگەرەش لەسەر زاری سەرچاوەیەکی هەرە باڵای سەربازیی ئیسرائیلییەوە پشتڕاستکراوەتەوە وەختێک ئەو سەرچاوەیە بە رۆژنامەی (مەعاریف)ی ئیسرائیلی راگەیاندووە: ئیسرائیل پێیوایە سەپاندنی هەر سزایەکی تر بەسەر ئێراندا هیچ کاریگەریی نابێت و دەبێت گورزێکی سەربازیی لە ئێران بدرێت تاوەکو لە هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی پاشگەز ببێتەوە. نیکۆلای سارکۆزی سەرۆکی فەڕەنساش کە لەگەڵ ئەمەریکا هاوڕایە لە بەرامبەر ئێران بەدووری نەگرت پێشکات ئیسرائیل هێرشێکی ئاسمانی بکاتە سەر ئێران وەک ئەوەی ساڵی ١٩٨١ کردیە سەر عێراق. ئەوەی لەم هاوکێشە سیاسییەدا روون و ئاشکرایە ئیسرائیل لە پریشکی ئاگری ئەو جەنگە گەرمە بە دوور نابێت کە ئەگەری روودانی هەیە لە نێوان ئەمەریکا و ئێران، ناچار ئیسرائیلییەکان چوونکە دەزانن بەشێک دەبن لە جەنگ لە خۆ ئامادەکردندان بۆ هەر ئەگەرێکی جەنگ بەتایبەتی ئیسرائیل پشت بەو دوو هەزار موشەکەکەی خۆی دەبەستێت کە هەڵگری کڵاوەی ئەتۆمین.

### هەوڵەکانی سەپاندنی سزا بەسەر ئێراندا

یەکێک لەو سیناریۆیانەی لە رۆژەڤی سیاسەتی ئەمەریکیدایە سەپاندنی سزای توندە بەسەر ئێراندا بۆ ملدان بە ویستەکانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی و راگرتنی چالاکییەکانی لە بواری بەرهەمهێنانی چەکی ناوکیدا، بەدەر لەوەی پیادەکردنی ئەم سیناریۆیانە بە ئەزموون لەگەڵ کۆریای باکوور و عێراقی رابردوو بەدەرکەوت زۆر سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام ئەمەریکا و بەشێک لە هاوپەیمانە ستراتیجییەکانی

خوازیارن لەو ڕێگەیەوە لایەنی ئێرانی ناچار بە داخوازییەکانیان بکەن. لێ (د.محەمەد بەرادعی) سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ ڕایگەیاند: ئێران مەترسیی گەورە پەیدا ناکات لەسەر هێمنی جیهان و سەپاندنی سزای ئابووری بەسەر ئێراندا کارێکی خراپە. ئیدارەی ئەمەریکا چوست و چالاک و لە خۆبوردوانە لە کاردایە تاوەکو زۆرترین دەوڵەت قایل بکات بۆ بەشدارییکردن لەگەڵیدا بەمەبەستی توندکردنەوە و قورسترکردنی سزاکانی سەر ئێران لە چەشنی سزا و ئابڵوقەی چڕتری ئابووری و بایکۆتی بازرگانی.

لەو بارەوە (دیڤید سەنگر– هێلین پۆکەر) لە ڕۆژنامەی (نیۆیۆرک تایمز) بەهاوبەشیی نوسیوویانە: برێنز و هەندێک لە بەرپرسانی وەزارەتی دارایی ئەمەریکا هەوڵدەدەن لە ڕێگەی پێشنیاری کۆنسەرڤاتیڤەکانی ئەمەریکا لەمەڕ هێرشی سەربازیی بۆ سەر ئێران پاڵەپەستۆ بخەنە سەر ئەوروپا و روسیا بەمەبەستی فراوانکردنی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران. هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپی بە دەنگ ئەم داخوازییەی ئەمەریکاوە هاتوون و ڕایانگەیاندووە پێویستە سزاکانی سەر ئێران توندتر بکرێت و بوار بە ئێران نەدرێت بەرنامە ئەتۆمییەکەی تەواو بکات. سارکۆزی ڕایگەیاند: ناماقوڵە ڕێگە بدرێت ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، بە بیانووی ئەوەی دەبێتە هۆی دروستبوونی نائارامیی لە ناوچەکەدا (وەک ئەوەی ئێستا زۆر ئارام بێت) داواشی لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی کرد نێزیک ببنەوە لە یەکتر بۆ سەپاندنی سزا بەسەر ئێراندا. لەم نێوەندەدا گۆردۆن براونی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا هاوپشتیی وڵاتەکەی نیشاندا و خوازیاری سزای توندە بەسەر ئێراندا ئەگەر هاتوو ئاسانکاریی بۆ کارەکانی لیژنەی تایبەتی ئاژانسی جیهانی وزەی ئەتۆم نەکرد. هەرچی (ئەنگێلا مێرکڵ) ڕاوێژکاری ئەڵمانیایە لایەنگری بیرۆکەی سەپاندنی سزای تاکلایەنەیە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە لە دەرەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش

بەسەر ئێراندا تا ئەو کاتەی ئەو دەوڵەتە پرۆگرامەی ناوکییەکەی رادەگرێت.

جگە لەوەی ئێران تاراددەیەک ملکەچیی نیشانداوە بۆ بەشێک لە داخوازییەکانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی، هێشتا ئەمەریکا زیاتر پێداگریی دەکات و لایوایە هەنگاوەکانی ئێران وەک پێویست نین و ناتوانن جێگەی دڵنیایی واشنتۆن بن. کۆندالیزا رایس وەک لایەنگرێکی بیرۆکەی توندکردنەوەی سزاکانی سەر ئێران، رایدەگەیەنێت: پێویستە وڵاتانی جیهانی زیاتر هاریکاریی بکەن بۆ سەپاندنی سزا بەسەر ئێراندا. رایس رەخنەی توندیشی لە سیاسەتی حکوومەتی پەکین گرت کە هاوڕا نییە لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی جیهان بە مەبەستی سەپاندنی سزای زۆرتر بەسەر حکوومەتی تاراندا. لە بەرامبەردا ئەحمەدی نەژاد دوای وەبیرهێنانەوەی ئەوەی گەلانی ئێران خۆڕاگربوونە و لە ئایندەشدا هەر بە خۆڕاگریی دەمێننەوە، رایگەیاند: وڵاتەکەی نەرمیی دیکە نانوێنێ پێچەوانەی بنەما نێودەوڵەتییەکان بێت. بەڵگە نەویستە تا دێت سزاکانی سەر ئێران گرانتر دەبن، حکوومەتی تارانیش ناتوانێت زیاتر لەمە نەرمیی و ملکەچی بنوێنێت چوونکە سەروەریی و سەربەخۆیی سیاسیی خۆی لە دەستدەدات، بۆیە سیاسەتی سەپاندنی سزا بە هیچ جۆرێک ئێران ناچار ناکات بۆ دەستهەڵگرتن لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئەویش لەبەر یەک هۆی سادە، چوونکە لەگەڵ جڵەوشلکردنی زیاتر داواکاریی و داخوازیی نەیارەکانی زۆرتر دەبن تا بە تەواوی ئێران چەک دەکەن و ئێرانێکی بێ چەکی پێشکەوتوو و ئەتۆمیش لەسەر لێواری داڕووخان و فەوتاندا دەبێت. کەواتە نەرمی نواندنی زیاتری ئێران جۆرێکە لە خۆکوشتنی سیاسیی.

## ئەگەرەکانی لێدانی گورزی سەربازیی

رەوتی رووداوەکان بە ئاقارێکدا دەڕۆن هەوڵی دیپلۆماتەکان لە

بەرامبەر هەوڵی چڕوپڕی ئەندازیارانی جەنگدا شکستخواردوو خۆ دەنوێنن، تەنانەت ڕێگەی دیپلۆماسی ناتوانێت لە یەک کاتدا لە ڕاژەی هەردوولا بڕواتە پێشەوە. زانیارییەکانی دەرچوو لە کۆشکی سپی و ئیدارەی ئەمەریکییەوە بە ئاشکرا و نهێنی تەئکید دەکەنەوە لەسەر لێدانی گورزێکی سەربازیی لە ئێران، بەڵام کات و ساتی هێرشەکە و ئەو ئامانجانەی دیاریکراون تاریکی و لێڵی زۆریان لەسەرە و بۆ هیچ لایەک روون نین، تاکە شتێک ئاشکرا بێت بنکە ئەتۆمی و سەربازییەکانی ئێران دەبنە ئامانجی پلە یەک. ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکی (سیمۆر هیرش) بە کەناڵی (الجزیرة) ڕاگەیاند: بەدڵنیاییەوە.. بەدڵنیاییەوە پەلاماری هەندێ لەبنکە سەربازییەکانی ئێران دەدرێ. بەپێی هەندێ زانیاریی دیکە کاربەدەستانی سەربازیی ئەمەریکی بە هەماهەنگی لەگەڵ ژمارەیەک شارەزای سەربازیی ئیسرائیلی پێکەوە نەخشەی (کش مەلیک یان ئێران)یان داڕشتووە وەک نەخشەیەک بۆ لێدانی ئێران، ئەم نەخشەیە لەسەر شێوەی یاری شەترەنج وێنا کراوە و لەلایەن سەرۆکی هێزە ئاسمانییەکانی ئەمەریکاوە و بە جێگریی ئەفسەرێکی پایە بەرزی ئیسرائیل سەرپەرشتی دەکرێت، ئەوەش ئاشکرا بووە نەخشەکە بە تەواوەتی داڕژێراوە و تەنیا ماوەتەوە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. کەناڵی (العربیة) وردەکارییەکانی ئەم نەخشەیەی زیاتر ئاشکرا کرد بەوەی بڵاویکردەوە: لە یەک کاتدا لە ڕێی هێرشی ئاسمانیی و دەریاییەوە زیاتر لە ١٠٠٠ ئامانجی ستراتیژیی و ئابووری و سەربازیی ئێرانی دەپێکرێن. بە بڕوای (برژینسکی) ڕاوێژکاری سەرۆک کۆماری پێشووتری ئەمەریکا (جیمی کارتەر) ئامانجەکان لێدانە سەربازییەکانی ئەمەریکا تەنیا هێرش دەبێت بۆ سەر دامەزراوە ناوکییەکانی ئێران. کەواتە هەموو پێشهاتەکان بەرە ئەو ڕێگەیە دەڕۆن (سعود فەیسەڵ) وەزیری دەرەوەی سعودیە پێشبینی کردبوو: ئێران و ئەمەریکا بەرەو جەنگ دەڕۆن. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کەی و

چۆن؟ هێشتا هیچ شتێک روون نییە.

چاودێرانی سیاسیی ئاگادار لە قەیران و تەنگژەی نێوان ئێران و ئەمەریکا هێما دەکەن بۆ ئەوەی جەنگی ئێران جیاوازیی دەبێت لە جەنگی ئەمەریکا لە دژی ئەفغانستان (٢٠٠١) و رژێمی عێراق (٢٠٠٣) چوونکە لەم هێرشانەدا تەنیا هێزەکانی ئاسمانی بەشداریی دەکەن نەک هێزە پیادەکانی سوپای ئەمەریکا. (شۆن هانیتی) لێکۆڵەرەوە لە کەناڵی فۆکس نیوز وێڕای دووپاتکردنەوەی ئەوەی ئەمەریکا لە ئێران دەدات، رایدەگەیەنێت: لە رێگای وشکانی و دەریاییەوە هێرش بۆ سەر ئێران ئەنجام نادرێت، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە هێرشەکان تەنیا هێرشگەلێکی ئاسمانیی دەبن. ئەو هۆکارەی ئەگەری هێرشی ئاسمانیی نەک زەمینی بەهێز دەکات ئەوەیە بەشێکی زۆری سوپای ئەمەریکا هێشتا سەرقاڵی جەنگی عێراق و ئەفغانستانن و رەنگبێ نەیپەرژێتە سەر هێرشێکی زەمینی تر بۆ سەر وڵاتێکی تر، ئەم هەنگاوە لەوانەیە پێچەوانەی رای گشتیی ئەمەریکاش بێت، بۆیە وەک (کاڵ رۆستیچێلا) مامۆستای زانکۆی هارڤارد باسی دەکات ئەمەریکا دەتوانێت تەنیا هێرش و پەلامارێکی بچووک و سنووردار ئەنجام بدات. لەگەڵ ئەوەش من خۆم پێشبینی ئەوە دەکەم ئێران لە رێی زیاتر تێکدانی رەوشی ناوخۆی عێراقەوە، ئەگەری هێرشی سەربازیی و هەوایی لە خۆی دوور بخاتەوە.

سەنتەری لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی راپۆرتێکی هەشتا لاپەڕەیی بڵاوکردووەتەوە و تیایدا هاتووە (هێرش بۆ سەر ئێران لە چەند بەرەیەکی جیاوازەوە روو دەدات، بەڵام هێرشی زەمینی لە ئارادا نابێت، فڕۆکە و موشەکە ئەمەریکییەکان توانای پێویستیان هەیە بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کەمدا ١٠ ٠٠٠ ئامانج لەناو ببەن). لەگەڵ ئەمەشدا تاریکیی زۆر هەیە لەسەر ئامانجە راستەقینەکانی ئەمەریکا کە لە پلان و پڕۆژەیدایە بۆ لەناوبردنیان، ئەمەریکییەکان تاوەکو

نهۆ سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاریی و تاوتوێکردنی ئەو ئامانجانەیە دەبێت لێیان بدرێت، هەندێک بۆچوونیان وەهایە نابێت تەنێ لە بنکە سەربازییەکانی ئێران بدرێت بەڵکو دەبێت سوپای پاسداران لە نێو ئامانجدا بن. لەمبارەوە (دیڤید هێرزنیهۆرن) لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧ راپۆرتێکی پێشکەش بە (نیۆیۆرک تایمز) کردووە و تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا پرۆژە بڕیارێکی پێشکەش کردووە، داوا لە بوش دەکات گاردی شۆڕشگێڕی ئێران بە رێکخراوێکی تیرۆریستی لە قەڵەم بدات، ئاشکراشی کردووە ماوەی چەند مانگێکە ئیدارەی ئەمەریکا دەیەوێت ریبژارییەک بکات لە نێوان ئەوەی سەرجەم رێکخراوی ناوبراو بە تیرۆریست دابنێت یاخۆ بە تەنیا سەرانی هێزی قودس بگرێتەوە؟ دواتر ناوبراو لەو باوەڕەدایە بڕیارەکە هەرچییەک بێت گوزارە لە پتربوونی بارگرژیی نێوان ئەمەریکا و ئێران دەکات لەم دواییەدا.

لەلایەکی ترەوە هەندێک لە پسپۆران و چاودێرانی سیاسیی وێڕای هەستکردنیان بە تەڵەی ئەمەریکا بۆ ئێران، لەو بڕوایەدان ئەو بارودۆخە سەختەی ئەمەریکا لە عێراق و ئەفغانستان تێیکەوتووە و ئەو تەنگژانەی وەپێش کابینەکەی بوش هاتوون یارمەتی ئێران دەدەن و چانسی لێدانی کەم دەکەنەوە، بەڵام هەندێک لەو چاودێرانە بە هۆی باشتربوونی باری عێراق لەم چەند مانگەی دوایدا رای پێچەوانەوانەیان وەرگرتووە و پێیانوایە ئەم پێشکەوتنانە یارمەتی باشی ئەمەریکا دەدەن بۆ ئەوەی ئامادەکاریی پێویست بکەن بۆ جەنگی ئێران، کەوابوو هەر پێشکەوتنێکی بواری ئاسایش لە عێراق وەک (د.عەبدوڵڵا حیجاب) بۆی چووە سەبارەت بە چارەنووسی ئێرانیش یەکلاکەرەوە دەبێت. لەم رووەوە ئێرانییەکان زیاتر دەستوەردان دەکەن لە باری ئاسایشی عێراقدا، رەنگە لە فەلەستین و لوبنانیش قەیران و ئاریشە دروستبکەن، تاوەکوو ڤوکۆسی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی لەسەر ئێران کەمتر بێتەوە

یان ئەگەری پەلاماری سەربازیی سەر ئێران بۆ کاتێکی دوورتر لە هەنووکە دوابخەن یان هەر نەیهێڵن.

لە ئاستی ناوخۆش، هەرچی لایەنی ئێرانییە دەستەوەستان نییە و لە ڕێگەی بەهێزکردنی یەکەکانی سوپا و تەکنۆلۆژیای چەک و کڕینی چەکوچۆڵ بە تایبەت لە ڕوسیا لە ئامادەکاریدایە بۆ وەڵامدانەوەی هەر هێرشێکی چاوەڕوانکراوی سەر وڵاتەکەی. بەرپرسانی باڵای سەربازیی ئێران پێدادەگرن دەتوانن بەرگەی هێرشەکان بگرن و لە توانایاندایە گورزی کاریگەر لە ئیسرائیل و ئامانجە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا بوەشێنن. ئەحمەدی میتاقی فەرماندەی هێزی ئاسمانی ئێران ڕایگەیاند (ئەگەر هێرش بکرێتە سەرمان ئەوە بە یارمەتی خوا دەتوانین وەڵامی بدەینەوە). سوپای پاسدارانیش لە ئامادەباشیدان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێکی پەلاماردان. بۆیە (محەمەد عەلی جەعفەری) سەرکردەی سوپای پاسداران بە متمانەوە وتی: لە تواناماندا هەیە بەرپەچی هەر هێرشێک بدەینەوە و باس لە تواناکانی مووشەکی و ئاسمانی ناکەم، مافی خۆمانە تواناکانمان بەکاربهێین لە ناوچەکە و جیهان، هاوپەیمانانیشمان ئامادەن خۆیان بەخت بکەن لە کاتی هەر هێرشێکی ئەمەریکی ئەگەر بکرێتە سەر ئێران.

خولاسە بارودۆخەکە سەخت و دژوارە، ڕێگە دیپلۆماسییەکان بە بنبەست گەیشتوون، ئەمەریکا بێ چەند و چوون خوازیاری ئێرانێکی بێ چەکی ئەتۆمییە و ئێرانییەکانیش سوورن لەسەر ئەوەی مافی سروشتی خۆیانە ببنە خاوەنی ئەو تەکنۆلۆژیایە، ئەم بارگرژیی و قەیرانە بەرەو یەک ڕێگە دەڕوات: ڕێگەی جەنگ نەک ڕێگەیەکی تر. ئەم جەنگە ئەگەر تەنیا لە بواری هێرشی ئاسمانیشدا بمێنێتەوە ئاڵۆزییەکی گەورە لە خۆرهەڵات و تەواوی دنیادا دروست دەکات لە پێشەوە بۆ گەلانی ئێران. وەک (بیل ڕیچاردسۆن)ی دیموکراتخواز باوەڕی وایە: بڕیاری وەشاندنی گورزی سەربازیی لە ئێران ئاکامێکی تراژیدیی

دەبێت بۆ ئەمەریکا. هەندێکی تر لە سیاسییەکانی ناوەوە و دەرەوەی کابینەکەی بوش لەسەر ئەو رایەن ئەمەریکا تا ئێستا لە زەلکاوی عێراق رزگاری نەبووە تا پەردە لەسەر شانۆیەکی کارەساتباری دیکە هەڵبداتەوە، تەنانەت خودی ناوچەکە بەرگەی ئەم هەموو قەیران و کارەساتە یەک لە دوای یەکە ناگرێت. ئەمە جیا لەوەی مانەوەی ئێران، بەڵام بەو هەژموونە بەهێزەوە نا، لە بەرژەوەندیی خودی ئەمەریکایە و لەسەر تیۆریی گیسکەکەی هەیاس، وەک گورگێک نیشانی وڵاتانی کەنداو و عەرەبی دەدات بەمەبەستی ملکەچپێکردن و دادۆشینی نەوت.

لە واقیعدا زیان و ئاکامە سلبییەکانی جەنگ بە تەنیا شوێنەوار لەسەر ئەمەریکا و ئێران جێناهێڵێت، بەڵکو سنوور و مەودای دەرئەنجامەکانی زۆر لەوە مەزنترن ئێستا پێشبینی و مەزندەی دەکەین. (ستیڤن بیدل) پسپۆڕی ستراتیژیی سەربازیی رایدەگەیەنێت (شەڕی نێوان ئەمەریکا و ئێران بۆ هەموو ئەوانەی تێوە دەگلێن دەبێتە کارەسات، ئەمە بە عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە). هەندێکی تر لە سیاسەتوانان و چاودێران وا تەماشای جەنگی ئێران- ئەمەریکا دەکەن هیچی تر نییە جگە لە دەسپێکی جەنگێکی خوێناویی کە دەکرێت بە جەنگی جیهانی سێیەم ناوزەدی بکەین. (وۆڵفگانگ گرگە) پەرلەمانتار و وتەبێژی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی حزبی سۆسیالیستی ئەڵمانیا لە لایەنگرانی ئەم بۆچوونەیە و بیروڕای خۆی لەو بارەوە بۆ سایتی (ئینتخاب) دەربڕیوە و دەڵێت: خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرمیلێکی تەقەمەنی دەچێت ئەگەر تەقینەوەیەک یان شەڕێکی ئەوتۆ لە ناوچەکەدا دروست ببێت هەموو ناوچەکە دەگرێتەوە. من لەوە دەترسم نەتوانین لە داگیرسانی ئەو شەڕە نەگریسە رێگە بگرین و بەو هۆیەوە شەڕێکی جیهانگیر کە دەکرێت بە جەنگی سێیەمی جیهانی ناوی بەرین سەرهەڵبدات.

کەوابوو بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە بە سەختی و دژوارییدا

تێدەپەڕێت و ئەگەری جەنگێکی سەرتاپاگیر و پابەند بە چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی نێوینەوە چاوەڕێ دەکرێت، چوونکە کاربەدەستانی سیاسیی ئەمەریکی بە کۆماریی و دیموکراتخوازەوە سوورن لەسەر لێدان و گورز وەشاندن لە ئێران، بەم هۆیەوە شکستی بوشی کوڕ لە هەڵبژاردنەکانی ئەمساڵدا هیچ ئومێدێکی خێری بۆ ئێران تیا نەماوە، چون ئەگەر دیموکراتەکان تێڕوانینیان سەبارەت بە ئێران لە تێڕوانینی کۆمارییەکان شێلگیر و توندتر نەبێت بێگومان نەرم و نیانتر نییە!. هێلاری کلینتۆن وەک کاندیدای حزبی دیموکراتی ئەمەریکا هەر لە هەنووکەوە رایدەگەیەنێت تاکە رێگە بۆ چارەسەری دۆزی ئەتۆمی ئێران وەشاندنی گورزی سەربازییە. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم راستییانەدا دەگەینە ئەو راستییەی ئەگەری لێدانی سەربازیی و گورز وەشاندن لە ئێران نزیک و بەهێزترین ئەگەرە، خۆ ئەگەر یەکەم ئەگەر نەبێت بێگومان دوا ئەگەر نییە. ئەوەی چەند زەمینەکە پێچەوانە دەبێتەوە دەکەوێتەوە سەر زیرەکیی ئێرانییەکان.

## ئایندەی قەیرانی ئەتۆمی ئێران

سیناتۆر هێلاری کلینتۆن پاڵێوراوی دیموکراتەکان بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە دیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (یدیعوت ئاحرانۆت) ئیسرائیلی رایگەیاند: بۆ هەر چاوپێکەوتن و پەیوەندییەک لەگەڵ سەرانی حکوومەتێکی وەک ئێران مەرجی قورسیان بۆ دادەنێین چون ئێران حکوومەتێکی سەرەڕۆ و پێست ئەستوورە، ئەمە بە لای ئێمە و کۆمارییەکانەوە یەک پێناسە و هەڵوێستی هاوبەشمانەوە. ئاشکرایە مەرجە قورسەکانی هێلاری هێمای بۆ کردوون مەرجگەلێکن ئێران قبووڵیان ناکات، بەمەش رێگە دیپلۆماسییەکان ڕووبەڕووی شکست و نسکۆ دەبنەوە. لە کاتێکدا دەزانرێت کاروانی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتدا بەبێ وجود و بەشداریی ئێران ناتوانێت بگاتە جێ، چوونکە ڕۆڵی

ئێران لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکە هێندە بەهێزە ناتوانرێت بەئاسانی بەلاوە بنرێ.

نووسەری تورک (ئیلنور چەڤیک) زیاتر ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا ڕوون دەکاتەوە و دەنووسێت: لە رابردوودا بیروباوەڕێکی باو هەبوو کە ناتوانین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جەنگێک بەرپا بکەین بێ میسر و ناتوانین ئاشتی بەرقەرار بکەین بێ سوریا، زۆربەی زۆری ئەمە راستە، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا ناتوانرێت هیچ ئاشتییەکی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا دروست بکەین بێ پشکداریی ئێران. نووسەر لەدرێژەدا دەنووسێت: وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەبێت واقیعبین بێت و بزانێت بێ ئێران ناتوانرێت لە ئایندە بڕوانرێت و چارەسەرێکی دادپەروەرانە و هەمیشەیی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا مسۆگەر بکرێت. بێ دوودڵی لە بەرچاو نەگرتنی ڕۆڵی کارای ئێران و بەهێزیی پێگە و گرنگی هەڵکەوتەی جوگرافیی ئەو کۆمارە و کارتێکردنی لەسەر ناوچەکە، مایەی فەرامۆشکردن نین کە وا ئەمەریکا دەیەوێت ئەو پێگەیە لاواز بکات، ئەمەش لە رێی داپچڕینی پەیوەندیی دیپلۆماسی و بازرگانی لە سەرەتادا و دواتر دابڕینی پەیوەندیی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی تا ئێران لەبازنەیەکی داخراودا گەمارۆ بدات، هەروەک پێشتر لە ساڵی ١٩٩٠ لە دژی سەدام لە کاتی داگیرکردنی کوەیتدا پێی هەستا. وەک لە پێشتردا وتمان لایەنی ئێرانی بەدەر لەوەی مکوڕن لەسەر هەوڵ و هەڵوێستەکانیان لەمەڕ پیتاندنی یۆرانیۆم لایەنگریی لە ڕێگەچارەی دایەلۆگ و ئاشتییانە دەکەن و ئەم هەستەی خۆشیان نەشاردۆتەوە و لە چەندین بۆنە و جێگەی جیاجیادا ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ چارەسەری کێشەکە بەرێگەی دانوستان، بەڵام ئەمەریکییەکان باس لەوە دەکەن تا ئەو شوێنە ئامادەی دایەلۆگن ئەگەر ئێران بەرنامە ئەتۆمییەکەی رابگرێت.

تەنانەت ئێرانییەکان ساڵی ٢٠٠١ لە کاتی داڕووخانی ڕژێمی

تاڵیبان خوازیاری دایەلۆگ و ئاشتی بوون لەگەڵ ئەمەریکا!. وەکوو (جەیمز دابینز) لە کاتی کۆبوونـەوەی «بـۆن» کە بۆ ڕێکخستنی تازەی سیاسیی ئەفغانستان گرێدرابوو لە نزیکەوە دەرکی بە کارایی و شارەزایی ئێرانییەکان کرد بە تایبەتی لـەوەدا ئێرانییەکان هانی ئەندامانی بەشداربوویان دەدا بە بەرژەوەندیی سیاسەتی ئەمەریکی. (دابینز) وتی: ئێرانییەکان تەنانەت پێشنیاری پەیوەندیی باشتریشیان هێنایە ئاراوە و خوازیاری ئەوەبوون لە ڕێگەی من و کەسانی ترەوە قسەی لەسەر بکرێ، بەڵام هەرگیز وەڵامیان وەرنەگرتەوە. زۆر بە کورتی ئایندەی قەیرانەکە تەنیا چاوەڕێی ڕووودانی جەنگی لێدەکرێت، سیاسەتی ئەمەریکی لەمەڕ ئێران سیاسەتێکی دیارە کە دژایەتی و لاوازکردنی پێگەی ئێرانە لە ناوچەکەدا وەک ڕێگرییەک لە هەوڵە پاوانخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی و تموحاتیان لە ڕۆژهەڵاتی نێویندا، چوونکە ئێران ڕێگرە لە بـەردەم خەونەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، بۆیە ئەگەر کۆنگرەی (ئەناپۆلیس) دیوێکی کورتکردنەوەی دەستی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئێران بێت بەتایبەت لەفەلەستین، ئەوە شکستپێهێنان بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی و لێدانی سەربازیی لەڕەگەوە دەرکێشانی دەستی ئێرانە لە سیاسەتی نێوخۆی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێویندا. دواجار پێویستە بڵێین ئایندەی قەیرانەکە ئاوسە بە چەندان قەیرانی تری کارەساتبار و مەزنتر.

## تەنگژەی ئێران و ناکارایی ئۆپۆزیسیۆن

سەڕەرای ئەوەی پەیوەندیی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕووی لە ئاڵۆزیی و گرژیی زۆرتر کردووە، ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بە فارس و عەرەب و کورد و بەلوجەوە ناکارا و بێ دەور و تەئسیرن لە هەڵکشان و داکشانە نێوخۆییەکانی ئێران، هیوای ئەمەریکا بە ئۆپۆزیسیۆن زۆر کاڵ و لاوازە، بـەڵام هێشتا ناو بەناو یارمەتی

بەشێک لەو ئۆپۆزیسیۆنە دەدات. ئیدارەی ئەمەریکا پشتیوانی لە ڕێخراوی (مجاهیدینی خەلق) دەکات بەوەی هەم ناوی لە لیستی ڕەشی گروپە تیرۆریستییەکان «بلاک لیست» دەرهێناوە، هەم پارێزگاریی لێکردوون لەبەرامبەر هەر هێرشێکی تۆڵەسێنەرانەی شیعەکانی عێراق، چوونکە دەیەوێت لە پاشتردا بۆ دژایەتیکردنی ئێران سوودی لێ وەربگرێت، لەوانەشە ئەمەریکا بەهەڵەدا چووبێت چوونکە ناچێتە ئەقڵەوە مجاهیدینی خەلق ئەو نفوز و هێزەی هەبێت شتێکی لە واقیعی ئێراندا پێبکرێت، تەنانەت ئەمە نموونەی (ئەحمەد چەلەبی)مان لەعێراق بیر دەخاتەوە کە پاڵەوانی نزیکی کۆشکی سپی بوو پێش ڕووخانی بەعس، کەچی دوای ساڵی ٢٠٠٣ سیما ڕاستەقینەکەی دەرکەوت وەک بێ نفوزترین کەسایەتی سیاسیی و بە هەموو شێوەیەک ڕۆڵی لەسەر شانۆی ڕووداوەکانی عێراق سڕایەوە. هەرچی لایەنە چەپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە بە چاوی ئیمپریالیزم و دیدگا کلاسیکییەکەوە لە ئەمەریکا دەڕوانن وەلێ خوازیاری هەر جۆرە گورزوەشاندنێکن لەئێران کەچی خۆیان لەنزیکبوونەوە لەئەمەریکا دەپارێزن، لەسەرێکی ترەوە جەماوەری چەپەکان بەردەوام ڕووی لە کەمی و دابەزینە و کەمترین کارتێکردنیان بەسەر ناوخۆی وڵاتەکەیانەوە ماوە.

لایەنەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی کورد سەرباری هەر نەزەر و تێبینییەکیان لەمەڕ نیەتی ئەمەریکا و مەبەست و جۆری گورزوەشاندن لە ئێران پێشوازیی لەهەر لێدانێکی سیاسیی و سەربازیی دەکەن، بەڵام لەباری واقیعییەوە بێ توانان لە جۆشدان و خرۆشاندنی جەماوەری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەموو هیوایەکیان بە هەنگاوەکانی ئەمەریکاوە گرێداوە تا ئەو ڕاددەیەی (عەبدولڕەحمانی حاجی ئەحمەدی) سەرۆکی پژاک لە واشنتۆن وتی: ئەمەریکا بۆ ئێمە محەمەدی مەهدییە. لەلایەکی ترەوە پارتەکانی کورد لە ڕۆژهەلات پەرش و بڵاو و ناڕێکخراون بە تایبەت دوای ئەوەی

هەموو هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی ناکام مانەوە بەڵکو سەد پلە بەپێچەوانەوە جیابوونەوە و پەرتبوونی پارتەکان لەم دوو سێ ساڵەی دواییدا بووەتە سیمای ئەم قۆناغەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی رۆژهەلات، لە حزبی دیموکراتەوە بیگرە تاکوو هەردوو کۆمەڵەکە و پارتی ئازادیی کوردستان. (عەبدوڵڵای حەسەن زادە) وێڕای ئەوەی بەدووری دەگرێت هەمان سیناریۆی عێراق لە ئێران دووبارە بێتەوە، لە بارەی پەرش و بڵاویی هێزە کوردییەکانەوە دەڵێت (ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ئێران وەک ئەوە نییە لە عێراق هەبوو، لێرە لە عێراق وێڕای کەمێک ناکۆکی نێوان هێزە کوردییەکان، بەڵام لە بەرەی کوردستانیدا یەکڕیز و بەهێز خۆی رێکخستبوو). زۆر بە کۆنکرێتی و راشکاویی پێی لێدەنێین ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە ئۆپۆزیسیۆنی هەموو پێکهاتە ئیتنیی و جۆراوجۆرەکانەوە لە هەر پێشهاتێکی نوێدا سەبارەت بە ئایندەی وڵاتەکەی نەک پێشەنگ و پێشڕەو نییە، بەڵکو لە دوای رووداوەکانەوەیە و چاوەڕێی مشتەکۆڵەی هێزی دەرەکی دەکات بەو کارە هەستێت کە لە بنەڕەتدا ئەرکی سەرەکی خۆیەتی. خولاسە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دۆڵێکدایە و ئاڕاستەی سیاسەت و رووداوەکان لە دۆڵێکی تردا و هەرگیز بە یەک ناگەن.

## ئەنجامگیریی

(جەنگیز کاتماز) سەرنووسەری (ئۆزگوور گوندەم) لە ئیستانبۆڵ لە دیمانەیەکیدا وتی: ئێران سێ رێگەی لە بەردەمدایە. یەکەم:هەر لە ئێستاوە ملکەچی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان بێت و بێ مەرج رادەست بێت، کە تا ئێستا بە هیچ کلۆجێک رەزامەندیی بۆ ئەم خاڵە نیشان نەداوە. دووەم: زمانی هەڕەشە و هزری کۆنەپەرستی و ئۆلیگاریشی خۆی بگۆڕێت و لە سەرەتادا گۆڕانکاریی لە رەوتی نەژاد و رەگەزپەرستی و بونیادگەرایی ئاینی بکات و بڕوای خۆی بە دیموکراسییەت پتەوتر

بکات، کە لە سەرەتادا پێویستە ئازادییە گشتییەکان و مافی گەلی کورد و کەمایەتییەکانی دیکە بخاتە بن گرەنتییەوە، ئەمەش باشترین ئەڵتەرناتیڤە بەڵام تاکوو ئێستا هیچ نیشانەیەکی قبووڵکردنی ئەم خاڵە دیار نییە. سێیەم: چارەنووسی سەدام، کە نیشانە و هۆکارەکانی ئەم خاڵە زۆرترن و جیاوازییەکی لەگەڵ ئەحمەدی نەژاددا نییە، ئەگەر بیەوێ بەشێوەیەک گەلانی ئایندار فریو بدات و لە دەوروبەری خۆی کۆیان بکاتەوە بەڵام بەم ڕێگایەش دەتوانێ هێندێک لە تەمەنی سەدام درێژتر بێت.

بارودۆخی ئێران بە کەمێک جیاوازییەوە هەمان بارودۆخی عێراقی سەدامی دوای گەردەلوولی بیابانمان بیر دەخاتەوە، کە ڕادەستبوون بە ویستەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕادەستنەبوونی یەک ئەنجامی هەبوو: ئەویش مەرگی تاهەتایی ڕژێمی سەدام. ئەمجارە مێژوو کتومت دووبارە دەبێتەوە و هەمان ئەزموونی عێراق بە هەندێ جیاوازییەوە بەرۆکی دەستەڵاتی فەرمانڕەوایی ئێرانیشی گرتووەتەوە. لەراستیدا ڤوکۆسی دوژمنایەتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکی لەسەر ڕژێمی ئێرانە، ئەگەر ئەم فشار و لێدان و کەنارگیرکردنەی ئێران ڕووخانی ڕژێمەکەشی بەدەمەوە نەبێت بێگومان ئەو ئەفسانە و جادووە هەڵدەوەشێنێتەوە کە ناوی کۆمارێکی ئیسلامی بەهێز و هەژموونخوازە، ئەم گوشارانە ئیدی نەک ئەوەی نایەڵێت هەنگاوەکانی هەژموونخوازیی تەفعیل بکات بەڵکو لە ڕێی زەبروزەنگێکی سەربازییەوە دەیباتەوە قاوغەکەی خۆی و سەرانی کۆماریش بەوە ڕازین هەر هیچ نەبێت دەستەڵاتیان لەنێو جوگرافیای ئێراندا بە سەقامگیریی بمێنێتەوە. دوای نەمانی سەدام و تاڵیبان، چاوی گۆڕانکاریی ئەمەریکیی لەسەر ئێران و ڕژێمەکەیەتی، چوونکە هەم تەمەنێکی کردووە و هەم پەلی هاویشتووە بۆ سنوورێکی بەربڵاوی ناوچەکە، کاری ئەولەویی سەبارەت بە کارنامەی سیاسیی کابینەکانی داهاتووی ئەمەریکا

له قۆزاخەنانی ئێران و بڕینی پەلوپۆکانێتی له هەنگاوی یەکەمدا و لەناوبردنی رژێمی مەلاکانی تارانه له دوا هەنگاوی ئەو پرۆسەیەدا، ئەمەش رەنگه کات لەوه زۆرتر ببات لەوەی ئێمه چاوەڕوانی دەکەین. ماوەتەوه بڵێین قەیرانی ئەتۆمی زیاتر له شەمەندەفەرێکی خێرا دەچێت کۆماری ئیسلامی ئێران له وێستگەی مەرگی سەرمەدیی دادەنێت، لەوانەیه پێچەوانەکەشی بهێنێته دی!! چوون هیچ شتێک له سیاسەتدا موستەحیل نییه.

*ئەم وتاره شیکارییه پێش ده ساڵ، له ژماره (٤٧) گۆڤاری (نێوەند) له جێنیوەری ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوبووەتەوه.

## بەشی نۆیەم
## دوای تیرۆری بۆتۆ.. پاکستان بەرەو کوێ؟

لە رۆژی٢٧ کانوونی یەکەمی رابردوو لە ئەنجامی کردەوەیەکی تیرۆریستیدا (بێنەزیر بۆتۆ)ی سەرۆک وەزیرانی پێشووتر و سەرۆکی پارتی گەلی پاکستان کوژرا. ئەم تیرۆرکردنە لە وەختێکدا بوو کۆمەڵگە ١٦٠ ملیۆن کەسییەکەی پاکستان سەرەڕای چاویان لە ئایندەیەکی سیاسیی نوێتر بڕیبوو، لە ئامادەکارییشدا بوون بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێی سەرتاسەری لە وڵاتەکەیاندا کە وا پێشبینی دەکرێت بەهۆی تیرۆری (بۆتۆ)وە ئەنجام نەدرێت یان بۆ زۆر دوورتر دوا بخرێت. رووداوی تیرۆرکردنی بۆتۆ جگە لەوەی لە ئاستێکی بەرین و جیهانیدا دەنگی دایەوە لە هەمان کاتیشدا رووداوێکی زۆر گرنگ و کارەساتێکی زۆر هەستیار بوو سەبارەت بە داهاتووی سیاسیی پاکستان کە دەتوانین بێژین بەم تیرۆرە سیاسییە ماشێن و رەوتی دیموکراسی لە وڵاتی پاکستان لە وەستان کەوت. ئەوەی لێرەدا گرنگە باس بکرێت داخۆ ئەم رووداوە ژینگەی رامیاریی پاکستان بەرەو کوێ رادەکێشێت؟ ئایا کێ لە پشتی ئەم تیرۆرکردنەوە راوەستاوە؟. فاکتۆرەکانی تیرۆری بۆتۆ چین و لە دوا ئەنجامدا بە قازانجی کێ دەشکێتەوە؟. هەموو ئەم پرسیارانە کۆمەڵێک پرسیاری جیددین دەشێ بە مێشکی زۆرینەماندا دروست بوبێت و بە دوای وەڵامەکەنیاندا بگەڕێین.

## بیۆگرافیای بێنەزیر بۆتۆ

بێنەزیر بۆتۆ لەبنەماڵەیەکی نێودار و لە کەشوهەوایەکی سیاسیی و ژینگەیەکی بزۆز و پڕ جموجۆڵ و ململانێی رامیاریی زۆر گەورەدا لە رۆژی ٢١ تەمموزی ساڵی ١٩٥٣ لە باوکێکی پاکستانیی رەسەن و دایکێکی بە رەگەز کورد (بیگم نوسرەت بۆتۆ) کە لە بنەڕەتدا لە کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بووە لە دایکبووە و خۆیشی لە یەکێک لە چاوپێکەوتنە رۆژنامەوانییەکانیدا باسی لەو رەچەڵەکە کوردییەی خۆی کردبوو. خوێندنی باڵای لە بواری ئابووری و سیاسیی لە هەردوو زانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانی و زانکۆی هارڤاردی ئەمەریکی تەواو کردووە. لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا بۆتۆ لەساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ گەورە بازرگانی پاکستانی (ئاسەف عەلی زێرداری) چووەتە ژیانی هاوسەرییەوە کە لە ئەنجامی ئەو پرۆسەیەدا بووەتە خاوەنی سێ کوڕ. باوکی (بێنەزیر) زولفەقار عەلی بۆتۆ (١٩٢٨-١٩٧٩) کەسایەتییەکی سیاسیی کاریگەر و ناسراو و دامەزرێنەری پارتی گەلی پاکستان بووە و لە ماوەی ساڵانی ١٩٧١-١٩٧٧ لە پۆستی سەرۆکایەتی پاکستاندا دەست بەکاربووە. پاشان ژەنەراڵ (زیائولحەق) بە کودەتایەکی سەربازیی بۆتۆی باوکی لەسەر کار لابرد و تەنها دوای تێپەرینی دووساڵ بەسەر کودەتاکەیدا زیائولحەق فەرمانی لە سێدارەدانی بۆتۆی باوکی جێبەجێکرد. ئەوکات بێنەزیر لە دەرەوەی وڵات دەژیا و ئەم رووداوە وەهای لێکرد بڕیاری گەڕانەوە بۆ پاکستان بدات، لەگەڵ گەڕانەوەیدا بە هاوکاریی دایکی لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا سەرکردایەتی پارتی گەلی پاکستانی بەدەستەوە گرت کە لەلایەن باوکییەوە دامەزرابوو، هەر لەسەرەتاشەوە وا پێشبینی دەکرا سەرکردەیەکی سیاسیی ئەکتیڤی لێدەربچێت و رەنگی سیاسەت و حکوومەت لە پاکستاندا بگۆڕێت.

دیڤید ئیگناتۆس، کە لە سەردەمی خوێندکاریی هاوڕێی بێنەزیر

بووە لەو بارەیەوە یادداشتەکانی خۆی لەگەڵ بۆتۆدا باس دەکات و دەنووسێت (لە بیرمە کاتێک بە یەکگەیشتین ئەو خوێندکار بوو لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە چوارچێوەی گفتوگۆیەکدا بەشێوەیەکی بەرچاو دەرکەوت، ئەو تیشێرتی لەبەردابوو کە وێنەی زمانێکی تیژی تێدا بوو، لەو ساتەوە بۆچوونێکم لا دروست بوو: کە سیاسەت لە پاکستان وەک خۆی نامێنێت کاتێک ئەم کچە بە توانایە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی). بێگومان دەرکەوتنی سیاسیی بێنەزیر دەگەڕێتەوە بۆ دوای کوژرانی باوکی، لەو مێژووە بە دواوە وەک سیاسییەکی چالاک و ژنێکی بە توانا و چەلەنگ سەرکردایەتی پارتەکەی باوکی دەکرد و کاریگەریی و مۆرکی خۆی لەسەر پاکستان دانا وەک ڕێبەرێکی سیاسیی و سەرکردەیەکی بەرهەڵستکاریی خاوەن هێز و بنکەی جەماوەریی. خۆی لە خۆیدا هەڵکەوتنی ژنێک بەو کاریگەرییە سیاسییە لە کۆمەڵگەیەکی پاشکەوتووی وەک پاکستان کە مافەکانی ژن و بەشداریی سیاسیی ژن تێیدا لە ڕەوشێکی ئێجگار خراپدایە، دیاردەیەکی دەگمەنە و بەڵگەیەکیشە لەسەر لێهاتوویی سیاسیی بۆتۆ، جا ئەوەی سیاسەتەکانی تاکوو چەند خزمەتی بە مرۆڤ و بردنە پێشەوەی کۆمەڵگەی پاکستان کردووە، بابەتێکی ترە.

ئەم کاراییەی بێنەزیر وەهای لە ژەنەراڵ (محەمەد زیائولحەق)ی سەرۆکی ئەوکاتەی پاکستان کرد لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٤ بۆتۆ بخاتە ژێر چاودێریی و دەستبەسەری ئیجبارییەوە، بەڵام بۆتۆ توانی هەلێک بەدەست بهێنێت و لەهەمان ساڵدا بە ناچاریی پاکستان بەرەو وڵاتی بەریتانیا بەجێبهێڵێت و ماوەی دوو ساڵ لەوێ بمێنێتەوە، تا جارێکی تر لە ساڵی ١٩٨٦ دەرفەتێکی تر دەدۆزێتەوە بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی و لەم هەوڵەشدا سەرکەوتوبوو، لەگەڵ گەڕانەوەی ئەمجارەدا توانی بە فۆرمێکی کارا و زیرەکانە ریزەکانی پارتەکەی ڕێکبخات و بە توندیی بەگژ گووشارەکانی دەوڵەتدا بچێتەوە. دوای ئەوەی

لەساڵی ١٩٨٨ ژەنەراڵ (زیائولحەق)ی سەرۆکی پاکستان لە ئەنجامی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە گیانی لە دەستدا، لە هەڵبژاردنەکانی ئەو ساڵەدا پارتەکەی بۆتۆ بە ڕێژەی زۆرینە و بەهاوکاریی و هاوپەیمانیی چەند پارتێکی تری پاکستان دەستەڵاتی بە دەستەوە گرت و بەو جۆرە بێنەزیر وەک تاکە ژنێکی موسڵمان بۆ یەکەم جار لە مێژوودا سەرۆکایەتی وڵاتێکی ئیسلامی تاکوو راددەیەکی زۆریش دواکەوتووی بەدەستەوە گرت، بەڵام دوای تەنیا ٢٠ مانگ لە فەرمانڕەوایی بۆتۆ وەک سەرۆکی وڵات، (غوڵام ئیحسان خان) متمانەی لێوەرگرتەوە و لە پۆستی سەرۆکایەتی لایدەدات، لە هەمان کاتدا تاوانباری دەکات بە کەمتوانایی و خراپ بەکارهێنانی دەستەڵات و گەندەڵی ئیداریی و بەفیڕۆدان لەلایەن خۆی و هاوسەرەکەیەوە، بەڵام بۆتۆ بڕیاریدا بۆ خولێکی نوێی هەڵبژاردن خۆی ئامادە بکات، لەم روانگەوە کەوتە ئامادەکاریی بەهێز و ڕێکخستنەوەیەکی کارای حزبەکەی.

دوای نزیکەی سێ ساڵ و لە ساڵی ١٩٩٣ جارێکی تر پارتەکەی بۆتۆ سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنایەوە لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەمە دەرفەتی دایەوە بە بێنەزیر بۆ خولێکی تر لە پۆستی سەرۆکایەتی پاکستاندا بمێنێتەوە، بەڵام لەمەڕ شێوەی کابینەی نوێی حکوومەت ناکۆکییەکی قووڵ لەنێوان بۆتۆ و مورتەزای برایدا کە دایکی پشتیوانیی لێدەکرد سەریهەڵدا، دوای ماوەیەکی کەمیش لە هەلومەرجێکی نادیار و تەمومژاویدا لە ساڵی ١٩٩٦ مورتەزا تیرۆرکرا، هەموو بەڵگە و ئاماژەکان لە دژی هاوسەری بۆتۆ بوون وەک بکوژ و پلاندانەری پرۆسەی تیرۆکردنی برای بۆتۆ. لە ساڵی ١٩٩٧ بۆتۆ هەڵبژاردن دەدۆڕێنێت و بە گەندەڵی ئیداریی و بەکارهێنانی دەستەڵاتەکەی بە سوودی خۆی و بنەماڵەکەی تۆمەتبار دەکرێت. دواتریش لە ساڵی ١٩٩٩ ژەنەراڵ (پەروێز موشەڕەف) بە کودەتایەکی سەربازیی دەستەڵاتی پاکستانی گرتە دەست و لە هەمان ساڵیشدا بۆتۆ لەژێر باری ناچاریی لە پاکستان

هەڵهات و ماوەی هەشت ساڵی تەواو ژیانی لە تاراوگەکەیدا بەسەر برد تا ئەو کاتەی بە لێبوردنێکی گشتیی لە ئۆکتۆبەری رابردوودا گەڕایەوە بۆ پاکستان. سەرەڕای ئەوەی بۆتۆ بە گەندەڵی تۆمەتبار کرابوو، بەڵام ساڵی ٢٠٠٥ تۆمەتەکان نەسەلمێنران و دەربازی دەبێت لە هەر پرۆسەیەکی لێپرسینەوە و سزادان بۆیەکا بڕیاریدا جارێکی تر خۆ ئامادە بکاتەوە بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن. بەشێوەیەکی گشتیی بۆتۆ رۆڵی کارای هەبوو لەسەر ئاڕاستەی سیاسیی لە پاکستان و یەکێک لەلایەنگرانی دەستاودەستکردنی دەستەڵاتی سیاسیی و عەلمانیەت و سیاسەتمەدارێکی ژیر و ژنێکی نموونەیی بوو، هەرچەند خودانی شەقڵ و تایبەتمەندیی سیاسیی خۆی بوو، بەڵام وەک لە کتێبەکەیدا (کچی قەدەر – ١٩٨٩) باسی کردووە لە زۆر لایەنەوە کارتێکردنی هزریی و سیاسیی باوکی لەسەر بووە کە دەتوانین بڵێین بریتییە لە هزری دیموکراسی و عەلمانیەت لە پاکستاندا.

## رۆڵی ئەمەریکا لە گێڕانەوەی بۆتۆ بۆ پاکستان

پاکستان لە سەردەمی دەستەڵاتی موشەڕەف هیچ گەشەکردنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە نەبینی بە پێچەوانەوە لە مانگی مارتی ٢٠٠٧ نارەزایی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پاکستانی بە زەبروزەنگ و ئاگر دامرکانەوە و لە مانگی تەممووزیش هێزەکانی هێرشیان کردە سەر مزگەوتی سوور و بە توندیی لە نەیارەکانی دا، پاشان لە رۆژی ٣ئابی ٢٠٠٧ موشەڕەف باری نائاسایی راگەیاند!. سەرباری ئەم بارە فرە ئاڵۆزە بۆتۆ بڕیاری دا لە دوای هەشت ساڵ ژیانی لە تاراوگە بگەڕێتەوە بۆ پاکستان هەرچەندە پێشبینی تیرۆرکردنیشی دەکرد. لە رۆژی ١٨ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧ بۆتۆ بە قورئانەکەی دەستییەوە لە فڕۆکەخانەی کەراچی لەنێو ئاپۆرایەکی بێشوومارى جەماوەر و چەپڵەڕێزان و پێشوازیی گەرمی کەرنەڤاڵ ئاسای لایەنگرانیدا دابەزی

تا لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانی سیاسیی لە وڵاتەکەیدا هەڵبداتەوە، بێگومان ئەم گەڕانەوەیە لەسەر ویست و بە ئیعازی سیاسیی ئەمەریکا بوو. لەو بارەوە رۆژنامەی (نیۆیۆرک تایمز) نووسیوویەتی (ئەمەریکا رۆڵی سەرەکی هەبووە لەو رێککەوتنەی نێوان بۆتۆ و موشەڕەف بە مەبەستی گێڕانەوەی بۆتۆ بۆ وڵاتی پاکستان). ئامانجی هەرە سەرەکی و پلە یەکی بۆتۆ لەو گەڕانەوەیدا بۆ وڵاتەکەی بە مەبەستی خۆ سازدان و رێکخستنی ریزەکانی پارتەکەی بوو بۆ بەشدارییکردنی هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراوی پاکستان، هەر لەگەڵ گەڕانەوەیدا رایگەیاند پارتەکەی بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکات و بەرنامەیەکی تۆکمەی بۆ ئەو مەبەستە ئامادە کردووە.

فەیسەڵ داغلی، لەو ساتانەدا دەربارەی گەڕانەوەی بۆتۆ نووسی (ئێستا بە تایبەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە پاکستان دەخوازێت پێڤاژۆیەکی نوێ دەست پێبکات و دەستەڵاتیش لەنێوان موشەڕەف و بێنەزیر بۆتۆ دابەش بکرێت، لەبەرئەوە بێنەزیر بۆتۆ لە تاراوگە گێڕدرایەوە). لە راستیشدا خواست و ئامانجەکانی بۆتۆ هەمان ئەو خواست و ئامانجانە بوو ئەمەریکا خوازیاری بوو چ لەنێو پاکستاندا چ لە دەوروبەری پاکستان، بە تایبەتی لە دژایەتیکردنی رەوتە توندئاژۆ ئایینییەکان (بزوتنەوەی تاڵیبان و ئەلقاعیدە). د.شاکر ئەلنابولسی، دەنووسێت (هەموو کەس دەیزانی بێنەزیر بۆتۆ سەرۆک وەزیرانی پێشووی پاکستان و سەرکردەی پارتی گەلی پاکستان و کچی سەرکردەی پاکستان زولفەقار عەلی بۆتۆ ١٩٢٨-١٩٧٩ کە لە تاراوگەکەی خۆی لە ئیمارات دادەنیشت، دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٩دا پاکستانی بەجێهێشت، یەکێک بوو لە لایەنگرانی سیاسەتی ئەمەریکا لە پاکستان و لایەنگرانی عەلمانیەت لە پاکستان هەروەها یەکێک بوو لە سەرسەختترین دوژمنانی سیاسیی ئەو حزبە ئاینییانەی پاکستان کە تاڵیبان و ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان بە درێژکراوەیان دادەنرێن).

تەنانەت بۆتۆ بەم دواییانە و پێش گەڕانەوەی بۆ پاکستان ڕایگەیاند: ئەگەر جارێکی تر لە پاکستاندا دەستەڵات بگرمەوە دەست ڕێگە بە سوپای ئەمەریکا دەدەم لەنێو پاکستاندا بە شوێن ئەندامانی تاڵیبان و ئەلقاعیدەدا بگەڕێت. ئامانجی گێڕانەوەی بۆتۆ بە لای ئەمەریکاوە بۆ ئەوەبوو ڕۆڵی هەبێت لە دیموکراتیزەی پاکستان و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان. بە کورتی ئەمەریکا لە پشتی کەوالیسەوە جوڵێنەری بێنەزیر بۆتۆ بوو یان بە واتایەکی تر ئەمەریکا دەرهێنەری ڕاستەقینەی شانۆی سیاسیی پاکستان بوو، (بێنەزیر بۆتۆ)ش لە پێناوی بەدەستهێنانی جارێکی تری سەرۆکایەتی وڵاتەکەیدا ئامادەیی تەواوی نیشاندابوو یارمەتی بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجییەکانی ئەمەریکا بدات لە پاکستان و چواردەوریدا. ئەمەش پلانێکی هاوبەشی ئەمەریکا و بۆتۆ بوو بۆ سیناریۆکانی داهاتووی پاکستان.

**کێ بۆتۆی تیرۆر کرد.. موشەڕەف یان ئەلقاعیدە؟**

لە ڕۆژی گەڕانەوەی بۆتۆ بۆ پاکستان لە ١٨ ئۆکتۆبەری ڕابردوو لە شاری کەراچی دوو تەقینەوەی گەورە ئەنجامدران و بەدەیان کەس کە زۆربەیان لە لایەنگرانی بۆتۆ بوون کوژران، بەڵام ئامانجی سەرەکی (بۆتۆ) بەخت یاوەری بوو بە سەلامەتی و بێ زیان ڕزگاری بوو. دواتر ئامارەکان تەئکیدیان کردەوە لەو دوو تەقینەوەیەدا زیاتر لە ١٣٥ کەس کوژراون و ٥٠٠ دیکەش برینداربوون، لێ ئەلقاعیدە بەرپرسیارێتی خۆی لە تەقینەوەکان ڕاگەیاند، بەڵام بۆتۆ زیاتر گومانی لە دەزگا ئەمنیی و چەکدارەکانی دەوڵەت بوو و وەهای بۆ دەچوو پلانی ئەو تەقینەوەیە لە ژێر سەری خودی (موشەڕەف)دایە. بۆتۆ لە ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/١٤ لەو نامەیەی بۆ (CNN) ناردووە ئاشکرای کردووە پۆلیس بە دواداچوونیان نەکردووە بۆ ئەو هێرشە تیرۆریستییەی لە

مانگی پێشتر کرابووه سەری، لە هەمان کاتدا روونی کردووەتەوە ئەو راپۆرتەی پۆلیس نوسیوویەتی گەواهیی شاهید عەیانەکانی تێدا نییە و لەو بارەوە رەخنەی توندی لە کاربەدەستانی حکومیی و خودی پەروێز موشەرەف گرتووە، لەگەڵیدا گومانی زۆرتر دەوروژێنێت لە رێی ئەو پرسیارانەی کردوویەتی لە نموونەی بۆچی ئەو ئۆتۆمبیلە مینرێژکراوانە لە هەمان کاتدا لە شوێنی کەژاوەکانیدا ئامادەبوون؟!!، یان بۆچی لەو کاتەدا کارەبای ئەو ناوچەیە بڕدرا؟!!. بە دڵنیاییەوە بۆتۆ زیاتر لە حکوومەت بە شک بوو نەک ئەلقاعیدە، چوونکە هەستی دەکرد حکوومەتی ئیسلام ئاباد ترسی لە سەنگی خۆی و قورسایی پارتەکەی هەیە. بەهەرحاڵ بۆتۆ سەرەڕای ئەوەی ژیانی مەترسی زۆری لەسەر بوو هێشتا بەردەوام بوو لە چوونە ناو جەماوەر، تاکوو کار گەیشتە ئەوەی لە رۆژی ٢٧ کانوونی یەکەمی رابردوو تیرۆرکرا.

لەگەڵ ئەوەی ئەلقاعیدە بە فەرمیی بەرپرسیارێتی خۆی لە تیرۆری بۆتۆ راگەیاند، هێشتاش گوومانەکان نەڕەوینەتەوە لە دەوری موشەرەف بە تایبەتی بەو هۆیەی لێکدژیی زۆر هەبوو لە لێدوانی کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلام ئاباد لەمەڕ چۆنێتی تیرۆری بۆتۆ. بۆ وێنە وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆ (جاوید ئیقبال شیما) وێڕای ئەوەی تەئکیدی کردەوە بۆتۆ لە ئەنجامی بەرکەوتنی سەری بە ئۆتۆمبیلەکەی گیانی لە دەستداوە، تاوانەکەشی خستە پاڵ تاڵیبان و ئەلقاعیدە. پەروێز موشەرەف و هەندێ کاربەدەستانی تریش وەهایان راگەیاند بۆتۆ لە ئەنجامی کردەوەیەکی خۆکوژیی گیانی لە دەستداوە و کردەوەکەشیان خستە ئەستۆی ئەلقاعیدە. هەرچی لایەنگرانی (بۆتۆ)شە تەئکید دەکەنەوە سەرۆکەکەیان بە گوللە کوژراوە نەک بەو شێوەیەی وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆ و پەروێز موشەرەف رایانگەیاندووە. د.شاکر ئەلنابولسی دەنووسێت (جێگەی سەرسوڕمان نییە بزانین بکوژی خاتوو بۆتۆ کێیە؟ چوونکە چەند سەعاتێکی کەم

دوای کوشتنەکەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بەوپەڕی فەخر و شانازییەوە لە ئەستۆگرتنی تیرۆرکردنی سەرکردەی پارتی گەلی بەرهەڵستکاری ڕاگەیاند، لەم رووەوە مستەفا ئەبوزەیدی سەرکردەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان ڕایگەیاند بڕیاری تیرۆرکردنەکە لە مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوودا لەلایەن ئەیمەن زەواهیری کەسی دووەم لە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوە درابوو، دووپاتیشی کردەوە جێبەجێکردنی پرۆسەکە لەلایەن کەسێکی خۆبەخشی سەر بە شانەیەکی پەنجاب ئەنجامدراوە).

دکتۆر ئەلنابولسی زیاتر پشت ئەستوورە بەوەی بۆتۆ لایەنگرێکی سەرسەختی عەلمانیەت و دوژمنێکی بێ سازش و شێلگیری ڕەوتە ئیسلامییەکان بوو، بۆیە بێ دوودڵی تاوانەکە دەخاتە ئەستۆی ئەلقاعیدە. هەندێکی تر لە شارەزایان و چاودێرانی ڕەوشەکە ڕایدەگەیەنن بەو هۆیەی پەروێز موشەڕەف وەک بێنەزیر بۆتۆ دژی گروپە ئیسلامی و توندڕۆکان دەخەبەتێت، ڕێگەی تێناچێت دەستی چووبێتەوە خوێنی بۆتۆوە بەو پێیەی لە دژایەتیکردنی ئیسلامییەکاندا هاوڕابوو لەگەڵیدا. (دیڤید ئیگناتۆس) هاوڕێی دێرینی بۆتۆ یەکێک لەلایەنگرانی ئەم بۆچوونەیە و دەنووسێت (بێگومان دوای تیرۆرکردنی بۆتۆ زۆر کەس هەستیان بە تووڕەیی کرد دژی پەروێز موشەڕەف کە بەرهەڵستکارێکی سەرەکی سیاسیی بۆتۆیە، بەڵام دەبێت چاوەڕێی لێکۆڵینەوەکان بکرێت، چوونکە کاردانەوەی یەکەم کە تۆمەتبارکردنی موشەڕەفە کارێکی هەڵەیە، لەبەرئەوەی پەروێز موشەڕەف خۆی لە دژی ئەو ئیسلامییە توندڕەوانە دەجەنگێت کە ئەگەری ئەوە هەیە بێنەزیر بۆتۆیان تیرۆر کردبێت). هەرچەند ئەم بۆچوونەی ئیگناتۆس نزیکە لە ڕاستی، بەڵام بەمانای ئەوەش نایەت سەد دەر سەد ئەو تیرۆرە لە ژێر سەری ئەلقاعیدە یان هەر گروپێکی تری تیرۆرستیی ئیسلامیی دەربچێت، هەتا ئەوەشی ئەلقاعیدە بەرپرسیاریی خۆی لە

کردەوەکە راگەیاند، بەڵام هێشتا راستیی رووداوەکە لە تاریکییدا ماوەتەوە.

وەک وتمان راگەیەنراوەکەی ئەلقاعیدە بەڵگەیەک نییە بۆ بێ تاوانیی موشەڕەف و سوپا و دەزگای ناوەندیی هەواڵگریی پاکستانی کە دەستێکی لەگەڵ حکوومەتدایە و دەستەکەی تری لەگەڵ ئەلقاعیدەدا! چوونکە هەموو ئەوانە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرژەوەندییان هەیە لە تیرۆری بۆتۆ و شکستهێنان بە ئەجینداکەیدا، هەموو بەرژەوەندییان لەوەدا کۆدەبووەوە سیاسەتمەدارێکی چەلەنگ و نەیارێکی سەرسەخت لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە کە هەگبەکەی سکۆلاریزم و دیموکراسییەتی تێدا بوو. بەهەرحاڵ دەبێت چاوەڕوانی کات بکەین بۆ زێدەتر روونبوونەوەی رووداوەکە و دەرکەوتنی سەرەداوەکان بە مەبەستی دەستنیشانکردنی بکەرەکانی ئەو تاوانە. بە کورتی بۆتۆ و بنەماڵەکەی قوربانییەکی بێوێنەی دەستی تیرۆر بوون، هەر لە باوکییەوە تا هەردوو براکەی و خودی خۆیشی، تەنانەت لە ژیانی سیاسیدا ئەوە یەکەم هەوڵی تیرۆرکردنی نەبووە بەڵکو چەندان هەوڵی تر هەبووە بۆ ئەو مەبەستە وەک ئەو هەوڵە شکستخواردووەی (رەمزی یوسف) ی ئەندامی ئەلقاعیدە کە ئێستا لە ئەمەریکا زیندانە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، دواجار دوای ئەوەی چەندان جار بەخت هاوەڵی بوو بۆتۆ کەوتە بۆسەیەکی تیرۆریستیی سەرکەوتووەوە و بۆ هەمیشە دنیا و بواری رامیاریی بەجێهێشت.

## ئایندەی پاکستان دوای تیرۆری بۆتۆ

دوای کوژرانی بۆتۆ رەنگبێ پێش هەر شتێک زیانی گەورە و پلە یەک بەر پارتەکەی بکەوێت، هەرچەند بە کۆی دەنگ سەرکردایەتی پارتی گەلی پاکستان بە (بلاوال ئاسەف عەلی) تەمەن ١٩ساڵی کوڕی بێنەزیر سپێردرا، بەڵام رەنگبێ (بەڵکو بە دڵنیاییەوە) ئەم گەنجە کە

هێشتا خوێندکارە لە زانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانی نەتوانێت وەک دایکی بەو کاراییە سیاسییە سەرکردایەتی پارتەکەی بکات و وەک ئەو ئامادەیی بەردەوامی هەبێت لە جەرگەی رووداوە گەرمەکاندا و دەور و نەخشێکی مینا دایکی هەبێت لە بواری سیاسەت و پرسی دەوڵەتداریی یان بەرهەڵستکارییدا. بلاوال دوای ئەوەی وەک سەرۆکی پارتی گەل هەڵبژێردرا ستایشی (نەواز شەریف)ی سەرۆکی پارتی یەکگرتووی ئیسلامی کرد بۆ هەڵوێستەکانی و بڕیاری بایکۆتی هەڵبژاردن، راشیگەیاند تۆڵەی دایکی دەکەنەوە!!، بەڵام وا بڕوا دەکەم هەرچییەک بکات ناتوانێت رۆڵی دایکی وازی بکات و وەک ئەو دەور و نەخشی هەبێت لە وڵاتەکەیدا. بەم پێیەش تیرۆرەکە ئامانجی خۆی پێکا و گەورەترین ئاستەنگی بەردەم رەوتە ئاینیی و ئیسلامییەکان و خودی موشەڕەفیش بۆ هەتاهەتایی لابردرا.

پێشبینی دەکرێت پارتی گەلی پاکستان لە ژێر سێبەر و رێبەریی کوڕی بۆتۆ دا بەرەو لاوازیی بڕوات، لاوازیی و بەهێزیی ئەم پارتەش لاوازیی و بەهێزیی تەوژمی عەلمانی و پرۆسەی دیموکراسی پاکستانی پێوە بەندە، لە گوزارەیەکی پوختدا تیرۆری بۆتۆ گورزێک بوو لە پەیکەری عەلمانیەت و دیموکراسییەت، هاوزەمان چانسی ئەو دوو سیستمە هێندەی تر رووی لە لاوازیی کرد لە پرۆسەی حکوم و دەوڵەتداریدا لە پاکستان، بە دیوێکی تردا بەدیهێنان و تاقیکردنەوەیانی هەڵگرت بۆ دەورە و دەرفەتێکی دوورتر، کە بێگومان تا هاتنی ئەو ساتەوەختە دەبێت کۆمەڵگەی پاکستان لە بارێکی ناجێگیری وەک ئێستا و حکومی عەسکەرتاریی ژێر دەستەڵاتی ژەنەراڵە کودێتاچییەکاندا رۆژەکانی بگوزەرێنێت و لە جیهاندا ئامادەیی هەبێت. کۆمەڵگەی پاکستانی بە لە دەستدانی بۆتۆ ئەجێندایەکی فراوانی لە دیموکراسی و شەڕی دژە تیرۆر لە کیس چوو، لەلایەکی ترەوە ژنێکی سەرکردەی لە دەستچوو کە بڕوا ناکەم بۆ چەندین ساڵ بیگرە دەیەش ژنێکی

سیاسەتمەدار و دەوڵەتمەداری وەک بۆتۆ بەو گوڕ و تینەوە لەناو گۆڕەپانی سیاسیی پاکستاندا دەربکەوێتەوە یان لەوانەیە یەکەم و دوا ژنە سەرکردەی پاکستانی بێت.

لێ دوای تیرۆری بۆتۆ بارگرژیی و ئاڵۆزییەکی زۆر رووی لە پاکستان کرد کە بەپێی لێدوانی وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆ زیانەکان بە دەیان ملیۆن دۆلار مەزندە دەکرێن چوونکە تائێستا نزیکەی ١٧٦ بانک و ٧٣ شەمەندەفەر و ١٨ سەنتەری شەمەنەفەر زیانی زۆریان پێگەیشتووە و لە هەموو لایەکیشەوە توندوتیژیی رووی لەشارەکانی پاکستان کردووە، بەڵام زیانە راستەقینە و هەرە مەزنەکە ئەوەیە بەر پرۆسەی سیاسیی دەکەوێت کە تیایدا جەستەی دیموکراسی وردوخاش دەکرێت و شەپۆلی عەلمانی و ئاواتەکانی بە عەلمانییکردن و سنووردانان بۆ رەوتە سەلەفییەکان بە مەرگ دەسپێرێت، ئەمەش لە گۆڕنانی خەونی دیموکراتخواز و عەلمانییەکانە و لەپێش هەر کەسێکیشەوە کاربەدەستانی سیاسیی و میریی و رەوتە بونیادگەرە ئاینییەکان تێیدا سوودمەند دەبن و دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێت لەو کەش و هەوا پڕ فەوزایەی پاکستاندا چەند سوڕی تری ژیانیان درێژ بکەنەوە.

*ئەم وتارە شیکارییە پێش دە ساڵ، لە ژمارە (٨)ی گۆڤاری (گێژاو) لە مانگی جێنیوەری ٢٠٠٨ بڵاوبووەتەوە.

# Gemey Şeytan

Xwêndneweyekî geme syasîyekan
le rojhelatî nêwînda